


به گەرووی لێواو لێو لە بەیتی فرمێسك
هێندە ئەم پەنجانەت بێ ناز هەڵپەڕێنی

ناسر حیسامی

---

# مامۆستا قالەمەڕە: چریکەی ئەهورایی میللەتێک

-----

کۆکردنەوە و ئامادە کەدنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- مامه قاله:(تابلۆ مووزیکال) ........................................................ ح.س. سۆران ...... ٥
٢- سۆزی بلوێر، زریکه‌و هاواری نه‌ته‌وه‌یه‌ک ............................................ شه‌ریف فه‌لاح ..... ١٠
٣- ئیمپراتۆری شمشاڵ ............................................................ ره‌سول سوڵتانی ...... ١٣
٤- قاله‌مه‌ڕه‌، ئه‌فسانه‌ی شمشاڵی کوردی ................................................ ده‌شتی سه‌باح ..... ١٧
٥- له‌یادی مه‌رگی شمشاڵێکدا ................................................ ئا: کامه‌ران عه‌بده ساڵح .... ١٩
٦- قاله‌مه‌ڕ: سوێندتان ده‌ده‌م، مه‌بنه نۆکه‌ری بێگانه .................................... عوسمان ڕانیه‌یی .... ٢٤
٧- مه‌رگی شمشاڵ ........................................................................ کاوان عه‌لیپوور ..... ٢٩
٨- ده‌وڵه‌مه‌ندی ده‌س به تاڵ ............................................................ کورد پرێس ....... ٣٢
٩- قاله‌مه‌ڕ ئه‌ستێره‌یه‌کی موزیکی کوردستان بوو .................................... هۆشه‌نگ کامکار .... ٣٥
١٠- ماڵئاوا، سه‌رداره‌که‌ی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ی هونه‌ری شمشاڵ! ............................. ره‌حیم ره‌شیدی ..... ٣٨
١١- به یادی مامه (قاله مه‌ڕ) ................................................................. ڕه‌حمان سۆفی .... ٤٣
١٢- قاله مه‌ڕ و من و پاییز ............................................................. برایم فه‌رشی ..... ٤٥
١٣- کێ ئه‌توانێ له‌دوای مه‌رگی(قاله‌مه‌ڕ) فوو به‌شمشاڵه‌که‌یدا بکات؟؟ .................. خاڵه حه‌مه ....... ٥٨
١٤- هه‌واڵێکی پڕ له تاسه! ........................................................... لوقمان میهه‌رفه‌ر ..... ٦٠
١٥- به‌یادی شمشاڵژه‌نی نه‌مر و ناوداری کورد قاله‌مه‌ڕ .................................. ئه‌حمه‌د کاکه‌مه‌می ..... ٦٢
١٦- کوچی شمشال .................................................................... حه‌بیبی ....... ٧٥
١٧- قاله‌مه‌ڕ ........................................................................ هێرش شۆڕش ...... ٧٧
١٨- قاله‌مه‌ڕه‌ی هونه‌رمه‌ند .............................................................. ماڵپه‌ری خاکه‌لێوه .... ٧٩
١٩- قاله‌مه‌ڕ له فیستیڤاڵی موزیکی ناوچه‌یی ئێران .................................... مه‌نسوور جیهانی ..... ٨٢
٢٠- قاله‌مه‌ڕ گه‌نجی سه‌ربه‌مۆر ........................................................ زاییر ئه‌مینزاده ..... ٨٤
٢١- په‌یامبه‌ری شمشاڵ! قاله مه‌ڕ ........................................................ عه‌بدولموته‌لیب ..... ٨٧

٢١- ئاواتەکەی قالەمەڕ نەهاتەدی ..................................................... جەواد حەیدەری ..... ٨٨

٢٢- بڵاوکردنەوەی دەنگی شمشاڵی قالە مەڕ لە رادیۆ پەیامی تاران ........................ پەیامنێر .... ٨٩

٢٣- شمشاڵژەنی ئەفسانەیی کورد کۆچی دوایی کرد ........................................ خۆرهەڵات نیوز .... ٩١

٢٤- پەیامبەرێک کە بەردەباران نەکرا ........................................................ برایم فەرشی .... ٩٣

٢٥- کورتەیەک لە ژیانی پەیامبەری شمشاڵ! .................................................. ماڵپەری بۆکان ... ٩٤

٢٦- گێرانەوەی خۆی بۆی. فەرشی و وت ووێژ لە گەڵ رادیۆ کرماشان) ....................... چاوەدێر....... ٩٩

٢٧- ژیاننامەی هونەرمەندی شمشاڵژەن قالەمەڕ ............................................... رەوال ...... ١٠١

٢٨- قالە مەڕ لەبیرمەکەن! .............................................................. جەزا عەلی ئەمین .... ١٠٤

٢٩- یادی چلەی ماتەمینی قالە مەڕ لەووڵاتی نیوزلاند ...................................... عەلی حوسێن ... ١٠٥

٣٠- قالە مەڕ؛ ئەو شمشاڵەی خەمی هەمووماني دەژەنی! (شێعر) ........................... جەمال خەمبار .... ١١١

٣١- هەشتا و چوار ئەستێرەی گەش.! ........................................................ هوشیار..... ١١٣

٣٢- خەڵاتی مەڵبەندی هونەری ماملێ لە بۆکان درا بە قالە مەڕ .............. مەڵبەندی هونەری ماملێ ... ١١٥

٣٣- پرسە و سەرەخۆشیی ژمارەیەک نوسەر و هونەرمەند ..................................... ماڵپەری بەیان ...... ١١٧

٣٤- هەواڵی بەڵێنیی ناونانی شەقام قادر عەبدوڵلازادە(قالەمەڕ) .......................................... ١١٩

٣٥- ئەم شیعرە پڕە لە مەراقی شەونمێک (شێعر) ........................................... جەماڵ نەجاری ..... ١٢٠

٣٦- مصاحبە با قالەمەڕ موسیقیدان برجستە کرد ......................................... کاوە حەسەن پوور ...... ١٢٦

٣٧- مامەقالە موسیقای کولان و شەقام و قاوەخانەکانی ................................ شۆڕش ئەبووبەکری ..... ١٢٩

٣٨- سەرکەوتن بە کەلی خۆشەویستیدا ....................................................... ناسر حیسامی ...... ١٣٢

٣٩- هۆنراوەیەک بۆ مامەقالەی شمشاڵ ژەنی کورد ........................................... کورد پرێس ..... ١٣٢

٤٠- مامە قالە!! (شێعر) ................................................................... خالید شەیدا ..... ١٣٥

٤١- مەرگی قالە مەڕەو ئاوڕێکی تاڵ و شیرین ............................................... دیدەوان یەعقوب ..... ١٤٢

٤٢- قالەمەڕە، چریکەی ئەهورایی میللەتێک ................................................ شەریف فەلاح ....... ١٤٤

٤٣- قالەمەرە و تەمەنێک لە گەڵ شمشاڵدا ................................................. کامل سیدی مقدم ..... ١٤٦

٤٤- یادێک لە قالەمەڕ دوای حەوت ساڵ لە کۆچی دوایی ................................... لەیلا قادری ......... ١٤٩

٤٥- بۆ کۆچی هونەرمەندێک .............................................................. وێیلاگی پاشکۆ ...... ١٥١

٤٦- ئاورێک کە دەمهاژێنێ، خۆی یان شمشاڵەکەی؟ .................................... زانکۆ خەلیفە ...... ١٥٩
٤٧- ئەو شمشاڵەی غەم دەیژەنی ...................................................... کامەران سوبحان ..... ١٥٣
٤٨- قالەمەڕ.. تەنیا مەرگ لە شمشاڵەکەی جیا کردەوە .............................. عەزیز مورادی ...... ١٦٣
٤٩- ٩ ساڵە قاڵە مەڕ بەجێی هێشتووین ............................................... باخچە ........... ١٦٦
٥٠- منیش قالەمەڕ بووم! ............................................................ برایم فەڕشی .... ١٦٩
٥١- قالەمەرە - قادر عبدالله زادە ...................................................................... ١٧٢
٥٢- نوای سحرآمیز شمشاڵ هنرمند نامی کرد" قادر عبدالله زادە" ...................... کامران امین آوە .... ١٧٨
٥٣- قادر عبدالله زادە(قالە مە رە) استاد بی بدیل شمشال ..................................................... ١٨٠
٥٤- «قالە مەرە» و شمشال ......................................................... منوچهر جهانی ....... ١٨٣



## مامە قالە (١)! :(تابلۆمووزیکال)

### بە ناوی کوردستانی گەورە!

### ح.س. سۆران

* مامە قالە! ئەی دەروێش عەبدوڵڵای سۆران، شمشاڵ ژەنی مەزنی رەبەن، رۆڵەی زەمان؛ دەنگی زەنگی خۆش ئاهەنگ و هەوای شەنگی کۆنی مێژو، بیرخەرەوەی هەست بزوێنی سەردەمی زو، پیری دەوران، ئەی ئاهەنگسازی بە ئاوەز، ئەی داهێنەری بێ نیشان. هاورێ و هاورازی سۆزی ساز، پارێزەری دنیایە راز، هونەرمەندی شازی بێ ناز، ئەی ئیلهامی پڕ پەیامی قام و بەیت و بەستە و ئاواز.

* ئەی دەوڵەمەندی دەستبەتاڵ، هەناسەسارد، پسپۆڕی لێدانی شمشاڵ، خوێندکاری مەکتەبی شوانی و دەشتەوانی، ئەی قوتابی کێو و چیا و دەشت و دەوەن، لێدەری شمشاڵی رەسەن، رۆڵەی شەوێن (٢) و بانەمەڕ، دەزگیرانی پەری جوانی، چاودێری مەڕ، وەستای ئیشی پەز و کار و بەر خەوانی، تۆ بازی دەوری تەرەغە و چیاکانی موکوریانی.

* خولقێنەری گەنجی هونەر! خاوە هونەری گەل پەروەر، دۆستی گیانی گیانی دوکتەر(٣)، دەستبەتاڵی خاوەن منداڵ، ئەی پسپۆڕی ئاکادێمیا و زانکۆی نەزمی بەزمی شمشاڵ، مامۆستای شوبێرت و شۆپەن، مێمڵی ئۆرگی یاماها و لۆتی بەرقی و قەمیش و فەن، رۆڵەی زگماکی ساکاری کۆنە هەواری ئێش و غەم، پەپوولەی عاشقی کوردان، سووتاوی تیشکی وشکی شەم، وێڵی هەواری چۆڵ و هۆڵ و دەشت و چەم، نانەوچنی نانی شوانی و مەڕرۆیی کاتی بەیانی، پاکت ئەنجام دا پڕ بە دڵ، لە هەوڵ و کار قەت نەتکرد سڵ، رۆڵەی شاخ و داخ و بەرد بوی، شوانی مەڕ و مەردی هەرد بوی.

* مامە قالە! بە سۆزی دەنگی شمشاڵت، بە قامکی پڕ خەیاڵت، بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو، بمبەرەوە بەرەو

میژوی سەردەمی زو...

* سۆزی لۆرەی شمشاڵەکەت، هیزی هەستی شنەی مەستی جامی خەستی خەیاڵەکەت، کزەی ئامیرە زاڵەکەت، دلبزوینە و تۆشەی دڵە رامکەری مرۆڤی سڵە، دەنگی هەزاری سەر چڵە. ئەو لاوژە و بەستە و حەیرانە بیرخەرەوەی کاتی زوە، پەڕەی دیرۆکی زیندوە، هی دەورەی بوداق سوڵتانە، کە سەرداری موکوریانە،خاوەنی، قۆشەی کوردانەی زەربی (٤) خاکی کوردستانە، سروەی باسەری ئێوارەی دەشتی چۆمی مەجید خان و بناری چۆمی لاوین و هەواری کۆنەلاجانە، شەماڵی دەشتی شامات و نەسیمی گوندی دریازو شەقەی ماچی کچی کۆلانی ماچانە(٥)، شەقامی کۆنی میژویی هەرێمی شاری ویرانە (٦)، قەڵای سەربەرزی سەردارە، کە بووکی شاری بووکانە(٧)، کە شاری کاکە سۆرانە، خوڕەی ئاوی شین و ئاویی کەناری تاڤگەیی کرژی هەرێمی کەسکی شەنماشە، خوڕینی چۆمی کەڵوێیە و تەوژمی گادەری پەنگی خوڕ و پانە، وەبیرهێنی شاری سنە و ئەمیرانی ئەردەلان و قەسری کۆنی پاڵەنگان و زرێبارو قەلای کۆنی مەریوانە وەسفی کێوی ئاویەرەی بووکی شەنگی کوردستانە، ئاورە سوورەکەی زەرێدەشتە، کە رۆڵەی شازی سەردەشتە، میژوی شاری چوارچرایەو و مەدحی پێشەوای پێشینە،کە خۆشەویستی خەڵکیە و سەرۆک کۆماری کوردانە.

* مامە قالە! بە سۆزی دەنگی شمشاڵت، بە قامکی پڕ خەیاڵت، بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو،بمبەرەوە بەرەو میژوی سەردەمی زو.

* ئەو شمشاڵە هەست بزوینە، خەم رەوینە ، ناڵەی ئەشعاری ناڵیە، تۆزی رێگەی شارەزوری هۆنەرێکی رێگەدوورە، وەلامی نامەی سالم و داری پیری پیرمەسوورە، سنووری چۆمی خاپوورە، هێند حەزنیە، خەزێنە و کانی ئەسرینە، سەبوونی دەشتی هەولێر و گەرمای گەرمی گەرمیانە، شەختەی کوێستانی قەندیلە، قیبلەی قنجی کوردستانە، بە وێنەی بەیتی دمدمە و هەستی نەرمی مەموزینە. تەزبێحی میری لالەشە، کتێبی مەسحەفا رەشە(٨)، حەسێنەری رۆح و مێشک و مرخ و بیر و لەشە،قەڵای کۆنی شاری دێرین، هەولێر پێتەختی خوێن شیرین، ماڵی ئێستای کوردە ژنە، کە ژاندارکی کوردستانە، جێگەی شانازی هەموانە.

* ئەو شمشاڵەت، ئەو ئامێرە پڕ لە ناڵەت، رامدەچەنێ ،مێژوی کوردم وەبیردێنێ، لە ئوقیانووسی خەیاڵدا، لە

نێو گۆلاوی هەواڵ دا، دەمباتە بەرزایی بەرزان، زێد و دروشمی چازانی، شێخ سەلام و شێخ ئەحمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی؛ دەمباتەو سولەیمانی و شاری کۆنە، شاری گەورەی مەلیک مەحموودی تاقانە، شاری شێعر و هەست و هونەر،

* مینگەی هۆنە، دەمباتە سەرگردی یارە - گۆیژە و ئەزمەر لەوێ دیارە -، دەمباتەوە گردی سەیوان، گڵکۆی مرۆڤی خاوەن بیر، مەکۆی هونەرمەند و هۆزان، جێی شانازی هۆزی کوردان، قەبرستانی شەهیدەکان، شەهیدەکانی کوردستان، کوردستانی گەورەی سۆران.

* شنەی دەنگی هەستی پەنجەت، وەبیر هێنی قەڵپەزەی چۆمی سیروانە، بەرجەوەندی کێوی هرگە(٩) و دوندی تەتەو و شاخ و داخی پڕ لە باخی ناوچەی هەورام و گۆرانە، خۆڕەی تاڤگەی کرژی بڵ و ماریفەتو پیر شالیاری پیری تەختە، قسەی حەقتی سەرەنجامی(١٠) سووڵتان ساهاکی دێرینی پەیام هێنی دڵۆڤانە، تیشکی ئاتەشگەی لەمێژی کێوی شاهۆی کن پاویە و بەرگی مێژوی بەردەنووسی هەرێمی گوندی هەجیج و سانەکانی هەورامانە ، کە کان و کانی سانانە.

* مامە قالە! بە سۆزی دەنگی شمشاڵت، بە قامکی پڕ خەیاڵت، بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

* دەنگی خۆشی شمشاڵەکەت، هەستی سروەی شنەی نەرمی گۆمی وانە - کە هی ئێمە و بە دەست وانە - دەقی مێژوی شەرەفخانە، شۆڕشەکەی ئاراڕات و ئاگریداغی ئیحسانی نووری قارەمانە. منارەی مزگەوتی نەمرووت، چیرۆکی ناوچەی جزیر و دەشتی سەوزی بادینانە، گوڵی بازێڕی بۆتانە. زریانی کاتی ئێوارەی کەڵەشارەکەی ئامێدە و بزاڤی مەزنی فەرهەنگی بنەماڵی بەدرخانە، خەباتی دادەلەیلایە و گرتوخانەی ئێمرەلیە، جێگەی ئاپۆی دڵۆڤانە، شۆڕشی شێخ عوبەیدیلا و شێخ سەعیدی میری پیری پیرانە.

* بە هۆی دەنگت، بە هۆی پەنجەی داهێنەری شەنگت، دمبەیتەوە باڵەخانەی کۆنی مێژوی کاتی پێشو، دەچمەوە کێوی بێستوون قەڵای فەرهاد، پاڵەوانی کوردی ناشادی رەنج بەباد، تاقی تاقوەستان ئەبینم، شاری کرماشانی

مەزن، قەلبی کوردستانی، گەورە، شانازی سۆران ئەبینم، کتێبی فەرهاد و شیرین،" هەرچەن مەواتان " ئە خوێنم، هۆنراوەی شاعیری نەمر، خانای قوبادی بیرەوان، رۆڵەی دڵۆڤان ئەخوێنم. دەمبەیەوە کووچەکانی شاری دێرینەی دینەوەر، سەدان کەسی خاوەن بیر و مرۆڤی چازان ئەبینم، دەچمەوە عیلامی (١١) پێشو، لە مەیدانی شاری ئیلام، پەیکەری شاعیری نەمر، غوڵامڕەزاخان ئەبینم، شاکە و مەسوورخان ئەبینم، عێلی گەورەی بەختیاری و کەڵوڕ و لەک،

**مرۆڤی دڵپاکی رەبەن، خەڵکی لوڕستان ئەبینم.**

* سۆزەی دەنگی شمشاڵی تو، قامیشی نێو بە تاڵی تۆ، مێژوی شاری قامیشلیە و دیرۆکی کۆنی عەفرینە، یادی کرمانجی ئیزەدی و گۆلی سێوان و لاچینە، باسی شیروان و قووچانی خوراسانە، پەیامی شاری جابانە (١٢).

* ناڵەی شمشاڵی شەنگی تۆ، کزەی دەروونی تەنگی تۆ، دەنگی کۆنی پەری ژینە، فۆلکۆرە، کەلەپوورە، قسەی لاس و سیامەندە و باسی بەیتی مەم و زینە، قەتاری عەلی مەردانە و سەحەری دەنگی سێوەیە و پێزی هێزو مایەی ژینە، سروودی بەزەو ئەوینە، دژی کێشە و زوڵم و رق و قینە.

* مامە قالە! بە سۆزی دەنگی شمشاڵت، بە قامکی پڕ خەیاڵت، بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

* دەنگی لۆرەی ئەو شمشاڵەت، هۆرە و سیاچەمانەیە، تراژێدیای ساڵ و قەڕن و بانگەوازی زەمانەیە، بالۆرەی حوزنی حەیرانی جانانەیە، شینی دایکی شەهیدانی کوردستانە، ناڵەی زامی ساردەوە بوی پێشمەرگەیە، کە گیانفیدا و قارەمانە، زمانی حاڵی هەژارە، بۆڵەی مرۆڤی بێکارە، ئاهوناڵەی برسیان و ئاواران و بێ ماڵانە، سروودێکی راستەوخۆیە، دژ بە ئەنفال و حەڵەبجەو بە سەردەشت و دارەلەک و قەڵاتانە.

** مامە قالە! قاڵە مەرِ هەر ئەوندە!*

-----------------------------------

**مانای بڕێک لە وشەکان:**

١- مامە قالە = ماموستا قالە مەڕە، شمشاڵ ژەنی ناسراوی کورد.

٢- شەوێن = شەو لەوەڕی ران.

٣- دوکتەر = دوکتور ...

٤- زەرب = زەربی قۆشە و سکە .

٥- کۆلانی ماچان = جێگەیەکە لای خانێ .

٦- شاری وێران = شاروێرانی موکوریان .

٧- بووکان = بۆکان .

٨- مەسحفا رەش = کتێبی پیرۆزی ئاینی هاوخوێنە ئێزەدیەکان .


٩- هرگە یا ورگە = کێوێکی رماوە سەیرە ، لە فەراغی چۆمی سیروان .

١٠- سەرەنجام = کتێبی ئاینی هاو خوێنە ئەهلی حەقەکان .

١١- عیلام = وڵاتی کۆنی عیلام .

١٢- جابان = شارێکی کورد نشینی لای تاران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٠٩



# سۆزی بلوێر، زریکەو هاواری نەتەوەیەک

هونەرمەند قالەمەڕە



شەریف فەلاح

زیاتر لەنیو سەدەیە سیماو قەلافەتی پیرێکی ردێن سپی، پیاوێکی پشت چەماوەی بەڕوانین دوور، چاو بەفرمێسک، دڵپڕ لەئاواتو خولیا کەسکەکانی نیشتمان، پڕ بەناخی شمشاڵە زێڕینەکەی ئازارەکانی نەتەوەی کورد، دەچریکێنێو بۆتە رەمزو هێمای هەرمانی هونەر. زۆر لەمێژە شاخو دەشتو چیاو پێدەشتو بەندەنو هەڵدێرەکان، شارو شەقامو کۆڵانی تێکڕای نیشتمان گوێیان لەکسپەی ناخی شمشاڵی پیرە پیاوێکی عاشقی ئازادییە.

سەردەمێکە ئاهەنگو هەواو نوتەکان، ریتمو ئاوازە کۆنو رەسەنەکان، کارەساتو تراژیدیی نێو بەیتو حەیرانو لاوکو قەتار، سالانێکە چریکەی سۆزی سەرکەوتنەکان، ئاهەنگی خەماویی شکستەکان، لەناخی پیرێکی بەساڵاچووی گۆچان لەدەستو لە لوولەی شمشاڵێکەوە دێنەدەرو دەبنە بزەی سەر لێوی شۆڕە سوارانی وەتەنو هەناوی دڵسۆزانی ئازادی دێننە کوڵ.

زۆر لەمێژە بەبەهارو هاوینو پاییز، لەگەڵ سەرماو بەستەڵەکی چلەی زستان، لەپای کێوی بەهەیبەتی تەرەغە، لەراستەڕێی گوندەکانی موکریان، تێکەڵاو بەچریکەی زیرەکنو لەسەر حەوزە گەورەی بۆکان، مەکۆی فەرهەنگو ئەدەب، دێتە گوێمان سۆزو چریکەی حەزینی شمشاڵێ، دەبینین سێبەری هەنگاوە بەلەزەکانی پیرێکی عاشق

لەراستەڕێی شەقامێکی ماندوودا، ٢٩ ساڵە دەستپێکی رایەڵگەکەی دەنگی کوردستانی ئێران سۆزی پڕ لەواتای شمشاڵێکی سێحراوییە. دەیان ساڵە رێبوارانی سەرشەقامی شاری بۆکان لەگەڵ ئاهەنگی پڕ لەخولیاو حەزینی پڕ لەبوغزی بلوێری پیرێکی شەکەتدا ئاشنان. دەیان ساڵە بەشدارانی کۆڕو فیستیواڵو بۆنە فەرهەنگیو ئەدەبییەکان بەچریکەی پڕ لەئەوینی قالەمەڕەی حەسرەتێکێش دێنە سەر چۆکو چاو بەگریان ئەم شێعرەی گۆران دەڵێنەوە:

*بەرەنگی زەردو شێوەی دەستو شمشاڵی کزا، دەروێش*
*حەزم کرد بەستەیەک بییەم سەراسەر حوزنو ماتەم بێ*
*لەسیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش*
*وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ*

*****

*بەڵێ دیارە، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار*
*وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخن دا*
*بەڵام تەختی روفاەو تاجی حورمەت میللەتی هوشیار*
*بەئوستادی ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا*

یان ئەو کاتەی پینگت دەخواردەوەو ئاهەنگی خەمو دووریو تراژیدیی پڕ لەبوغزی نەتەوەیەکت لەکونی شمشاڵێکەوە دەهێنایەوە بیری عاشقانی ئازادی، دیسان درێژەی شێعرەکەی گۆرانیان دەچڕیو دەیانگوت:

*ئەوەندەم بیست لەمۆسیقا خرۆشی رۆحی بێگانە*
*میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا*
*دەخیلت بم دەسا بەو لاوکو ئای ئایو حەیرانە*
*شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی ماتو چۆڵم کە!*
*لەبیتهۆڤن گەلێ زیاتر بەرۆحم ئاشنای، وەڵڵا*
*دە، ئەی دەروێش، سکاڵایەک لەگەڵ رۆحی کلۆڵم کە... !*

قالەمەڕەی هونەرمەندو شمشاڵ ژەن، لەماوەی ژیانی زیاتر لە ٨٠ ساڵەی پڕ لەکوێرەوەری، دەربەدەری، هەژاریو نەداریدا توانی گەلێک خزمەتی بەنرخ بەفەرهەنگو وێژەو فولکلۆری کوردی بکات. قالەمەڕە سەرەڕای دەسکورتیو هەژاری، توانی ژیانێکی سەربەرزانەو تەمەنێکی پڕ لەشانازیو کەسایەتیەکی خۆشەویستو پڕ بەواتای هونەرمەندی دەروەست بۆ خۆی تۆمار بکات.

قالەمەڕەی دڵپڕ لە ئاواتو خولیای سەربەرزیی نیشتمان، قالەمەڕەی عاشقی ئازادیو سەربەستیی خاکەکەی هیچکات حازر نەبوو لەپێناو پارەو پلەو پایەو مەسەلەی مادیدا، کەسایەتیو پێگەی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی خۆی بەرێتە ژێر پرسیارو هەموو کات چەمۆڵەی (نا)ی بەرووخساری دوژمنانی فەرهەنگو هونەری کوردەوەنا کە دەیانهەویست سیماو هونەرەکەی خەوشدار بکەن، بۆیە تاکو دواساتەکانی ژیانی سەربەست ژیاو ویژدانی ئاسوودە بوو و بەتەواوەتی خەنی دەبوو و شانازی دەکرد کە بۆ خەڵکو نیشتمانو وڵاتەکەی خۆی شمشاڵ لێدەدات.

قالەمەڕەی بلوێر ژەنی بەناوبانگو سیماو هەرمانی هونەری رەسەنی نەتەوەی کورد، تاکو دواساتەکانی ژیانی بەم شیعرەی هێمن وەفادار ماو ئامادە نەبوو هونەرەکەی خەوشدار بکات.

*زێڕ بەڵایە بێ وەفایە دەوڵەمەند*
*هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەردو رەند*
*چڵکی دەستە ماڵی دنیا وەک دەڵێن*
*ماڵپەرست پەیمان شکێنەو بێبەڵێن*
*قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست*
*جوانپەرستە پیری خاوەن زەوقو هەست*

هونەرمەندی شمشاڵ ژەن قالەمەڕەی نیشتمانپەروەر، پاش تەمەنێک لێوانلێو لەخزمەتو سادەییو جوانی بەفەرهەنگو هونەری رەسەنی کورد شەوی یەکی جۆزەردانی ١٣٨٨ی هەتاوی پاش ململانێییەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی دڵە کەسکو پڕ لەخولیاکەی بۆ هەمیشە لەلێدان کەوتو ماڵاوایی لەدنیای پڕ لەجوانیی شمشاڵە سیحراوییەکەی کردو لەباوەشی خاکی نیشتمانو لەبۆکان، بووکی موکریانو لەپەنای هونەرمەندی مەزن "حەسەن زیرەک"دا بەخاک

سپێردرا. هەرچەند ئیستا قالەمەڕە بەجەستەو بەکردەوە لەمەیدانی هونەری ڕەسەنی شمشاڵو ژەنیندا نەماوە، بەڵام ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە، کە قالەمەڕە هەتا هەتایە ڕچەشکێنو پێشەنگو سیمای ڕاستەقینەی هونەری ڕەسەنو فولکلۆری نەتەوەی کوردەو قەت کەمڕەنگ نابێو لەناو دڵی عاشقانی نیشتماندا ناسڕێتەوە چونکە پیرەمێرد دەڵێ

*پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەنو گرین*
*نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین.*

سەرچاوە: ژوانگەی ئەدەب - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٠٩

---

## ئیمپراتۆری شمشاڵ



**ڕەسول سوڵتانی**

موسیقا بەشێکی گرینگە لە شوناسی هەر نەتەوەیەک. موسیقا زمانی دەربڕینی ئەو بەشە لە ویستە دەروونیەکانی مرۆڤە کە بە زمان و وشەو لە چوارچێوەی وتەدا بەیان ناکرێ. موسیقا نووسینەوەی ئازارەکانی ڕۆح و زمانی زوڵاڵی شادی و خەمەکانی مرڤە.

موسیقا بەشێکی گرینگە لە شوناسی هەر نەتەوەیەک. موسیقا زمانی دەربڕینی ئەو بەشە لە ویستە دەروونیەکانی مرۆڤە کە بە زمان و وشەو لە چوارچێوەی وتەدا بەیان ناکرێ. موسیقا نووسینەوەی ئازارەکانی رۆح و زمانی زولاڵی شادی و خەمەکانی مرڤە کوردیش وەکوو هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی جیهان خاوەنی مۆسیقای تایبەت بەخۆیەتی. مۆسیقایەک کە بە درێژایی مێژووی بوونی ئەو نەتەوەیە، هاودەمی رۆح و دەروونی بووە.

یەکێ لەو ئامێرە موسیقایانەی کە مۆرکێکی تەواو کوردانەی پێوە دیارە شمشاڵە. ئێمە گەلێک موسیقارو هونەرمەندمان بوون کە شارەزای ئاوازە فولکلۆرییەکان بوون‌و مخابن بە نەناسراوی‌و ناوبزری، بە بێ ئەوەی دەنگ و شوێنەوارێکیان لێ بەجێمابێ سەریان ناوەتەوە. شمشاڵ ئەو ئامێرە رەسەنەیە کە بە تەواوەتی لەگەڵ رۆحی کورد ئاشنایە. لەبەر ئەوەی هاودەمی سەردەمی کۆچەرێتی و ژیانی شوانکارەیی کورد بووە و هەتا ئێستاش قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵمان هاتووەو ئۆحژنی بە دڵەکان بەخشیوە. کاتێ باس لە شمشاڵ دەکرێ بڵێی و نەڵێی یەکسەر دوو هونەرمەندی شمشاڵژەنی کوردمان وەبیر دێتەوە. یەکێکیان دەروێش عەبدوڵایە کە ئەگەر گۆران لە شێعرە بەناوبانگەکەی دا باسی نەکربایە ئەویش وەکوو زۆرێک لە هونەرمەندە بەهرەدارە هەناسەساردەکانمان سەری دەنایەوە، ئەوی دیکەش قادری عەبدوڵازادە ناسراو بە قالەمەڕەیە.

ناوی قالەمەڕە بۆ هەموو کوردێک ناوێکی ئاشنایە. شمشاڵی مامەقالە دەنگی شیوەنی عەبدولعەزیزی داسنی و هەنیسکی دەمی ئاویلکەدانی سەیدەوان‌و لاواندنەوەی خەجی نازشێواو و زریکەی برینەکانی سیامەندو سکاڵاکانی شۆڕمەحموودو مەرزینگان و شینگێڕییەکانی ئەستی‌و بوغدان‌و نرکەی رەوەزو چیا سەربەتەمەکانی کوردستانە. دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە ئاهەنگی بەسۆزی لەشکری و ئازیزەو پایزە و سوارۆو شینی هەزاران گراویی بێ سەروشوێنی نێو چرودۆڵەکانی مێژوویە.

***ئەو دەمەی عەبدولعەزیزی داسنی شینی سێ کوڕان دەگێڕێ:***

***ئەستێرەیەک هەڵدێ بەری بەیانی...***

***ئەی سەڵا لە عەبدولعەزیزە کوێرەکەی بابی سەیدەوانی***

***ئەیرۆ رۆڵە رۆ لەسەر رۆیە***

*لە دەروونی من هەڵدەستێتەوە بڵێسەو بۆسۆیە*

*ئەمن نازانم نە بەدبەختیی منە سەیدەوان نە نەدامەتیی تۆیە*

*ئاوی کوێستانان دێنە خوارێ بە توندی هەر بە تیژی*

*هەڵدەرژێنە سەر سوورەگوڵی سەر بە گژنیژی*

*وەرن تۆخواکەی خزمینە*

*کێ دیویتی لە دەورەتی لە زەمانان*

لەسەر سێ کوڕان ڕا بووک بچنەوە ماڵی باوانیان بە تارای سوورو هەر بە کیژی...

لەو دەمەی دا کە هیچ هێزێک ئاگری بە لرفەی خەمی عەبدولعەزیز دانامرکێنێ پشووی سێحراویی مامەقالە بە هەناوی کون کونی شمشاڵ دا دەست دەکەنە ئەستۆی ئازارەکانی و خەمەکانی لەگەڵا دابەش دەکەن. مامە قالە شمشاڵژەنی بە ناوبانگی نەتەوەی کورد کە زیاتر لە ٧٠ ساڵا لە تەمەنی خۆی لەگەڵا شمشاڵەکەی دا تێپەڕ کرد لە راستی دا شمشاڵەکەی ببووە بەشێک لە ژیانی.

ئەوانەی هۆگری بەیتو حەیرانەکانن و شارەزاییەکیان لە ئاوازەکانی ئەو بەشە لە ئەدەبی فۆلکلۆریی کورد هەیە، باش دەزانن کە هەر بەیتەی ئاوازی تایبەت بە خۆی هەیە و جار هەیە لاوکێک یا بەیتێک بە چەند ئاواز گوتراونەوە، بە تێگەیشتن لەو لایەنەی بەیت و حەیران باشتر دەزانین کە وەستایەتی و شارەزایی قالەمەڕ زیاترە لەوەی لە وتارێک و بەرنامەیەک دا باسی بکرێ چونکی ئەو شارەزای تەواوی ئەو ئاوازانە بوو ئەوە لەحاڵێکدایە کە قالەمەڕ نەخوێندەوارو بەبێ مامۆستاو راهێنەر فێری ئەو هونەرە مەزنە ببوو. هەر بۆیە شیاوی ئەوەیە کە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری موزیکی کوردی بە وردی لەسەری بدوێن.

قالەمەڕەی شمشاڵژەن لەو ساڵانەی دوایی دا، لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە رووناکبیری و ئەدەبییەکاندا، کە لە لایەن خوێندکارانی زانکۆکان و ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە پێکدەهات لەسەر بانگهێشتی بەرپرسانی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە بەشدار دەبوو.

بە گشتی شمشاڵەکەی قالەمەڕە حەقایەتی چیرۆکە بەژانەکانی مرۆڤە. تەعبیری ئەو خەونانەیە کە مرۆڤی کورد بەردەوام لەگەڵیان دەژی. لە شمشاڵی قالەمەڕدا وشە کەوشەنی زمان بەجێدێڵێ.

ڕەسەنایەتیی دەنگی شمشاڵەکەی قالەمەڕە ڕۆحێکی هەمیشەزیندووی نێو دنیای هونەرەو ئەو ڕەسەنایەتییە هەتا ئەو جێگەیەیە کە تەنانەت لەسەردەمی ئێستاش کە بە قۆناغی پاش مۆدێرنە ناسراوە نەک لە برەو نەکەوتووە بەڵکو هەروا ئۆخژنبەخشی دڵەکانە.

## بۆ قالەمەڕە"

*لەخەو رابوون کەژو کۆ لەگەل هاواری شمشال*

*سروودی دەشت و کۆ بوو رژا لە زاری شمشال*

*خەمی حەیران و بەیتی گەلێکی گرتە ئەستۆ*

*شەپۆل ئەدا شەوو رۆژ چەمی ئازاری شمشال*

*لەگەل نووزەی بەسۆزی خەج و سیامەندی زامار*

*بەرێژنە ئەشکی لێلی لە چاو ئەباری شمشال*

*بوغدان و ئەستی شینی کاکەمیر و کاکە شێخ*

*دەرێژنە نێو هەناوی رەش و زاماری شمشال*

*لەگەل عەبولعەزیزی خەمینی کوڕ لەدەست چوو*

*دەگێڕێ شین و دەگری دڵی نزاری شمشال*

*هەوای لاوک و بەیتی خەزال و ئەی رەقیبە*

*کاروانی دل ئەکێشێ بەرەو هەواری شمشال*

*ئەوی لەگەل خەم و ژان بە حاستەم ئاشنا بێ*

*چرۆی خەمی دەپشکوێ بە نارەناری شمشال*

*ئامێرەکانی موزیک چاویان لە دەستی تۆیە*

*لە نیشتمانی دەنگا سەرۆک کۆماری شمشال*

*دەستت ئەخەیتە ئەستۆی کچی حەیرانو لێلێ*

*خۆشی لە خۆت کە دۆستی کەژ و کۆساری شمشال*

*ئەگەر نەبایە پەنجەی بەهەستی مامە قالە*

*بێبەش دەبووین لە بۆن و بەرامی داری شمشال*

**هاوینی ٨٢ بۆکان**

## قالەمەڕە، ئەفسانەی شمشاڵی کوردی



**دەشتی سەباح**

سۆزی موزیک و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی هاندەری سەرەکی قەوامی بوو کە بۆماوەی ٥ ساڵ ناوچەکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بگەڕێت و بەکامێراکەی ئەو کەلەپوورە نەتەوەییە وەک دۆکیومێنتێک تۆمار بکات و بیانپارێزێت، فیلمی دۆکیومێنتی (قاله مەڕە)ش یەکێکە لەو کارانەی کە قەوامی پێش کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە دروستیکردووە.

لەگەڵ دەستپێکردنی فیلمەکە، لەسەر سکرینەکە بەزمانی فارسی دەنووسرێت (به نام خدا) دواتر لەیەکەم گرتەی فیلمەکەدا رووخساری قاله مەڕە دەردەکەوێت و هەرخۆی دەڵێت " ئەرێ کاکە گیان راستە دەڵێن قاله مەڕە مردووە"، لەگرتەی دواتر قاله مەڕە شمشاڵ دەژەنێت، لەوکاتەدا کەوێک لەناو دیمەنی چیاکانی کوردستان دێتە سەر سکرینەکەو دەنگی قاسپەی لەگەڵ شمشاڵی قاله مەڕە تێکەڵاو دەبێت و میلۆدییەکی چێژبەخش دروست دەکەن.

(قالە مەڕە)، فیلمێکی دۆکیومێنتارییە، لەدەرهێنانی فیلمسازی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان حەمید قەوامی و لەسەر ئەرکی خۆی دروستیکردووە، سینەماکار ئیبراهیم سەعیدی وەک راوێژکار لەفیلمەکەدا بەشداریکردووە، قەوامی لەساڵی ١٩٧٦ لەگەڕەکی ئاغازەمان لەشاری سنە لەدایکبووە، ١٧ ساڵە خەریکی کاری سینەماییە و تا ئێستا نزیکەی ١٤ بەرهەمی لەکورتە فیلم و فیلمی دۆکیومێنتاری و ئەڵقەی درامی دروستکردووە، هاوکات لەگەڵ چەندین دەرهێنەر لەوانە بەهمەنی قوبادی کاریکردووە.

قەوامی بۆ دروستکردنی فیلمەکەی چەندین جار سەردانی شاری بۆکان دەکات بۆئەوەی مامە قالە رازی بکات وێنەی بگرێت، لەگوندی حەمامیان کە پاشماوەی بەفر بە زەوییەکەوە دیارە، لەماوەی ٢٢ خولەکدا قەوامی لەزمانی قالەمەڕەوە بەشێک لەچیرۆکی ژیانی ئەو کابرایەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە زۆرجار بە (پەیامبەری شمشاڵ و ئیمپراتۆری شمشاڵ و ئەفسانەی شمشاڵی کوردی) ناوزەدکراوە.

کامێراکەی قەوامی بەدوای قالە مەڕەوەیە، دەچێتە دەرەوە و وەک هەمیشە بەرەو گۆڕستانی حەمامیان کە شوێنەوارێکی دێرینە لەگوندی حەمامیان دەڕوات و بەدەم رێگاوە لەناو گۆڕستانەکە دەڵێت"خودا شمشاڵی بە من داوە مێژووی باوک و باپیرانمانە، هەر شتێک روح پێی خۆشبوو سوودی لێوەردەگرێت، روح پێی گەرد و زیندوو دەبێتەوە، شمشاڵ لێدان ئاوازێکی خۆشە، تینوێتی روح دەشکێنێ، من لەبەرئەوەی دەست بۆ هیچ شتێکی دیکە نابەم غەیری شمشاڵەکەم نەبێت، لەشمشاڵەکەش زیاتر هیچ شتێکی دیکەم نەکردووە، لەزەمانی جحێڵیمەوە لەگەڵ ئەو شمشاڵە ژیاوم و لێمداوە، لەکوچە و کۆڵان و خیابانەکان، لەدەشت و سەحرا بێت هەر منداڵێک پێی گوتبم لێمداوە و دڵم نەشکاندووە"، دوای گەڕانێک بەناو گۆڕەکاندا لەکونجێک دادەنیشێت و دەست بە شمشاڵژەنین دەکات، پاشان دەچێتە سەر گۆڕێک و لەسەر کێلەکە چەند ماچێکی وێنەکە دەکات و دەڵێت "بە قوربانت بم، کاک سوار ئیلخانیزادە منی کردە پیاو بۆ رادیۆی تارانی بەشی کوردی و رادیۆی سنە و کرماشان، هاوکاری زۆری کردم."

قالە مەڕە کە ٢١ی مای ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کرد، هەتا تەمەنی ٧٤ ساڵی ژنی نەهێناو هەموو خۆشەویستی ژیانی لەشمشاڵ لێدان و گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی گەلەکەی دیتوتەوە، ٧٧ساڵ شمشاڵ ژەنین و بێزار نەبوون دەبێ نهێنییەکی گەورەی تێدا بێ، نهێنییەک کە تەنیا خۆی دەیتوانی بیدرکێنێ! نهێنییەک کە لەلای زۆربەی هونەرمەندانی گەورەی دنیا هەبووەو هەیە، هونەرمەند برایم فەرشی لەدوای مەرگی ئەو پیاوە دەنووسێت "ئەو

پەیامبەرە وەک زەردەشت بەردەباران نەکرا، بەڵام لەئامێزیش نەگیرا."

قەوامی دەڵێت کە گوێم لەقسەکانی بوو چەندینجار لەپشت کامێراوە فرمێسکم رژاند، باسی ئەو رووداوانەی دەکرد کە بەسەری هاتوون، بەڵام ئەو مرۆڤە گەورەیە ئەوەندە رۆحێکی سووک و دڵێکی ناسکی هەبوو بەراستی پیاوی ئاوام نەدیبوو لەئاستێکی بەرزدا بێت و لەهەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا بژیت، ژیانێکی سەختی هەبوو، حەمید قەوامی دەڵێت "بەداخەوە هونەرمەندی کورد تا لەژیاندا ماوە حورمەتی ناگیرێت."

سەرچاوە: ئەرشیڤی رۆژنامەی رووداو - رێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٠

## لەیادی مەرگی شمشاڵێکدا

**ئا: کامەران عەبدەساڵح**

**رۆژی ٢١ی ئەم مانگە، دووساڵ بەسەر کۆچی دوایی پەیامبەری شمشاڵ قالە مەڕەدا گوزەریکرد.**

دووساڵ لەمەوبەر بوو، کاتژمێر ٢ی شەو گوزەری کردبوو، بەلام هێشتا بە دیار لاپتۆپەکەمەوە دانیشتبووم، لە ناکاو زەنگی تەلەفۆن لێیدا هونەرمەند و رۆژنامەنووسی ناسراوی کوردستانی رۆژهەلات نەجدەتی رەحیمی هەواڵی کۆچی دوایی پەیامبەری شمشاڵ قالەمەڕەی پێڕاگەیاندم، ئای کە هەواڵێکی راچڵەکێنەر بوو، هەموو گیانمی خستە لەرزین، ماوەیەک تاسام و خەیاڵ بردمییەوە بۆ چەند ساڵ لەمەوبەر، کاتێک لە چایخانەی رەحمانە چۆڕ - ی شاری بۆکان بۆ یەکەمجار رووبەڕوو قالەمەڕەم بینی و لە نزیکەوە سۆزی شمشاڵەکەی پێبەخشیم.

زۆر دڵگران بووم، لە ناخەوە دەمەویست هەواڵی مردنەکەی ئەمجارەشی وەک جاری پێشوو درۆ بێت و تا چەندین ساڵی تر قالەمەڕە بۆ کورد بمێنێت، بەلام بەداخەوە.

بەڵی، سەرەنجام دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵا نەخۆشیدا دوای ئەوەی دکتۆرەکان ڕایانگەیاند کە ڕیخۆڵەی ئاوی لێهاتووە، بێهیوابوون لە چارەسەرکردنی، شەوی ۲۱ی مای ۲۰۰۹ قالەمەڕەی پەیامبەری شمشاڵ ماڵئاوایی لێکردین، ڕۆژی دواتر لە ڕێوڕەسمێکی بەرفراواندا لە کێوی ناڵەشکێنە لە تەنیشت گۆڕی حەسەن زیرەک بەخاک سپێردرا.

قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە قالەمەڕە، لە ڕۆژی ۲۱ی دێسامبری ۱۹۲۵ لە ئاوایی کۆلیجە - ی سەر بە شاری بۆکان لەدایکبووە، لەلایەن شێخ محەمەد کەسایەتی ناسراوی ناوچەکەیانەوە نازناوی قالەمەڕەی پێبەخشراوە، لە تەمەنی ۱۱ ساڵیەوە دەستی بە شمشاڵ ژەنین کردووە، لەوکاتەوە تا ڕۆژی مردنی هاوڕێی گیانی بە گیانی شمشاڵەکەی بووەو، ساتێک لێی دانەبڕاوە، هەروەک خۆی دەیووت: (لەگەڵ شمشاڵەکەم دەخەوم، پێکەوە گەورە بووین، هەرکاتێکیش لەگەڵیا دەکەومە قسەکردنەوە زۆری پێیە هەرچی بە دەمیدا بێت نایگێڕێتەوە.)

قالەمەڕە، پیاوێکی هێمن و ئارام، سەر و ڕیش سپی، درێژی بالای نزیکەی ۱٦٥ سم دەبوو، هەمیشە شمشاڵەکەی لە گیرفانیدا یان لە قۆڵی کەواکەیدا لەنێو پارچە قوماشێکی گوڵداردا هەڵگرتبوو، تەمەنی ئەو شمشاڵە زیاتر لە ۱۳۰ ساڵ بوو، هەروەک خۆی باسیدەکرد کاتی خۆی هی پیرەمێردێکی سەید بووە، زۆر هەوڵیداوە لێی بکڕێت، بەلام سەید ڕازی نەبووە بیفرۆشێت، دوای مردنی سەید، قالەمەڕە چۆتە لای کوڕەکەی و ئەویش لە بەرامبەر مەڕێکدا کە ئەوسا نرخی ٥ قڕان بووە، شمشاڵەکەی داوەتی.

قالەمەڕە، لە زۆر کۆڕ و کۆبونەوەدا دەیووت: کەس فێری ژەنینی شمشاڵی نەکردووم، خودا مامۆستام بووە.

دەربارەی سەرەتای فێربوونیشی دەیووت: نازانم ساڵی چەندبوو، بەلام تەمەنم لە سەرووی ۱۰ سالانەوە بوو،

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی وەرزی پاییز لەگەلا ئەندامانی خێزانەکەماندا چووینە ماڵی خزمێکمان، لەوێ براکانمء چەند خزمێکم دانیشتن شمشاڵیان لێدەدا، زۆرم حەزدەکرد منیش بتوانم وەک ئەوان شمشالا لێبدەم، چەندجارێک خۆم تاقیکردەوە، بەلام زۆر خراپ بووم و، بەوهۆیەوە براکانم بە تێهەڵدان کردمیانە دەرەوە، زۆر سکم بەخۆم سوتا ئەوەندەی لە توانامدا بوو گریام، چوومە ماڵەوە بە دەم گریانەوە خەوم لێکەوت، لە خەودا بینیم کەسێک بانگم

دەکات و پێمدەڵێت: (عەبدولقادر هەڵسە، هێندە گریای تا خوداش بەزەیی پێتداهاتەوە، هەڵسە شمشاڵ لێدە)، هەرکە لە خەو هەڵسام شمشاڵەکەم گرتە دەست و دەستم پێکرد، بینیم قادرەکەی جاران نیم و ئەمڕۆ لە هەموو کەس باشتر دەزانم شمشاڵ لێبدەم.

قالەمەڕە تا دوایین ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانی، ڕۆژانە دوای نانخواردنی بەیانیان لە مالا دەردەکەوت و، بە پاڵپشتی گۆچانەکەی دەستی بەرەو خیابانی (کۆنە)ی بۆکان بەڕێدەکەوت، تا دەمەونیوەڕۆ ئەو ناوەی پڕدەکرد لە دەنگی بەسۆزی شمشاڵەکەی، عەسرانیش ڕووی دەکردە چایخانەکانی ڕەحمانەچۆڕ، مەلا عەباس، حاجی حەمە کە دەکەونە مەیدانی دانەوێڵەفرۆشی بۆکانەوە، لە ڕۆژانی هەینیشدا دەچووە ئەشکەوتی (سەهۆلان) کە ٣٥ کیلۆمەتر لە بۆکانەوە دوورەو دەکەوێتە نزیک مەهابادەوە.

نزیکەی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر ژیانی خێزانی پێکهێناوەء، باوکی دوو کوڕی دووانە بوو بە ناوەکانی محەمەدء ئەحمەد، کە هەردووکیان بەهۆی کەمدەرامەتی خێزانەکەیانەوە دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە، محەمەد بە کاری پایسکیل سازییەوە سەرقاڵە و ئەحمەدیش دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵی هەیە، هەر لە سەرەتاشەوە هیچ کامێکیان حەزیان لەوە نەبووە وەک باوکیان فێری شمشاڵ ژەنین بن.

قالەمەڕە هەرچەندە نەخوێندەوار بوو، بەلام دەریایەک لە میوزیکی خۆماڵی کوردی لە سینەیدا هەڵگرتبوو، هەروەک خۆی دەیووت زیاتر لە ١٧٠ ئاوازی جۆراوجۆری بە شمشاڵەکەی لێدەدا، لە هەمووشیان بە سۆزتر بەلای خۆیەوە، پارچە شمشاڵی (کانەبی خواز) بوو، کە لە بنەڕەتدا داستانی بەسەرهاتی پیاوێکە بە ناوی کانەبی فەقی وەیس، لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ ئەحمەدخانی نامیدا دەکوژرێت، ئەم داستانە کاتی خۆی لەلایەن کچێکەوە کە ناوی خواز بووە و خوشکی کانەبی بووە، دانراوە.

بەهۆی ئەو ناوبانگەی کە قالەمەڕە لە بواری شمشاڵ ژەنیندا بەدەستیهێنابوو، چەندین جار لە ناوەوەء دەرەوەی ئێران بۆ بەشداریکردن لە یادء بۆنە جیاجیاکاندا بانگهێشت دەکرا، لەوانە: یادەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەء کارەساتی ئەنفال لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، یادی کیمیابارانی شارۆچکەی سەردەشت لە شارۆچکەی سەردەشت، هەروەها لەم سالانەی دواییدا بۆ بەشداریکردن لە ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەند حەسەن زیرەک

بانگهێشتی ولاتی ئەڵمانیا کرابوو، بەلام دەزگا ئەمنییەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ڕێگەی ئەو گەشتەیان پێنەدا، دواتر بە ئامادەبوونی خۆی، خەلاتی باشترین شمشاڵ ژەنی میللی کوردی بۆ دیاریکرا، هەروەها لەسەر داوای خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خانمی یەکەمی عێراق ٢٠ ڕۆژ لە هەرێمی کوردستان مایەوەو خەلاتی ڕێزلێنانیشی پێبەخشرا.

لە ماوەی تەمەنیدا، دەیان خەلاتی ڕێزلێنانی وەرگرتبوو کە لە ژووری خەوتنیدا هەڵیواسیبوون، لەنێو ئەو خەلاتانەدا ڕێزلێنانی سەرۆکی زانکۆی ئیلام، ڕادیۆو تەلەفزیۆنی مەهاباد، فێستیڤاڵی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بەرچاو دەکەون.

حاجی ئەحمەدی خانزادی کە یەکێکە لە خزمەکانی قالەمەڕە، دەڵێت: خۆشەویستی قالەمەڕە بۆ شمشاڵەکەی زۆر لەوە زیاتر بوو کە ئێمە هەستمان پێدەکرد، تەنانەت چەند مانگێک بەر لە ماڵئاواییکردنی، ناوە ناوە دەیووت (هەرچەندە پیربووم و پشتم چەماوەتەوە، دادانەکانم کەوتوون، بەلام هێشتا شوکری خودا دەکەم و، لێی دەپاڕێمەوە کە لەوە خراپترو کەنەفتی سەرجێگەم نەکات، کە نەتوانم شمشاڵەکەم بە دەممەوە بنێم).

هەروەها دەڵێت: لە کاسێتێکی دەنگیدا کە لە زۆربەی تۆمارگاکانی بۆکان دەست دەکەوێت، قالەمەڕە وەسێتی ئەوەی کردووە کە دوای مردنی خۆی، شمشاڵەکەی پێشکەش بە مۆزەخانەی هەولێر بکرێت.

سۆزی شمشاڵەکەی قالەمەڕە، ناڵەی گەلێکی ژێردەستەو نەتەوەیەکی چەوساوە بوو، ئەو هەمیشە شمشاڵی بۆ خەڵک لێدەداو، دەیەویست لەو ڕێیەوە تاکی کورد ئارام بکاتەوە، پێیان بڵێت (خەم مەخۆن، گەر دوژمنان هەرچی بکەن ناتوانن ڕەسەنێتی و ڕابردوومان بسڕنەوە)، هەروەک خۆی دەیوت: (تەنها زەمانێک کە گەنج بووم هەوای عەشق لە کەللەمدا بوو، ڕۆژانە بە تەنها دادەنیشتم و ڕازی عاشقانەی خۆم بە شمشاڵ دەردەبڕی، ئەگینا لەوەتەی بەبیرم دێت هەمیشە شمشاڵم بۆ خەڵک لێداوە.)

قالەمەڕە شمشاڵ بوو بوونە دوانەیەکی هونەری جوان و هەرگیز لێک جیا نەدەبوونەوە، زۆرجار دەیگێڕایەوە, دەیووت: (چەندساڵێک لەمەوبەر کاتێک نەخۆش کەوتبووم و لە نەخۆشخانەی مەراغە خەوێنرابووم، دکتۆر

پێیووتم کە تووشی نەخۆشی سیل بووم و نابێ چیتر شمشاڵ لێبدەم، ئامۆژگاریشی کردم کە ئەگەر چاکیش ببمەوە لە ڕێی شمشاڵەوە نەخۆش دەکەومەوە، بەلام نەمتوانی بە قسەی بکەم و، بۆ ساتێکیش لە شمشاڵەکەم دوور نەکەوتمەوە).

یەکێک لەو داخە گرانەی کە قالەمەڕە بەر لە مردنی ئاماژەی پێداوە، ئەوەیە کە هونەری شمشاڵ ژەنین لە کوردەواریدا ئەوەندە لاواز بووە، دوای مردنی خۆی بە تەواوی پشتگوی دەخرێت و فەرامۆش دەکرێت.

هونەرمەندی گەورەی کوردستانی ڕۆژهەلات مامۆستا عەزیزی شارۆخی کە ماوەیەک لەمەوبەر قالەمەڕەی بانگهێشتی ماڵی خۆیان کردبوو و بەیەکەوە کاسێتێکی شمشاڵ گۆرانیان تۆمارکردووە، تا ڕادەیەک هاوڕایە لەگەلا ئەو بۆچوونەی قالەمەڕەء دەڵێت: بەڕاستی شمشاڵ ژەنێکی بێ وێنە بوو، تەواو مامۆستا بوو لە کارەکەیدا، زۆر زەحمەتە دوای ئەو کەسێک شمشاڵ لێبدات کە بتوانێت شان لە شانی قالەمەڕە بدات.

هونەرمەندی دەفژەن ئەسغەری مەولودی - یش دەڵێت: لە نێوان ژیانی مامۆستا حەسەن زیرەک و قالەمەڕەدا زۆر لێکچوون هەیە،

هەردووکیان وەک یەک تا لە ژیاندا مابوون وەک پێویست ڕێزیان نەگیرا، کەچی دوای مردنیان شین و تازیەیان گەرم بوو، گەر بۆ سەردەمی زیرەک ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەک پاساوێکی هەبووایە، نەدەبوا دوای دەیان ساڵ هەمان مێژوو لە ژیانی هونەرمەندێکی دیکەی وەک قالەمەڕەدا خۆی دووبارە بکردایەتەوە، مخابن تا مامە قالە لە ژیاندا بوو هیچ ناوەند و لایەنێک بە گوێرەی پێویست هاوکاری نەدەکرد،

تەنانەت خەڵکی ئاساییش بە ئەندازەیی گەورەیی هونەری ئەو پیاوە قەدریان نەدەزانی، ئێستا کە جێی هێشتووین لەوە تێدەگەین چ سەرمایەیەکی مەزنی هونەری میللییمان لەدەستداوە، چ ئاوازێکی ناوازەی خۆڕسک هەتیوی کردووین.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی : ٩ی جوونی ٢٠١١

## قالەمەڕە: سوێندتان دەدەم، مەبنە نۆکەری بێگانە



دیمانەیەکی بلاونەکراوەی هونەرمەند قالە مەرە

**عوسمان ڕانیەیی**

هـاوینی سـاڵی ٢٠٠٨، لە سەفزەوە بـۆ پیاسـەیەکی دەمەو ئێـواران ڕوومـان لە شـارە جـوانەکەی بۆکـان کـرد، لە دەروازەی ئەو شـارەدا هێمـای شـوێنەوارێک سـەرنجی میوانــان بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێت، ئەویـش بەرزاییەکـەی ناڵەشکێنە و ئارامگای هونەرمەندی گەورەی کورد(حەسەن زیرەک)ی ڕەحمەتییە، بۆ ئێمەمانان دەرفەتێکی زێرین بوو تا بە خولیا و تاسەیەکی زۆرەوە سەردانی گڵکۆی زیرەکی دەنگزوڵاڵ بکەین.

هەر لە سەر ناڵەشکێنە و بە تەنیشت ئارامگاکەی زیرەکەوە، کۆمەڵێک تـابلۆ و شوێنەواری جوانی هونەرمەندانی تـر بە دی دەکـران کە بـۆ ئـێمە جـێگەی دڵخۆشـی و سـەرنج بـوون، یەکێـک لەوانـە وێنەیەکـی قەبـارە گەورەی هونەرمەندی دەستوپەنجەزێرین "قالەمەڕە"ی شمشاڵژەن بوو، دواتر بۆمان ڕوون بووەوە یار و یاوەرانی زیرەک دوای مردنیشـی دەسـتبەرداری ئەو نـابن و بە زینـدوویی سـەران شـوێنی مردنـی خۆیـان لەتەک ئەودا نیشـان دەکەن، سەرئەنجام هەروا بوو (قالەمەڕە)ی هونەرمەند وەسیەت و داخوازی خۆی بـوو کە دوا ئـارامگەی لە ناڵەشکێن و بە تەنیشت گڵکۆکەی "زیرەک"ەوە بێت. مامە قالە دەیگوت "چونکە ئەویش هەر نەحەسایەوە، پێم خۆشە لە گۆڕدایشدا هەر پێکەوە بین."

کە هەواری هونەرمەندانمان لە ناڵەشکێن بە جێ هێشت بۆ تەواوکردنی ئێوارە پیاسەکەمان چوینە نێوشاری بۆکان، لەوێ هەموو جێیەک تەژی بوو لە جوانی و ئاپۆڕای خەڵک، لەناکاو دەنگی ئاوازێکی شیرین کەوتە بەر گوێمان، وردە وردە ئەم دەنگە سیحراوییە کێشی کردین بۆ لای خۆی، زانیم شتێکی ناوازەیە، ڕێکەوتێکە لە تەمەندا نابێتەوە، ڕێڕەوی ڕۆیشتنەکەمم گۆڕی و درم بە خەڵکەکە دا؛ تا نزیکتر دەبوومەوە دەنگی سیمفۆنیای ئەو ئاوازەی سالانێکە بە ڕۆحمان ئاشنایە پتر بۆ لای خۆی کێشی دەکردم.

لەپرێکدا لەنێوان کەلێنی هاتوچۆی خەڵکەکەدا سیمای ماندووی مرۆڤێکی بەساڵداچووم بینی لەبەردەم دووکانی کوتاڵفرۆشێک لەسەر پارچە مقەبایەکدا دانیشتبوو و بڕێک پارە و پووڵیشی لە کۆشدا بوو! لە ڕاستیدا ئەم دیمەنە نەخوازراوە تووشی شۆکی کردم، بۆ ماوەیەک دووچاری سەرەگێژکەیەک هاتم، چاوم بەو دیمەنە نەخوازراوە دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرمی تێ زا و گەرووم گریانێکی مەند، گیانیشم تەزووی وردە لەرزێکی پێدا هات، لە دڵی خۆمدا گوتم ئای خودا حاڵ و گوزەرانی بەهرەوەر و کەڵە هونەرمەندانی ئێمە بۆ هەر دەبێت نەهاتی و نەداری بێت، بۆ دەبێت مرۆ مەزنەکانی ئەم مەملەکەتە لە ژیانیاندا کەمێک ئاسوودە و بەختەوەر نەبن. لەو ساتانەدا ئەو گوتەیەی مام "هێمن"م هاتەوە بیر، کە دەڵێت (هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە).

کە دڵنیا بووم لەوەی ئەو مرۆڤە خۆشەویست و بەرێزەی دڵم دەیگوت لەو سەفەرمدا هەردەبێت بیبینم، چونکە بۆ من ئەوە دوا دیدار بوو، زانیم ئەوە هونەرمەندی شمشاڵژەن "قالە مەرەیە" لەو زەردەپەڕەی ئێوارەدا ئەو کۆڕی زیکرەی دامەزراندووە و بە پەنجەکانی دەستی و بەو هەناسە گەرم و قووڵانەی بەنێو بەژنی شمشاڵەکەیدا شەپۆل دەدا و ئەو ناوە گوڵاوپژێن دەکات.

وەستام تا لە ژنینی ئەو پارچە ئاوازە شیرینەی بووەوە کە پێشتر دەستی پێ کردبوو و بەهۆیەوە خەڵکی ئەو ناوەی نقومی ئەندێشەی خەمەکانی کردبوون، ئینجا لەبەردەمیا چەمامەوە و بە تاسەوە دەستەکانیم ماچ کرد، ئەو بەنیشانی سەرسوڕمان سەرێکی هەڵبڕی بە مانای ئەوەی بۆ دەبێت کەسێک بەو شێوەیە لەبەرامبەریدا هەڵسوکەوت بکات، دواتر فەرمووی کرد و لەتەنیشت خۆیەوە داینیشاندم؛ لەم کاتەدا بە دەم سڵاو و بەخێرهاتنەوە بە ئەسپایی شمشاڵەکەی کردەوە بە بەرپشتێنەکەیدا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئینجا بەوردی ئەویش بە چاوە گەنمڕەنگەکانییەوە لێی ڕوانیم، وەک ئەوەی زانیبێتی میوانێکی ڕێبوار نیم تا بە سڵاوکردنێک و پێدانی کەمێک

پووڵ بڕۆم و وازی لێ بهێنم! کەوتینە باس و خواسێکی دۆستانەوە، ئیتر کە زانیی لە کوردانی باشوورم و لە هەولێرەوە هاتووم بۆ دیدەنی ئەو، بە دەستووری پەزیرایی هەر ڕۆژهەڵاتییەکی خۆشەویست دنیایەک موحیبەتی نواند و دەستی خستەوە ناو دەستمەوە.

لەنێو ئەو کەشە شیرینەدا کاتێک سەیرێکی دەوروبەری خۆمانم کرد بینیم خەڵکێکی زۆر لە دەورمان کۆ بوونەتەوە و هەمووان سەیری ئەو دیمەنە تاسەبارییانەیان دەکردین.

**عوسمان ڕانیەیی**

ئینجا بە نەریتی ڕۆژنامەنووسی هەندێک باسی ترمان هێنایە گۆڕێ کە لە دیمانەیەکی کورتی دەگمەن دەچوو بەڵام لە شێوەی کۆمەڵێک ڕاز و نیاز، بەم شێوەیە دیمانەکەم لەتەک "قالە مەڕە" کرد کە بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە:

***عوسمان ڕانیەیی:*** *چۆنە لەم کاتانەدا و بەم گەرمایە وان لێرەدا؟*

***قالە مەڕە:*** من ڕۆژانە گەر بتوانم وەدەر کەوم لە ماڵێ و بێمە دەرێ، لەم شوێنە یان جێگەیەکی تردا دادەنیشم، بە لوتف و کەرەمی خودا و خێرخوازان بژێوییەک ئەگەرچی کەمیش بێت بۆ ماڵ و منداڵەکانم پەیدا دەکەم.

***عوسمان ڕانیەیی:*** *باشتر نییە لەم تەمەنەتدا پشوو بدەیت و لە ماڵەوە دانیشیت، هاتوچۆی بازاڕ ماندووت ناکات؟*

***قالە مەڕە:*** کاتێک زۆر لە ماڵ دەمێنمەوە هەست بە ماندوویەتی زیاتر دەکەم، من نامەوێت هیچ کات لە خەڵکەکەم دوور بم، ڕۆژێک نەیێم بۆ بازاڕ خەڵک و دۆستان هەواڵم دەپرسن یان دێن بۆ ماڵێ و منیش نامەوێت ئەزیەتی ئەوان بدەم چونکە من هەموو ئەو خەڵکانە بە هیی خۆم دەزانم و ئەوانیش من بە هیی خۆیان دەزانن.

***عوسمان ڕانیەیی:** کە دۆستەکانت بەم شێوەیە لێت دەڕوانن، ئەی تۆ لەبەرامبەردا چییان بۆ دەکەیت؟*

***قالە مەڕە:*** "بە چاوی پڕ لە حوزنەوە" - شتێکم نییە بە غەیری خۆشەویستی بۆ ئەم خەڵکە و خۆشەویستی کوردستانەکەم نەبێت، خۆم و شمشاڵەکەم؛ تا بمێنم خزمەتیان دەکەم.

***عوسمان ڕانیەیی:** دەزانین زۆر جاران بەهۆی هەڵوێستی نیشتیمانییەوە ئەزیەتیان داویت ئەمە بۆ ئێوە و بۆ هونەرەکەت کێشە نییە؟*

***قالە مەڕە:*** زۆر جاران ئەزیەتیان داوم، دەردیسەریان زۆر تووش کردوم، بەتایبەتی کە لە سوێی ڕێبەران و شەهیدانی گەل وڵاتەکەم و لەبەرامبەر زۆرداریی دوژمناندا، هەستی کوردایەتیی خۆمم بە ئاوازی شمشاڵەکەم دەربڕیوە، زۆر ئەزیەت دراوم بەڵام هەرگیز کۆڵم نەداوە و گوێم بەو ناخۆشییانە نەداوە و هەرگیز خیانەت بە میللەتەکەی خۆم ناکەم و نەمکردووە.

***عوسمان ڕانیەیی:** بە نیاز نیت سەفەرێک بکەیت بۆ دەرەوەی بۆکان؟*

***قالە مەڕە:*** تەنیا شوێنێک ئارەزوو دەکەم جارێکی تر بیبینمەوە و سەردانی بکەم "کوردستانی ئازادە" - کە ئەمەی دەگوت چاوەکانی نوقمی ڕێژنەیەک فرمێسک بوون ـ ئەگەر نەخۆشی لێم گەڕێت و تەمەن باقی بێت حەز دەکەم بێمە هەولێر و بچمە سلێمانی و بۆ جارێکی تر هەوای ئازادی وڵاتەکەم بێتە ناو سینەم و تاوێک لەژێر ئاڵا و پەرچەمە جوان و سەربڵندەکەی کوردستاندا پشوویەک بدەم، جا ئەوجا بیشمرم خەمم نییە، بەڵام توخودا ئەگەر ئەتوویش ڕۆیشتیتەوە سەلامم بگەیێنە هەموو خەڵکی کوردستانێ؛ دەبەر یەک بە یەکیان بمرم.

تەنیا داواکارییشم ئەوەیە، توخودا، تۆ و خوێنی شەهیدان، ئەو هەلەی بۆ کوردان پەیدا بووە لە دەستە خۆتانی مەدەن، خزمەتی خاک و وەڵاتی خۆ بکەن، با ئاڵای کوردستانێ هەر جوان و شەکاوە بێت لەسەر کێوان، لەسەر ماڵان لە هەموو جێیەک.

**با ئاڵای کوردستانێ دیار بێت، بۆ خاتری خوێنی شەهیدان خراپەی دەگەڵ یەکدی مەکەن، بە کوردستانێ سوێندتان دەدەدم یەکگرتوو بن، مەبنە نۆکەری بێگانان.**

***عوسمان ڕانیەیی*: *تێبینی: ئەم دیمانەیە لە ٢٠ی جوولای ٢٠٠٨ لەشاری بۆکان ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دراوە و بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها بەشێک لە دەقی دیمانەکە بە شێوەزار و گوزارشتی ئەو هونەرمەندە دارێژراوەتەوە.***

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامە**



# مەرگی شمشاڵ



**کاوان عەلیپوور - پێداچوونەوە - پێدرام کەریمیان - (ژیلەمۆ)**

ئەگەر لە ناو نەتەوەکانی تری ئەم جیهانەدا، پێش کەوتن و ژیانی ئاسایی بە دی دەکرێ بێ گومان ئەو کۆمەڵگایانە ئاوان تێیدا دەژین زۆر بواری پێواوەو کاند و کۆسپی سەر ڕێگایان لە بەردەمادا لاداوە و ئێستا وەک دەیبینین ئاسەواری نەماوە.لە وڵاتانی بە هێزی کەلتووری و ئابوری کە پێشکەوتووی بە خۆیان دیوە هانگاوی باشیان لەم بارەوە ناوە،لاناو خەڵکیشدا کاسانێ زیرەک و بلیمەت بووە بەڵام خۆ ڕاهێنانو پەروەردە جێگای بەرزی خۆی هەیە و کاسانێکی زۆریش لام ڕێگاوە شارەزا دەبن و ئاوەی گرنگە کار و ئاسەوار و تەنانەت خۆشیان دەبنە میراتی ئەو نەتەوە و ئەو کۆمەڵگایانە کە نموونەیان زۆرە.بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی دا بە هۆی ئەو بارو دۆخەی کەوا تێیدا دەژیت ئەم بوارانە نەڕەخساوەو و تەنانەت لە زۆر جێگا و شوێن لەمپەڕی لە بەردەم دا بۆدانراوە و پێش بە پەرەو گەشانەوەی گیراوە و ئەگەر ئەوەشی هەبوویێت لە ڕێگای خۆبەخشی تاکە کەسی بووە و تەنانەت بە بەخشینی ژینای خۆی و بنەماڵەکەی لە بەرامبەر نەیار دا بەر هەڵەست کار بووە.ئەگەر هەندێک بگەڕێینەوە بۆ دواوەوە و ئاوڕێکیش لە مێژووی هوونەری کوردی بدەینەوە دەبینین لە ڕابردوودا هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی کورد بە تایبەت لە بەشی موزیک و گۆرانی دا بە کەل و بەلی کەمەوە هونەرێکی جوانیان خولقاندووە و تۆماریان کردووە،جێگەی خۆیشیان لە ناو دڵی کوردان دا کردۆتەوە وناوبانگی جیهانیشیان تەنانەت دەرکردووە.ئەگەر باس لە موزیک و گۆرانی کوردی بکەم لە مێژووی دوور و درێژی خۆییدا زۆری خزمەت بە کۆمەڵگای کوردەواری کردووە و خەڵکیش زۆر بەرەو گۆرانی کوردی چووە و لە هەموو جێگاکان(مەجلیس و کۆڕ و کۆمەڵگا و لە هەمووان گرنگتر لە زەماوەندا)کەڵکی لە گۆرانی کوردی وەر گرتووەو هەموو کات و سات وەک چەپکە گوڵ ڕایان گرتووە.لەم چەند

ساڵانەی ڕابردوودا گۆرانی کوردیش لە گەڵ موزیکەکانی تری گەلانی جیهان خەریکە پیشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێ بەڵام هیچ کات نابێ بێتە هۆی ئەوە کە کورد موزیک و گۆرانی فۆلکلۆری خۆیان لە بیرکەن بەتەواوی چاولێکەری موزیکی بێگانەکەن. مامۆستای گەورەی شمشاڵ ژەن،مامۆستا عەبدوللا قادرزادە ناسراو بە قالەمەڕە، توانی بووی بە ئەو پەڕی بێ دەسەڵاتیدا بلیمەتی خۆی بسەلمێنێت ودەنگی شمشاڵەکەی بێجگە لە نەتەوەی خۆی، بە نەتەوەکانی دیکەش بناسێنێت. ئەمە لە کاتێک دایە لە نەتەوەکانی تر خەڵاتی دەکەن بەڵام بە هۆی دەست کورتی ماڵی ناتوانێت تەنانەت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی ئەودیو بێت. ئەوەتا مامۆستا گۆران ئەم ژینە بە ژانی گەلەکەی لە پێش ترەوە پێی زانیوەو ئەڵێت:

بە ڕەنگی زەردوو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا مامە حەزم کرد بەستەیەک ببەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێت لە سیماتا بە دیم کرد هەیکەڵی عومرێکی حەسرەت کێش وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بوولبولی خەم بێت قالە مەڕە خەڵکی شاری بۆکان لە ساڵی ١٩٢٥هاتۆتە دنیاوە و زیاتر لە ٦٠ ساڵی تەمەنی خۆی شمشاڵی لێ داوەو دڵی گوێگرانی گەشاندۆتەوە.قالەمەڕە گەرچی خوێندکار نەبوو بەڵام زیاتر لە ١٧٠مەقامی لەبەربوو،مام قالە لە بنەماڵەیەکی فەقیر لە دایک بوو و زیاتری تەمەنی خۆی بە شوانی و شمشاڵ ژەنی تێپەڕ بوو،شمشاڵەکەی قالە مەڕە پتر لە ١٥٠ ساڵ تەمەنی هەبوو ئەو لە سەردەمی گەنژیدا کڕیبوی و لە ژیانی دا لە خۆی دووری نەدەخستەوە.مام قالە بە هۆی زیرەک بوون لە شمشاڵ لێدان دا خەڵاتی زۆری وەر گرت وەکوو ١٩٩٣ لە ئەڵمانیا خەڵاتی باشترین شمشاڵ ژەن کەبە هۆی دەست کورتی ماڵی نەیتوانی ری بگرێت لە ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی ئەنفال لە سولەیمانی( پیرەمێرد )و دەیان خەڵاتی تر لە لایەن ەڵک و زانستگاکان و کۆڕەئەدەبی و مۆسیقایەکان.

لەم ساڵانەی دوای دا قالە مەڕە بە هۆی پیری و نەخۆشی و بۆ دەرهێنانی بژێوی ژیانی کە نەیدەتوانی کار بکات ناچار بوو ڕوو بێنێتە شمشاڵ لێدان لە بەردەرکی دووکان و پاساژەکانی بۆکان ولەو ڕێگایەوە پارە دەر بێنێت... بە داخەوە ئەمە یەکێک لە گەورەترین هونەرەکانی کوردی لە گەڵ داهێنەرە کەیشیەوە ژێر دەست و پێی خەڵکی دەکەوێ...نازانم هۆی چییە بەڵام ئەگەر بڵێین خەڵکی دەور و بەری مام قاڵەش دەست تەنگ و هەژار بوونە ڕەنگە ڕاست نەبێت چون هەر لە دەورو وەری ئەو و لە تەواوی کوردستانیش سامان داری زۆر بە تواناش دەبینرێ کە لە ئاستی ئێران دا قسەی ئەوەڵ دەکا... ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ کەم بایەخ دانی خەڵکی ئێمە لەم دوایانەدا بە هونەری کوردی و ڕوو کردن لە پارەو... هەڵبەت بواری نەداری کۆمەڵگا بە گشتیەوە تا ڕادەیەک کاریگەری هەبوو لە سەر

ئەم مەسەلەیە... قاله مەڕ پیس لە مردنی وەسیەتی کردبوو ئەگەر کرا بم بەن بۆ مەهاباد و لە کن شاعیرانی ناوداری کورد بم نێژن وە یا ل کن گۆڕی حەسەن زیرەکی هاوڕێی. قاڵەمەڕ لە کۆتایی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٨لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان ماڵ ئاوای لە ژیان کرد و بۆ هەموو کات لە کن ماڵی حەسەن زیرەک ئەویش ماڵی کرد و نیشتە جێ بوو... و شمشاڵەکەی پێشکەش بە باڵای بەرزی کوردستان و تەرەغە کرد. کاتێک دەڵێن قالە مەڕ کۆچی دوایی کرد ئەمە تەنها هاواڵ نیە کە مرۆڤ بە هەست بە ئاسانی لێی بوگزەرێ. کاتێک دەڵێن قالەمەڕ چریکەیی بولبولی دیمەنی کوردستان و قاسپەی کەوی چیاکانی کوردستان دیتە بیرو مێشکی هەموو مرۆڤێکی هەست ناسک و کاتێک بیستمان قالە مەڕ مرد - مردنی دەنگی بولبوول و قاسپەی کەو دێتە بیرمان.

قالەمەڕ شمشاڵی بە هەستی جوانی کوردانە بۆ خاکی خۆشەویستی خۆی بدرکێنێ. ئێمە سەر خۆشی نە تەنیا دەبی لە بنەماڵەی بکەینبەڵکوو لە خۆسمان دەبی سەر خۆسی بکەین و زوخاو برێژین کە دووبارە قاسپەقاسپی کەو لە هیچ شمشاڵێک نابیسین. کۆچی دوایی قالەمەڕ لە ڕاستی دا کۆچی دوایی ئامێرێکی مۆسیقایە. قالە لە زۆرترین هەژاری و فەقیری دا ژیا بەڵام زۆر بەجوانی تەرمی لە سەر شەپۆلی خەڵکی هونەر دۆست بە خاک سپێردرا دەنگی خۆشی شمشاڵەکەی بێ گوومان لە مێژووی مۆسیقا دا دەمینێتەوە. بە داخەوە وەکوو هەموو کاتەکانی تر هونەرمەندەکانمان و گەورەکانمان تا سەرە مەرگ خەڵک زۆربێ لوتفن بۆیان ئەم ئاینە بۆ هونەرمەندان هەربووەو دەبێت، ئەگەر چی لە کاتی ژیانی ئەم هونەرمەندە خەڵک بە بەزەیی دراوێکیان پێ دەدا بەڵام ئەمە شیاوی هونەرمەنیک بەم گەورەییە نیە کەسانێکی زۆر لە کاتی ژیانی ئەم هونەرمەندەدا بۆ ئەوەی دەنگی بە سۆزی شمشاڵەکەی بە دنیا بگات لە بواری ماڵیش دا پتر بێت هەوڵیان دا بەڵام لە بەرامبەر خزمەتێک کە ئەو بە هونەری مۆسیقایی کوردی کردووە زۆر کەمە. بڵێی ڕۆژێک بێت لە کۆمەڵگایی ئێمەدا قەدری ڕووناک بیران و زانایان و هونەرمەندان لە ژیانیاندا بگیرێت.

ویبلاگی شتێک بە بێدەنگی دەڵێم - ڕێکەوتی: خەرمانانی ١٣٨٩

# دەوڵەمەندی دەس بە تاڵ



سۆزەی دەنگی شمشاڵی تۆ، قامیشی نێو بەتاڵی تۆ، مێژووی ژیارە و دیرۆکی کۆنی عەفرینە، یادی کرمانجی ئیزەدی و گوڵی سێوان و لاچینە، باسی شیروان و قووچانی خوراسانە، پەیامی شاری جابانە.

کوردپرێس؛ سۆزەی دەنگی شمشاڵی تۆ، قامیشی نێو بەتاڵی تۆ، مێژووی ژیارە و دیرۆکی کۆنی عەفرینە، یادی کرمانجی ئیزەدی و گوڵی سێوان و لاچینە، باسی شیروان و قووچانی خوراسانە، پەیامی شاری جابانە.

ئەو شمشاڵە هەست بزوینە، خەم رەوێنە، نالەی ئەشعاری نالییە، تۆزی ڕێگەی شارەزووری هۆنەرێکی ڕێگە دوورە، وەڵامی نامەی سالم و داری پیری پیرمە سوورە، سنووری چۆمی خاپوورە، هێند حەزینە، خەزینە و کانی ئەسرینە، سەبوونی دەشتی هەولێر و گەرمای گەرمی گەرمیانە، شەختەی کوێستانی قەندیلە، بە وێنەی بەیتی دمدمە و هەستی نەرمی مەم و زینە. تەزبێحی میری لالەشە.

مامە ڤالە! بە سۆزی دە نگی شمشاڵت، بە قامکی پڕ خەیاڵت، بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشوو، بمبەرەوە بەرەو مێژووی سەردەمی زوو. سۆزی لۆرەی شمشاڵەکەت، هێزی هەستی شنەی مەستی جامی خەستی خەیاڵەکەت، کزەی ئامیرە زالەکەت دڵبزوێنە و تۆشەی دڵە، رامکەری مرۆڤی سڵە، دەنگی هەزاری سەرچڵە، ئەو لاوژە و بەستە و حەیرانە، بیر خەرەوەی کاتی زووە، پەڕەی دیرۆکی زیندووە، هی دەورەی بوداق سوڵتانە کە سەرداری موکریانە، خاوەنی قۆشەی کوردانەی زەربی خاکی کوردستانە، سروەی باسەری ئێوارەی دەشتی چۆمی مەجید خان و بناری چۆمی لاوێن و هەواری کۆنەلاجانە، شەماڵی دەشتی شامات و نەسیمی گوندی دریازە.

ئەی دەوڵەمەندی دەست بەتاڵ، هەناسە سارد، پسپۆڕی لێدانی شمشاڵ، خوێندکاری مەکتەبی شوانی و دەشتەوانی، ئەی قوتابی کێو و چیا و دەشت و دەوەن، لێدەری شمشاڵی ڕەسەن. کۆچی پاش تەمەنی مەینەتاویت بە خێر بێ.

*لە داخی ئەو دنیای وەک سینەمایە*

*هەزار خەم خەفەت لە سینەمایە*

*تا وەختێکی زیندووی قەدرت نازانن*

*کاتێ مردی حەشری کوبرا بەرپایە*

بەرەبەیان یا ڕۆژ یا شەوی چلەی سەرما و سۆڵەی ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی قالە مەڕ بە پێی ئەو ناسنامەیە کە بۆیان نووسیوە لە دایک بووە! ژیان و بەسەر هاتەکانی و ئەوەی چۆن بۆتە شمشماڵ ژەن و چۆن سروشت و مێژوو و ڕووداوەکان لە گەرووی شمشاڵە کەیدا خول دەخۆنەوە و دەبنە مۆسیقا چیرۆکی مرۆڤێکی بەرز دەنوێنێ کە خوێندنەوەی فەرزە.

مامە قالە کۆنگرە و سمیناری نەگەرەکە! بچن گوێ بۆ قسەکانی ڕاگرن بچن گوێ بیستی ئەو مێژوو و ڕووداوانە بن کە لە گەرووی شمشاڵەکەی دێتەدەر! بێگومان مامە قالە هێندەی شت پێیە کە چەندان کەس دەتوانن دوکتورای پێوەر گرن! قالە مەڕ وەک زۆر لە پەیامبەران شوان بووە، بەڵام ئەو پەیامبەری شمشاڵە! دەنگی حەوت تەبەقی عەرز و حەوت تەبەقی ئاسمانی وڵاتەکەی لە شمشاڵدا دەنگ دەداتەوە! (ئەوە داوایەک بوو گەلێ جار هاتە سەر زاری دڵسۆزان بەڵام... )

بە پێی ناسنامەی ژمارە ٣٦٠ پێناسەی قالەمەڕ بەم جۆرەیە، ناو: قادر، ناوی بنەماڵە:عەبدوڵازادە، ڕۆژی لە دایکبوون: هەوەڵ ڕۆژی چلەی زستان ساڵی ١٣٠٤ (٢١ی دێسامبری ١٩٢٥)، شوێنی لە دایک بوون: ئاوایی کولیجە، بەخشی ناوەندی، دێهستانی ئاختاچی، بەخشی بۆکان، شارستانی مەهاباد. ناوی باوک:

محەمەد، ناوی دایک: مرۆت. قالەمەرە خۆی کوتەنی لە گوندی کولیجە لە دایک بووە، بە مەزندە ی خۆی دەبێ ١٢٩٥ی هەتاوی ١٩١٦ی زایینی هاتبێتە سەر دنیا بەڵام سجیل نووس ڕۆژی یەکی چلەی گەورەی زستانی ساڵی ١٣٠٤ واتا ١٩٢٥ی زایینی بۆ دیاری کردووە.

هەر چەند قالەمەڕ کاتی لە دایکبوون شمشاڵی بە دەستەوە نەبووە، بەڵام هەر ئەو دەمە کە گیانی لە گیانی دایکی گرێدراو بووە گوێی لە دەنگی شمشاڵی کاک محەمەدی باوکی و مامە سوڵتان و مامەرەحمانی و کاکە کانی بووە. ئەوانە شمشاڵ ژەنی بەناو و دەنگ و لێزان و لێهاتووی مەڵبەندەکە بوون. خۆی دەبێژێ: "ئوستادم خوڵا بووە" ئەو جا ئەم چیرۆکە بە شایەد دەهێنێتەوە: "منداڵ بووم لە قوڵقوڵەی نزیک عەولاباد بۆشایی لێیان گێڕابوووینەوە. مەحمووەدی تەها و غەفوورە خرە شمشاڵێکی سەیریان لێدە دا. منیش ویستم شمشاڵ لێدەم نەیانهێشت. ئەودەم زۆر منداڵ بووم. چوومە نێو قەڵاغە تەپاڵەیە کە وە، دەستم کرد بە گریان.

هێندە گریام شەکەت بووم. تەپاڵەیەکم لە بن سەرم ناو لە خەوە کەیشدا هەر هەنیسکم دەدا. کەسێکم لێ پەیدا بوو. سوور و سپی، هەرای لێکردم:"عەبدولقادر، عەبدولقادر، هەستە، هەستە مەگری. بە گریانی تۆ دار و بەرد وە گریان هاتوون!« هەستام دەستم بە لێدانی کرد بە کەس ڕا نەدەوەستام!سبەینێ چوومە شایی، بە خودای نە غەفوور دەیوێرانە مەحموود لە بەرانبەرمدا ڕاوەستن! جا نازانم، یا خوڵا کۆمەکی کردم یا شەیتان! ئەڵبەت شەیتان ناتوانێ شمشاڵ لێدا! (وت وێژی قالە مەڕە لەگەڵ م. رەمەزانی)

دەڵێ: "ناوم عەبدوڵا زادەیە، شێخ محەمەدی شێخی بورهان ناوی قالە مەرەی لێنام ! لە ماوەی ٨٢ و ٨٣ساڵی تەمەندا، ناڕەحەتی نە ما نەیبینم. لەگەڵ حەسەن زیرەکی زۆر بە یەکەوە بووین، ئەو کاتە کە لە بەغدا گۆرانی "لە کووچە و شاری بەغدایە خۆم غەریب و بێگانە خۆم" ی کوت بە یەکەوە بووین! (وتووێژی قاڵە مەڕە لە گەڵ م.رەمەزانی).

هەرچەند مامە قالە زۆر کەم قسە دەکا و قسەکانی لە ڕێگای شمشاڵە وە دەگاتە بیسەر، بەو حاڵەش قسەی زۆری لە دڵ دایە و بۆهەر هەوایەکی کە بە شمشاڵە کەی دەیژەنێ چیرۆکێکی هەیە، ئەو خۆی زۆر حەزی لە هەوای "کانەبی خوازە" ئەوەش چیرۆکێکی نەتەوایەتی کوردیە و زامەکانی کورد دەنوێنێ کە زامەکانی قالە مەڕەشە! ئەو هەرچەند وەک حەسەن زیرەکی دۆستی سەوادی نووسین و خوێندنی نییە، بەڵام مێشک و دڵێکی گەورەی هەیە کە خۆشەویستی وڵات و سروشت و بە سەر هاتەکانی نەتەوە کەی تێدا جێگا بۆتەوە! قالە مەڕە هەتا تەمەنی ٧٤ ساڵی ژنی نەهێناوە و هەموو خۆشەویستی ژیانی لە شمشاڵ لێدان و گێڕانەوەی ژیانی گەلەکەی دا دیتۆتەوە چیرۆکێک خۆی گوتەنی لە زەمانی ساسانیەکانەوە دەست پێدەکا.

لە وت وێژ لە گەڵ رادیۆ کرماشان لە ساڵی ١٩٧٥ دا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆ ژنت نەهێناوە دەڵێ: "ئەگەر ژنم هێنابا لە شمشاڵەکەم دوور دەکەوتمەوە". بەرهەمەکانی لای خۆی دەستە بەندی کراون. لە ئەوینداریەوە بگرە هەتا نەتەوایەتی! گەڵ گۆڕینی دەوران ژیانی قالەمەرە و شمشاڵە کەشی گۆرانی بە سەردا هاتووە. ئەو کاتە کە گوڕ وتینی لاوێتی دڵ و مێشکی گەرم دەکرد شمشاڵە کە شی ئەستورتر بووە، ئێستا لە گەڵ پیری خۆی شمشاڵیش کز و لاوازتر بۆتەوە! چیرۆکی قالە مەڕە و شمشاڵەکەی هەم شیرین و هەمیش دڵتەزینە! "جارێکیان نەخۆش دەکەوێ و لە نەخۆشخانەی شاری مەراغە دەکەوێ دوکتور دەڵێ:"تۆ نەخۆشی سیلت گرتووە و ئە گەر چاکیش بیتەوە لە ڕێگای شمشاڵە کەتەوە دەیگرییەوە، دەبێ شمشاڵەکەت فڕێ دەی". قالە مەڕە لەگەڵ شمشاڵەکەی گەورە بووە ناتوانێ لە خۆی دووری خاتەوە، لەو رۆژە وە هیچ کات شمشاڵی لە خۆی دوور نە خستۆتەوە یا لە باخەڵی دایە یان لە قۆڵی کەواکەی ڕاکردووە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپرێس - ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠١١

## قالەمەڕە ئەستێرەیەکی موزیکی کوردستان بوو



هۆشەنگ کامکار

. هۆشەنگ کامکار لە لێدوانێکی تایبەتدا رایگەیاند: "قالەمەڕە ئەستێرەیەکی موزیکی کوردستان بوو. هیچ کاتێک هونەرەکەی نەفرۆشتووە."

مۆزیکزانی بەئەزموون و ناوداری کورد هۆشەنگ کامکار و سەرپەرستی هونەری گرووپی مۆزیکی کامکاران لە لێدوانێکی تایبەت بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر، سەبارەت بە کەسایەتی شمشاڵژەنی کورد "قاڵەمەڕە"، گوتی: "بەڕای من یەکێک لە ئەستێرەکانی فەرهەنگی مۆزیکی کوردی بوو،] هۆشەنگ کامکار لێرەدا دڵی پڕ بووە و قسەی بۆ نەدەهات... [بەڕاستی ناتوانم قسە بکەم نازانم بڵێیم چی، بەڵام حەیف بوو. نە لە زەمانی پێشوودا رێزیان لێگرت و نە لەم زەمانەشدا، بەڵام هونەرمەندێکی گەورە بوو".

هەروەها گوتی: "باروودۆخی ژیانی ئێمە زۆر باش نییە و هەموو کەسێک ئێمە دەناسێت کە چۆن ژیان دەبەینە سەر، بەڵام چەند ساڵ لەمەو بەر بڕیارماندا کە یارمەتی "قاڵەمەڕە" بدەین و شتێکمان بۆ دیاری کرد هەر چەندە زۆر نەبوو، بەڵام بەداخەوە هیچ کەسێک یارمەتی نەدەدا".

سەرپەرستی هونەری گرووپی مۆزیکی کامکاران سەبارەت بە شمشاڵژەنی کورد، گوتی: "مرۆڤێک بوو کە لە پای فیکر و ئەندێشەی خۆی دەژیا مرۆڤێکی عارف بوو، من ئەمرۆکە بە هاوسەرکەمم دەگوت کە ئێمە ئەگەر بمانەوێت عیرفان و عارفییەت تەفسیر بکەین بە تەواوی مانا لە وجوودی ئەو پیاوەدا بوو. بەو هونەرییەوە ژیانی خۆی کرد بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە لە مێژووی مۆزیکی کوردیدا هونەرمەندێکی گەورە بوو، هیچ کاتێک هونەرەکەی نەفرۆشت و لەو فیکر و بیروباوەڕەی کە بووی هیچ کاتێک وازی نەهێنا و هەموو کاتێک بەدوای ئامانج و مەبەست و مۆزیکی خۆیەوە بوو. من هەموو کات بە داخم بۆی کە لە مێژووی ژیانیدا هیچ کەسێک ئاوڕی لێنەداوە کە ئەمە زۆر جێگای داخە".

هۆشەنگ کامکار سەبارەت بە رەنگدانەوەی کارەکانی "قاله مەڕە" لە ئاواز و گۆرانی کامکاراندا، گوتی: "من چەند ساڵ لەمەوبەر لە کۆنفرانسی مۆزیکی "سواس" لە لەندەن بۆ پێشکەش کردنی وتارێکی زانستی لەسەر ئامێری شمشاڵ بۆ وڵاتی بەریتانیا بانگهێشت کرابووم، هەندێک لە کارەکانی "قاله مەڕە"م بە شێوی ڤیدیۆ تۆمار کرد. لەم کۆنفرانسەدا من سەبارەت بە ئامێری شمشاڵ و شێوەی ژەنینی ئەم ئامێرە و هەروەها مەقامەکانی ئاخاوتنم کرد و چەندین دیمەنم لە وێنەکانی ئەم فیلمە بۆ بینەران نمایش کرد. دیارە کارەکانی قاله مەڕە لەسەر ئاواز و گۆرانی گرووپی مۆزیکی کامکاراندا کاریگەری هەیە. نە تەنیا کارەکانی قاله مەڕە لەسەر ئێمە کاریگەری ئەوتۆی هەیە بەڵکوو بە گشتی ئێمە لە مۆزیکی کوردی کەڵک وەردەگرین."

ئاوازدانەر و ئەندامی گرووپی موزیکی کامکاران سەبارەت بە کاری هونەری هاوبەش لە گەڵ قالەمەڕە، گوتی: "زۆر بە داخم کە نەمانتوانی و ڕێکنەکەوت کە لەگەڵ گرووپی موزیکی کامکاراندا بە شێوەی کۆنسێرت بەرنامەیەک پێکەوە پێشکەش بکەین کە ئەوە تەنیا بە هۆی دووری ڕێگاوە بوو، ئەو لە ئێمە دوور بوو و نەمانتوانی ئەو کارە بەیەکەوە بکەین. بەڵام من لە کوردستانی عێراق کاک عەبدوڵڵا جەماڵ سگرمە کارێکی سەبارەت بە قالەمەڕە نووسی و زۆر جوان و ڕێکووپێک بوو، بە بڕوای من ئەوە لە مێژوودا ماوە و من لێرەوە پیرۆزبایی پێی دەڵێیم کە ئەو کارە جوانەی کرد بە بڕوای من زۆر زۆر جوان بوو، من هەر کاتێک ئەو کلیپە دەبینم دڵم پڕدەبێت".

هەروەها گوتی: "لەدەستدانی "قالەمەڕە" بۆ تەواوی گەلی کورد زۆر جێی داخە لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، یەکێک لەو ئامێرژەنە گەورانە بوو کە بەداخەوە زۆر بەداخەوە لە هەژاری و نەداریدا ژیانی بەسەر دەبرد، میللەتی کورد بۆ ئەو کەسایەتییە دەبێت ڕەشپۆش بێت و ماتەمین بگرێت".

ئاوازدانەی کورد سەبارەت بە بەراوردکردنی ئاستی هونەری و ئامێرژەنی قالەمەڕە لە گەڵ هونەرمەندانی ناوداری دنیا، گوتی: "دەتوانم "قالەمەڕە" وەکوو سیتارژەنە ناودار و گەورەی هێندستان "بیسمیلا خان" بەراورد بکەم، لە ئێراندا ئێمە ئامێرژەنی زۆر گەورەمان هەیە بۆ نموونە "شاهمیرزا مورادی" ئامێرژەنی بەتوانای لوڕستان. قالەمەڕەش لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ئامێری شمشاڵی دەژەنی، بەڵام بەو شێوەیەی کە دەبوایە نەناسرا و هەر لە شاری بۆکاندا ماوە و بەداخەوە کەسێک دەستی نەگرت کە هونەرەکەیان بە شێوەی ئەوتۆ و پێویست لە ئاستی ئێران و دنیادا بناسرێت".

***موزیکزانی کورد هۆشەنگ کامکار و سەرپەرستی هونەری گرووپی موزیکی کامکاران لە کۆتایی ئەم دیدارەدا گوتی:***

"ئێمە وەکوو گرووپی موزیکی کامکاران ئەو توانایەمان نییە کە بە تەنیا ڕێوڕەسمێک بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەری ئەو کەسایەتییە بەڕێوەبەرین، بەڵام لە بەرنامەماندا هەیە کە کارێکی گونجاو بۆ قاڵەمەڕە بکەین، دەبێت ئەنجوومەنی کوردەکانی تاران یا هەر کەسێکی دیکە کە ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە، ڕێوڕەسمێک بخەنەڕێ کە هەموو کوردێک بتوانن تیایدا بەشداری بکەن و پێکەوە یادی مامە قادر بەرز ڕابگرین".

سەرچاوە : ماڵپەری پەیامنێر - ڕێکەوتی : ٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨

## ماڵئاوا، سەردارەکەی ئەم سەردەمەی هونەری شمشاڵ!



**ڕەحیم ڕەشیدی**

لەگەڵ ئەوەی هەمووان دەس بە دۆعا بووین، ئـارامو لەسـەرەخۆ، بـەو سیما پـڕ لـە ویقـارو خەفـەت لەخۆگرەتـەوە دەست بۆ لاقەبرغەت بەریت، شمشاڵەکەت دەست بدەییەی، بە کوچەو کۆڵانی شارو دەڤەرە بـێ نازەکـانی نیشتمانی دڵگیرماندا ئارامو لەسەرەخۆ وەکوو جاری جاران بێیتو بچی، ئارەقەی سەر تـوێڵی مانـدووت لادەیت، بـە دوور لـە چاوی بەدخوازن لە کەلێنکدا وچانێک بگریت، هەناسەی تژی لە حەسرەت، لە گەرووی شمشـاڵە ڕەنگ زێڕینەکـەت بکەیتو کوڵی دڵ هەڵرێژی، بە هەناسەی پـەنگخواردووت وەکـوو پێشـوو چیرۆکـی پـڕ لـە مەرگەسـاتی نەتەوەیـەک بهۆنیتەوەو بە دەنگی شمشاڵ، باس لە زامەکانی سەر جەستەی ماندووی نیشتمان بکەی؟.!

چاوەڕێ بووین بێیتەوە، شەورۆژمان دەدایە دەم یەک بۆ ئەوەی تۆ کەلەلاییو کەنەفتی، ناسـاخیو نەخۆشی لەگـەڵ مەلافەوپەتووی سەر جێگاکەت، هەر بە دەنگی پڕ لە هیواو خوزگەی شمشاڵ تووڕ دەی، لە سووچێکی قەناعـەتدا، چوارمیلکە بدەیتەوەو چاوێک بە دەوروو پشتتدا بگێڕی، ئەوندەی یەکو دوو بکەیت، لە چـاو تروکاندنێکدا گـەنجو پیر، ژنو پیاو، منداڵو مێرمنداڵ لـە دەوری هونـەرە ڕەسـەنەکەت کۆکەیتـەوە، تـۆ بـە سیلەی چـاو لێیـان بڕوانـی، ئـەوان بـەکۆ لـە ئاهـەنگی پەنجـەکانت ورد ببنـەوەو لەگـەڵ هەناسـەو ئـاخو ئـۆفی شمشـاڵەکەت بـە کۆڵانـە تەنگەبـەرەکانی دیرۆکـی نەتەوەیـەکدا شۆڕ بنـەوە، لاوانـی دەستەچیلەی شۆڕشو بـەرخۆدان، کچـانی نەسرەوتنو کۆڵنەدان، هەڵۆی خەیاڵیان بۆ بەرزترین دوند لە شەقەی باڵ بدا، یان تاوێک ئەسپی زینکراوی دڵ بە خـەیاڵ بسپێرن، بـۆ ئـەوەی چوارنـاڵ لـەم وەرزی سـەوزاییو گـوڵزارەدا کـە تاڤگـەکان هـاژەی دەنگیـان، شـنەی شـەماڵی

چیاودۆڵ، جریوەی بولبول، قومریو پاساری، دەنگی قەناریو قاسپەی کەو لەگەڵ گمەگمی کۆتر تێکەڵ بە ئاهەنگی ڕەسەنی شمشاڵەکەت بن، بەڵکوو مرۆڤو سروشت پێکەوە خۆ بە کەروێشەکەی گەنمەجاڕی ئەم کێڵگە بە پیتو زنوێرانە بسپێرن.

هەستەوە، ڕابە، ئەی بە مورادنەگەیشتوو، تۆ کە بە دەنگی بلاوێنی شمشاڵەکەت دڵۆپ دڵۆپ هیواو ئاواتت لەسەر بەرگی حەزو خۆزگەکان دەپرژاندو ناوت سووکو دڵگیر وەکوو ئاوەنگی سەر پەڕی گوڵ وابو چۆن دەلوێ سانا لە بیرمان بچێتەوە...

*هەی لێ، هەی لێ، "هێشا زوو بوو وادەی ئەم کۆچە کوا هەبوو."*

هەستەوە، گۆڕی تەنگەبەر هەڵتەکێنە، چاو هەڵبڕەو ببینە، پۆل پۆل ئەویندارانی سەربەستی وڵات، بە چەپکە گوڵی وەفاو تاجەگوڵینەی شانازییەوە لێرە بە ریز دەست لەسەر سینگ ڕاوەستاون، سەر هەڵێنە، تاوێکی دیکە هەموو شوێنێک بکەرە کوانوی ئاگردانی گەرموگوڕی ژەنینی شمشاڵ، ئاخر تۆ تریفەی زێڕینی مانگە شەویت لەم بەهاری سەفەرەدا، هونەرەکەت رووبارێکە بۆنوبەرامەی بەهارو ئاوەدانی دەبەخشێتەوە، خۆراکێکە نەوسی ڕۆحی ماندووی خەباتکارانی سەربەستی کوێر دەکاتەوە.

*ڕابە، ڕابە، چۆن ئێمە خوو بە نەبوونت بگریین، چۆن باوەڕ بێنیین تۆ لە دڵی گەورەی خاکدا ئارامت گرتووە بۆ هەموو کات چاوت لێکناوە؟*

نا، نا، ئێمە چاوەڕێ نەبووین تۆ لە دوایین رۆژی مانگی بانەمەڕدا، چاوە پڕ لە هیواکانت بۆ هەمیشە لەسەر یەک دانێیت، دڵ خوازیار نەبوو ترپەی دڵە بێ ئۆقرە خۆشی لە خۆ نەدیوەکەت، تێکەڵ بە بلوێری پڕ لە خوزگەو هیوای ژەنینی جارێکی دیکەی شمشاڵ نەبێتەوە.

هەستەوە، تکایە هەستەوە، فوویەک بەم مەڵبەندە وێرانەدا بکە، بەڵکو ئەوندەی سەرە دەرزیەک، ئەمندەی دەرمانی چاو خۆشیو ژیانی تێدا بژێیتەوە. هەستەوە لە بەرزایی ناڵەشکێنەوە بۆ حەوزە گەورەی بۆکان بڕوانە...

هۆ سەردارەکەی هەموو سەردەمێکی هونەری شمشاڵی کوردو کوردستان، هۆ بلیمەتە هیوا خولقێنەکەی شەو ڕۆژی ولاتو رۆژهەلات، هۆ ئۆگرە هەمیشە بەوەفاکەی ئەو دوکتۆرەی یەکەم جار لە گۆر غەریبیدا چاوی لەسەر یەک داناو ناوە پیرۆزەکەی دایمودەرهەم وێردی سەر زارت بو، هۆ ئەویندارکەی پێشمەرگەو بەشێک لە ناسنامەکەی "دەنگی کوردستان"، ئەگەرچی تەرمە پیرۆزەکەت لە کەژاوەی کاروانێکی بەشکۆدا بەرەو دوایین مەنزلگەی ژیان ڕۆیوە، دێوەزمەو باهۆزی سڕینەوەی هونەری ڕەسەن لەم ولاتە لە مێژە تەپلی تونا کردن دەکوتێ، بەلام خاترجەمبە، وەکوو بەرێ لەگەڵ هەموو بومەلێڵو سپێدەیەک، شەپۆلەکانی "دەنگی کوردستان"، ئاهەنگی شمشاڵەکەت وەکوو بۆنو بەرامەی مێخەک، رێحانەو سوێسنو مێلاقەو گوڵەباغ لە بەرۆکی دایکی نیشتمان دەدەن، ولات بە دەنگی بلاوێنی شمشاڵەکەت لە خەو ڕادەبێ، هەر هاواری مافخوازی شمشاڵەکەت سیمای ماندووی شاخو شار ئاو پڕژێن دەکات.

ئای، ئای، گۆران گوتەنی: "لە نێو قەومی بەسیتا هونەر وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە نێو حەوزێکی لیخندا."
ئەی بۆکانی بووکی موکریان، دەتبینم ماتو مەلوولی، چاوم لێتە سمیات ڕەنگی ماتەمی گرتوە، ئاگام لێیە ناڵەشکێنە ئەژنۆی غەمی لە باوش گرتوە، هاوار بەماڵم، لوتکەی کێوی بەردەزەرد ماتەمی لێ نیشتوە.

گەڵۆ، میوانێکی ئازیز کە ڕەنگی ژیانی سارێژ بوو لە خەزان، بە بێ ئەوەی دەست لە هیواخوازی بەردا، بە بێ ئەوەی لە پێناوی ناندا ویژدان ژێر پێ خا، بە چەشنی سوارچاکێکی هەتا سەر وەفادار بە ولاتو ڕەسەنایەتی هونەری شمشاڵ، لە سەر شانوپیلی کیژولاوی ئەم ولاتە پڕ ئێشو زامە، دەچێ تاکوو میوانی هەتاهەتایی ئەو کەسە بێ کە چریکەی دەنگی موژدەی نەورۆزو نوێبوونەوەی دەداو ئەچریکاند، "ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە، جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیو بەهاتەوە"، دەچێ تاکوو لە ژێر خاکێکدا کە موقبیلی شاخەوانی لە خۆیدا حەشار داوە، بەلام مخابن سێبەری پڕ لە نەگبەتی قالاوو دێودرەنج بەسەریدا قورسایی دەکات، ئارام بگرێ؟

هەی ڕۆ هەی ڕۆ، تۆ ژەنیارێک بوویت، لە دڵەوە فووت بە هەناوی ئەم شمشاڵەدا دەکرد، نەک تەنیا بۆ ئەوەی دەنگی دڵنشینی شمشاڵ برژێتە رۆحمانەوەو لە خوێنبەرەکانی لەشماندا بێتو بچێ، تۆ دەتویست هەناسەو دەنگت هەرچی هەوری چڵکنو ڕەزای قورسی ئاسمانی تەمداگرتووی ولاتە، لەگەڵ خۆی هەتا چاو بڕ دەکات ڕایماڵێت...

هونەرمەندی نەتەوەیی شمشاڵ ژەنی ناوداری کورد قادر عەبدوڵڵازادە ناسراو بە "قالە مەڕە"، ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی سێپتامبری ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی، بەرانبەر بە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ١٣٨٧ هەتاوی، باری تەندروستی تێکچو لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان خەوێندراوو لە ژێر چاودێری پزیشکیدا مایەوە.

بەداخەوە لەو کاتەوە تاکوو دوایین ماڵئاوایی لە ژیان، نەخۆشی بەرۆکی بەرنەدا، لە ئاکامدا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٨ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢١ی مانگی مای ٢٠٠٩ی زایینی، دڵە دریا ئاساکەی لە لێدان کەوتو بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە کوردپەروەرانی نیشتمانەکەمان خواست.

مامە قالەی پەنجە زێڕیین، لە زۆربەی فیستیڤاڵو کۆڕو بەرنامەی تایبەتو کێبەڕکێ هونەرییەکانی تایبەت بە هونەری موزیک لە کوردستانو ئێران بەشداری کردوەو لە هەموویاندا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، هاوکات ئەندامی لێژنەی داوەرانو لێژنەی هەڵسەنگاندنو ڕاوێژکاری کۆمیتەی بەرزی فیستیڤاڵەکان بوە.

قالە مەڕە، وەکوو خۆی لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێزان، ب. فەرشیو م. ڕەمەزانی باسی دەکات، لە گوندی کولیجەی بۆکان لە دایک بوە، بە مەزندەی خۆی دەبێ ساڵی ١٢٩٥ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٩١٦ی زایینی هاتبێتە سەر دنیا، بەڵام سجیل نووسی دەورەی ڕەزاشا، ڕۆژی یەکی چلەی گەورەی زستانی ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٢٥ی زایینی، واتە شەوی یەڵدای بۆ نوسیوە کە چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

هەر وەکوو خەباتگێڕی خۆشەویستی کوردستان، هاوڕێ ڕۆژە سەختەکانی بەندیخانەی مامە قالە، واتە مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی لە بەرنامەیەکی تایبەت بە قالە مەڕە، لە تیشک تیڤیدا ئاماژەی کردو زۆر جارانیش قالە مەڕە بۆ خۆی ئەوەی پست ڕاست کردۆتەوە، ناوبراو لە لایەن شێخ محەممەد شێخی بورهان لە ناوچەی موکریان کە مام قادری زۆری خۆش دەویست، نازناوی "قالە مەڕە"ی پێ بەخشراوە.

قالە مەڕە ساڵی ١٩٤٥ - ١٩٤٦ پەیوەندی بە تێکۆشەرانی کۆماری کوردستانەوە گرتوەو دۆستایەتییەکی نزیکیشی لە گەڵ مامۆستایان هەژارو هێمندا هەبووە.

لە دوای لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان، قاچاغ دەبێ و پاشان پەڕیوەی کوردستانی گەرمێن ئەبێ.

سالانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ی زایینی، بەرانبەر بە ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی، پاش جولانەوەی سەربەرزانەی ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی کوردستان، بۆتە هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارەو بەشێکی دیکە لە تێکۆشەرانی ئەو دەمی جولانەوەکە.

تا سەردەمی شۆرشی گەلانی ئێران، بە نهێنی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بووەو تاکوو دواین هەناسەش وەفادار بەو ڕێبازە پڕ سەروەرییە مایەوە، سەرەڕای هەموو زەبروزەنگو چاو لێسوورکردنەوەیک لێی لە لایەن کاربەدەستانەوە، قەت حاشای لەم شانازییە نەکرد.

قالە مەڕە هەتا تەمەنی ٧٤ ساڵی ژنی نەهێناوە، هەموو خۆشەویستی ژیانی لە شمشاڵ لێدانو گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی گەلەکەی دیتۆتەوە، چیرۆکێک خۆی گوتەنی لە زەمانی ساسانییەکانەوە دەست پێ دەکا.

لە وتووێژ لەگەڵ رادیو کرماشان لە سالانی ١٩٧٥دا لە وەڵامی ئەوپرسیارەدا کە بۆ ژنت نەهێناوە دەڵێ: " ئەگەر ژنم هێنابا لە شمشاڵەکەم دور دەکەوتمەوە."

دەگێڕنەوە، جارێکیان لە نەخۆشخانەی شاری مەراغە دەکەوێ دوکتۆر دەلێ: " تۆ نەخۆشی سیلت گرتووەو ئەگەر چاکیش بیتەوە لە ڕێگای شمشاڵەکەتەوە دەیگرێوە، دەبێ شمشاڵەکەت فڕێ دەی"، قالە مەڕە کە لەگەڵ شمشاڵەکەی گەورە بووە ناتوانێ لە خۆی دوری خاتەوە، لەو رۆژەوە هیچ کات شمشاڵی لە خۆی دوور نەخستۆتەوە یا لە باخەڵی دایە یان لە قۆڵی کەواکەی ڕاکردووە".

قالە مەڕە، لە پێناو بەختیاری کوردو کورستاندا جەفای زۆر کێشا، بەندیخانە چو دەربەدەری ئەزموون کرد، بەڵام هیچ کاتێک بۆ زۆردارو داگیرکەری نەژەنی، ئەو نەبوە پەسەنبێژی دەسەڵاتە زۆردارەکان، بە شانازییەوە لە کوچەو کۆلان، لە شەقامو قاوەخانەکان شمشاڵی لێدا، زۆر شەوان بە زگی برسی سەری نایەوە، کەچی بۆ نان ئامادە

نەبوو سەری بەرزی نەوی بکا، هەر چەندە مەرگ مەودای نەدا ڕەوینـەوەی ڕۆژە ڕەشـەکان بـە چـاو ببینـێو بـۆ خـۆی هەڵاتنی خۆری ئازادی چاو لێبکات، نزیک بە هەشت دەیبە ژەنینی شمشاڵ کردویەتییە ئەو بلیمەتە نەتەوەییە کـە لای هەموو دلسۆزانو نیشتمانپەروەرانی وڵاتەکەمان نـاوو یـادی هـەتا هەتایـە بـەرزو بـەرێز دەمێنێتـەوە، ئێمـە بـە شانازییەوە ئاوڕ لە تێکۆشانو خەباتی سەربەرزانەی هونەرە نەتەوەیەکەی دەدەینەوەو بە چاوی سـوپاسو وەفـا بـۆ ڕابردوە شکۆدارەکەی دەڕوانیین.

بە ئاواتی ئەوەی هونەری شمشاڵ، هونەری دڵخوازی قالە مەڕە، وەجاخی کوێر نەبێتەوەو لە لایەن هونەر دۆستانو هونەرمەندانی ئەو بوارەوە پەرەی پتر بگرێ.

یادی قالە مەڕە، هونەرمەندی بێ نازی نەتەوەیی کوردو کوردستان بەرزو بەرێز بێ.

سەرچاوە: ویبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٠٩

## بە یادی مامە (قالە مەڕە )

### ڕەحمان سۆفی

دیسان ڕۆ، دیسان باوکەڕۆ هونەرمەندی گەرو زوڵاڵ و پەنجە بە شمشاڵمان ڕۆ.

ئـەوەی نامـەوێ بـە سـەرداهەڵکوتنە بـاش لێشـم ڕوونـە کـە زنجیـرە پرۆگـرام سـاز کردنـە و ئـاخ و داخ و پێداهەڵگوتنێکە هەر وەرە سەیری کە.
بەڵام داخەکەم هەواڵەکە دڵتەزێنە و ناتوانم بۆ یادی « قالە مەڕە» ی نەمر و هەمیشە لە یـادان دا زینـدوو بـێ دەنگبم. بەڵام بەر لە هەموو شتێک و وتەیـەک، وەکو مامۆستای نـەمر و هـەتا هەتایـە زینـدوو، هێمن موکریـانی ئامۆژیاری لاوان دەکا و فەرموویەتی:

*کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵک*
*من کە شین گێڕی شەهیدانم لە کوێی شینم دەوێ*

منیش لەسەر ئیجازەی گەلی کورد بە گشتی و خەڵکی بە ئەمەک و هونەر پەروە ر و هونەر دۆستی بۆکان و موکریان بە تایبەتی دەڵێم: کوڕینە، کچگەل نە چن بیکەن بە هاوار و هێهات و ڕۆ، ڕۆ بۆ هونەرمەند و هونەربەرزی وڵات. لە من تان کەوێ لە سەر ئیجازەی حەسەن زیرەکی نەمر لە سەر مەزای« قالە مەڕە» لە هاوسێیەتی زیرک بە کوێری چاوی نەیار و نەگریسان لە دەوری گۆڕی بگرن کۆڕی ڕەشبەڵەک. تێ تورێنن لە شمشاڵی کون کون و هەناوبەتاڵ. مزگێنی بەرن بۆ موقبلی هونەرپەژۆ لە چیای بەردە زەرد، و بڵێن وا ڕۆڵەیەکی موزیک زان و هونەر جوان بووە میوانی خاکی هونەر پەروەری بوکی موکریان. بڵێن ئەو بلوێرژەنە لێزانە بە شەو یان ڕۆژی ڕوون، بە هەور و ساو، هەر دەم سۆزی دەروونی هەڵچوایە، زۆر خاکینە وخۆڵینە لە قوژبنێکەوە زەوی دەبووە ڕایەخی و ئاسمان چەتری سەر سەری.

ئاغای بە نۆکەر نەدەگرت. جا، لە گەرووی زەرد و زوڵاڵی زەردە شمشاڵی نەغمەی بێ وێنەی بوون و چۆنیەتی هونەری سادە و ساکاری بە زەوی و ئاسمان ڕادەگەیاند. بەڵێ لە تافی منداڵی و هەڕەتی لاوی و مێردمنداڵی دا شوانە وێڵەی هونەری زگماکی خۆڕسکی فۆلکلۆری کوردەواری بوو. میوانی هونەری جوانی شەنگە بێری و کچە خێڵاتی و کابانی نێوچەی موکریان بوو. لە بەر دەوارەکەی عەشیرەت، گۆژ کرابوو، تریفەی مانگە شەو دەزایە عاتیفەی گەشی. بزەی سەر لێوی وشکەڵاتو و قەڵەشبردووی. بە ئاوی کانیاوی گوندەکەی سۆزی دەروونی پاراو و فێنک دە کردەوە. لەگەڵ سروشت هاودەم بوو، شاد و بە کەیف و بێ خەم بوو. بەڵام هاندەری ئەو هەمووە، گڕ و گوڕە چی بوو؟ دەروونی ئەو هونەرمەندە بێ وێنەیە چی تێدا بوو؟ داخەکەم ئەو ڕازە لەمن سەرپۆشە. هەر ئەوندە دەزانم کە دەنگی شمشاڵی خۆش ئاهەنگ لە گەرووییەوە لوزوەی دەبەست و مێشکی پڕ خەیاڵی مرۆڤی دەخستە ئەندێشە و تێڕامانەوە. هەر لاوژە، بەستە، حەیران، بەیت و باوی کوردەواری بوو دووپات دەبووەوە. فەرهەنگی ڕەسەنی چیایی بوو، چۆنیەتی ژیانی مەڕداری و باخ و کشت وکاڵی بە نەوەی ئەمڕۆی کورد ڕادەگەیاند. مێژووی لە مێژینەی نەتەوەی کوردی دەسەلماند. بەڵێ ئاهەنگی پڕ لە ناڵە و وردەبەستەی هەست بزوێن و خەمڕەوێنی مامە » قالە مەڕە « بوو کە مرۆڤی هەستیاری وا دەهەژاند. بەڵێ هونەری ڕەسەنی مامە قالە دەبووە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ

**مەینەتی ڕۆژانی خۆی لە بیر بچێتەوە و هەندێک لە دنیای ڕەنگاوڕەنگی بازاڕی بێ بەزەیی و بێ دادی بۆ ماوەیەکی کورتیش بووایە دوور دەکەویتەوە و تۆزێک پشووت ئەدا و دەحەسایتەوە.**


**من قالە مەڕەم ئاوا ناسیوە: سەربەخۆ، پیاوی ئەم و ئەو نەبوو. بە بالای ئاغا ڕووتە و هەرزەکارانی دا هەڵنەدەگوت. بۆ دڵی پڕسۆز و هەستی کوردانەی خۆیی لێ ئەدا و بەس.**

**یادی هەرگیز ناچێ لە یادمان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٠٩**

---

## قالە مەڕە و من و پاییز



**برایم فەرشی**

**پاییز - یەلدا:**

**قادر عەبدوڵازادە لە (شەوی یەلدا - چلە)ی ساڵی ١٣٠٤ (٢١دیسامبری ١٩٢٥) لە ئاوایی کولیجە بەخشی ناوەندی, دێهستانی ئاختاچی, بەخشی بۆکان, شارستانی مەهاباد، لە دایک بووە. ناسنامەی ژمارە ٣٦٠ی ئەو لە ڕۆژی ٧ی مانگی خاکەلێوە، ساڵی ١٣٠٩ (١٩٣٠) لە گوندی کولیجە وەرگیراوە و رەحیم دەباغیان کارمەندی ئیدارەی**

سیجیل و ئەحوال ئیمزای کردوە. ناوی دایکی مرۆت بە ژمارەی ناسنامەی ٣٥٧ و ناوی باوکی محەممەد بە ژمارەی ناسنامەی ٣٥٦ بووە.(١)

بە مەزندەی قالە مەڕە خۆی، دەبێ ساڵی ١٢٩٥ی هەتاوی(١٩١٦ز) هاتبێتە سەر دنیا، بەڵام سجیل نووسی دەورەی ڕەزاشا، ڕەحیم دەباغیان ڕۆژی یەکی چلەگەورەی زستانی ساڵی ١٣٠٤ واتا ١٩٢٥ زایینی بۆدیاری کردووە. ئەودەمەی گیانی گرێدراوی گیانی دایکی بووە، گوێی لە دەنگی شمشاڵی کاک محەممەدی باوکی و مامە سوڵتان و مامە ڕەحمانی و کاکەکانی بووە. ئەوانە شمشاڵ ژەنی بەناو و دەنگ و لێزان و لێهاتووی مەڵبەندەکە بوون. خۆی دەبێژێ: « ئوستادم خوڵا بووە« ئەوجا ئەم چیرۆکە بە شایەد دەهێنێتەوە:

«منداڵ بووم لە قوڵقوڵەی نزیک عەوڵاباد بۆشایی لێیان گێڕابووینەوە، مەحموودی تەها و غەفورە خڕە شمشاڵێکی سەیریان لێدەدا، منیش ویستم شمشاڵ لێدەم نەیانهێشت. ئەودەم زۆر منداڵ بووم, چوومە نێو قەڵاغە تەپاڵەیەکەوە, دەستم کرد بە گریان, هێندە گریام شەکەت بووم, تەپاڵەیەکم لە بن سەرم ناو لە خەوەکەشدا هەر هەنیسکم دەدا, کەسێکم لێ پەیدا بوو، سوورو سپی, هەرای لێکردم: " عەبدوڵقادر، عەبدوڵقادر هەستە, هەستە مەگری، بە گریانی تۆ دارو بەرد وەگریان هاتوون!" هەستام دەستم بە لێدانێ کرد بە کەس ڕانەدەوەستام! سبەینێ چوومە شایی، بە خودای نە غەفوور دەیوێرا نە مەحموود لە بەرانبەرمدا ڕاوەستن! جا نازانم، یا خوڵا کۆمەکی کردم یا شەیتان! ئەڵبەت شەیتان ناتوانێ شمشاڵ لێدا.» !...

قالە مەڕە باس لە خودایەک دەکات کە شمشاڵ فێری خەڵک دەکا،ئەو پەیامبەری ئەو خودا هونەرمەندەیە".

## پاییزێک:

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٣٥٣(١٩٧٤)، بیستمان قالە مەڕە لە بۆکانە. دوای پرس و جۆکردن، زانیمان چۆتە ماڵی کرێکارێک لە گەڕەکی خوار پۆمپی بەنزینەکەی حەبیب زادە کە دەیڕوانییە باخەکەی عەلی کەرپیس. لە گەڵ فەتاح ئیسماعیل پوور، شانۆگێڕ، لەو گەڕەکە بە ماڵەکاندا دەگەڕاین، بۆ ئەوەی ماڵی خانەخوێی قالە مەڕە پەیدا بکەین.

ماڵەکانی ئەو گەڕەکە هەمووی لە گڵ و خشت، بە دەستی خاوەن ماڵەکان خۆیان ساز کرابوون. ماڵ بە ماڵ لە دەرگاکانمان دەدا، سڵاو ، ببخشن ماڵی کاک... ئێرەیە؟ ژن یان پیاوی خاوەن ماڵ سەیریان دەکردین و ڕەنگە لای خۆیان پێیان سەیر بووبێ کە ئەم جووتە سەرڕووتە خەم نەدیتووە دەست و پێ سپیلکانە بەو شەو تاریک و ساردە لە چی دەگەڕێن. پاش کوتان و دەقولبابی دەرگای زۆر لە ماڵەکان، ژنێک دەرگای ماڵەکەیانی بە ڕووماندا کردەوە، ببخشن مامە قالە میوانی ئێوەیە؟

لە سەر سەربانی ماڵەکە، ئانتێنێکی بەرزتر لە قەڵافەتی ماڵەکە دەبیندرا، خانمەکە لە وەڵامدا کوتی، بەڵێ میوانی ئێمەیە. پرسیمان ئایا دەتوانین بیبین و چاومان بە کاک قادر بکەوێ؟ نازانم لەو کاتەدا ئەو خانمە چی لە مێشکدا دەگەڕا و ئێمەی چۆن هاتۆتە بەرچاو! کوتی فەرموون سەرچاوم.

هەموو ماڵەکە تاکە ژوورێک بوو، مامە قالە و خانە خوێیەکەی و دوو مندال لە سەر تەلیس دانیشتبوون، چراگرسۆزێک رووناکی ژوورەکەی دابین دەکرد و تەلەوزیۆنی ماڵەکە بە باتری ماشێن کاری دەکرد، لە گەڵ چووینە ژوورەوە و سڵاو کردنمان، مامە قالە و خانە خوێ لە بەرمان هەڵستان کە بە تەواوی بە خۆماندا شکاینەوە، لە گەڵ ئەوان دانیشتین و خانمی ماڵەکە چایی لە پێش دەست دانایین. هەرکمان خۆمان پێ ناساندن و کوتم ببخشن کە موزاحیمتان بووین، داوامان لە مامە قالە ئەوەیە کاسێتێکمان لە شمشاڵەکەی بۆ پڕ کاتەوە، داواشم ئەوەیە ناوی هەر هەوایەک بەر لە ژەندن بهێنن بۆ ئەوەی لە گەڵ چیرۆکەکەی ئاشنا ببین،

کوتی با چایەکم بخۆمەوە بە چاوان.

مامە شمشاڵی لە بن باخەڵی دەرهێنا و ملی لە ژەندن نا. لە نێوان هەواکاندا ناوی هەواکانی دەهێنا، بۆ من سرنج ڕاکێش بوو کە چۆن دەتوانێ بە بێ بڕانەوە هەناسە هەڵکێشێ. ئێمە بۆ ئەوەی لە سەر سەکۆی شانۆ سەعاتێک دەوام بهێنێن، بەردەوام لە مێتۆدی عیلمی کەڵک وەردەگرین بۆ ئەوەی تەنگە نەفەس نەبین، بەڵام مامە قالە بە چەند سەعات دەمی لە شمشاڵەکە ی ناکاتەوە و گرفتی هەناسە هەڵکێشانیشی بۆ نایاتە پێش. پرسیاری من لە خۆم ئەوە بوو کە ئەو بلیمەتە نەخوێندەوارە چ مێتۆد و سیستمێک بەکار دەهێنێ، بە داخەوە هیچکات ئەوەم بۆ روون نەبۆوە.

پاش پڕکردنەوەی شریتەکە لێم پرسی ئەم چیرۆک و داستان و حیکایەت و بەیت و حەیران و رازگێڕانەوانە چۆن دەبن بە هەوای شمشاڵ؟ لە وەڵامدا کوتی بەیتەکە لە مێشکمدایە و لە رێگای گەروومەوە دەچێتە ناو بلوێرەکە.

هەر لەو سەردەمەدا کە لە گەڵ مامە قالە ئاشنا بووم رۆژانە گوێم لە باخ، لیست، بێتهۆڤن، چایکۆڤسکی و بلیمیتەکانی دیکەی جیهان ڕادەگرت و ژیاننامەیانم دەخوێندەوە، هەر لەو دەمەوە بۆم دەرکەوت مامە قالەش یەکێک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵە جیهانییەیە. لەو شەوەڕا مامە قالەش وەک حەسەن زیرەک بوو بە یەکێک لە سەرچاوەکانی هونەریم ، هەرچەند پیشەی من گۆرانی و موسیقا نەبوو، بەڵام ئەوان کتێبخانە و موزەخانەی زیندووی بەشەکانی موسیقا و کەلام و ئەدەبیات و درامی زارەکی کوردی، بۆ منی شانۆگێڕ بوون.

لە وتوێژ لە گەڵ رادیو کرماشان لە ساڵی ١٩٧٥، لە وەڵامی ئەوپرسیارەدا کە بۆ ژنت نەهێناوە دەڵێ: « ئەگەر ژنم هێنابا لە شمشاڵەکەم دوور دەکەوتمەوە» مامە قالە فەیلەسوف نەبوو، بەڵام ئەو بیرکرنەوەیەی نە تەنیا فەیلەسوفانە بووە، بەڵکو دوبارەکردنەوەی قسە و ژیانی زۆر لە فەیلەسوفان و هونەرمەندانی بلیمەتی جیهانە.

**جارێکیان نەخۆش دەبێ و لە نەخۆشخانەی شاری مەراغە دەکەوێ، دوکتور پێی دەڵێ:**

"تۆ نەخۆشی سیللت گرتووە و ئەگەر چاکیش بیتەوە لە ڕێگای شمشاڵەکەتەوە دەیگرییەوە, دەبێ شمشاڵەکەت فڕێ دەی"قالە مەڕە لەورۆژەوە هیچ کات شمشاڵی لە خۆی دوور نەخستۆتەوە، یا لە باخەڵی ناوە، یان لە قۆڵی کەواکەی ڕاکردووە! شمشاڵەکە بووە بە بەشێک لە لەشی لە گیانی لە رۆح و تەواوی ژیانی.

## پاییزی ئازادی

پاییزی ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٩) لە ساڵۆنی شانۆی دەبیرستانی کەماڵ لە شاری بۆکان خەریکی تەمرینکردنی شانۆنامەی "خودموختاری یانی چی؟ " بووین، لە ناکاو دەنگی لێدانی دەرگا کارەکەی پێ بڕین، یەک لە شانۆکارەکان دەرگاکەی کردەوە، کەسێکی تەنگە زل لە گەڵ کەسێکی درێژی باریک هاتنە ژوور، کوتیان:"با بهرام کار داشتیم" هەموو سەیری یەکتریمان کرد و کەس وڵامی نەدانەوە، دوایە کابرا خۆی کوتی:" با رفیق بهرام مسئول

تئاتر کار داشتیم". چووم پێش کوتم "من بهرامم." کوتی من ناوم داوده و بەرپرسی کارگای هونەری ئێرانم و لە گەڵ ئەو رەفیقە تازە لە ئوروپا گەراوینەتەوە و دەمانەوێ "جشنوارە موسیقی خلقها" لە کوردستان ئامادە بکەین و تۆش دەبێ هاوکاریمان بکەی و بەرپرسیارەتی و بەڕێوەبردنی کارەکان بگریە ئەستۆ. پێشنیاری ئەو کابرایە لە خەون و خەیاڵ دەچوو. لەو فستیواڵەدا جگە لە کورد، ئازاری و تورکمان و فارس بەشدار دەبوون و بڕیار وابوو شوان پەروەریش لە ئوروپاوە بانگ بکرێ.

یەکەم ناو کە هاتە مێشکمەوە قالە مەڕە و عەلی کەردار بوو، پاشان دۆستانی ئاگا پێشنیاری "حەمە جان"یان کرد. رۆژی دواترلە شاری مەهابادەوە لە گەل چەند کەس بە جیبێک بەرەو گوندی قادرئاوا وەڕێ کەوتین، کە چووینە بەر دەرکی ئەو ماڵەی کە دەگوترا مامە قالەی لێیە، کوتیان چووە بۆ نیسکاوا. کە چووینە نیسکاوا، حەواڵەی گوندیکی دیکەیان کردین، سەرئەنجام درانگانی شەو لە یەکێک لە گوندەکان پەیدامان کردوو و پاشان گەڕاینەوە بۆ مەهاباد. لە خوێندکارانی دوو شاری بۆکان و مەهاباد تیپێکی سرودمان سازکردو و جگە لە چەند سرودی ئەو سەردەمەی کوردستان سرودێکمان لە سەر گۆرانێکی شوان پەروەر و شیعری عومەر حەمیدی ساز کرد و یەکەم رۆژی فستیواڵ نزیک بووە. (٣)

لە هۆڵی سینەمای مەهاباد نە شوێنی دانیشتن مابوو و نە جێگای ڕاوەستان، دوای خوێندنەوەی چەند سرود لە لایەن کۆڕی سرودەوە، قالە مەڕە و حەمەجان، بۆ یەکەم جار لە کوردستان هاتنە سەر سەکۆ. هەرچەند هەموو بەرنامەکە بە زمانی کوردی لە مەهاباد و بۆکان و سنە لە زستانی ساڵی ١٣٥٨(١٩٨٠) پێشکەش کرا، بەڵام کورتەی بەیتی "کانەبی" بە عەمد کرا بە فارسی کە زیندەیاد تەها پارسا هەڵیگەڕاندبووە سەر زمانی فارسی: ئەو دێڕانەی خوارەوە کە لە لایەن وێژەری بەرنامەکە، نووسەری ئەو دێڕانەوە خوێندرایەوە، بە تەنیا گێڕانەوەی داستانی "کانەبی و خوشکەکەی" نەبوو، بەڵکو داستانی هەزاران ژن و پیاوی کورد بوو:

*کانەبی بعداز مبارزات و قهرمانیهای زیادی بلاخره در جنگ با احمدخان مراغەیی بە قتل میرسد. خبر قتل وی بە گوش خواهرش میرسد. در این ماجرا دشمن نمی تواند بە اسب جنگی کانبی دسترسی پیدا کند. خواهر اسب را حسابی پروار می نماید، تا در جنگهای بعدی بتواند هرچە بیشتر بە دشمن ضربە بزند. خواهر کانبی بە یاد رشادتها و دلاوریهای برادر"بودە" کە هربار با غنائم زیادی کە از دشمن می گرفت، از جنگ برمی گشت. "اینکە"*

*چطور برادر توانسته بود در مقابل احمد خان مراغەای و کەیم خان زند مردانه مقاومت نماید و حتی آنهارا شکست دهد، "داستانی است کە" بهتراست بقیه دلاوریها و ماجرای بیت کانبی را از صدای دلنشین کاک حەمه زحمتکش روستایی بشنویم "*

ئەوەی پاش ٥٠ ساڵ حەولی سڕینەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کورد لە لایەن ڕژیمی پەهلەوییەوە، قالە مەڕ و حەمە جان لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و سنە چ هەستێکیان لە خەڵکی ئەو شارانەی کوردستان، لە زستانی ساڵی ١٩٨٠ پێک هێناوە، دەبێ لە بینەران و بیسەرانی ئەو شارانە بپرسین. بەڵام بۆ من بیستنی دەنگی شمشاڵی قالە مەڕ و دەنگی حەمە جان لەو فستیواڵەدا، نیشانەیەک بوو بۆ بووژانەوەی هەست و نەستی کپ کراوی کورد و هونەرمەندان و بیرمەندانی ژێر دەست. بینەرانی فارس و ترکی ئەو ڕۆژانە کە خۆیان هونەرمەندانی بەشدار لە یەکەم فستیواڵی موسیقا لە کوردستان بوون، لە ژیانیاندا نە دەنگی شمشاڵی وایان بیستبوو، نە داستان و گێڕانەوەی هونەریی و مێژوویی ئاوەهایان بە گوێ گەیشتبوو. "عاشق گەردی گەرگەزی" کە تەنبور ژەن و دەنگ خۆشی بەناوبانگی تورکمەن بوو، پێ گوتم، "لەوە دەچێ چیرۆکی ژیان و بەسەرهات و هونەری ئێمە لە یەک نزیک بێت ."

هەرچەند حەمە جان و قالە مەڕ بەر لەو فستیواڵە مێژوویان خوڵقاندبوو، بەڵام لەو فستیواڵەدا مێژوویەکی نوێیان لە حاڵ و هەوای ئازادیدا خوڵقاند، ئەو ئازادییەی کە دوای ئەو ساڵە نە بۆ قالە مەڕ ڕەخسایەوە، نە بۆ کورد.

## پاییزی تەورێز:

پاییزی ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) بە نهێنی لە شاری تەورێز دەژیام و یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمم، نووسراوەیکە بە ناوی"سەفەرێکی خەیاڵی بۆ بۆکان"، لەو نووسراوەدا باسی قالە مەڕ دەکرێ کە لێرەدا تەنیا چەند برگەیەکی دێنمەوە:

"دەنگێکی ئاشنای شمشاڵ هاتە گوێم, هاواری وەرە سوارە بوو... شوان بگەڕێوە لە بەر مەڕی وەرە وەرە...

... کەوتمە خەیاڵاتەوە، بای خەیاڵ رفاندمی چوومە لای مەم و زین، چوومە کوێستانی ئاگری، چوومە لای ئەحمەد و گوڵ ئەندام، چوومە لای لاس و خەزاڵ، چوومە قەڵای دمدم، چوومە لای ئەویندارەکان، گەڕامەوە بۆ لای سوارە بچکۆلانەکە...

مامەی شمشاڵ ژەن، شمشاڵی لە لێو نەدەکردەوە, کابرایێکی قەڵەو رادیۆیەکی زەلامی لە باوەش گرتبوو، رادیۆکە لاڵ ببوو, کەسێکی دی چەند کۆت وپانتۆڵی لە کنە خۆی دانابوو، کابرایێکی کزولاواز قۆڵی پڕ لە تەسبێح کردبوو، یەکی تر کراس ودەسماڵ وجل وبەرگی ژنانەی بە دەستەوە بوو، کوڕێکی لاویش بێژنگێکی تووی لە کنە خۆی دانابوو، دوو سێ کەس لە دەوری مێزێک دانیشتبوون چایی وقلیانیان لە پێش دەست بوو، جل وبەرگیان بۆنی روون و گریسی لێ دەهات، هەموو مات وبێ دەنگ بوون, وەک ئەوەی هەرکامە نوقمی خەیاڵاتی خۆی بێت، بیریان لە چی دەکردەوە؟(٦)....

... سەری بەرز کردەوە، ردێن وسمێڵ و تووکی سەری زۆر بەرەو سپی رۆیشتبوو، خەفەت و پەژارە نێوچاوانی داگرتبوو، ئەودەم وچاوە گەشەی کاتی شمشاڵ لێدان بەرچاو دەکەوت لە گەڵ دەنگی شمشاڵەکە رۆیشتبوو.

هەستم بەوە کرد دڵی پڕە لە دەردو زوخاو، چاوێکی بە دەورو پشتی دا هێنا، هەر کەس خەریکی چای خواردن و قلیان کێشان و قسەکردنی خۆی بوو، سەرێکی ڕاوەشاند. لێی پرسیم کاکە تۆ خەڵکی ئەو شارە نی؟ نازانم بۆ بەو پرسیارەی پەشۆکام، دڵم پڕ بوو،

هەستم بە غەریبی کرد، جا غەریبی خۆم یا ئەو؟ پرسیم لە بەر چی دەپرسی؟ چاوێکی لە چاوم بڕی وکوتی، ئاخە خەڵکی شارەکەم زۆرم لێ ناپرسن، ئەوان تەنیا پێیان خۆشە گوێ بدەنێ. کوتم مامە قالە چاک یا خراپ ئەمنیش ناپرسم. شمشاڵەکەی بە لێوییەوە نا. وەرە سوارە بچکولە بگەڕێوە...

### پاییزی هەندەران:

پاییزی ساڵی ١٩٩٤ لە شاری بۆن بۆ رێزگرتن لە مەزهەر خالقی، وەک وێژەر هاتمەوە سەر سەکۆی شانۆ.

سەرەتای پاییزی ساڵی دواتر بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێ رۆژانی لاوەتیم ناسر رەزازی لە شاری کۆڵن فستیواڵێکمان ساز کرد و ساڵی دوای ئەو پاییزی ساڵی ١٩٩٦ بۆ من و ناوەندی شانۆی کۆچەر، پاییزی ڕێزگرتن لە "یادی ٧٥ساڵەی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک" بوو، بۆ ئەو فستیواڵە کە لە ٢١ نوامبری ساڵی ١٩٩٦ هەفتەیەک بەر لە رۆژی لە دایکبوونی زیرەک بەڕێوە چوو، قالە مەڕە دۆستی زیرەک بانگ کرا بوو، بەڵام ئەویش وەک زۆر کەسی دیکە نەگەیشتە ئاڵمان، بەڵام وتووێژێکمان لە گەڵ سازکرد. دەمانویست ئەو وتووێژە لە فستیواڵی ٧٥ ساڵەی لە دایک بوونی حەسەن زیرەک بڵاو بکەینەوە، بەڵام مامە قالە رایسپاردبوو، بە برایم بڵێن هەتا زیندووم ئەو کاسێتە بڵاو نەکاتەوە.

## ئەوە دەڵێ:

«ئەگەر خۆم لە ئیختیاری قودرەتەکانی وەخت دابنایە ئەمڕۆ هەموو شتم دەبوو، بەڵام من هێندەم لە کوچە و کولان و قاوەخانەکان شمشاڵ لێداوە، خەڵک تەقەم لە بابی دێنن، شەوی وایە بە تەلەفون جنێوم پێدەدەن، جنێوم بە... دەدەن, جنێو بە... دەدەن، یا لە خەیابان و کوچە و کولان و قاوەخانە دەڵێن ئەو سەگ بابە بەخۆی و ئەوشمشاڵەوە مێشکی سەری عالەمی بردووە.... »

***دیسان مامە قالە دەڵێ:***

***«میللەتی کورد پیاوی زۆر چاکی تێدا هەڵکەوتووە و هەڵدەکەوێ، بەڵام کورد قەدری نازانێ! بە خودای, خودا میللەتی لە میللەتی کورد بێ ڕەحم تر دانەناوە » !***

## زیرەک دەیکوت:

«هونەر لە ناو کورددا قەدری نەماوە، دەمەوێ بمرم و لەو دونیاش چاوم بە بەشەری کورد نەکەوێتەوە ! گۆران دەڵێ: « لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا». هێمن دەڵێ: « هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە»

*قادر عەبدوڵازادە لە دواقسەکانیدا روو دەکاتە کوردەکانی دەرەوەی وڵات و دەڵێ:*

**«لە سەر کوردایەتی خۆیان برۆن! کتیب بە چاپ بگەینن, با وەک قورئانەکەی ماموستا هەژاری لێ نەیە کە کەس نەیزانی چیان لێکرد! بە هومێدی خودا لەورۆژە ڕەشە نەجاتمان دەبێ و ئیشالا بە یەک شاد و شوکر دەبینەوە!»**

**قالە مەڕەش وەک تاقانەکانی جیهانی هونەر و بیر، لە ناومیللەتەکەی خۆیدا بێگانە و تەنیایە، وەک زیرەک، زەردەشت، خانی، شەرەفخان و دەیان و سەدانی دیکە، وەک هەموو ئەو نووسەر و بیرمەند و هونەرمەندانەی کە هەر ئەمرۆ لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری بۆکانیش تەنیای تەنیا و بێگانەن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە بە زیندوویی کوژراون و کە مردن زیندوو دەبنەوە و دەبنە جێگای باوەڕ، هەر وەک چۆن مێژووی ئەو خێڵە لە سەرتاسەری جیهان وابووە و هەر وا دەبێت هەتا ئەو رۆژەی سەرجەم گۆی زەوی بە هەموو گیاندار و بێ گیانەکانییەوە لە کەهکەشاندا دەبیت بە هیچ.**

## پاییزی پاییزەکان:

**هەر ئەو ساڵ ٢٠٠٨، لە شاری بۆکان لە ڕێگای SMS ەوە هەواڵی مەرگی قالە مەڕە بڵاو کرایەوە و بە پەلەش گوێزرایەوە بۆ سەر تۆڕی ئینترنێت. سولەیمانی برام وەک هەر جارێکی دیکە بە بیستنی ئەو هەواڵە، لە زاوزێیەکی چەند رۆژەدا بەرهەمێکی خوڵقاند کە بە دەنگ تۆمار کراوە ودرەبڕی چاوگی تراژدی هونەر و هونەرمەندە لە ناو نەتەوەی ئێمەدا. ئەو بابەتەکەی بەو شیعرەی خۆی دەست پێکردووە:**

*لە وڵاتی زیندو و کوژی مردوو پەرەست،*
*داری شمشاڵ بەری نییە*
*هەزار خەنجەر دروست دەکەن*
*هیچی دەسک و سەری نییە*

**هەر لەو ساڵەدا پاییزی ٢٠٠٨ هەواڵی سەکتە لێدانی قالە مەڕە بڵاو بووە. ئێستا کە ئەو دێڕانە دەنووسم قالە**

مەڕە لە نێوان هەست و بێ هەستیدا، ئاگابوون و بێ ئاگاییدا هەناسە هەڵدەکێشێ.

"عەبدوڵقادر، عەبدوڵقادر هەستە، هەستە...!" جیهان چاوەڕێی ئیلهامی تۆ و شمشاڵەکەتە!؟؟

"شەوی یەلدا" جەژنی لە دایک بوونی ٨٣ ساڵە یان بە وتەی خۆی ٩٢ ساڵەی قالە مەڕە نزیک دەبێتەوە. تۆ بڵێی خۆی لە جەژنی لە دایکبوونیدا بەشداری بکات؟ تۆ بڵێی بگەڕێتەوە؟! هیوادارم بگەڕێتەوە، بەڵام ئارەزووی ئەوە ناکەم بگەڕێتەوە بۆ سەر کۆڵان و گوزەر و شەقامەکانی شاری بۆکان، بۆ ئەوەی پێنج تەمەنی و دەتمەنی دڕاوی بە سەردا ببارێنن.

کاتێک زیرەک مرد سەید محەممەد سەفایی بە کوڵی گریانەوە، هیوای خواست میللەتی کورد ئاگای لە هونەرمەندەکانی بێت، سەید محەممەد خۆشی بە دەردی زیرەک چوو، هەمان قسە لە مامە قالەوە نیسبەت بە زیرەک بیسترا، خەریکە ئەویش وەک زیرەک و سەفایی و مامڵێ و دەیانی دی دوبارە دەبێتەوە. هەروەک هەرکام لە ئێمە، کە بەردەوام لە سەدە و هەزارەکاندا بە بێ گۆڕان دوبارە دەبینەوە. موسوڵمانەکان" ئەوە بە چارەنووس" دەزانن. کەی ئەو چارەنوسە دەگۆڕێن کە بە هەزار داو گرێدراوی تاکی کورد خۆیەتی!؟

## دوا وتەی ئەو پاییزە:

پاش بیستنی هەواڵی گواستنەوەی قالە مەڕە بۆ نەخۆشخانەی شاری بۆکان، تەزیم و تاسام. چەند جار دەستم بۆ قەڵەم برد، بەڵام هەرچیم نووسی، بووە هۆی بێزاری لە خۆم. لەو گێژاوەدا بووم کە کاک ئەنوەر سوڵتانی داوای کرد ئاوڕێک لە مامە قالە بدەمەوە، هیچم بۆ نەکراو وازم لێهێنا هەتا مانگ تێپەڕێ.

لە بەرەبەیانی رۆژی هەینی ١٢ی دێسامبری ٢٠٠٨ دووچاری زاوزێ بووم، لە کاتی کار و هاتوچۆی نێوان ماڵ و دەرەوە، مێشکم مەشغولی قالە مەڕە و شارێک بە ناوی بۆکان و میللەتێک بە ناوی کورد بوو. کە ماڵ کپ و مات بوو و شەو زرینگایەوە، بەرە بەرە لە ژان بوومەوە و "قالە مەڕە و من و پاییز" بووین بە پەیڤەکانی سەر ئەو لاپەڕانە.

ئەو نووسراوەیەم بۆ دڵی خۆم و تەنیایی هونەرمەند و بیرمەندان نووسیوە کە بە ناوی قالە مەڕە، تەواو بوو، ئەو کە لە هەموو ژیانیدا لە گەڵ شمشاڵەکەی تەنیا بوو.

باسکردن لەو تەنیاییە مانای کوردانەی نییە کە ببێتە هۆی خەم هێنان یان بەزەیی پێداهاتن و بە کوڵ گریان. تەنیایی قالە مەڕە و هونەرمەندان و بیرمەندانی نەتەوەیەکی تەنیای وەک کورد، ئەوەیە کە لە هونەرمەندەکە تێنەگەین. مەبەست لە تێنەگەیشتنیش ئەوە نییە کە کەس کەڕ یان لاڵ بێ و تێنەگات، مەبەست ئەوەیە کە هەست و بیر و هونەر و تەگەیشتنی قالە مەڕە و کەسانی وەک ئەو لە تەنیایی و بێگانەییدا ماوەتەوە، قالە مەڕە قسە ناکات، گۆرانی نائێت، بەیت و قام و حەیران و بالۆرە نابێژێ، هەڵناپەڕێ و کەسیش هەڵناپەڕێنێ. کارەکەی ئەو دەبوو ببێتە مایەی بیرکردنەوە، دەبوو ببێتە مایەی خوڵقاندنی هونەری دیکە، دەبوو ببێتە مایەی دروستکردنی ژیانێکی دیکە، بەڵام بە پێچەوانە کاری بێ وێنەی قالەمەڕە بۆ ئێمە تەنیا دەنگی شمشاڵێک بوو لە کاتی مژڵێدان لە جگەرەیەک، یان خواردنەوەی چایەکی ڕەش، یاخۆ بۆ خستنە پاڵ شێعرێک، یاوەکوو بۆ لە یەک گرێدان و بەیەکەوە لکاندنی چەند وێنەیەک لە تەلەوزیۆن.

ئەو وەک بیتهۆڤن و دەیان بلیمەتی دیکە لە ڕێگای هونەرەکەیەوە لە زەمان و مەکان دەردەچوو و لە جیهانێکدا سەیر و سەفەری دەکرد کە ئێمە تێینەگەیشتین.

ئەو بۆ فێربوونی شمشاڵ باس لە ئیلهامێک دەکات کە لە منداڵیەوە و لە کاتی خەو پێیکراوە و پێشی وایە کە ئیلهامی خوداکەیەتی، کە فێری شمشاڵی کردووە. خەڵکی دیکە بە ئیلهامی هاوچەشن بوون بە پەیامبەر و خەڵکی جیهانیان وەشوێن ئایینەکەیان خست. قالە مەڕە جاڕی پەیامبەربوونی لێ نەداوە و داواشی لە کەس نەکردووە ببێت بە مریدی. هەر وەک خۆی دەڵێ لە ڕێگای شمشاڵ لێدانیشەوە قەسر و عیمارەتی وەسەر یەک نەنانەوە و فێری بازرگانیش نەبووە. ئەو لەو ڕۆژەوە کە لە خەو ڕاچەنیوە و لە شمشاڵەکەی تورِاندوە جیهانی مادی و زێڕ و زێوی بە جێ هێشتووە هەتا دیسان گەیشتۆتە پاییزێکی دیکە لە سەدەیەکی دیکە. ئێستاش جگە لە خۆی کەس نازانێ لە جیهانی ئەودا چ باسە، کە شمشاڵ دەنگی نەما قالە مەڕِش لە قسە کەوت. ئەوەش ڕاز و ڕەمزی جیهانی هونەری هونەرمەندی نەتەوەیەکی بێ نازە کە خوداکانیش بە هەموو هێزی بوون و نەبوونیانەوە ناتوانن سەری لێ دەرکەن. قالە مەڕە پرسیارێک بوو، پرسیاریش دەمێنێتەوە.

شەوی چوار شەممە ٢٧ی سەرماوەز، ساڵی ٢٧٠٨، شاری کۆڵن لە کەناری چۆمی ڕاین، کە ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا "تکەی سۆری چاوی هەژاری موکریانی "لە گەڵ خۆی بردو تێکەڵ دەریای کرد.

**پەراوێز:**

١- وتوێژی قالە مەڕە لە گەڵ م. ڕەمەزانی - لە سەر داوای نووسەری ئەو دێرانە بۆ فستیوالی"٧٥ ساڵەی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک" لە ساڵی ١٩٩٦ پێک هات.

٢- وەرگیراو لە نووسراوەی پەیامبەری شمشاڵ - برایم فەرشی - ساڵی ٢٠٠١ - ماڵپەڕی بۆکان- بەشی بۆکان - هونەر - موسیقا

٣- مانی پەیامبەری هەمەدانی دایک کوردیش، پەیامی
پەیامبەرانەی خۆی لە ڕێگای نەقش و نیگارکێشانەوە دەگەیاندە خەڵک.

٤- فەتاح ئیسماعیل پوور ئەندامی تیپی شانۆی جەوان بوو، ئەو لە شانۆی "پسر خاک" دەوری شێتی دەگێڕا. فەتاح شەوێک کە درانگ دەچێتەوە ماڵ، ڕووبەرووی ڕق وتووڕەیی بنەماڵەکەی دەبێتەوە و دەکوژرێ، گوایە ئەو شەوە بە مەستی چۆتەوە ماڵ.

٥- بۆ شانۆکانی کوردی زەوی، ماندانا و ئاڵمانی تەنیا بەڵام بە هەوڕا،شەڕ لە ماڵی هەژاردا، لە موسیقای قالە مەڕە کەڵکم وەرگرتووە.

٦- زۆرجار بۆخۆی ئەوەی بۆگێڕاومەوە.

٧- میرسەیفەدینی کرماشانی بونیادنەری شانۆ بە شێوەی زانستی لە ئێران و کوردستان بوو، لە لایەن ڕژیمی ڕەزاشاوە پێی رادەگەیێندرێ کە ئەو نەویستی حکومتی ئێرانە، یا دەبێ سەکۆی شانۆ بەجێ بهێلێ، یان ئێران تەرک بکا، میری شانۆی کورد نە سەکۆی شانۆ جێ دەهێڵی و نە کرماشان و کوردستان و ئێران، ئەو خۆی دەرمانداو دەکات. قالە مەڕەش ژیانی خۆی لە شمشاڵەکەیدا کۆکردەوە. جیهاندارانی بیروهونەر خۆیان بە جیهانەوە هەڵناواسن، بەڵکو جیهان بە شوێن خۆیاندا رادەکێشن بە تایبەت پاش مردنیان.

٨- دەبیرستانی کوورشی کەبیر پێشتر لەو شەقامە بوو کە بەرەو دێی قاسم ئاغا دەچوو، پاشان گوێزراوە بۆ شەقامەکەی تەنیشت شارەبانی و شارداری کە بەرەو چۆمی دەڕوات. دوای کوژرانی محەممەد بەهرامی و کەماڵ حەمیدی بە دەستی سەروان قزڵباش لە رۆژی ٨ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٨)، ناوەکەی کرا بە دەبیرستانی

کەماڵ.

٩- شانۆنامەی خودموختاری یانی چی؟ دوای شانۆنامەی"مانگرتن" بەزمانی کوردی لە لایەن تیپی شانۆی جەوان لە ساڵی ١٣٥٨ لە شارەکانی پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، سەقز و سنە پێشکەش کرا، نووسەر و دەرهێنەریی شانۆکە ب. فەرشی بوو.

١٠- لەو رۆژەوە "برایم" ی کوردی، کە لەبنەڕەتدا ناوێکی مووساییە، لە لای فارسەکان بوو بە بهرام، ترکەکانی ئازەریش هەمان ناویان لێ کردم بە "بایرام"، برادەرانی خۆمان و باشووریش کردیانم بە "بارام ."

١١- سەرجەم سرودەکانی کوردی ئەو فستیواڵە، لە بەشی دەنگ و رەنگ و تەماشاخانەی ماڵپەڕی بۆکان پارێزراون.

١٢- بەیتەکە بە دەنگی حەمەجان و شمشاڵی مامە قالە و ئەو تێکستە فارسییە کە لێرەدا راست کراوەتەوە، لە بەشی تەماشاخانەی ماڵپەڕی بۆکان دەست دەکەوێ.

١٣- سرودەکانی تورکمەنی عاشق گەردی گەرگەزی و سرودی"قەهرەمان باجلاری" عاشق حەسەنی ئازارەی لە بەشی دەنگ و رەنگ و تەماشاخانەی ماڵپەڕی بۆکان پارێزراون و دەکرێ ببیسترێ یان دابەزێندرێ.

١٤- سەفەری خەیاڵی بۆ بۆکان باس لە ساڵانی سەردەمی پەهلەوی دەکات بە تایبەت ساڵانی ١٣٤٠(١٩٦١) هەتا ساڵی ١٣٥٥(١٩٧٧). وەختی خۆی ئەو نووسراوەیەم نارد بۆ مامۆستا هێمن کە تازە گۆواری سروەی دامەزراندبوو، بەڵام پاشان لە لایەن هێژا محەممەد کەمانگەر سەر نووسەری گۆواری"ئاوینە" لە تاران چاپ کراو و پاشان وەک سی دی ئامادە کرا کە لە گەڵ نووسراوەکە لە ماڵپەری بۆکان بڵاو کرایەوە.

١٥- هەموو ئەو تیپانە کەسانی راستەقینەن کە لێرەدا ناویان نەهاتووە.

١٦- میدیا زەندی، حەسەن دەرزی،قالە مەرە، موجتەبا میرزادە، شوکروڵڵا بابان، شوان پەروەر، دڵشاد سەعید، ئیقباڵ حاجبی، پەروین موشیری وەزیری، ئەسعەد سیراجەدینی- نەقشبەندی، قادر دیلان، رەزا حەمە فەرج، خالید رەشید، ئاسۆ سەلتە، بەکر لەگزی و کۆمەڵێک کەسی دیکە بانگ کرابوون کە زەندی و دەرزی و قالە مەڕە، بابان و میرزادە کە لە ئامریکا دەژییا، نە گەیشتنە ئەو فستیواڵە. کاسێتی ویدئۆی سەرجەم فستیواڵەکەلە ئارشیوی نووسەری ئەم دێرانە پارێزراوە.

١٧- ئەو وتووێژە بە هاوکاری کاکم و م. رەمەزانی و کاکۆی برازام پێک هات. شریتی دەنگ و ویدئۆکەی لای من پارێزراوە.

١٨- زەردەشت کاتێک قسەی بۆ خەڵک دەکرد، بەردەبارانیان دەکرد، هەروەک چۆن دوای هاتنی ئیسلام کورد ئایینەکەشیان ژێرپێ خست، قالە مەڕەش ژێرپێی میللەتەکەی خۆی کەوتووە .

١٩- وتووێژ لەگەڵ م.ڕەمەزانی

٢٠- شریتی قسەکانی لە بانە- کە لە لای نووسەری ئەو دێڕانە هەیە.

٢١- دەبێ وشەی سەنعەتکار لە زمانی ترکییەوە وەرگیرابێ کە بە مانای هونەرمەندە.

٢٢- ئەو وتووێژە بەر لە چاپی قورئانەکەی مامۆستا هەژار پێک هاتووە.

٢٣- وتووێژ لە گەڵ م.ڕەمەزانی

٢٤- کۆمەڵێک لە لاوەکانی شاری بۆکان دەیانویست لەو ڕێگایەوە سرنجی ئەو میللەتە بۆ وەزع و حاڵی قالە مەڕە رابکێشن، هەر بۆیە بە درۆ ئەو هەواڵەیان بڵاو کردەوە، کە ئەو کارەی ئەوانیش سوودی نەبوو.

٢٥- پانۆرامای قالە مەڕە لە بەشی پانۆرامای ماڵپەڕی بۆکان پارێزراوە.

٢٦- سەید محەمەد سەفایی لە کاسێتێکی ویدئۆییدا ئەو قسانەی کردووە کە لە ئارشیوی نووسەری ئەو دێرانەدا هەیە.

٢٧- لەو نەخۆشخانەوە، دایک، باوک، برا، خاڵ و هەواڵەکانم، دوور لە دیداری ئاخر لە گەڵ من، بەرەو گۆرستان بەڕێ کران.

٢٨- بە وتەی بنەماڵەکەی، مامە قالە لە قسە کەوتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانپۆست - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠٠٩

## کێ ئەتوانێ لەدوای مەرگی(قالەمەڕە) فوو بەشمشاڵەکەیدا بکات؟؟

**خاڵەحەمە**

کاتێک مرۆڤ بیرلەژیانی هونەرمەندێکی لەدەستچوو دەکاتەوە، مووچڕکەیەک سەرتاپای لەشی دائەگرێت و ڕەنگی سوور دائەگەڕێت، بگرە شەرمەزاری ئەکێشێت و بێزی لەپارەدارو خاوەن سەرمایەو دەسەڵاتی گەندەڵ وخودی

خۆیشی دێتەوە، بەتایبەت ئەوهونەرمەندەی بەهاژاری کۆچی دوایی کردبێت، یاخود جارێ مەرگی بۆ بدەن و نەمردبێت، هەژارو دەستکورت بووبێت و لەکوردوستانی ئەمڕۆکەشدا ژیابێت، ئێمەی کوڕەئازای داستانەکانی شەوچەرەی زستان و ناو حیکایەتەکانی باوانمان، ئێمەی خۆویست و چاوچنۆک و بیرتەسک، بەهیچ پێوانەیەک هونەرمەندانمان هەڵنەسەنگاندووەو مافی خۆیانمان پێنەداون، هەمیشە بەچاوانێکی نزمتر سەیرمانکردوون، زۆرجاریش بەلۆتی و شایەر ناوزەدەمانکردوون و ئاهەنگەکانی بووک و زاوامان پێخۆشکردوون، کۆڕی شەوانی خواردنەوەو سەیرانگاکانمان پێجۆشداون، یاخوود ئەگەر هونەرمەند، کچێکی خوێنشیرین بوایە بەهەزاران چاوی برسی لەکەمیندا خۆی بۆمات ئەداو چاوەڕوانی دەرفەتێکبوون سڵاوێکی ئاراستەبکەن، بەوهیوایەی بەمەرامی پیس و بۆگەنی خۆیان بگەن !!!!، هەڵبەتە هونەرمەندیش هەیە زەمینەی بۆڕەخساوەو لەپاڵ کوڕەکەچەڵەکانی سەردەمدا (تی،ڤی )و شیعرو بگەرە ئەدەبی کوردیشی ڕیسوا کردووەو خەڵکی چەپڵەشی بۆئەکوتن!!،ئای چەند سەختە دەستەی دەستەڵات و ناودارو پارەدارو پاڵەوانەکانی رۆژ !! چاوەڕوانی دەرفەتێکبن چڵکاوی ئارەزووەکانیان هەڵبرێژن بەسەر بەهاپیرۆزەکانی هونەرو و پێ لەگەرورەیی هونەرمەندوو ئامێرەکانیان بنێن، ئای چەند سەختە شانۆی ژیان بەدەست گەنگەپیاوو کەم ئاوەزوو کاڵفامەوە هەڵبسوورێت و چاوانیان کوێرایی داهاتبێت و هونەرمەندی ڕەسەنی پێنەبینن. وەک قالەمەڕە کەیەکێکە لەوهونەرمەندانەی هەموو کورد عاشقی شمشاڵەکەی بوو، بەڵام لەبەر چاومان رۆت و ڕەجاڵ ئەسوڕایەوەو کەسێک جێگایەکی بۆ دابین نەدەکرد کەتیاسۆزی شمشاڵەکەی برەوپێبدات و لەپاڵیا ڕۆحی ماندووی بحەسێتەوە، پڕبەسییەکانی هەوایەک هەڵبمژێ و تیریش بەسکی خۆی بخوات و سۆزێکی نوێ بۆسبەینێیەکی ڕۆشنتر تۆماربکات، ئەو لەچاومانەوە نزیک بوو، ئێمەهەموومان کوێراییمان داهاتبوو، ئەو لەدڵمانەوە نزیک بوو، ئێمە سۆزێکمان پێنابەخشی و بێدڵ و بێهەست بووین لەئاستیا ، ئەو لەماڵمانەوە نزیک بوو، ئیمە چەند شەوێک داڵدەی خۆی و شمشاڵەکەیمان نەدا تا لەدوارۆژدا نەوەکانمان لەهونەرەکەی بەهرەمەندبن، ئەو لەدەستمانەوە نزیک بوو ، ئێمەدەستی پیسمان نوقابوو، ئەو وووووو.. بەڵام بەجارێ مەرگی، قالەمەڕە خۆی نەفرەتی لەومرۆڤانە کرد کەزەق زەق سەیریان ئەکردو بەرگی پینەکراوو ڕەنگاوڕەنگیان نەدەدی، نەفرەتی لەو تازەدەوڵەمەندانە کرد کەگوێکانیان بۆئاوازی شمشاڵەکەی ئەلەقاند و لە ئاستیا مزمەعیل و کوێربوون، قالەمەڕە بەمەرگی پاش مەرگی خۆی نەفرەتی لەژیانی نیشتمانێکی لەت لەت و بێ سالار و بێدڵ کرد، منیش دەڵێم : دەبڕۆو گەرووی ووشکیشت لەگەل خۆت بەرە تا جارێکتر ئەوچاوچنۆکانەی ئەمڕۆ گوێ لەسۆزی شمشاڵەکەت نەگرن، دەبڕۆو شمشاڵەکەت بەجێبهێڵە تا (تانە)بێت لەسەر چاوی زەقیان، دەبڕۆ ئەی پیرە مەزنەکەی کورد و کوردوستان، دەبڕۆ پیری پیران، دەروێش عەبدوڵا چاوەڕێتە، چاوەڕێتەتا (سەحەر)ێکیتر

بەسۆزی شمشاڵەکەی تۆ، تۆمار بکات...دەبڕۆ گەورەم، لە نیشتمانی ئێمەی کوردا تۆ دوای مەرگ دەژیت !!! ... چاوەڕوانمان بە ئێمەش دێین...

سەرچاوە : وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی : ٢٥ی مای ٢٠٠٩

## هەواڵێکی پڕ لە تاسە!

**لوقمان مێهفەر**

خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان، ئۆگرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. ئەمرۆ رادیۆ دەنگی کوردستان هەواڵێکی پڕ لە تاسەی پێیە، هەواڵی مەرگی یەکەم نۆبەرەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی پێیە. هەر خۆیەتی بیناسن، لە پێشەوەی پرۆگرام، بە هەستێکی ناسک دەتان دوێنێ. شمشاڵەکەی ئەمرۆ خەماوییە، هەمووتان دەزانن کاتێ ئەم شمشاڵە خەماوییە وەک شنەی شەماڵ ناخی مرۆڤ دەهەژێنێ، ئاسایی نیە، هەواڵی مەرگی لە ناکاوی سەرکردەیەک یا یاوەری بەوەفای قاسملوویە، وشەی قاسملوو وێردی سەر زمانە، لە هەر کوچەو سەر شەقامێ روی لە سیخوڕو گەل فرۆشانە، پیرێکی بە ساڵداچوو، بێباک لە مەرگو ژیانە. سوێندی حەقیقی هەر بە سەری کاکە دوکتوری ئازیزیەتی.

دەبڕوانن لە چاوە گەشەکانی، لە قەڵافەتی پیاوانەو سیمای دێموکراتی راستی، ئەی مامە قالەی پێشڕەوی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.

ئەمشەو لە خەودا بینیم، ئەستێرەی ئیقباڵت لە ئاسمانی نیشتمان راکشا. بەیانی زوو هەستامو وتم، ئەمە خەونە یا حەقیقەت؟ کە گەیشتمە شوێنی کار، یەکەم هەواڵێ کە پێیاندام، هەواڵی مەرگی تۆ بوو. کە کارگێڕانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی خستە ماتەم. ئەمرۆ دڵم دەترسێ، بە پەلەو بە دڵە خورپەوە پەنجە بۆ مەوجی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەبەم.

میوانەکەی ئەم ئێوارەیە نامۆ نیە، هەر میوانەکەی جارانە، هەموو رۆژێک چەند چرکەیەک ڕوو لە ماڵی هەموان دەکا، خەوی ماندوویەتیان دەتارێنێ، خەمی نائومێدیان دەرەوێنێتەوەو بزە دەخاتە سەر لێوی پیرو جوان، هیوای سەرکەوتنی گەلو نیشتمانیان پێ دەبەخشێ، لاوانی نیشتمان بەرەو شۆڕشو بەرخۆدان هان دەدا، ئەی مامە قالەی خاوەن هونەری رەسەنی شمشاڵ. تۆ هەست بزوێنەری نەتەوەو نیشتمانی.

ئەمرۆ بەهارەو خێڵی گوڵان لە پێدەشتان بەو بەیانیە زووە ئاونگی چاویان فرمێسکێکی بەخوڕ بۆ مەرگی تۆ دەڕێژن. کێوەکانی کوردستان لەگەڵ کازیوەی بەرە بەیان بە دەنگی شمشاڵی تۆوە وەخەبەر هاتوون. بەڕێزەوە وەستاون، دەست لەملانی تەرەغە، جەغەتوو، تەتەهووش، دەخرۆشێن، حەوزەکەی بۆکان تینووەتی میوانە شەکەتەکانی تۆ دەشکێنێ. حەسەن زیرەک لە ناڵەشکێنەوە هاتووە لە پێش کاروانێکی هونەرمەندانی ئەم دیوو ئەو دیوی کوردستانەوە، بەرەو پیرت دێ، مامۆستای حەقیقی. هێمنو هەژارو تورجانی زادەو قزلجیو خاڵەمین لە کۆڕێکی گەورەدا جێیان بۆ راگرتووی‌و ماتەمباران، چاوەڕێن بگەیە لایان تا بە سۆزی شمشاڵی تۆو بە سروودی ئەی رەقیب ئەم کۆڕە بکەنەوە، رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانو تیشک، ئەمڕۆ هەواڵی پرسەو خەمی لە دەستانی تۆ. تۆیان کردۆتە یەکەم دەستپێکی بەرنامە تا ئەم کۆستە بە گوێی هەموو گەلی کورد رابگەیەنن.

بۆکان، بۆکان بووکی رازاوەی موکریان، توخوا نەکەی قالەمەڕەی من بە بێ نازی بەرەو باوەشی دایکی نیشتمان بەرێ بکەی. لە جیاتی هەموو هەڵۆ بەرزە فڕەکانی کوردستانی گڕگرتووم رای موسە، جامانەکەی هێماو سەمبولی پێشمەرگەیە، لە ملی کە. ئالآی کوردستانی بە سەر کەژاوەی مەرگی دادەن، چەکی دەستی شمشاڵەکەیەتی، وەدەستی دەن. پڕ بەگەروو هاوار بکەن، هەتاکو کورد بمێنێ، دەنگی شمشاڵی قاڵەمەرە لە کوردستان هەر دەمێنێ. دەی خێراکەن کوڕگەڵ، ئاپۆرای جەماوەر لە دەوری کۆڕ ببەستن، رێزی بێ هاوتای لێبگرن. پێشڕەوەکەی رادیۆ دەنگی کوردستانە، یادگارەکەی دێموکراتو خۆشەویستەکەی قاسملوو و شەرەفکەندیمانە، دەنگی شمشاڵی لە ناو گوێمانو خۆشەویستی لە نێو دڵماندایە، لە خەبات بەردەوامو لە کاروانا لە گەڵمانە، قاڵەمەڕە هەر پێشڕەوی رادیۆ دەنگی کوردستانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠٠٩

# بەیادی شمشاڵژەنی نەمر و ناوداری کورد قالەمەڕە

ئەحمەد کاکەمەمی

*(... بۆ ئەو ماڵە هاتنی قالەمەڕە، پڕ لە زیان و زەرەرە...)*

هەرچەند تەمەنی دەرێژ بۆ پیاوی گێژ و دوورەنوێژ و ژیان لە لێژ، نابێتە مایەی ڕەوانبێژی و خۆش ڕاوێژی و ئارداوێژی ورد و بەتام و شیرن.

بەلام هێندێک بیرەوەری دوورەوەری لە دەربەدەری دا، وەک فریشتە و پەری جار و بار لە بیاوانی سارای سووتاوی قەقنەس ئاسای دەروونی هەڵقرچاو و، هەناوی بێ هەناو و هەڵەمووتی قاقڕی پڕ لە قڕڕەی سەرو سەکوتێکی خوسار و، لاجانگێکی بە جەنگی مرۆفێکی ژین شەوەزەنگدا، هەلەسوونە دێننەوە و وەک پەزی بێ بەزی حەو ساڵ نەزاو وە شیرەشوانە دێنەوە.

**بەڵێ ئاشنا!**

ئەو بیرەوەرییانە جار و بار لە بێداری و خەوەخواریدا، لە خەزینەی تاسی کاسی مێشک دا سەر هەڵدەدەنەوەو ژەنگی مێشک و تەنگی ژیان و نەنگی سەرنەکەوتن دەڕۆستی بەربەستیان نایە.

ئەم بیرەوەرییانە بەتین و تاون، بە تانە و پۆن، بە ڕەنگ و بۆن، شێرن و تاڵن، ئاڵۆزن، گرژن، بە بزەن، بەسۆن...

ئەم بیرەوەریانە لە گەڵتن، خۆیین، کەسن، خزمن، هۆشن، نە بێگانە و نامۆن...

هەمو کاتێک سڵاون، یاسنەن(یاسین)، تاڵکینن، گوڵ وچرۆی ژیانن، یا کوڵن، ژانن، دەردن، دەڕکی مەم و زینانن، تەشەنای سۆز و برینانن...

ئەم یادوارانە بزەی لێو و گزەی چاو و گەشی ڕوومەت لە گەڵ تاڵی کام و گرژی برۆ و ناسەی بە تاسەی ئاواتی مردووی ژیانی حەماسە تێکەڵ دەکەن و لە تۆماری دەفتەری تەمەنی پڕ لە بیماری مرۆڤ دا پەنگ دەخۆنەوە. وەهەیە گەرووت دەگرن و دێن بتخنکێنن. واهەیە پیرێکی ریش بۆزی سەر بەتۆز دەگێڕنەوە سەردەمی منداڵێکی شێتۆکەی بزۆز...

چەند رۆژ پێش خۆبەری مەرگی مامە ،،قالە مەڕە،،م بیست.

هەر ئەو کات ویستم شتێک بنووسم، بەڵام کەوتن کەواندمی و خستن خستمیە خەستەخانە بە بێ سووچ و بەهانە.

ئێستا بە سیلەی چاوێکی پرووش و لووتێکی چڵم هەڵلوش و بە تەقە تەقی دوو قامکی ڕەق و تەقی وەک کلکە تەشی و قەڵافەتێکی باریکەڵەی نە ژیوەڵەی وەک وشکەڵی چڵە ڕیواسی لاباسکی باگری گردێکی ڕووتن، کە ببێتە بابردەڵەی هەزار کەند و لەندان و وەک ئێسکی سە کرووسەوەی لێهات بێت، هەناسەساردی ناسازی تانەگازی لانەوازی بێ واز، کە سە کلکم لێدا دەکەوم و زەحمەتە هەستمەوە، لەو نووسینە وەخۆ دەکەوم.

ئانیشکی باسکێکی ئیشکی تیرۆکساو پەنجەیەکی لەرزۆکی دەستێکی چرووک هەڵاوتووی مرۆڤێکی هەڵاتووی تەمەن ٦٢ ساڵەی بێ حەواڵە و قەواڵە دەخەمە ژێر چەنەیەکی لە چەنە کەوتووی لە ڕێسمەچووی بەفر گرتووی، ددان شاڵی سیما کاڵێ چاو لە چاو بڕاوی، سەرخوساوی دەنگ نووساوی هیوابڕاوی کزۆڵە و، دەگەڕێمەوە تەمەنی،،دەیانە،، و ساڵەکانی سەرەتای چەلەکانی ساڵژمێری هەڵاتنی خۆوەری، کە دەکاتە سەرەتای شێستەکانی ساڵژمێری ئیسای چوارمیخەکراو.

ئەو بەسەرهاتە بە نەهاتەت بۆ دووپاتە دەکەمەوە و چیرۆکی تاڵی دوور لە ماڵی بێ ئیقباڵی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

وچەی هاوتەمەنی من یەکەم بەرەی لادێی خوێندکاری خوێندگەی دەوڵەتییە لە نیزامی حکومەتی ئەو کاتی ئێران دا. یا بەواتەی ڕوونتر یەکەم وچەی خوێندکاری کورد لە مێژووی کورد دا لە ناوچەیەکی کوردستانی ئێراندا.

لە راستی دا وچەی پێش تەمەنی من دەکرێ بڵێن یەکەم وچەی خوێندکاری شارنشێنی کورد بووە لە شارەکانی بەشی لای سەرووی ناوەندی کوردستانی ئێران(بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، پیرانشار، نەغەدە، شنۆ).

دیارە ئەو کات ئەوەی دەستی دەرۆست زاری نەهاتبا و پارەی لە پێستە پاڵاخان دا نەبا و بیر و ورەی وەک شاخان بەرز نەبا، نەیدەتوانی منداڵەکانی بنێرێتە شار و وەبەر خوێندنی بنێت. ئەو هەلەش لەو کات دا هەر کوڕە ئاغا و شێخ و سەیدە گەورەکانی دەگرتەوە. کوڕی هەژاران و نەدەران ئەگەر توانیبایان دەورەی سەرەتایی شەش ساڵەیان لە گوند تەواو دەکرد و بە دەستی ماندوو ڕێگای پڕ کردنی زگی برسیان هەڵدەبژارد.

دەبیرستانەکانی مەهاباد ئەوکات تازە ئیمکان و توانای پەروەردە کردنی سی ڕشتەی دەرسی ڕیازی(ریاضی) و زانستی سروشتی(طبیعی) و ئەدەبی پێدرابوو. بەڵام لە شارەکانی دیکە وێستا ئەو پێداویستییە گرینگە بۆ خوێندکاری کورد پێک نەهاتبوو. بەو مانایە کە دەورەی دەبیرستانیان نەبوو. بۆیە خویندکارانی ئەم دەورانە دەهاتنە مەهاباد. ئەو وەزعە زۆربەی شارۆچکەکانی ئەوکاتی ئێرانی دەگرتەوە. تەنانەت لە زۆر لە ناوەندی ئوستانەکانیش دا زانکۆ نەبوو.

لەم ناوە دا کوڕە دەرەبەگەکانی بۆکان وەک بنەماڵەی موهتەدی و ئێلخانی زادە کورەکانیان لە جیاتی مەهاباد دەناردە تەورێز(تاورێژ) و قەرەپەپاخەکانی نەغدە و هێندێک بنەماڵەی ئاغاکانی شنۆیی دەیانناردنە شاری ورمێ. دەرەبەگەکان و قەرەپەپاخەکان تەنانەت خۆیان لە چێنی خۆشیان بە سەرووتر دەزانی و قسەی خۆشمان بێت و کەس لێت نەبیەت، خۆشیان لە شاری مەهاباد نەدەهات و ئەوەندەی حەزیان لە زمانی فارسی دەکرد چەند ئەوەندەش لە ترکی.

جا خوێنەری بەڕێز هەر وەک حەرزم کردی، خوێندکارەکانی دیکەی دەورەی دووهەمی دەبیرستان دەهاتنە مەهاباد، شاری پێتەختی کوردستان و قیبلەگای ئازادیی و مەکۆی ئازادیخوازان.

ئەوانەش زۆر نەبوون ئەوکات قەت لە سی چل کەس تێنەدەپەڕین.

ئەگەر سەرتانم نەیەشاندبێت بۆ شارەزایی لە دەورانێکی کۆمەڵایەتی کوردستان و بۆ ئەمەگناسی و یادی دەورانێکی زێڕینی لاوەتی و یادی هاوپۆلانی یەکەم دەورەی قوتابیانی دەبیرستانی کورد لە بەشێکی کوردستان، ناوی چەند کەسێکیان بەڕێزەوە وەبیر دێنمەوە.

هەرچەند من لە نێو هەمووان، لە چاو ئەوان بۆ ڕێ پێوان وەکو دێوان کەوتمە کێوان، بەڵام بەڕێز! ڕێگام بدە هەر بە ڕیەی ئەو کاتیان بۆ بپێوم، کە تەنیا خوێندن و ئاواڵەتی و خۆشەویستی و یەکڕەنگی و یەکدڵی بوو و بەس. ئەوانەی نەماون ڕووحیان شاد و هەر شادتر بێت. ئەوانەی ماون، من هیوادارم هەر بمێنن و ئیدی ئێستا ڕاستەڕێن، یان سەرڕێ و بەرڕی و لاڕێ، لە ماڵێن، یان لە دەرێ، وەرزێڕن، یان بەرزێڕن. تاجرن، یان ڕێگرن، سەرۆکن، یان بنۆکن، ئازادیخوازن، یان لانەوازن، نووسەرن، یان بێسەرن. خەونان دەبینن، یان لە کەس نەبینن، لەشاخن، یان پڕداخن، یان پەرداخن، لە چواباخن، یان لە چارداخن. بژاردەن، یان یاخن. چۆنە حاڵ و باڵیان، یان قەد و گیپاڵیان، کەیفی خۆیانە. کەفی خۆشتە پێوەر و پێوێرت چێیە بیکە.

هیوادارم بێ پێخۆر و ماڵ لە گۆڕ نەبن. هەر وا زەقەی چاویان و تەقە دەستیان و لەقی لاقیان بێت. ئاشنایەتی و هاوپۆلی ئەم سێ ساڵە بۆتە هەوێنی خۆشی وخۆسەویستی هەموو ژیانم.
سەیر ئەوەیە بەناو هاوڕێ و هاوخەباتی سی ساڵە دەستی بە گۆپاڵە و واژەی زاری وەک ژەقنەمووت تاڵە. بە جەنجەڕێ ڕێگام دەکۆڵێ و بە خەنجەرێ دڵم.

ناوچەی بۆکان: حەبە سووراغای قازی. ئای لەو کورە
بەکەڵک و ڕاوێژخۆش و جوان و ڕێ و پێکە. بەداخەوە جوانەمەرگ بوو.

کورە بەگەکانی(بەگزادەکان) محاڵ: فەتاحی ئەمیری(ڕۆمانووسی ناوداری ڕێئالیسی کورد). ئەمیر ئەمیری قسەخۆشی دەنگ زوڵاڵ.

بەگزادەکانی فەیزوڵابەگی: کاک سولەیمان شکارچی(نموونەی زەکاوت)، کاک موستەفا شیرزاد (وێنەکێشی ناودار(کورانی ماڵی شێخی بورهانی: شێخ عەبدولکریمی شەمسەدینی، شێخ عەبدەلکەریم شەمسی بورهان(کەریمی کاک قازی). شێخ سمایل شەمسەدینی(سمایلی شێخ عومەری شەرەفکەندی).

کوڕە شێخەکانی غەوساباتێ: شێخ نووری و شێخ محیّ دین کورانی ماڵی سەید عومەری ئاجی کەندی: سەید ئەبوبەکر و سەید عوسمان کورانی ماڵێ عەلیارەکان: کابەکر سەدقی(بالۆڵی زەمان)، کاک قاسم (کورانی ڕەشیداغای عەلیار، ئاغای کانیەڕەش)

گەورکایەتی سەردەشت: کاکە بەکرە و ئاغای خزری(کورانی ئاغای سیسێر).

کابەکرە بوو بەسەرۆکی پەروەردە و فێرکردنی شاری سەردەشت، جوانە مەرگ بوو.)

سەردەشت: سەعید حەداد ، ڕەحمان و مستەفای ئەحمەد بۆکانی، ساللاری(کوڕەئاغا)، جوانەمەرگ کاک عەلی بریاجی (کوڕەئاغا)(لە گۆڕێش دا لەبیرم ناچی، چەندە ئاغا بوو . دوایی بوو بە شارەدار و سەرۆک بانک لە سەردەشت.)

مەنگورایەتی نەڵێن: خدری کادروێشی(خدری کاکەمەری، ئاغای کونەکیچێ).
مامەشی پیرانشار: حەولاچەتە(کوڕی مام ڕەسووی عەبدولسەمەدی ئاغای قروچاوێ).
کوڕانی ماڵی شێخی گەزگەزێ(جەلالی زادە) (پیرانشار): شێخ تەیب و شێخ جەلال.
سەید عەزیزی حوسێنی(بنە ماڵی سەیدانی زێدان)
مامەشی پیرانشار، جەڵدیان: کاک جەوەر و مام عەزیز(کورانی حاجی کاک حەولای ئاغای جەڵدیان). شەهیدی جوانەمەرگ کاک سمایل قادری(کوری قادراغای باب خالاوێ).
کاک فەتاحی قادری(کورەئاغای ماسوێ). مام حەسەن(کوڕی قادراغای گەرگولێ)
مەنگورایەتی مەهاباد: سەلیمی ئەفسەر دلێر(کوڕی کاک عەلی گاگەشێ خوارێ)

کاک هەمزەی کاوسێنی کاک پیرۆتی کاکە مەری، کاکە عەلی، عومەر(کورانی ئاغایانی کامەم) پێشترهەموو شۆرەتیان،،عومەری،، بوو. دوایی بەتۆبزی حاکمانی شێعە پێیانکردنە،،یەزدانفەر،،.

کاک هەمزە و کاک فەتاحی مامڕەسووی (کورانی ئاغای سیاقۆڵی سەریّ). کاک هەمزەی کاک ئەحمەدی (ئاغای سلۆکی) کاک قادری کاک برایمی و کاک هەمزەی کاکە سواری(کورانی ئاغای سیاقۆڵی خوارێ) و براو برازای کاک حەمەڕەشی سیاقۆڵی، پەناگای شۆڕشگێران و کانگای زیندووبوونەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و قارەمانی زیندانەکانی قزەلقەڵاو فەلەکوئەفلاک و تاران...

حەمەڕەش نموونەی ڕۆڵە کوردێکی ئازادیخواز، نەترس، ئازا، بەدڵ و دەروون، فیداکار و ئاکار چاک و رەوشت پاک بوو. لە دەورانی خۆی دا دەبێ وەک قارەمانی نەتەوەیی باسی لێ بکرێت.

سەردەمانێک ماڵ و گوندی کاک حەمەد و ئێمە(حاجی سمایلی کاکەمەمی) پەناگای عەزیزی یوسفی، غەنی بلوریان، دوکتور قاسملوو، حەبدوڵای عیزەتپوور (ئامۆزای دوکتور قاسملو، ئێستا لە ئاڵمانێ یە)، سولەیمانی موعینی(دوایی بوو بە هاوسەری یای مەریەمی خوشکی کاک حەمەد)، حەوڵای سەید ئیساقی (ئەحمەد تۆفیق)، حەمەی حاجی سەعیدی(سەردەشتی، ئێستا لە سوێدێ یە) چوکەڵی گەوهەری، هاشمی فەقێ ساڵەی (قادرشەریف)، وەهابی ئەحمەدیلە، یوسفی ریزوانی، سەدیقە سووری خاتەمی... بوو.

ئەگەر ترسی ڕاپۆرت هەبا شەوانە زۆرتر لە ماڵی رەسووبلوێر یا ماڵی ئەحمەد فاتی کە کاردار و نیوەکاری کاک برایمی بابی کاکە حەمەد بوون، خۆیان دەشاردەوە.

شەوێک کە کاک دوکتور قاسملوو و کاک عەزیزی یوسفی لە ماڵی رەسوو بلوێر کە جیران و نیوەکاری ئێمە بوو خۆیان شاردبۆوە. تاقە مانگای کارەسوو لە تەویلە بە پەتکییەوە خۆی دەخنکێنێت. بەیانی بە دەنگی گریانی پورایشێ(خێزانی کارەسوو و خوشکی کاک ئەحمەدی چوکەڵێ) وەخەبەر هاتم کە لە لای باپیرم دەکروزاوە و بۆ تاقە مانگاکەی دەگریا، باپیرم ئێنگوێکی لە سەر گوانی دایە و بێدەنگەی پێ کرد. دیارە ئەو وەختی کەس ناوی راستی ئەوانی نەدەزانی بە کاک میرزا بانگ دەکران و پاشملەش پێیان دەکوتن،،سەرڕووت،،. زۆر دوایی کاک

قادری برای کاک حەمەدی پێی کوتم کە ئەو دوو کەسە کاک دوکتور قاسملو و کاک عەزیزی یوسفی بوون.

جارێکیش سووری هاوینێ کە لە مەزرای خڕێ بناوان خەریکی گێرەی بووین،. پۆلێکی کچی گوندی حاجی مامیان هاتبوونە گەسکان، سەید قادری کاک سەید ئەحمەدی برای کاک سەید مەجرووحی(ئێستا دووبرازی لە سوێدن)، سەیدزادەی خوشکی سەید سەعیدی ڕاکێشا و گریان و هاوار بڵیند بوو. ئەو جارەش کاک دوکتۆر و کاک عەزیز لە شاخەکانی سەروو خۆیان شاردبۆوە، هاتنە خوار و هەزار جنێویان بە سەید قادر دا و وەک ئێستام ئەو واژانە لەبیرە، حقوقی ئینسانی، وەحشیگەری، بەربەرییەت...

کاک سەید قادر کە باپیرم کچەی لەدەست دەرهێنابوو و ئەو جنیوانەشی پێدەدرا. خۆی بە خەتابار ومەغموون دەزانی، دەستی کرد بە جنێوان و هەڕەشەی کرد و کوتی سەگبابی سەررووتینە هەر ئێستا دەچم حەجەمی گوێچکەدەرێتان(پاسگای ژاندارمەری گوێچکەدەرێ) وەرسەر دەگێرم. هەر دووکیان دەستەوداوێنی باپیرم بوون، سەیدی ئاشت کاتەوە. هەتا سەید قادر بە ٢٥ قرانان ڕازی بوو کلکی وشترێ گەییشتە حەرزی. دواییش هەر باپیرم کێشەی ئەو دوو بنە ماڵەی کۆتایی پێ هێنا.

لەسەر ئەم شۆرشگێڕانە گەلێک بیرەوەری دیکەشم هەیە، بەڵام جارێ بەسە.

ئەگەر بۆ ئەمەگ ناسیش بێت، بە جێیە یادێک لە کاک سەید رەسووی بابی گەورە و بنەماڵەی بکرێت، بەڕاستی لە سی یەکاندا لە دەورانێکی ئەنگوستەچاو و ڕەشی دیکتاتۆری و زەبر و زەنگی نیزامی شاهەنشاهی دا، حیزبی دێمۆکرات و سەرانی ئەو حیزبە لە دوو گوندی ،،کەڵەکۆکە و سیاقۆڵی خوارێ،، لە پەنا و ماڵێ کاکەحەمە ڕەش و کاک سەید رەسووی پەنا دران و پارێزران و حیزبەکە ساخ بۆوە و خۆی گرتەوە. یادیان هەتا هەتایە هەر زیندوو بێت.

خوێنەری بەڕێز بمبوورە لە خەتم لادا و ڕێگام بدە بێمەوە سەر خەت و نیشانی خۆم.

بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ خوێندکاری دەبیرستانی ئەوکات، ئەوەی من بە بیرم دێت، تەنیا من بووم کە نە ناوی

ئاغاو بەگ و سەیدو شێخم لەسەر بوو، نەچاوێشم لەبەر بوو. کوڕی حاجیەکی مەڕدار بووم لە لای هەموان ڕێزدار بووم. گیرفان پڕ و گەدەمڕ بووم و جڵ شڕ نەبووم. لەگەڵ هەمووی ئەوانەی یادم کردوون بیرەوەری بەنرخ و یادگاری بە بەها و گرانم لە گەڵیانە. ڕێزدارو ڕێزگری یەکتر بووین.

قەت لەبیرم ناچێت کە کاک فەتاحی ئەمیری ساڵیک بەناحەق مامۆستای بێگانەی کەللە ڕەق ڕەتی کردبۆوە، نامەیەکی سکاڵای لە وەزع و حاڵی خۆی بۆ من و کاک سمایلی شەمسەدینی نووسی بوو، نموونەی ئەدەبی بە بەهاترین نامەی نامەنگاری مێژووی ئەدەبی کورد بوو...

کاک سمایلی شێخ عومەری و من پێکەوە زۆر لێک نزیک بووین. کاک سمایل وەتاخێکی لە خانووی کاخدری جانداران لە گەڕەکی سەرخڕێ بە کرێ گرتبوو. ئێمەش خانوبەرەی خۆمان هەبوو لە کوچەی مزگەوتی قوبڵەی( لە وانەی ناوم بەڕێزەوە هێناون وا بزانم تەنیا ئێمە خانوبەرەی خۆمان لە شاری هەبوو، دەنا ئەوانی دیکە هەموویان کرێگرتە بوون).

دەورەی سێ ساڵەی دەبیرستان لە گەڵ کاک سمایل لە دەبیرستانی ،،ئیبنی سینا،، دەمانخوێند. دەورەی دووهەم من چووم بۆ ورمێ.

هەموو ڕۆژێک نانی نیوەڕۆمان پێکەوە دەخوارد.

ڕۆژێکی سەختی زستان کاک سمایل کوتی دەچێنە ماڵی مە، قالە مەڕە لێرەیە یارەڵماسی بۆ کولاندووین.

کە وەژوور کەوتین کابرایەکی دەستە پیاوی تێکسڕماوەی فەقیرۆکەی کەوا و پاتۆڵیکی وەتەنی ڕی ڕێ دەبەردا، یەک پێ ڕاست بۆوە و هەزار جار خۆی دەبەر کاک سمایل و ماڵی شێخی برهانی مراند، جا کە زاری لە قوربان و دەبەرمردن شل بوو و لیوی کەفی کرد، کوتی ،،بەخیر ،،بێنەوە.

یارەلماسی (پەتاتە) وەها کولاندبوون، هەموو لایەکیان بە بنی قابڵەمە فافۆنەکەوە سووتا بوون.

کاک سمایل کوتی کورە قالە ماڵ خەراپ خۆ هەموو سووتاون.

زۆر بە کزی و بە فەقیری کوتی، وەڵاهی شێخ سمایل ئەوەندەم سەرما بوو و هەر گەرمم نەدەهاتەوە، وام زانی یارەڵماسییەکانیش وەک من سەرمایانە و قەت ناکوڵن.

ئەوەندەشی خۆ ڕەگڕی عەلادینەکە خشاندبوو، کە هەم ئاورگ و هەم سۆبەی ماڵ بوو، لایەکی ئانیشکی کەواکەشی سووتابوو. کوتی هەتا بۆسۆی لی هەڵنەستا نەمزانی.

من لە سەر حیسابی بابم کەوا و پاتۆڵێکی پڕ لۆکەی کانیاوم لە لای کاک وەستا ڕەشیدی حاجی سەعیدی میناغای بۆ هێناوە. زۆری دوعا بۆکردم. ئێتر نازانم بۆ خوا هەتا ئێستا هیچیان قبوڵ نەکردوە. هەرچەند دەزانم دوعاکانی بە دڵ و گیانەوە بوون، تۆ بڵێی ئەوەیش پشتی دە ،،موستەعزەفان،، کردبێت. یا دوای دوو چل ساڵی دیکە کە من نەماوم وەدی دێن. جا بۆ کێ، هەر خۆی دەزانێ.

یارەڵماسیمان لە گەڵ ڕۆنی کەرە تێکهەڵشێلاو فەرمووی کاک قادرمان کرد.
کوتی وەلاهی شێخ سمایل هێندەم برسی بوو، ئەمن بەشی خۆم هەر بە کاڵ و نەکوڵیوی خواردن.

ئێمە وەێستا یەکی دوو پاروومان ئەودیو نەکردبوو، کە دەنگی شمساڵی قالە ژوورە چوار و سێ یەکی پڕ کرد لە فەزای(وەزا) مەلەکوتی.

ئەو سۆز و هەوا و بلوێرە بۆ من نامۆ و بیگانە نەبوون. هەر کە فامم کردۆتەوە لە گەڵ دەنگی بەسۆزی بلوێرژەنەکانی ناوچە ئاشنا بووم، گەورە بووم، هەڵم داوە، خوم پێداوە.

دەنگی بلوێری دەنگ هەڵدێری ڕەسوو بلوێری (بلوێر قەیسی)، برایمی رەسوبلوێری، ئەحمەدەرەش و ڕەسووی حەلی گللێری(ئەو کارەسوە بۆخۆی عەلی بەردەشانێک بوو.) ڕەسووی حەمەشوانی، خدر زەینەڵ، حەمەی حەسەن گوێ سووری، مام وسێنی ئەحمەدی شێخەڵەی، مامسووی سۆفی رەسووی فەتحەی... کە هەموویان سەردەمێک نیوەکار و

شوانی ئێمە بوون لە بلوێر ژەنەکانی بەناوبانگی ناوچە بوون و گەلێک لە قالەمەڕە مامۆستاتر بوون. تەنانەت بەیت زان و قسە خۆش و دەنگ خۆشیش بوون. یادیان بەخێر.

چەند بە توانا بوون، چەند وەستاو ڕەزا سووک و بە دین و بین بوون.

چەند ساڵێک کاک عومەر سەردەشتی(گۆرانی بێژ) گاوانی ماڵی ئێمە بوو و کاک رەسووی حەمەشوانیش شوانی بەرخان، عومەر بەدەنگ و کا رسوو بە شمشاڵ و من کە هیچکام لەم هۆنەرانەم نەبوو بۆ ئەوەی خۆم لەوان وەدوا نەدەم بە خوێندنەوەی هێندێک هۆنراوەی فارسی کتێبەدەرسییەکانی مەکتەب ئەویش بە غەڵەت وپەلەت لە بەرم دەگێڕانەوە، لە موچە و مەزرا و لەوەرگەکانی خرونج، خرێ بناوان و خڕی گاجووتان و سەرترۆپکی ڕەشەبییان و پەلی خۆڕایی و شاخەڕەش و گوڵبەهارە... سەدان گەڕەلاوژەمان گێڕاوە.

چەندم دیتن ئەوان هۆنەمەندانە، سۆفی و دەروێشیان وەگریان و لاو و هەرزەکاریان وە قلە و جۆش دەخست.

پیشتر لە گەڵ زیرەی زۆرنای مستەفا چاوەش و حەسەنە کەچەڵ و نایییەی کانەبی مام هەباسی و تووزەلەی حەسەن تووزەلە(دوو زلە) ئاشنا بووم. ئای لەو هونەرمەندانە، مردوویان زیندوو دەکردنەوە، تۆبەیان بە تۆبەکاران دەشکاند، سەر و ڕیشیان بە سۆفی و دەروێشیان دەتاشی. باڵندەیان لە فڕین دەخستن و مردوویان وەخۆ دەخستن و حاجیان لە کابە پەژیوان دەکردنەوە.

هەواکانی پێشمەڕێ، لەشکری، سوارە، ڕۆینە، سێ پێیی، سەحەرە، دمدم، شەریفە، کانەبی، حەیران، گەلۆ، گەزیزە... ئاویان لە چاوان دەچۆراند و خوڕەی ئاویان پێ رادەگرت.

زەحمەتە دایکی زەمان لە نێوکوردان توزەلە ژەنێکی شاد و سەرزیندوو هۆنەرمەندی وەک ،،حەسەن تووزەلە،،ی ببێتەوە. سەمای ڕیشووی دەسرەکەی و گەڕانی چاوی و یاری قامکەنانی لە گەڵ چرپە و چاوبڕکێنی چۆپی کێشان هەمیشە لە گرەو بردنەوە دابوون.

دەتکوت خولخولەیە. نەتدەزانی لە گاوانییە، یان لە سەرچۆپی، یا لە نێوان. بە تووزەلە، بە چاو، بە برۆ، بە حەرەکاتی پێ و شان و پیل و ئازای لەشی هاوکات هومووی دەدواند، دەیرەواند، دەیوەزاندن.

یادی هەموویان و یادی ئەو دەورانە هەر بەخێر، بە سۆسنە بە شەش پەڕ بە شللێر و بە کەنێر.

یادی لەندی، قەلاتی شای، قەڵاتی پیلمی، گەرگوولە و مەنجەڵە و تورگەن و گربەران و مامدەل و سپی سەنگ(ئەسپی سەنگ) و گەدە و کانی زەرد و کانی سپی و سیاقۆڵ و دوبەردووک و مامخ و زیندادەرە و گوڵبەهارە و هەموو کوچە و کۆلانەکانی مەهاباد هەر بەخێر، پر لە پیت و بەرەکەت و بێر...

مامە قالە ئەو زستانە هەر ماوە و زستانیش زۆر سەخت بوو و ڕێگاو بانی لادێ بۆ شار نزیک بە سێ مانگ بۆ ماشێن گیرا بوو.

مام قالە خەڵکی گوندەکانی نیسکاوا و خدراوا بوو، کە جیرانە دێی گوندی ،،شەرەفکەند،،ی بوون. مامە هەم مریدی ماڵی شێخی بورهانی بوو و هەم ماوەیەکی هەر شوانی ماڵی شێخی ببوو.

نازانم چی خوانەناسێکی پێخواسی بێکراسی تەرەسی کڵاومەرەز خەبەر بە جەنابی شێخ عومەری باوکی کاک سمایل دەدات، کە بابە کاک سمایل دەرسی ناخوێنی و قالە مەڕەی لە ماڵی خۆی دابەستوە و لە بەر بلوێر لێدانێ هۆشی دەرس خوێندنی نەماوە و ماڵەکەی بۆتە قۆمرخانەی هەتیو مەتیوان.

شێخ وەک برایمی مەلا زێندینان چاو دەبڕێتە ڕەشبەڵەکی بەهارێ و خۆشی دیداری یارێ و کرانەوەی ڕێگای ماشێن. هەر لە یەکەم هەلی ڕێگا بوونەوە دا جیبێک بە کرێ دەگرێت و یەکسەر مەهاباد بگرە هاتم.

دێت دەبینێ کاک سمایل لە ماڵ نییە و دەرگاش داخراوە. خۆ کابرای خاوەن جیبیش لە سەری راناوەستێ و قسەی دووسەرەشی لە گەل کردوە و ناکرێت ئەوەندەی راگرێت. ناچار دەبێت بگەڕێتەوە.

ئەم نووسراوە بە دەرگاوە دەدات.

،،اسماعیل جانم امدم خانه نەبودی. پسرم درس خواندن اینطور نمیشود. ورود قالەمره به این خانه اکیدا ممنوع است،،

سمایل گیانەکەم هاتم لە ماڵ نەبووی و دەرگا داخرابوو، کوڕم دەرس خویندن وا نابێت.

قالە مەڕە بە توتوش ئیزنی هاتنی ئەو ماڵەی نییە.

شتەکە هەر لە قالە مەڕە نەدەقەوما، ئێمەش یارەلماسی و هێلکە و خورماو رۆنی نیوەڕۆیان و بەزمی شەوانەمان لێ تێکدە چوو.

لە گەڵ کاک شێخ سمایل قەرارمان دانا کە هەتا قالە مەڕە دەگەڕێتەوە دێ و کارێک دەست دەخات، هەر وا ڕایگرین. ئەگەر شێخ هات لە ماڵی من بێت و کە شێخیش چۆوە، لە ماڵی ئەو بێت.

ساڵێ دوایی من چوومە ورمێ بۆ خوێندن و کاک سمایل لە مەهاباد مایەوە و دواتریش کاک سمایل و کاک فەتاحی ئەمیری و شێخ عەبدلکەریمی شەمسەدینی و... بە تاوانی سیاسیی بوون و ئازادیخوازی نزیک بە سی ساڵ کەوتنە زیندانی شاهەنشاهی.

دواییش شا سەری تێدا چوو و دەوران سووڕا و گەردوون گەڕا و تەخت و تاج وەرگەڕا. منیش بەشم لە دیداری مامە بڕا. رۆژێکی (١٣٦٠) لە گوندی ،،قەمتەرێ،، ی محاڵی کە بنکەی کومیتەی شارستانی مەهابادی، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لێ بوو. مامە لێمان پەیدا .

داوای دەکرد بچێت بۆ دەفتەری سیاسی(دۆڵێ دێمۆکرات ناوچەی رەبەت، سەردەشت) و چاوی بە کاک دوکتۆر قاسملوو بکەوێت.

مامەمان بەرەو دۆڵی دێمۆکراتی بەڕێ کرد. مامە ماوەیەک لە بنکەی دەفتەر دەمێنێتەوە و لە مالاوایی دا داوا لە کاک دوکتۆر قاسملوو دەکات کە دەمانچەیەکی بداتێ.

کاک دوکتۆر دەفەرمووێ: مامە قالە ئەتۆ هۆنەرمەند و خۆشەویستی ئەو خەڵکەی و هەموو پشتیوانیت لێدەکەن و دەتپارێزن و پێویستیت بە چەک نییە. چەکی تۆ هۆنەری بلویرەکەت کە کەس ناتوانێ لێت بستێنێت و پیویستی بە پاراستن بە چەک نییە و هەتا هەتایە دەمێنێ.

لە جیاتی دەمانچە رادیۆکەی خۆی دەداتێ.

مامە ڕادیۆکەی لە کیفێک دا درووو بوو و هەمیشە لە شانی دا بوو و شانازی پێوە دەکرد...
یادی هەموو شەهیدان و خزمەتگوزارانی ڕێگای ئازادی و بەختیاری نەتەوەکەمان هەر بەخێر بێت
یادی دۆستان و یاران هەر بەخێر بێت.
یادی گوند و شارو کوچە و کۆلانان هەر بە خێر بێت.
هەموو شتێکی ژیان و مان هەر خێر و بێر بێت.

---

هەموو سایتەکان بە ڕێزەوە مافی دانانی ئەم بیرەوەرییانە هەیە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠٠٩

# کۆچی شمشاڵ

## بەشوێن کۆچی شمشاڵ دا

**حەبیبی**

دواهەینی مانگی گۆڵان ودە سپێکی جۆزەردانێکی وەرزی بەهارە وکەژ وکۆ،هەورازوشاخ کانی وئاوچاوە ڕوانی سۆزی هەژێنەری سامفۆنیای ناسراوی کوردوشمشاڵی شاخە ودڵی ناڵە شکێنە ووەنەوشەو تەرەغەخۆلیای باوباڵۆرەی نرکەی شوانی ئاشنای پێدەشتەوبووکانی مۆکریان شاری حەوزوفوارەتامەزرۆی کلپەیێک بۆ هەڵپەڕینی نێرگس و وەنەوشەوشێلێرومیلاقەیە. شەقام بەهیوای کرپەی پێ وزایڵەی پڕجۆش وخرۆشی مامە چاونەترس و دەنگ دلێرە کەی کۆلانە ودوو گوڵی خنجیلانەش حەبەساووتۆقیوچاوەدێری دەرکی نەخۆشخانەشڵەژاوەکەیی کۆچی شمشاڵ وبێکەسی وبێدەرەتانی ئەوڕۆژگارە سەخت ودژوارەن کە نە کەس بابیانی ناسی ونە کەس لە بابی شمشاڵی ئەم گەلە ئاورێکی دایەوە. ئاخۆ تۆ بڵەیت پرسە ی کۆچی مامە وشمشاڵ هەروەکو ژیانی بێ دەنگ و پڕحەسرەت و شاراوە بێت؟ شارکش ومات لەژێرپردەی شەودانووستوەکاتژمێر سفری شەوەحەسەن زیرەک بەیاللە یاللەیا سۆڵتان خەوی ئەستێرەکان دەشڵەژێنێ و دواهێشوی ناخی مامەنامۆرادەکەی کورد لە گەروی شمشاڵە تەنیادۆستەدێرینەکەی دا دەخنکێ وئاوەها کارەساتی دڵ تەزێنی مەرگی یەکجاری دەنگ وسیمای ناسراوی کورد بۆ هەتاهەتایە ماڵ ئاوایی دەکات. ماڵ ئاوا کوڕی ڕۆژانی تەنگانە وتاقانە سوارچاکی وەفاوبەستەڵک وکوڕد پەروەری. ماڵ ئاواشاخی سەربەرزی لەدایکی نیشتمانی بێ ئۆقرەدا نووستوو. ئیدی پڕبە گەرووی شمشاڵەکەت لەگەل هاوهزرە شاخیەکانتدا هەمو ئەوتووڕەیی وچاوەڕوانی وناسۆرانەی کەلە گەروی بلوێرەکەت داتاسانتن وهەموێ ئەو سکالایانەی کە هاوارت بۆ دەکردن و کەس لێت تێ نەدەگەیشت بچڕەوە. بەش ئیمەی مردو پەرەستی زیندو کۆژکە چاومان لێت قۆنجاندلە دوای سەدان ساڵ وەخۆ بینەوەوبە گرتنی کوڕوکۆمەڵ بەئەو قەناعەتە بگەین کە پاش تۆ بۆئەوانەی تر کە هەبوونیان خستە سەردەستی فیداکاری وخۆیان بە مروڤایەتی بەخشی بێدەروەست و بێ لایەن نەبین. گەلۆ شمشاڵی مامە هاواری تاساوی گەلە وپێناسەی ژیانی مێژووی شوانکارەیی ئەم نیشتمانەتە بۆیە دەڵێن شمشاڵ شاخە وشاخیش شمشاڵە دەنگی ئەو دەنگی ڕووبار وکانی وئاووسروەی نەسیم و قاسپەی کەوو زایڵەی بۆلبۆل وکناچەی

**عەشقی کچ وکوڕانمانە کە وابوو شمشاڵ بارگەی پێچاوە وەرن ئیدی مەهێڵن هەگبەی هۆنەری نیشتمان بەیەکجاری بمرێت وئیمەش بە شانازیەوە وە دۆی کەوین. گەلۆ وەرن با مامە مەینەت چێشتەکەی نیشتمان بکەین بە سنووری بێ دەروەستی ودوا چەرمەسەری هۆنەرمەندان وپێش مەرگی خۆیان وهۆنەرەکەیان چەپکە گوڵی وەفاداری بدەینە دەستیان وهەر تەنیا بۆ جارێک بزەێک بخەینە سەر لێویان**

| | |
|---|---|
| ***زانای شمشاڵ ژەن*** | ***پیری دەروون هەڵ کەن*** |
| ***لۆرەلۆری شمشاڵت*** | ***دیارەلە ژینی تاڵت*** |
| ***ژینی تاڵی پڕناسۆرت*** | ***ناسکی دەنگی پڕبلۆرت*** |
| ***دەنگ دارترین ئاهەنگە*** | ***بە بێ دەنگی پڕدەنگە*** |
| ***لافاوی بیری هۆنەر*** | ***هۆنەری تۆڵە ئەستێنەر*** |
| ***دەرخات ئاواتی هەستم*** | ***تابە جوان ترین هەڵبەستم*** |
| ***بت لاوێنم بەبەستە*** | ***بەستەی ناسکی پڕهەستە*** |
| ***بت لاوێنم مام قالە*** | ***لە ئەم شوێن وئەو شوێن یان لە*** |

**ئەم شێعرە م لە کاستێکدا بیستووە**

**سەرچاوە: ویبلاگی نامارەوە - ڕێکەوتی: ٧ی فیوریەی ٢٠١٢**

# قالەمەڕە

## هێرش شۆڕش

(قادر عەبدوڵڵا زادە) ناسراو بە(قالەمەڕە) هونەرمەندی شمشاڵژەن ساڵی ١٩٢٥ لەگوندی (کولیجە)ی سەر بەشاری (بۆکان) لەدایکبووە. لەلایەن (شێخ محەمەد شێخی بورهان) لەناوچەی موکریان، کە قادری زۆر خۆشویستووە بەهۆی ئەوەی مێردمنداڵێکی زۆر هێدیو ئارام بووە، نازناوی (قالە مەڕە)ی پێبەخشیوە.لەپەنجاکانو ساڵانی دواتردا لەناوەندەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی(کرماشان، سنە، تاران، مەهابادو ورمێ) بەدەنگی ئەفسوناوی و بەربڵاوی شمشاڵەکەی چەندین پارچە موزیکی جوانو ڕەسەنی پێشکەشکردووەو هونەری موزیکی کوردی بەشکۆیەکی بێوێنەوە هێناوەتە گۆڕەپانی هونەرییەوە.

دواتر بۆ ماوەی چەند ساڵێک هاوکاری هونەری هونەرمەندی سترانبێژی بەتوانای کورد (حەسەن زیرەک)ی کردووەو لەپێشکەشکردنی گۆرانییەکانیدا بەئامێری شمشاڵ یارمەتیداوە. (قالە مەڕە) باوکی نەبینیووەو کاتێکیش قالە مەڕە تەمەنی تەنها شەش ساڵ بووە، دایکیشی کۆچی دوایيکردووە. هەر وەک خۆی دەڵێت، تەواوی ژیانی بەنائارامیو برسێتیو چارەڕەشی گوزەراندووە.

١٩٤٥ - ١٩٤٦ پەیوەندی بە(کۆماری مەهاباده)وە کردووەو دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ نەمران (هەژار) و (هێمن موکریانی)دا هەبووە. لەدوای لەسێدارەدرانی (قازی محەممەد)ی سەرۆک کۆمار، هانای بۆ ئەشکەوتی (گوڵاڵە) بردووەو دواتریش پەنای بردووەتە ماڵی (عەباس ئاغای سەرکەپکان)و (ئەحمەد ئاغای کۆیە). ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بووەتە هاوڕێی (مەلا ئاوارە، مەلا مەحموودی زەنگەنەو سولەیمانی موعینی.)

هەر لەو سەروبەندەشدا ماڵیان چووەتە دەڤەری بۆکان. تاساڵی ١٩٨٥ هەر بەرەبەنی ژیاوەو خێزانی پێکنەهێناوە.

هونەرمەند قالەمەڕە هەمیشە لەخەباتی کورددا بەشداریکردووەو هاوڕێو هاوشانی تێکۆشەران بووە. تا سەردەمای شۆڕشی گەلانی ئێران واتە ساڵی ١٩٨٧ بەنهێنی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا

بووە.

گرنگی شمشاڵەکەی قالەمەڕە لەئاستێکدایە، کە پسپۆڕانو شارەزایانی بواری مۆسیقا نەک تەنیا نەیانتوانیوە خۆ لەهونەرەکەی لادەن؛ بەڵکو تەنانەت وەک بلیمەتێک باسی قالەمەڕ دەکەن. بۆ نموونە مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی) دەربارەی قالەمەڕە دەڵێت:"پەنجەکانی مامەقالە پەنجەیەکی کورتی ڕەسەن، پەنجەیەکە، کە کەم کەس هەیە بەم شێوازە بتوانین دەستی بۆ درێژبکەینو زۆر پێویستە ئێمە بەوپەڕی ڕێزەوەو بەوپەڕی گەورەییەوە بڕوانینە مامە قالەو ئەزموونی ژیانی ئەو بکەینە نووسراوێک لەکتێبەکاندا بڵاوی بکەینەوە، تا نەوەکانی داهاتوومان دەیان ماستەرنامەو دکتۆرانامەی لەسەر بنووسن."

هەروەها مامۆستا (ع.ج. سەگرمە)ش لەسەر هونەری قالەمەڕ دەبێژێت:"قالەمەڕە شمشاڵژەنێکی بەتواناو لێهاتووە، شارەزاییەکی زۆری لەمۆزیکی کوردیدا هەیەو شارەزاییەکەی بۆ زیاتر لەنێو سەدەی ژەنینی ئەو ئامێرە دەگەڕێتەوە، دەتوانم بڵێم لووتکەی ژەنینی ئامێری شمشاڵ لەموزیکی کوردیدا، لەژەنینەکەی قالەمەڕەدایە، هەروەها دەتوانم بەحەسەن زیرەکی بەناوبانگی بەراورد بکەمو بڵێم ئەگەر حەسەن زیرەک بەتواناترینو بەناوبانگترین سترانبێژی میللی میوزیکی کوردی سەدەی بیستەم بووبێت، ئەوا قالەمەڕەش بەدڵنیاییەوە چاکترین شمشاڵ ژەنی میوزیکی کوردی سەدەی بیستەمە."

لەنێو هونەرمەندانی موزیکزانی وڵاتی ئێرانو لەمیهرەجانە زۆر گەورەو پڕ بایەخەکانی هونەری موزیک لەئێران هونەرمەند (قادر عەبدوڵلازادە ـ قالە مەڕە) بەنازناوی (گنج متحرک) ناسراوە واتە (گەنجینەی گەڕۆک) ناسرابوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە ئەم بلیمەتە وەکو گەنجینەیەکە، کە پڕە لەموزیکو بەیتو حەیرانو لاوکو سترانو مەقاماتی ڕەسەنو فۆلکلۆری هونەری موزیکی زەنگینو ڕەنگینو جوانی کوردستان.

هونەرمەند قالەمەڕە لەدوو دەیەی ڕابردوودا لەسەر بانگهێشتی خوێندکارانی کورد لەزۆربەی هەرە زۆری ساڵوەگەڕی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەزانکۆ جۆراوجۆرەکانی ئێران ئامادەبووەو بەدەنگی بەسۆزو ئەفسوناوی شمشاڵەکەی کۆڕەکەی ڕازاندۆتەوە.

قالەمەڕە لەماوەی سالانی کارو ڕاژەی هونەری خۆیدا لەزۆربەی فێستیڤالە گرنگەکانی بواری هونەری موزیک لەئێراندا بەشداریکردووە، لەوانەش لەوانە میهرەجانی موزیکی فەجر لەتاران، میهرەجانی ناوچەکانی ئێران لەکرمانو لەبۆنەو میهرەجانەکانی سنە، کرماشان ئیلام، ورمێ، مەهاباد، سەقز، بۆکانو لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی لەهەرێمی کوردستان بەشداریکردووەو چەندین خەلاتو شانازی گەورەی بەدەستهێناوە. هەروەها لەزۆربەی ئەو میهرەجانانەی تابلۆی سوپاسو ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.

هونەرمەندی میللیو شمشالژەنی ناوداری کوردستان (قادر عەبدوڵلازادە) ناسراو بە(قالە مەڕە)، شەوی پێنجشەممە ٢١ی ئایاری ٢٠٠٩ لەکاژمێر ٢٢:١٥ بەکاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لەتەمەنی ٨٤ ساڵییدا بەهۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لەماڵەکەی خۆی لەشەقامی مامۆستا هێمن لەکۆلانی (لاچین) لەشاری بۆکان کۆچی دواییکرد. ڕۆژی دواتر، واتە ڕۆژی هەینی بەبەشداری هەزاران کەس لەگەلی بۆکانو شارەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان تەرمی پیرۆزی لەسەر وەسێتی خۆی لەدامێنی نالەشکێنە لەپەنای گۆڕی هونەرمەندی مەزن حەسەن زیرەک بەداوێنی دایکی نیشتمان سپێردرا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی پەیامنیر

## قالەمەڕەی هونەرمەند

### ماڵپەری خاکەلێوە

مرۆڤ، دەبێ بیر لە هەموو ئەو شتانەی کە خوازراوو نەخوازراوو هاتوونەتە نێو پرۆسەی ژیانەوە، بکاتەوەو، ڕۆ بچێتە نێو هزرو باوەڕو بایەخەی مرۆڤیو نەتەوەیییەکان تاکوو بۆی روون بێتەوە کە هونەرو کولتووری بابو باپیرانی چۆن سنگ بە سنگو پشت بە پشت تا ئێرە هاتووە؟ گومان لەوەدا نیە کە فەرهەنگو هونەری هەر نەتەوەو گروپێک، ئاوێنەی بالانوێنی ئەو گروپو نەتەوەیە. حاشای لێ ناکرێ کە هونەرو خەباتی هونەری،

چەکێکی گرینگو بەباندۆرە لە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەستدا. هەر بۆیە بۆ ئێمەی کورد بە هیچ شێوەیەک خەباتو بەرخۆدانی هونەریو... نەتەوەیی لە خەباتو تێکۆشانی سیاسیو... جیا ناکرێتەوە، بەتایبەتی لە قۆناغی هەنووکەیی خەباتدا.

کەم نین ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕو ئازادیخوازانەی کورد کە بە بچووکترین ئامێرو... گەورەترین خەباتو حەماسەیان خوڵقاندووە، یان وەرێیان خستووە. یەکێک لەو مرۆڤە خەباتگێڕو کۆڵنەدەرانە، کە حازر بوون ئاسمان بالێفو زەوی پێخەوی بێو شەو بە بێ نان بکاتەوە بەیانو، بە زگی برسی بژی بەڵام بۆ ساتێکیش نۆکەرو دەستەو داوێنی داگیرکەرانی کوردستان نەبێ، جیا لە قالەمەڕەی هونەرمەندو شمشاڵژەن دەتوانێ کێ بێ؟

مامۆستا قاڵەمەڕە یەکێک لە شۆڕەسوارانەی مەیدانی هونەری رەسەنی موسیقیی نەتەوەکەمان بوو. یەکێک لەو هونەرمەندانەی نەتەوەکەمان بوو کە سەری لە نێو سەراندا دیار بوو.

قالەمەڕەی شمشاڵژەن، هەرچەند هەژارانە دەژیا، بەڵام سەربەرزانەو سەربەستانە ژیا. هەروەک چۆن سەربەرزانە کۆچی دوایی کرد. قەت کارێکی وای نەکرد بۆ جارێک هونەرەکەی بخاتە خزمەت دوژمنانی نەتەوەکەی...

هەر گەلو نەتەوەیەکی ژێردەستە، کە خاوەنی سەربەستی و حکوومەتی نەتەوەیی خۆی نەبێ، هونەرمەندە راستەقینەکانیشی هیچکات ژیانیان خۆش نابێ. هێمن گوتەنی: هەمیشە ئاوارەو دەربەدەرو رەنجەڕۆن. قالەمەڕەی هونەرمەندیش یەکێک لەو هونەرمەندە رەنجەڕۆیانەی بێبەش لە ژیانو ئازادی بوو.

قادر عەبدوڵلازادە، ناسراو بە قالەمەڕە ٨٦ ساڵ بەر لە ئێستا لە گوندی کۆلیجەی سەر بە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی دڵپاکو هەژاری لادێی دا چاوی بەرەو جیهان روون کراوەتەوە. هەروەک گەلێجاران لێرەو لەوێ باسیکردووە، ژیانێکی پڕ لە دەردو مەینەتی هەبووە. باوکی خۆی نەبینیوە. مخابن هەر لە تەمەنی ۶ ساڵانیشدا بووە کە لە نێعمەتی دایک بێبەش بووە. هەروەک بۆ خۆی گوتوویەتی: ئەوان هەر لە بنەچەوە ئۆگری شمشاڵ بوونو شمشاڵژەنی باشیان تێدا هەڵ کەوتووە.

قاڵەمەڕەی شمشاڵژەن هەر لە سەردەمی منداڵییەوە هاوڕێی شمشاڵو بلوێر بووەو، پەنجەکانی بە گرتنی شمشاڵ لە سروشتی کوردستاندا فرچکیان گرتووە.

قالەمەڕەی هونەرمەند دەیگوت: لە کاتی ئاوارەیی‌و دەربەدەریمدا زۆرجاران، هاودەردو هاونشینی کۆڕی خەباتگێڕانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ بووەو گەلێ جاریش لەگەڵ هێمنو هەژار بووەو شتیان لێ فێر بووە. هەنەرمەندی نەتەوەکەمان بە هۆی ئاوارەیی‌و کوێرەوەریی ژیان بەداخەوە درەنگ ژیانی هاوبەش پێک دێنێ. ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بڕیار دەدا کە لە شاری بۆکان بچێتە نێو کەژاوەی ژیانەوەو بەهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەش دوو کوڕە بە ناوەکانی محەممەدو ئەحمەد.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەرمەند قالەمەڕە لەوەدا بوو کە، بە بێ هیچ مامۆستایەکو خۆڕسکانە بۆتە خاوەنی ئەو هونەرە مەزنەو شاکاری بە شمشاڵ خوڵقاندووە. هەونەرمەندی شمشاڵژەن زۆرجاران لە پارکو سەر شەقامەکان بۆ ئۆقرە گرتنی دڵی خۆی‌و شادکردنی خەڵکو وەبیرهێنانەوەی گەلێ رۆژانی شیرینو تاڵی زەمانە، دەستی دەبردە بەر پشتوێنو شمشاڵە زەردەکەی دەردەهێناو، بە پەنجە زێڕینەکانی شمشاڵی دەهێنایە سەما. زۆرجار جەماوەری کۆزیلکەبەستووی بە دەنگو ئاهەنگی شمشاڵەکەی دەبردە ناخو قووڵایی خەباتو بەخۆدانی رۆڵەکانی نەتەوەکەی.

بە وتەی خودی قالەمەڕە شمشاڵەکەی زیاتر لە لە ١٥٠ ساڵ تەمەنی بووە. بەو شمشاڵەوە تەنیا ماوەی ٣٠ ساڵ بۆ خۆی خزمەتی بە هونەرو نەتەوەکەی کردووە. دەنگی بەسۆزو بلاوێنی بلوێری قالەمەڕە جیا لەوەی هەتا چیایەک بەپێوە بێ نامرێ، لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا پێگەو جێگەی تایبەتی هەیە. زۆرێک لە خەڵکانی جیهانیش گوێیان بە دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە ئاشنایە. چەندین جار لە فێستیڤاڵ و بۆنەی ناوچەیی و جیهانیدا بەشداریی کردووەو خەڵاتی وەرگرتووە. بۆ نموونە:

خەڵاتی باشترین شمشاڵژەن ـ وڵاتی ئاڵمان کە بەداخەوە بە هۆی هەلومەرجی تایبەت نەیتوانی وەری بگرێت.
خەڵاتی تایبەت بە ئەنفالی ساڵی ٢٠٠٣ی شاری سلێمانی.

خەڵاتی خەڵکی شاری بۆکان، ساڵی ٢٠٠٣ و چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری دیکە لە نێوخۆی کوردستانو ئێراندا.

قالەمەڕەی هونەرمەند، جیا لە مرۆڤێکی هونەرمەند، مرۆڤێکی سیاسیو خەباتگێڕێکی نیشتمانپەروەریش بوو. خولیاو ئاواتو کردەوەکانی ژیانی، تەواوکەری خەباتی هونەریو سیاسی ئەو هونەرمەندە بوون. مخابن دەستی تەقدیرو مەرگ ئەوەندە مەودای نەدایە کە بە ئاواتو ئارەزووە لەمێژینەکانی، کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە چیاکانی کوردستانو رزگاریی نەتەوەکەی بوو، شاد بێ. بەداخەوە رۆژی پێنج شەممە، رێکەوتی ٣١ی بانەمەی ١٣٨٨ی هەتاوی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە کورد کردو رۆژی هەینی رێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٨٨، لە نێو ئاپۆرای خەڵکی بەئەمەگی کوردستان بە گشتیو خەڵکی شاری بۆکان بەتایبەتی، لە داوێنی چیای ناڵەشکێنە، لە پەنای گۆڕی هونەرمەند "حەسەن زیرەک" بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.

یادی بەرزو پیرۆز بێت.

مانگی مای ٢٠٠٩

## قالەمەڕە لە فیستیڤاڵی موزیکی ناوچەیی ئێران

### مەنسوور جیهانی

تاران ـ فیلمی دیکۆمێنتی "قالەمەڕە" سەبارەت بە ژیانی ئەم ژەنیارە کوردە لە ئامادەکردنی دکتۆر حەمید رەزا ئەردەلان، لە میانەی حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی موزیکی ناوچەیی ئێران نمایشکرا.

بە پێی راپۆرتی تایبەتی بەشی هونەریی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە شاری تاران،

فیلمی دیکۆمێنتی "قالەمەڕە" سەبارەت بە ژیانی ئەم شمشاڵژەنە ناودارە کوردە، لە ئامادەکردنی توێژەری بواری موزیکی کوردی و ناوچەکانی دیکەی ئێران دکتۆر حەمید رەزا ئەردەن، لە بەشی موزیکی تایبەت بە ناوچەی

موکوریـان و هاوکـات لەگـەڵ یەکـەمین سـاڵوەگەری کـۆچی دوایـی قـادر عەبـدوڵڵا زادە ناسـراو بـە "قـالەمەڕە"، لـە میانـەی حەوتـەمین خـولی فیسـتیڤاڵی مـوزیکی ناوچـەیی ئێـران لـە هـۆڵی مـاڵی موزیکی ئێـران لـە شـاری تـاران نمایشکرا.

فیلمـی دیکـۆمێنتی "قالەمـەڕە" لـە بەرنامەیەکـدا بـە ناونیشـانی "چاوخشـاندنێک بەسـەر فیلمـی دیکـۆمێنتی و ئەزموونییەکانی مامۆستایانی موزیکی مەقامی ئێران"، پێشکەش بە هۆگرانی موزیکی مەقامی و ناوچەیی ئێران کرا.

ئەم بەرنامەیە بە یادی هەشت کەسایەتی بواری موزیکی مەقامی و ناوچەیی ئێران ڕێکخراوە و ئەم هونەرمەندانە لە خۆدەگرێت کە لە چەند ساڵی رابردوودا ماڵئاواییان لە ژیان و هونەر و موزیکی مەقامی کردووە، لەوانە: قـادر عەبدوڵڵا زادە ناسراو بە "قالەمەڕە" ـ ژەنیاری شەمشاڵ، مەقام خوێنی بەتوانای موزیکی ئایینی کوردستان خەلیفە میرزا ئاغا غەوسی ـ ژەنیاری دەف، هونەرمەندی کوردی کرمانجی باکووری خوراسان وەلی رەحیمی ناسراو بـە "وەلـی عاشیق" ژەنیـاری کەمانچە، عاشیق "عـەلی ئـەرزەنجانی" ـ ژەنیـاری قوپـووز لـە پارێزگـای ئازەربایجـانی رۆژئـاوا، هونەرمەندی کوردی کرمانجی بـاکووری خوراسـان "عـەلی ئـابچووری" ـ ژەنیـاری قۆشـمە، "پـەرویز دۆردی" ـ ژەنیـاری دووتـار لە پارێزگای خوراسان، "ئیل محەمەد قوورچایی" ـ ژەنیاری نەی لـە پارێزگـای گوڵسـتان و عـاشیق "حەسـەن فەریدی" ـ ژەنیاری قوپووز لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا.

لە نامیلکەیەکدا کە هەڵبژاردەیەکی کتێبـەکانی سـەد موزیکزانی موزیکی مـەقامی سەرتاسـەری ئێرانـە و لـە لایـەن نووسـینگەی حەوتـەمین خـولی فیسـتیڤاڵی مـوزیکی ناوچـەیی ئێـران چـاپکراوە، نـاوی شمشـاڵژەنی نـاوداری کـورد "قالەمەڕە" وەکوو یەکەمین کەسایەتی ئەم کتێبە بەرچاو دەکەوێت دکتۆر حەمید رەزا ئەردەلان لە وتـارێکی کورتـدا بـۆ نامیلکـەی "چاوخشـاندنێک بەسـەر فیلمـی دیکـۆمێنتی و ئەزموونییـەکانی مامۆسـتایانی مـوزیکی مـەقامی ئێـران" نووسیوییەتی: مێژوو حەقیقەتەکان دەگێڕێتەوە و هەروەها روانین بۆ مێژوو.

شاراوەکان بەئێمە نیشاندەدات، ئەم ١٠٠ فیلمە دیکۆمێنتییە لە شوێنێک پارێزاوە و تەنیا دووجار هەنـدێک لەوانـە نمایشکراوە، جـاری یەکـەم لـە سـاڵی ٢٠٠٦ لـە مـاڵی هونەرمەنـدانی ئێـران بـۆ مـاوەی ٦ مانـگ بـە ئـامادەبوونی مامۆستایانی بەرچاوی سینەما و موزیکی ئێران، لەوانە: محەمەد رەزا ئەسڵانی و محەمەد رەزا دەرویشی و جاری

دووەمیش ئێستاکە و لە میانەی حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی موزیکی ناوچەیی ئێران.

موزیکزانی سنەیی لە بەشی کۆتایی وتارەکەیدا نووسیوییەتی: گوتم مێژوو حەقیقەتەکان دەگێڕێتەوە، ٦،٥ ساڵ تێنەپەڕیوە کە زیاتر لە ١٥ کەسایەتی لەم ١٠٠ کەسایەتییە کۆچی دواییان کردووە و ئەم فیلمانە بە ناوی ئەوانەوە بە یادگار بۆ جیلی داهاتوو بە جێی ماوە.

سینەماکاری ناوداری ئێرانی محەمەد رەزا ئەسڵانی لە بەشێک لە وتاری دەسپێکی نامیلکەی "چاوخشاندنێک بەسەر فیلمی دیکۆمێنتی و ئەزموونییەکانی مامۆستایانی موزیکی مەقامی ئێران" نووسیوییەتی: ئەوەی لەم فیلمانەدا دەیبینین پێشکەش کردنی سونەت نییە بەڵکوو پێشکەش کردنی فەرهەنگە بۆ بەرهەمهێنانی فیکر، بۆ ئافراندن و لەدایک بوونی نوێ و چوونە ناو ژیانەوە. ئەم فیلمانە لە واقیعدا دووبارە لە دایک بوونە، کە سینەمای دیکۆمێنتی وەکوو هەر عونسورێکی دیکە پەیوەست بە فەرهەنگ لە بنەماکەیدا لە دایک بوونێکی تازەیە کە تازە گوێبیستی دەبین و ئیرادەیەکە کە لە لایەنی زاتی ئەبەدییەوە پێشکەشمان دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەری پەیامنێر - ڕێکەوتی: ٢١حوزەیران ٢٠١١

---

## قالەمەڕە گەنجی سەربەمۆر

**زاییر ئەمینزادە**

هەرلە منالێەوە خولیای دەنگێکی سیحراوی بووم، دەنگێک کە ئەو کاتە نەم ئەزانی ئی چیە و لە کوێ دێتە دەرەوە، بەڵام ئەوەنە ئەزانم هەرکاتێ باوکم گوێی لە رادوێ دیموکرات ئەگرت بە پەلە هەڵ ئەهاتم و لەبن دەستی باوکم دائەنێشتم تاکوو ئەو دەنگە تایبەتەی کە لە سەرەتای بەرنامەکانیا لێ ئەدرا بی بیستم و تاسەم بشکێت و گاڵتە و گەپی ئەو رۆژەی منالێم تێکەڵ بەو دەنگە سیحراویە بکەم، تا رۆژێکیتر و بەرنامەیەکیتر و بیستنی دەنگێکیتر...

کە گەورەتر بووم و زیاتر لە خەم و دەردی گەلەکەم گەیشتم و زانیاریم بە سەر چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگایا فراوانتر بوو، ئەمجارە بوو کە زانیم مانایی ئەو دەنگە سیحراویە چیە و لە کوێوە هەڵ دەقوڵێ، ئیتر لەو ساکەوە تا ئێستا ئەو دەنگە تێکەڵ رۆحم بوە کە دڵنیام تێکەڵ رۆحی نەتەوەکەشمە.

## قالەمەڕە

سۆزی گەرم و هەناسەی بەتینی مامەقالە کە بە ناخی شمشاڵە زێڕینەکەی ڕۆ ئەچوو ئاوازی رەسەنی کوردی لێ ئەهاتە دەر کە هەستی ناسکی دڵدارانی ئەبزوانەوە و گڕوتینی تێکۆشەرانی ئەهەژاند و سارێژکەری برینی غەمباران و وەبیرهێنەری بیرەوەریەکانی بە سالاچوان و هەوێنێک بۆ گاڵتە و گەپی منداڵان . مامەقالە و شمشاڵەکەی عومرێکی درێژ  پێکەوە بە هەژاری ژیان تاکو دڵی هەزاران هەژار و لێقەوماو شاد کەن، بەراستی ئەبێ سەری کڕنۆش و نەوازش دابنەوێ بۆ ئەو شمشاڵەی کە هیچ کات هەناسەی دەسەڵات و خیانەت و پارەپەرەستی بە ناخا ڕۆ نەچوو و هەتا ئەو کاتەی کە لە زاری مامەقالەی سەربەرز کەوتە خوارەوە هەناسەی خاوێنی شەرەفی هەڵ مژی و تەنانەت لە رۆژانی ڕەش و دەسکورتی و پرمەترسیا پشتی بە گەلەکەی و خەڵکە کەم دەسەڵاتەکەی بەست، نان وشکی بە ئاوا ژەند بەڵام شمشاڵی بە خۆفرۆشی نەژەند.

مامەقالە لە ماوەی ژیانی پرلە شانازیا سەختی و دژواری زۆری دیوە و وەکوو خۆی دەڵێ لە تەواوی عومریدا خۆشی نەدیوە، بەڵام هەوڵی داوە کە بە دەنگی شمشاڵەکەی دڵی نەتەوەکەی خۆش کات، مرۆڤ ئەبێ لە قالەمەڕەوە فێری گەورەیی و لەخۆبردوویی بێت کە بە سەر ئەو هەمو کێشە و گرفتە لە ژیانیا کە لەوانەشە لە لایەن خەڵکەوە کەم تەرخەمی لە گەڵدا کرابێ، بەڵام هەردەم دووپاتی ئەکردەوە من مەمنوونی خەڵکم، ئەوان زۆر رێزیان لی گرتووم و تەنانەت جارێ پشتی لە گەل نەکرد و هەمو هەناسەی پڕتینی خۆی بە گەرووی شمشاڵەکەیدا کرد بۆ نەتەوەکەی.

*بە هۆی ئەوەی قالەمەڕە لە ناخی کۆمەڵگایی کوردەواریەوە*
*پێگەیشتوە و سەردەمێکی ژیانی لە شاخ بوە، سەردانی زۆر گوند*

و شـاری کوردسـتانی کـردوه و وەک خـۆی ئـەڵێ شـوانیش بـوه، شمشـاڵەکەی خـاوەنی زۆربـەی تایبەتمەندیـەکانی مۆسیقای رەسەنی کوردیە، لە پشت هەرە زۆری ئاوازەکانیەوە داستان و بەسەرهاتێکی خۆش یاخود ناخۆشیان تێدا بەدی دەکرێ و هەرکامیان هەڵگری رەوایەتێکن. بە راستی قالەمەڕە قووتابخانەیێکی مۆسیقای کوردی بـوو کە زۆربەی لایەنەکانی لە خۆ گرتبوو چەشنی بەیت، حەیران، گۆرانی و لاواندنەوە و...، بەڵام سەد حەیف و هەزار، کە ئەم گەنجینە گەورەیە سەری هەڵ نەدرایەوە و هەروا سەربەمۆر ژێر خـاک کرا و داخێکیتـر لـە سـەر داخـەکانی نەتەوەی کورد.

ئەگەر لە مێژووی مۆسیقای گەلانیتر بڕوانین، ئاشکرایە کە مۆسیقای هـەر نەتـەوەیێ پشتی بەستوە بـە ئـاوازە رەسـەن و فلکلۆرەکـانی- چەشـنی رەدیـف لـە مۆسیقای ئێرانیـیا- بەداخـەوە ئێمـە باشـترین سـەرچاوە و رەدیفـی مۆسیقامان لە دەسدا، کە لە راستییا ئەبێ بنکە هونەریەکان، هونەرمەندانی خـاوەن دەسـەڵات و میـدیاکان وڵامی ئەم کەمتەرخەمیە بدەنەوە، لە ماوەی تەمەنی درێژ و پڕ سەروەری قالەمەڕە هیچیـان نـەکرد و هـەوڵیان نـەدا بـۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانی، بێجگە لە جارێ نەبێ کە ئـاوڕ درایـە سـەر بەرهـەمی قالەمەڕە، هـەر ئـەم ئەزموونـە نیشانییا بەرهەمەکانی مامە قالە لە ئاستێکی بەرزدان و جێی سەرنجن، لێرەدا مامۆستا عەبـدوڵلا جـەمال شیاوی رێز لێگرتن و دەسخۆشی پێوتنە بە هۆی کارکردن لە سەر بەرهەمەکەی قالەمەڕە، بریا مامۆستا عەبدوڵلاجەمال زۆرتری هەوڵ دابایە.

## بە خاکسپاردنی قالەمەڕە

کورد وتـەنی " بـا ئیتـر کـای کـۆن بـەبا نەکـەین " بیـر لـەوە بکەینـەوە چیمـان لـە دەس دێ بـۆ شـادکردنی ڕۆحـی قالەمەڕە و هـەرهیچ نـەبێ لـە دوای کۆچەکـەی کارێکمـان بـۆ کردبـێ یـا خـود باشـترە بڵێین کارێکمـان بۆهونـەری مۆسیقای گەلەکەمان کردبێ.

بەو جۆرەی کە پێشتر باسکرا هونەری قالەمەڕە لە باری مۆسیقایەوە لە ئاستێکی بەرزدایە و وەک سەرچاوە پێویستیمان پێی هەیە، هەر بەم بۆنەوە ئەرکی سەر شانی هەمو کوردێکی دڵسۆز و لایانگرانی هونەری قالەمەڕەیە کە هەوڵ بدەن بۆ دروست کردنی بنکەیەک کە ئەرکی بانگهێشت کردن لە سەراسەری کوردستان بە مەبەستی کۆ

کردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی قالەمەڕە لە ئەستۆ بگرێ و دوای کۆکردنەوە و پۆلینکردنیان بخرێنە بەر دەستی زانایانی هونەری مۆسیقاوە و ئەوانیش بە دڵسۆزی و ئەمینداریەوە هەریەک لە بواری خۆیدا کاری لە سەر بکەن، لە ئاکامدا دوای تۆمارکردن، لێکۆڵینەوە و نۆتەکردنیان بکرێنە سەرچاوە یاخود بڵێین رەدیفێکی مۆسیقای کوردی بۆ گەلەکەمان، دڵنیام جێی شانازی ئەبێت لە جیهانی مۆسیقایا. با ئەم کارە بکرێت و حەسرەتێکی‌تر نەچێتە سەر دڵمان، ئاگادار بین مێژو شاهیدی ئەیا لە سەر کەم تەرخەمیمان ئەگەر بێت و هیچمان بۆ ئەو مرۆڤەی نەکردبێ کە دوایین هەناسەکانی ژیانی بە گەرووی شمشاڵەکەیدا کرد تاکو ئەو راستیەمان پێ بسەلمێنی کە بە دەستی خاڵی وتەنانەت بە شمشاڵێکەوە ئەتوانرێ خەبات بکرێ و سرودی " بەرخودان ژیانە سە رهە لدان..."بوترێت.

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری مەهاباد ژمارە ٩٩ چاپ کراوە.

سەرچاوە: وێبلاگی پاشەرۆک - رێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠٠٩

## پەیامبەری شمشاڵ! قالە مەڕە

**عەبدولموتەلیب**

قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بەقالە مەڕە هونەرمەندی شمشاڵ ژەن، ساڵی ١٩٢٠ لەگوندی کولیجەلەنێوان بۆکان و مەهاباد لەرۆژهەلاتی کوردستان لەدایک بووە. چەپ گەردی گردوون وای لێکردووەکەباوکی نەبینێ و دایکیشی لەتەمەنی ٦ ساڵانیدا کۆچی دوایی بکا. هەر وەک خۆی دەڵێ تەواوی ژیانی بەنارەحەتی و برسێتی و چارەڕشی تێپەڕ کردووە. ساڵی ١٩٤٥ - ١٩٤٦پەیوەندی بەکۆماری مەهابادەوەگرتووەو دۆستایەتییەکی نزیکیشی لەگەڵ نەمران هەژار و هێمن دا هەبووە. لەدوای لەسێدارەدرانی قازی محەممەدی سەرۆک کۆمار، قاچاغ دەبێ و هانا دەباتەئەشکەوتی گولاڵە، یان پەنای دەباتەماڵی عەباس ئاغای سەرکەپکان و ئەحمەد ئاغای کۆیە. ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بۆتەهاوڕێی مەلا ئاوارە و مەلا مەحموودی زەنگەنە و سولەیمانی موعینی. هەر لەو سەروبەندەدا

ماڵیان دەچێتەدەڤەری بۆکان. تا ساڵی ١٩٨٥ هەر بەسەڵتی ژیاوەو خێزانی پێکنەهێناوە. هونەرمەند قالە مەڕە هەمیشە لەخەباتی کورددا بەشداری کردووە و هاوڕێ و هاوشانی تێکۆشەران بووە. تا سەردەمای شۆرشی گەلانی ئێران واتەساڵی ١٩٧٨ بەذهێنی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە.

"قالە مەڕە" لە کاتژمێر ٢٠ / ١١ خولەکی شەوی پێنجشەممە ٣١ی گوڵانی ١٣٨٨ ڕێکەوتی ٢١ی مای ٢٠٠٩ لە ماڵی خۆی لە شەقامی مامۆستا هێمن لە کۆڵانی لاچین ١٥ لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد. تەرمی ئەم هونەرمەندە میللیە بە پێی وەسیەتی خۆی و بە بڕیاری بنەماڵەکەی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەچاو لە هۆگرانی موزیک و گۆرانی کوردی، ئێوارەێ هەینی ٢٢ مای ٢٠٠٩ ڕێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٨٨ لە تەنیشت گۆری حەسەن زیرەک لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد و کوردستانی - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩

---

## ئاواتەکەی قالەمەڕە نەهاتەدی

### جەواد حەیدەری

ساڵی (٢٠٠٢) ئەو کاتەی کە لەئەنجوومەنی ئەدەبی شاری بۆکان بووم لەلایەن برادەرێکی زۆر خۆشەویستم بۆ ڕێوڕسمێک لەگوندی حاجی لەک لەسەر چۆمی مەجی خان-ی سەر بەشاری بۆکان بانگهێشتکراین، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە قالە مەڕە-مان بانگهێشتکرد. شەوێ لەسەر پێشنیاری کۆمەڵێک لەبرادەران شەوە شێعرێکمان ڕێکخست، لەشەوە شیعرییەکدا کە خۆم پێشکەشکار بووم، لەوەلامی پرسیارێکی مندا قالە مەڕە شمشاڵژەنی بەناوبانگی کورد راشکاوانە رایگەیاندو وتی: هیچم لەخوا ناوێت نەسەروەت و سامان نەلەش ساغی و نەناوبانگ بەڵکو تەنیا ئاواتە خوازم کە خوا ئەوەندەم تەمەن پێببەخشێت کە لەژێر ئالای کوردستاندا هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشم و دواتر چاوەکانم لێکبنێم و ماڵئاواییتان لێبکەم، ئەگەرچی رەنگە ئەو ئاواتەشم نەیەتەدی، بەلام زۆر دڵخۆشم کە

یادگارییەکەی پێشەوای نەمر قازی محەمەد-م لەلایە کە کاتێک لەکۆماری کوردستان - دا پێشمەرگە بووم لەسەردانێکیدا پێیبەخشیم، ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵە ئەو یادگارییەم هەر هەڵگرتووەو وەک بیلبیلەی چاوم پاراستوومە هەژاری و دەست کورتی و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان هەرگیز نەیانتوانی ئەو یادگارییەم لێبسێننەوە.

قالە مەڕە وتیشی: وەسێتبێت ئەگەر مردم لەتەنیشت گۆڕەکەی هونەرمەندی ناسراوی کورد حەسەن زیرەک بەخاکم بسپێرن، چونکە بیرەوەری زۆرم لەگەڵیدا هەیەو ئەویش وەکو من نەحەساوە بووە.

سەرچاوە : رۆژڤار ویبلاگ - رێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٠٩

## بڵاوکردنەوەی دەنگی شمشاڵی قالە مەڕە لە رادیۆ پەیامی تاران

**پیامنێر**

نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە، پارچە موزیکی "هاتەوە خانزادەخان" بە دەنگی شمشاڵی شمشاڵژەنی کورد قالە مەڕە و بە دابەشکردنی موزیکی ع.ج. سەگرمە لە رادیۆ پەیامی تاران بڵاوکرایەوە.

ئەم پارچە موزیکە نیوەڕۆی ٦ی دێسامبری ٢٠١١ کاتژمێر ٤٠ : ١٢ خولەک، بۆ یەکەم جار لە بەرنامەی فەرهەنگی رادیۆ پەیامی تاران پەخش و بڵاوکرایەوە.

گۆرانی "هاتەوە خانزادەخان" ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆرە کە گۆرانیبێژی ناسراوی کورد حەسەن زیرەک لە ساڵانی ٤٠ کان لە رادیۆ پێشکەشی کردووە.

لەو چەند ساڵەی دواییدا و لە کاتی گەشتی هونەرمەندی میللی و شمشاڵژەنی ناوداری کوردستان قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە قالە مەڕە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی پیرەمێرد لە شاری سلێمانی، لەسەر داوای هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد مەزهەر خالقی و موزیکزان عەبدوڵڵا جەماڵ سەگرمە چەند پارچە موزیکی بە شمشاڵەکەی لە شوێنی ئەنستیتیوتی کەلەپووری کورد تۆمار کرد.

دواتر موزیکزان عەبدوڵڵا جەماڵ سەگرمە کاری دابەشکردنی بۆ ژمارەیەک لەو پارچە موزیک و ئاوازانەی قالە مەڕە ئەنجامدا کە بوونە جوانترین بەرهەمی موزیکی رەسەنی کوردی کە نوێ کرابوونەوە و بە دەیان جار لە کەناڵەکانی رادیۆ و تەفەفیزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بڵاو کرایەوە.

سۆزی دەنگ و نەوای شمشاڵەکەی قالە مەڕە لەم گۆرانییەدا زۆر بە جوانی خۆ دەنوێنێ و بە تایبەت ئامێری پیانۆ بە سەرکەوتوویی شمشاڵەکە هاوڕێیەتی دەکات و بە گشتی گۆرانییەکی زۆر جوان و دڵنشینە.

قالە مەڕە لە ماوەی ساڵانی کار و خزمەتی هونەری خۆیدا لە زۆربەی فیستیڤاڵە گرینگەکانی بواری هونەری موزیک لە ئێران بەشداریی کردووە و لە نێو هەموو هونەرمەندانی ئێراندا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و گوێگرانی موزیکی هەر لە کورد، فارس ونەتەوەکانی دیکەی ئێران شەیدای دەنگی شمشاڵەکەی بوون و هەر بەم بیانووەشەوە رادیۆ پەیامی تاران کە رادیۆکی سەرکەوتووی شاری تارانە و رێژەیەکی زۆری خەڵک لە سەرتاسەری ئێران گوێبیستی دەبن، بۆ یەکەمین جار دەنگی شمشاڵی ئەم میوزکژەنە بڵاوکردەوە.

پێشتریش گۆرانی "کە ئەو جوانە" بە دەنگی عەدنان کەریم بۆ یەکەم جار لە مێژووی رادیۆکانی ئێراندا لە بەرنامەی فەرهەنگی رادیۆ پەیامی تاران بڵاوکرابۆوە. ئەو گۆرانییە ئاوازی عەلی مەردان و هۆنراوەی نەجمەدین مەلا کە موزیکژەن ئەردەشێر کامکار موزیکی بۆ دابەشکردووە و ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەلبومی "ئەمشەو" بە هاوکاری ئەندامانی گرووپی موزیکی کامکاران و بە دەنگی گۆرانیبێژ عەدنان کەریم لە لایەن بەشی بەرهەمهێنانی رادیۆ نەوا بڵاوکراوەتەوە.

قالە مەڕە شەوی پێنجشەممە ٢١ ئایار - مایو ٢٠٠٩ خولەک بە کاتی تاران لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا بە هۆی

نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ماڵی خۆی لە شەقامی مامۆستا هێمن لە کۆڵانی لاچین ١٥ لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی بەپێی وەسیەتی خۆی و بە بڕیاری بنەماڵەکەی لە تەنیشت گۆڕی حەسەن زیرەک لە داوێنی ناڵەشکێنە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پیامنێر - ڕێکەوتی: ٦ی دێسامبری ٢٠١١

## شمشاڵژەنی ئەفسانەیی کورد کۆچی دوایی کرد

خۆرهەلات نیوز: قالە مەڕە، شمشاڵژەنی ئەفسانەیی و هونەرمەندی نەتەوەیی کوردلە نەخۆشخانەی بۆکان کۆچی دوایی کرد.

بە پێی هەواڵنێری خۆرهەلات نیوز لە بۆکانەوە، قادر عەبدوڵلا زادە ناسراو بە قالە مەڕە کە ماوەیەکی زۆر بوو بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی بۆکان لە ژێر چاوەدێری دابوو، کاتژمێر ١٥: ١٠ی شەوی پێنج شەممە (بە کاتی کوردستان) لەسەر جومعە ٢١ی مای ٢٠٠٩ی لە نەخۆشخانەی بۆکان بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە لایەنگرانی هونەرەکەی کرد.

قالەمەڕە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی کولیجەی سەر بە شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. چەپ گەردی گردوون وای لێکردووە کە باوکی نەبینێ و دایکیشی لە تەمەنی ٦ ساڵانیدا کۆچی دوایی بکا. هەر وەک خۆی دەڵێ تەواوی ژیانی بە نارەحەتی و برسێتی و چارەڕشی تێپەڕ کردووە. ساڵی ١٩٤٥ - ١٩٤٦ پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە گرتووە و دۆستایەتییەکی نزیکیشی لە گەڵ نەمران هەژار و هێمن دا هەبووە.

لە دوای لەسێدارەدرانی قازی محەممەدی سەرۆک کۆمار، قاچاغ دەبێ و هانا دەباتە ئەشکەوتی گوڵاڵە، یان پەنای دەباتە ماڵی عەباس ئاغای سەرکەپکان و ئەحمەد ئاغای کۆیە. ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨بۆتە هاوڕێی شەهید مەلا

ئاواره و مەلامەحموودی زەنگەنە و شەهید سولەیمانی موعینی. هەر لەو سەروبەندەدا ماڵیان دەچێتە دەڤەری بۆکان.

تا ساڵی ١٩٨٥ هەر بە سەڵتی ژیاوە و خێزانی پێکنەهێناوە. هونەرمەند قالەمەڕ هەمیشە لە خەباتی کورددا بەشداری کردووە و هاوڕێ و هاوشانی تێکۆشەران بووە. تا سەردەمای شۆرشی گەلانی ئێران واتە ساڵی ١٩٧٨ بە نهێنی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە.

گرینگی شمشاڵەکەی قالەمەڕ لە ئاستێک دایە کە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری مۆسیقا نەتەنیا نەیانتوانیوە خۆ لە هونەرەکەی لادەن بەڵکوو تەنانەت وەک بلیمەتێک باسی قالەمەڕ دەکەن. بۆ نموونە مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی سەبارەت بە قالەمەڕ دەڵێ:

*پەنجەکانی مامەقالە پەنجەیەکی کورتی رەسەن، پەنجەیەکە کەوا ئێمە کەم کەس هەیە بەم شێوازە بتوانین دەستی بۆ درێژ بکەین زۆر پێویستە ئێمە بەو پەڕی رێزەوە بەو پەڕی گەورەییەوە بڕوانینە مامە قالە تەجرەبەی ژیانی ئەو بکەینە نووسراوێک لە کتێبەکاندا بڵاوی بکەینەوە، نەوەکانی داهاتوومان دەیان ماجستەرنامە و دکتۆرا نامەی لە سەری بنووسن. هەروەها مامۆستا ع.ج. سەگرمە ش لە سەر هونەری قالەکەرە ئاوا دەبێژێت: قالەمەڕ شمشاڵژەنێکی بەتوانا و لێهاتووە، شارەزاییەکی زۆری لە موزیکی کوردی دا هەیە شارەزاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە نیو سەدە ژەنینی ئەو ئامێرە. لووتکەی ژەنینی ئامێری شمشاڵ لە موزیکی کوردیدا لە ژەنینەکەی قالەمەڕ دایە...*

قالەمەره لەم ساڵانەی دوایی دا لە گەلێک فستیوالی موزیک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەشداری کردووە و چەندین خەڵاتی گەورەی وەرگرتووە.

٢١ی مای ٢٠٠٩

# پەیامبەرێک کە بەردەباران نەکرا

**برایم فەرشی**

ژمارەی ئەو کەسانەی ئەمڕۆ پێنجشەممە ٣١ی بانەمەڕی ساڵی ٢٧٠٩ (٢١ی مای ٢٠٠٩) هەتا سەعات دەی شەو بە کاتی گرنویچ، لە سەر گۆی زەوی دوا هەناسەکانی ژیانیان کۆتایی پێ هاتووە، دەگاتە سەدوپەنجاو نۆهەزار نۆسەدوهەژدە (١٥٩٩١٨ ) ١ کەس. ناوی یەکێک لەو کەسانە قادر عەبدوڵازادە یە.

ئەو کۆتایی بە چاوەڕوانی ٤٠ ملیۆن لە هاووڵاتیانی خۆی هێناو لە شارێک بە ناوی بۆکان و لە وڵاتێک بە ناوی ئێران بۆ هەمیشە سەری نایەوە .

لە رۆژی هەینی یەکی جۆزەردانی ساڵی ٢٧٠٩ وە، ئیدی کەسێک بە ناوی قالە مەڕە، لە خەیابانی کۆنەی شار، لە قوژبنێک دانانیشێ و لە قۆڵی کەواکەی لولە ئاسنێکی کون کونکراو بە ناوی شمشاڵ دەرناکێشێ و تێناتوڕێنێ و بە وتەی خۆی "مێشکی سەری عالەم نابا ٢ ". ئیدی لە ئاسمانەوە دەتمەنی دڕاو بە سەریدا نابارێ و مەئمورانی شارەوانیش بە تاوانی "سەدی مەعبەر ٣" بەرببنگی پێ ناگرن.

ئەوەی ئەو لە پاش خۆی بە جێی هێشتووە، کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵام و دنیایەک بیرەوەری و دەستمایەی بە سەراهەڵگوتنە، کە هەر لە یەکەم ساتەکانی پاش مەرگییەوە دەستی پێکردووە و زنجیرە پرۆگرامەکانی دەنگ و ڕەنگیش بەدوایدا دێن.

سەیر نییە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ٤ و کاندیدەکانی سەرۆککۆماری ئێرانیش باسی ئەو "پەیامبەرە" بێ نازەی کورد بکەن، پەیامبەرێک کە وەک زەردەشت بەردەباران نەکرا، بەڵام لە ئامێزیش نەگیرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠٠٩

## کورتەیەک لە ژیانی پەیامبەری شمشاڵ؛ قالە مەڕەی هونەرمەندی گەورەی کورد

**نووسەر khakelewe**

**یەکەم شەوی چلەی زستان, شەوی یەلدا, شەوی لە دایک بوونی میترا، هاوکاتە لە گەل لە دایک بوونی شمشاڵ ژەنێکی بێ نازی مەزن! رۆژ، یان شەوی ٢١مانگی دسامبری ساڵی ١٩٢٥ قادر عەبدوڵازادە بە پێی ئەو ناسنامەیە کە بۆیان نووسیوە لە دایک بوە! ژیان و بەسەرهاتەکانی و ئەوەی چۆن بۆتە شمشاڵ ژەن و چۆن سروشت ومێژوو و رووداوەکان لە گەروی شمشاڵەکەیدا خول دەخۆنەوەو دەبنە موسیقا چیرۆکی مرۆڤێکی بەرز دەنوێنێ کە خوێندنەوەی فەرزە. ماڵپەری بۆکان رۆژی لە دایکبوونی مامە قالە رێز دەگرێ و روو دەکاتە ئەوکەسانە لە رۆژهەلات و باشوری ولات ودەڵێ:گەلۆ مامە قالە کۆنگرە و سمیناری نەگەرەکە! بچن گوێ بۆ قسەکانی راگرن! بچن گوێ بیستی ئەو مێژوو و روداوانە بن کە لە گەروی شمشاڵەکەی دێتە دەر! بێ گوومان مامە قالە هێندەی شت پێیە کە چەندان کەس دەتوانن دوکتورای پێ وەرگرن قالە مەڕە وەک زۆر لە پەیامبەران شوان بووە, بەلام ئەو پەیامبەری شمشاڵە دەنگی حەوت تەبەقی عەرز وحەوت تەبەقی ئاسمانی ولاتەکەی لە شمشاڵدا دەنگ دەداتەوە بە پێی ناسنامەی ژمارە ٣٦٠ پێناسەی قالە مەڕە بەم جۆرەیە:**

*ناو: قادر*

*ناوی بنە ماڵە: عەبدوڵازادە*

*رۆژی لە دایکبوون: هەوەڵ رۆژی چلەی زستان ساڵی ١٣٠٤(٢١ی دێسامبری ١٩٢٥ )*

*شوێنی لە دایکبوون: ئاوایی کولیجە,بەخشی ناوەندی,دێهستانی ئاختاچی، بەخشی بۆکان، شارستانی مەهاباد*

*ناوی باوک: محەمەد، ژمارەی ناسنامە ٣٥٦*

*ناوی دایک: مرۆت، ژمارەی ناسنامە ٣٥٧*

*کاتی دەرکردنی ناسنامە: ٧ی مانگی خاکەلێوە ساڵی ١٣٠٩(١٩٣٠ )*

*شوێنی وەرگرتن: بەخشی ناوەندی شارستانی مەهاباد، محاڵی ئاختاچی، گوندی کولیجە.*

*ناوی نووسەری ناسنامە: رەحیم دەباغیان*

قالە مەڕە خۆی کوتەنی لە گوندی کولیجە لە دایک بوە, بە مەزندەی خۆی دەبێ ١٢٩٥ی هەتاوی ١٩١٦ هاتبێتە سەر دنیا بەڵام سجیل نووسی دەورەی ڕەزاشا رۆژی یەکی چلەی گەوەرەی زستانی ساڵی ١٣٠٤ واتا ١٩٢٥ی زایینی بۆدیاری کردووە.

هەرچەند قالە مەڕە کاتی لەدایکبوون شمشاڵی بە دەستەوە نەبووە, بەڵام هەر ئەوددەمە کە گیانی لە گیانی دایکی گرێدراو بووە گوێی لە دەنگی شمشاڵی کاک محەمەدی باوکی و مامە سوڵتان و مامە ڕەحمانی و کاکەکانی بووە. ئەوانە شمشاڵ ژەنی بەناوو دەنگ و لێزان و لێهاتووی مەڵبەندەکە بوون. خۆی دەبێژێ: «ئوستادم خولا بووە» ئەوجا ئەم چیرۆکە بە شایەد دەهێنێتەوە:

«مندالْ بووم لە قوڵقوڵەی نزیک عەولاباد بۆشایی لێیان گێڕابووینەوە، مەحموودی تەها و غەفورە خڕە شمشاڵێکی سەیریان لێدەدا، منیش ویستم شمشاڵ لێدەم نەیانهێشت. ئەودەم زۆر منداڵ بووم، چوومە نێو قەلاغە تەپاڵەیەکەوە، دەستم کرد بە گریان, هێندە گریام شەکەت بوو، تەپاڵەیەکم لە بن سەرم ناو لە خەوەکەشدا هەر هەنیسکم دەدا، کەسێکم لێ پەیدا بوو، سوورو سپی، هەرای لێکردم:" عەبدوڵقادر، عەبدوڵقادر هەستە, هەستە مەگری، بە گریانی تۆ دارو بەرد وەگریان هاتوون!" هەستام دەستم بە لێدانێ کرد بە کەس ڕانەدەوەستام! سبەینێ چوومە شایی، بە خودای نە غەفوور دەیوێرا نە مەحموود لە بەرانبەرمدا ڕاوەستن! جا نازانم، یا خولا کۆمەکی کردم یا شەیتان! ئەڵبەت شەیتان ناتوانێ شمشاڵ لێدا!» (وتوێژی قالە مەڕە لە گەڵ م.ڕەمەزانی)

دەڵێ: «ناوم قادری عەبدولازادەیە، شێخ محەمەدی شێخی بورهان ناوی قالە مەڕەی لێنام! لە ماوەی ٨٢ و ٨٣ ساڵی تەمەندا، نارەحەتی نەما نەیبینم. لە گەڵ حەسەن زیرەکی زۆر بە یەکەوە بووین، ئەو کاتە کە لە بەغدا گۆرانی " لە کووچەو شاری بەغدایە خۆم غەریب و بێگانە خۆم"ی کوت بە یەکەوە بووین! (وتوێژی قالە مەڕە لە گەڵ م.ڕەمەزانی)

هەرچەند مامە قالە زۆر کەم قسە دەکا و قسەکانی لە ڕێگای شمشاڵەوە دەگاتە بیسەر، بەو حاڵەش قسەی زۆری لە دڵ دایە و بۆ هەر هەوایەکی کە بە شمشاڵەکەی دەیژەنێ چیرۆکێکی هەیە، ئەو خوی زۆر حەزی لە هەوای "کانەبی خوازە" ئەوەش چیرۆکێکی نەتەوایەتی کوردیە و زامەکانی کورد دەنوێنێ کە زامەکانی قالە مەڕەشە! ئەو

هەرچەند وەک حەسەن زیرەکی دۆستی سەودای نووسین و خوێندنی نیە، بەڵام مێشک و دڵێکی گەورەی هەیە کە خۆشەویستی وڵات و سروشت وبەسەرهاتەکانی نەتەوەکەی تێدا جێگا بۆتەوە! قالە مەڕ هەتا تەمەنی ٧٤ ساڵی ژنی نەهێناوە و هەموو خۆشەویستی ژیانی لە شمشاڵ لێدان و گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی گەلەکەی دیتۆتەوە چیرۆکێک خۆی گوتەنی لە زەمانی ساسانیەکانەوە دەست پێدەکا.

لە وتووێژ لە گەڵ رادیو کرماشان لە ساڵانی ١٩٧٥دا لە وەڵامی ئەوپرسیارەدا کە بۆ ژنت نەهێناوە دەڵێ:

*(ئەگەر ژنم هێنابا لە شمشاڵەکەم دور دەکەوتمەوە)*

بەرهەمەکانی لای خۆی دەستەبەندی کراون، لە ئەویندارییەوە بگرە هەتا نەتەوایەتی! لە گەڵ گۆڕینی دەوران ژیانی قالە مەڕەو و شمشالەکەشی گۆرانی بە سەردا هاتوە، ئەو کاتە کە گوڕوتینی لاوتی دڵ ومێشکی گەرم دەکرد شمشاڵەکەشی ئەستورتر بووە، ئێستا لە گەڵ پیری خۆی شمشاڵیش کزو لاوازتر بۆتەوە! چیرۆکی قالە مەڕ و شمشاڵەکەی هەم شیرین و هەمیش دڵتەزینە!

«جارێکیان نەخۆش دەکەوێ و لە نەخۆشخانەی شاری مەراغە دەکەوێ دوکتور دەڵێ: " تۆ نەخۆشی سیلت گرتووە و ئەگەر چاکیش بیتەوە لە ڕێگای شمشاڵەکەتەوە دەیگرێوە، دەبێ شمشاڵەکەت فرێ دەی"

قالە مەڕ کە لە گەڵ شمشاڵەکەی گەورە بووە ناتوانێ لە خۆی دوری خاتەوە، لەورۆژەوە هیچ کات شمشاڵی لە خۆی دوور نەخستۆتەوە یا لە باخەڵی دایە یان لە قۆڵی کەواکەی ڕاکردووە «.

*(گێڕانەوەی خۆی بۆ ب . فەرشی و وتووێژ لە گەڵ رادیو کرماشان)*

قالە مەڕ هەم هەوا کۆنەکان دەژەنێ و هەمیش خۆی هەوا دادەنێ و ناویان لێدەنێ.بەڵام جێگای داخە سەرڕای ئەوەی دەوروبەری پڕی نووسەر ورۆژنامەنووس و لێکۆڵەرە تا ئێستا نەبووە دانیشن لە گەڵی ودانە دانە هەواکان وناوەکان و چیرۆکی بەسەرهاتەکان بنووسنەوە!! قالەمەڕ کتێبخانەیەکی زیندووی موسیقا, فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی

زارەکی و روداوەکانی ٧٠ ساڵی ڕابوردووە و هەم شایەدی روداوەکانی ئەمڕۆیە کە هەمووی لە مێشک و گەرووی شمشاڵەکەیدا پاراستراون و لە کووچە و کوڵانەکانی بۆکان و شارەکانی کوردستان لە گەڵ خۆی دەیانگێڕێ! بێ گومان ئەم کتێبخانەیە دەتوانێ بابەتی دەیان سمینار و کونگرە بێ، کە لە وڵاتی کونگرە و سمیناردا بە قەست فەرامۆش کراوە! پاش مردنی بێ گومان دەیان و سەدان شاعیرو نووسەر وگۆرانی بێژ و لایەنگری فەرهەنگ و بەرپرسانی وردو درشت، پەیدا دەبن کە بە سەر و باڵای خۆی و شمشاڵەکەیدا هەڵبڵێن. بەڵام ئەمڕۆ بە وتەی خۆی جنێو و قسەی ناخۆشی" پێدەڵێن هەر ئەوکارەی کە لە گەڵ حەسەن زیرەک و دەیانی وەک ئەوانەمان کرد ودەیکەین!.

خۆی دەڵێ: « ئەگەر خۆم لە ئیختیاری قودرەتەکانی وەخت دابنایە ئەمڕۆ هەموو شتم دەبو، بەڵام من هێندەم لە کوچە و کوڵان و قاوەخانەکان شمشاڵ لێداوە، خەڵک تەقەم لە بابی دێنن, شەوی وایە بە تەلەفون جنێوم پێدەدەن، جنێوم بە... دەدەن، جنێو بە... دەدەن, یا لە خەیابان و کوچە و کوڵان و قاوەخانە دەڵێن ئەو سەگ بابە بەخۆی و ئەوشمشاڵەوە مێشکی سەری عالەمی بردووە » (وتووێژ لەگەڵ م.ڕەمەزانی)

باوەکو زۆر لە سەردەمی دەروێش عەبدوڵا وگۆرانی شاعیر دوور کەوتوینەوە بەڵام گۆران ودەرویش و مامە قالەی ئەمرۆش هەر ناڵەی کۆن لە دەروون وهەناویانەوە دێ.

مامە قالە دەڵێ: « میللەتی کورد پیاوی زۆر چاکی تێدا هەڵکەوتووە و هەڵدەکەوێ بەڵام کورد قەدری نازانێ! بە خودای، خودا میللەتی لە میللەتی کورد بێ ڕەحم تر دانەناوە!» (وتووێژ لەگەڵ م.ڕەمەزانی)

زیرەک دەیکوت: « هونەر لە ناو کورددا قەدری نەماوە دەمەوێ بمرم و لەو دونیاش چاوم بە بەشەری کورد نەکەوێتەوە !(نەواری قسەکانی لە بانە)

*گۆران دەڵێ: « لە ناو قەومی بەسیتا هونەر وەک عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا»*

قادر عەبدولاَراده بە گوێگرتن و دیتن و بیستن سەدان بەیت و باووحەیران و بەسەرهات و رازو سەربوردە و گۆرانی فێربووە, لە ڕاستیدا لە ڕێگای ئەدەبیاتی زارەکی نەتەوایەتییەوە، مێژووی گەلەکەی فێربووە. ئازارەکانی میللەتەکەی ئازاری دەدەن کە زمان دەگێڕی هەست و بیر و فیکری شاعیران و نووسەرانێک وەک پیرەمێرد وحاجی قادر و هێمن و هەژار لە گوێدا دەزرینگێنەوە!! بەلاَم قسەکانی و هەست و نەستی دەروونی کرپاریان نیە! ئەو بە شمشاڵەکەی کەس هەڵناپەڕێنێ بەڵکو مرۆڤ دەخاتە بیرو بیرکردنەوە! لێرەوەتەنیایی هونەرمەند دەست پێدەکا! دەبێ ئەویش وەک باب وباپیرانی بە هیوای پاشە رۆژبێ هەتا تێبیگەن و لە جێگای خۆی دایبنێن جێگایەک کە هەمیشە پاش مەرگ دەدۆزرێتەوە !!

قادر عەبدولاَزادە سەوادی نیە, زانستگاش نەچووە و دەورەی دوکتورای لە هێچ زانستگایێکی ناونەتەوەی نەدیوە. بەلاَم زیاتر لە ٧٧ ساڵ شەو و رۆژ شمشاڵی ژەندووە! ئەوەش تەمەنی چوارجار دوکتورا وەرگرتنە! بە مەش قالە مەڕە دەبێتە مرۆڤێکی کەم وێنە لە دنیای هونەردا و لە شمشاڵ ژەندنی کوردیدا لە سەردەمی خویدا دەبێتە تاقانەی تاقانە.

٧٧ ساڵ شمشاڵ ژەندن و وەڕەز نەبوون دەبێ نهێنییەکی گەورەی تێدا بێ, نهێنییەک کە تەنیا خۆی دەتوانێ بیدرکێنێ! نهێنییەک کە لە لای زۆربەی هونەرمەندانی گەورەی دنیا هەبووەو هەیە!!

قادر عەبدولاَزادە لە دواقسەکانیدا روو دەکاتە کوردەکانی دەرەوەی ولاَت ودەڵێ:« لە سەر کوردایەتی خۆیان برۆن! کتیبەکان بە چاپ بگەینن, با وەک قورئانەکەی ماموستا هەژاری لێ نەیا کە کەس نەیزانی چیان لێکرد(١)! بە هومێدی خودا لەورۆژە ڕەشە نەجاتمان دەبێ و ئیشالاَ بە یەک شاد و شوکر دەبینەوە!!» (وتوویژ لە گەڵ م.ڕەمەزانی)

سپاس و ڕێزمان بۆ ماڵپەری بۆکان

سەرچاوەی: ماڵپەری بۆکان - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩

## (گێرانەوەی خۆی بۆی. فەرشی و وت ووێژ لە گەڵ رادیۆ کرماشان)

قالە مەڕە هەم هەوا کۆنەکان دەژەنێ و هەمیش خۆی هەوا دا دەنێ و ناویان لێدەنێ، بەڵام جێگای داخە سەرەڕای ئەوەی دەور و بەری پڕی نووسەر و رۆژنامەنووس و لێکۆڵینەرە تا ئێستا نەبووە دانیشن لە گەڵی و دانە دانە هەواکان و ناوەکان و چیرۆکی بە سەر هاتەکان بنووسنەوە!! قالە مەڕە کتێبخانە یەکی زیندووی مۆسیقا، فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی زارەکی و رووداوەکانی ۷۰ ساڵی رابردووە و هەم شایەدی رووداوەکانی ئەمرۆیە کە هەمووی لە مێشک و گەرووی شمشاڵە کەیدا پاراستراون و لە کووچە و کۆڵانە کانی بۆکان و شارەکانی کوردستان لەگەڵ خۆی دەیانگێڕێ! بێگومان ئەم کتێبخانەیە دەتوانێ بابەتی دەیان سمینار و کۆنگرە بێ. نازانم باشە یا خراپ بەڵام پاش مردنی بێگومان دەیان و سەدان شاعیر و نووسەر و گۆرانی بێژ و لایەنگری فەرهەنگ و بەرپرسانی ورد و درشت، پەیدا دەبن کە بە سەر باڵای خۆی و شمشاڵەکەیدا هەڵبڵێن. (وەدی هاتووە و دێ!)

با وەکوو زۆر لە سەردەمی دەروێش عەبدوڵا و "گۆران"ی شاعیر دوور کەوتووینەوە بەڵام گۆران و دەرویش و مامە قالەی ئەمرۆش هەر ناڵەی کۆن لە دەروون و هەناویانەوە دێ.مامە قالە دە ڵێ: "میللەتی کورد پیاوی زۆر چاکی تێدا هەڵکەوتووە و هەڵدەکەوێ بەڵام کورد قەدری نازانێ! بە خودای، خودا میللەتی لە میللەتی کورد بێ رەحم تر دانە ناوە!"زیرەک دەیکوت: "هونەر لە ناو کورددا قەدری نەماوە. دەمەوێ بمرم و لەو دونیاش چاوم بە بەشەری کورد نەکەوێتەوە! گۆڕان دەڵێ: "لە ناو قەومی بەسیتا هونەر وەک عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا".قادر عەبدوڵازادە بە گوێگرتن و دیتنن و بیستن سەدان بەیت و باو حەیران و بە سەرهات و راز و سەر بوردە و گۆرانی فێر بووە. لە ڕاستیدا لە ڕێگای ئەدەبیاتی زارەکی نەتەوایەتییەوە، مێژووی گەلەکەی فێر بووە. ئازارەکانی میللەتەکەی ئازاری دەدەن کەزمان دەگێڕێ هەست و بیر و فیکری شاعیران و نووسەرانێک وەک پیرە مێرد و حاجی قادر و هێمن و هەژار لە گوێدا دەزرینگێنەوە!! بەڵام قسەکانی و هەست و نەستی دەروونی کریاران نییە! ئەو بە شمشاڵەکەی کەس هەڵناپەڕێنێ بەڵکوو مرۆڤ دەخاتە بیر و بیر کردنەوە! قادر عەبدوڵازادە سەوادی نەبوو، زانستگاش نەچوو و دەورەی دوکتورای لە هیچ زانستگاییێکی ناونەتەوەیی نەدیبوو. بەڵام زیاتر لە ۷۷ ساڵ شەو و رۆژ شمشاڵی ژەندووە! ئە وەش تەمەنی چوار جار دوکتورا وەرگرتنە! بەمەش قالە مەڕە دە بێتە مرۆڤێکی کەم وێنە لە دنیای هونەردا و لە شمشاڵ ژەندنی کوردیدا لە سەردەمی خۆیدا دەبێتە تاقانەی تاقانە.

**٧٧ ساڵ شمشاڵ ژەندن و وەڕەز نەبوون دەبێ نهێنییەکی گەورەی تێدا بێ. نهێنییەک کە تەنیا خۆی دەتوانێ بیدرکێنێ! نهێنییەک کە لە لای زۆربەی هونەر مەندانی گەورەی دنیا هەبووە و هەیە!!**

**یەکەم شەوی چلەی زستان، شەوی یەلدا, شەوی لە دایک بوونی میترا, هاوکاتە لە گەل لە دایک بوونی شمشاڵ ژەنێکی بێ نازی مەزن، قادر عەبدوڵازادە (قالە مەڕە)..**

**دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا شەوی ٢١ - ٢٢ - ٥ هونەرمەندی شمشاڵ ژەنی گەورەی کورد (قالە مەڕە) لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە شاری (بۆکان) کۆچی دوایی کردو بۆ یەکجاریی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.**

**سەعات ٥ ی ئێوارەی ٢٢ / ٥ لە مەراسیمێکی شایستەدا تەرمی هونەرمەند (قالە مەڕە) لەمزگەوتی جامیعەی شاری بۆکانەوە بەرەو کێوی ناڵەشکێنە بەڕێ کرا و لەسەر وەسێتی خۆی لەتەنیشت گۆڕی هومەرمەندی کۆچکردوو مامۆستا (حەسەن زیرەک) بەخاک سپێردرا، ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە ش لە مزگەوتی جامیعەی شاری بۆکان پرسەی بۆ دادەنرێت.**

**جێی ئاماژەیە قادری عەبدوڵلا زادە ناسراو بە قالە مەڕە ساڵی ١٩٢٥ لە ئاوایی (کولیجە)ی سەر بەشاری بۆکان لە دایک بووە، یەکێک بووە لە هونەرمەندە ناسراوو دیارەکانی کورد، کە لە ژەنینی ئامێری شمشاڵدا جێ دەستی دیار بوو، لە ماوەی تەمەنیدا خزمەتێکی زۆری بەهونەری کوردی کردووەو لە ماوەی رابردووشدا بەهاریکاری کەناڵی کوردسات زۆربەی بەرهەمەکانی بۆ تۆمارکراو بڵاوکرایەوە.**

***زیرەک هەستە لەو نێو گۆڕە ئەوا میوانێ تازە هات***
***هەتا دەنگی شمشاڵەکەی خەبەر بدا بە دوور وڵات***
***دەبا ناڵەشکێنە دیسان بۆ مام قادر رەشپۆشی کات***

**سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوەدێر**

## ژیاننامەی هونەرمەندی شمشاڵژەن قالەمەڕە

قادر عەبدوڵڵا زادە ناسراو بە(قالە مەڕە)، ئەو هونەرمەندی شمشاڵژەنە ساڵی ١٩٢٥ (ای سەرماوەزی ١٣٠٤ کۆچیی هەتاوی) لەگوندی کولیجەی سەر بەبۆکان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتووەتە دنیاوە.

### هەموو شتێک لەبارەی قالەمەڕەوە:

ناوی باوکی ناوی محەمەد بووەو لەلایەن شێخ محەمەد شێخی بورهان لەناوچەی موکریان، کە قادری زۆری خۆش دەویست، لەبەرئەوەی کە مێردمنداڵێکی زۆر هێدیو ئارام بووە نازناوی قالە مەڕەی پێبەخشراوە.

لەساڵانی پەنجاکانو ساڵانی دواتر لەناوەندەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکانی (کرماشان، سنە، تاران، مەهابادو ئورمیە) بەدەنگی سحراویو ئاسمانیو بەربڵاوی شمشاڵەکەی چەندین پارچە موزیکی جوانو رەسەنی پێشکەشکردو هونەری موزیکی کوردی بەشکۆیەکی بێوێنەوە هێنایە گۆڕەپانی هونەرییەوە.

دواتر بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژی بەتوانای کورد (حەسەن زیرەک) هاوکاری هونەری کردو لە پێشکەشکردنی گۆرانییەکانیدا بەئامێری شمشاڵ یارمەتی دەدا.

قالە مەڕە باوکی نەبینیووەو دایکیشی لەتەمەنی شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. هەروەک خۆی دەڵێت؛ تەواوی ژیانی بەناڕەحەتیو برسێتیو چارەڕەشی تێپەڕکردووە. ساڵی ١٩٤٥ - ١٩٤٦ پەیوەندی بەکۆماری مەهابادەوە کردووەو دۆستایەتییەکی نزیکیشی لەگەڵ نەمران هەژارو هێمن موکریانیدا هەبووە.

لەدوای لەسێدارەدرانی قازی محەمەدی سەرۆک کۆمار، قاچاغ دەبێو هانا دەباتە ئەشکەوتی گوڵاڵە، یان پەنا دەباتە ماڵی (عەباس ئاغای سەرکەپکان)و (ئەحمەد ئاغا)ی کۆیە، ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بووەتە هاوڕێی (مەلا ئاوارەو مەلا مەحموودی زەنگەنەو سولەیمانی موعینی). هەر لەو سەروبەندەدا ماڵیان چووەتە دەڤەری بۆکان.

تاساڵی ١٩٨٥هەر بەسەڵتی ژیاوەو خێزانی پێکنەهێناوە. هونەرمەند قالە مەڕە هەمیشە لەخەباتی کورددا بەشداریکردووەو هاوڕێو هاوشانی تێکۆشەران بووە. تاسەردەمای شۆڕشی گەلانی ئێران واتە ساڵی ١٩٧٨ بەنهێنی لەگەڵ جووڵانەوەی کوردو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە.

گرنگی شمشاڵەکەی قالە مەڕە لەئاستێکدایە کە پسپۆڕانو شارەزایانی بواری مۆسیقا نەتەنیا نەیانتوانیوە خۆیان لەهونەرەکەی لادەن، بەڵکو تەنانەت وەک بلیمەتێک باسی قالەمەڕە دەکەن. بۆ نمونە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی سەبارەت بەقالە مەڕە دەڵێ: پەنجەکانی مامەقالە پەنجەیەکی کورتی ڕەسەن، پەنجەیەکە کەوا ئێمە کەم کەس هەیە بەمشێوازە بتوانین دەستی بۆ درێژ بکەین، زۆر پێویستە ئێمە بەوپەڕی ڕێزەوە بەو پەڕی گەورەییەوە بڕوانینە مامە قالە، تەجرەبەی ژیانی ئەو بکەینە نووسراوێک لەکتێبەکاندا بڵاوی بکەینەوە، نەوەکانی داهاتوومان دەیان ماستەرنامەو دکتۆرا نامەی لەسەر بنووسن.

هەروەها مامۆستا (ع.ج. سەگرمەش) لەسەر هونەری قالە مەڕە ئاوا دەبێژێت "قالەمەڕە شمشاڵژەنێکی بەتواناو لێهاتووە، شارەزاییەکی زۆری لەموزیکی کوردیدا هەیە شارەزاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەنیو سەدە ژەنینی ئەو ئامێرە، دەتوانم بڵێم لووتکەی ژەنینی ئامێری شمشاڵ لەموزیکی کوردیدا لەژەنینەکەی قالە مەڕە دایە."

هەروەها ئەو هونەرمەندە لەبارەی قالە مەڕەوە دەڵێت "دەتوانم بەحەسەن زیرەکی بەناوبانگی بەراورد بکەمو بڵێم ئەگەر حەسەن زیرەک بەتواناترینو بەناوبانگترین گۆرانیبێژی میللیو مووزیکی کوردی سەدەی بیستەم بوو بێت، ئەوا قالە مەڕەش بەدڵنیاییەوە چاکترین شمشاڵژەنی موزیکی کوردی سەدەی بیستەمە."

مامۆستا حسێن یووسف زەمانی، مۆسیقاری بەناوبانگی کوردیش دەیانجار لەسەر هونەرو بلیمەتی قالەمەڕە دواوە.

هونەرمەندی موزیکو بەیتو حەیرانو لاوکو گۆرانیو مەقاماتی ڕەسەنو فۆلکلۆری کوردستان قالە مەڕە خاوەنی چەندین بەرهەمی پڕبایەخو بەهێزو جوانە کە هەموویان مۆرکی تایبەتی ئەم هونەرمەندەیان پێوە دیارەو ناسنامەی هونەری موزیکی دەوڵەمەندی کوردینو بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

بابەتی زۆربەی بەرهەمەکانی حەماسیو مێژوویيو عاشقانەیەو وەبیرهێنەرەوەی سیمای گوندو شارەکانو سروشتی جوانی کوردستانن و هەرکامەو بەجۆرێک مێژووی نەتەوەی کورد دەگێڕنەوەو لەدەزگا جۆراوجۆرەکاندا زۆر بەجوانی پێشکەشیکردوون.

لەنێو هونەرمەندانی موزیکزانی ولاتی ئێرانو لەفێستیڤاڵە گەورەو پڕ بایەخەکانی هونەری موزیک لەئێران هونەرمەند قادر عەبدوڵلا زادە بەنازناوی (گنج متحرک) ناسراوە واتە "گەنجینەیەک کە دەگەڕێت" ناسرابوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەم بلیمەتە وەکو گەنجینەیەکە کە پڕە لەموزیکو بەیتو حەیرانو لاوکو گۆرانیو مەقاماتی ڕەسەنو فۆلکلۆری هونەری موزیکی دەوڵەمەندو ڕەنگینو جوانی کوردستان.

هونەری موزیکو گۆرانیو شمشاڵی کوردستان بێگومان مرۆڤ وەبیر هونەرمەند قالە مەڕە دەخاتەوە، چونکە ئەم هونەرمەندە بێهاوتایە لەبواری ژەنینی بەیتو حەیران و لاوک و مەقام و گۆرانی و سەرجەم ئاوازەکانی جۆراوجۆری موزیکی کوردستاندا توانایەکی لەڕادەبەدەرو شارەزاییەکی تەواوی هەبوو.

لەلایەکی دیکەوە هونەرمەند قالە مەڕە لەدوو دەیەی ڕابردوودا لەسەر بانگهێشتی خوێندکارانی کورد لەزۆربەی هەرە زۆری ڕێوڕەسمی ساڵوەگەری کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەزانکۆکانی ئێران ئامادەبووەو بەدەنگی بەسۆزو سحراوی شمشاڵەکەی کۆڕەکەی ڕازاندووەتەوە.

قالە مەڕە لەساڵانی کارو خزمەتی هونەری خۆیدا، لەزۆربەی فێستیڤاڵە گرنگەکانی بواری هونەری موزیک لەئێران لەوانە فێستیڤاڵی موزیکی فەجر لەتاران، فێستیڤاڵی موزیکی ناوچەکانی ئێران لەکرمانو لەبۆنەو فێستیڤاڵەکانی سنە، کرماشان ـ ئیلام، ئورمیە، مەهاباد، سەقز، بۆکانو لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی لەهەرێمی کوردستان بەشداریکردووەو چەندین خەڵاتو شانازی گەورەی بەدەستهێناوە. هەروەها لەزۆربەی ئەو فێستیڤاڵانەدا تابلۆی سوپاسو ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.

هونەرمەندی میللیو شمشاڵژەنی ناوداری کوردستانو ئێرانو جیهان قادر عەبدوڵلا زادە ناسراو بە(قالە مەڕە)، شەوی پێنجشەممە ٢١ی مای ٢٠٠٩ لەکاتژمێر ١٥ : ٢٢ بەکاتی هەولێر، لەتەمەنی ٨٤ ساڵیدا بەهۆی

نەخۆشییەکی درێژخایەن لەماڵی خۆی لەشەقامی مامۆستا هێمن لەکۆڵانی لاچین ١٥ لەشاری بۆکان کۆچی دوایی کردو رۆژی دواتر واتە هەینی ٢٢ی مای ٢٠٠٩ بەبەشداری هەزاران کەس لەگەلی بۆکانو شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان تەرمی پیرۆزی بەپێی وەسێتی خۆی لەداوێنی ناڵەشکێنە لەپەنای گۆڕی هونەرمەندی مەزن حەسەن زیرەک بەداوێنی دایکی نیشتمان سپێردرا.

سەرچاوە : ماڵپەری رووال

## قالە مەڕە لەبیرمەکەن!

**جەزا عەلی ئەمین**

قالە مەڕەی شمشاڵژەنی بەناوبانگی کوردستان، نەخۆشەو ماوەیەکە ئەو توانایەی لەدەستداوە فوو بەشمشاڵەکەیدا بکاو بەهۆیەوە بیسەرانی بباتەوە بۆ چیاو چۆلان تا خەم و دەردە دڵ بدەنە دەم با، لەیادی راپەڕین لەساڵی (٢٠٠٣)دا

کەبەعسییان کەوتنە داوی خۆیانەوەو ئەمریکاو هاوپەیمانان ئاگریان بەسەریاندا باراند، ئەوێ رۆژێ مامە قالە دوای تەقەلاو تکایەکی زۆر هێنامانە سلێمانی و لەلایەن بەڕێز مام جەلال و هێرۆ خان-ەوە بەگەرمی بەسەرکرایەوەو خەلاتی زێڕینی پیرەمێردی پێبەخشرا، لەوکاتەدا کەچووینە لای جەنابی مام جەلال بەڕێزی وتی (مام قالە مەڕۆوە، هەرچی دەتەوێ بۆت دەکەم).

مامە قالە لەوەلامدا وتی (هاتووم لەنزیکەوە ئەو کوردستانە ئازادە ببینم و چاومی پێڕون وەبێ، ئەوی دەشیزانم بۆتان بەجێبێڵم، دوایەش ئەگەر ئیجازەت لەسەربێ دەچمەوە.)

قاله مەڕە دوای خەلات و ڕێزلێنان بردمەوە بۆ بەردەمی ماڵی خۆیان، خەڵکی بۆکان ئەو حورمەت گرتنەی ئەویان لە کوردستانی عیراق پێخۆشبوو، ئەم نەورۆزە بۆ چەند ڕۆژێ چوومە بۆکان و لەنزیکەوە دیمەوە، نەخۆش و کەلەلایە، وەڕز، دەیوت (هیوایەکم هەبێ لەکوردستانی عیراقەوە ئاوڕێکم لێبدەنەوەو لەو نارەحەتییە رزگارم کەن، بیست ڕۆژە ناتوانم شمشاڵ بەدەستەوە بگرم، ئەوەندەی ماوە دەمەوێ ئاوا نەژیم، وەک پێویست بەتەنگمەوە نین!).

لێرەوە داوا لەبەرپرسانی خۆمان دەکەم کە ئاوڕێکی میهرەبانانە لەو پیاوە بەتەمەنە بدەنەوەو ئەگەر دەکرێ بیهێننە ئێرەو شوێنێکی حەوانەوەی هەبێ و لەژێر چاودێری پزیشکدابێ، کەمێ ئازاری لێکەمبێتەوە، من نالێم لێرەبێ نامرێ، بەلام باشتر دەژی و دەردی مەرگی لەسەر کەمدەبێتەوە! ئەو شمشاڵەی ئەو لەدەستی کەوتە خوارێ بۆکەسی دی ئەو نەوایەی لێنایە.!

**ماڵپەری پی یو کی pukcenter.org**

## یادی چلەی ماتەمینی قاله مەڕە لەووڵاتی نیوزلاند بەرزو پیرۆز ڕاگیرا

**عەلی حوسین - نیوزیلەند**

مێژوویی تایبەتی هەموو مرۆڤێک، لەڕۆژی لەدایکبوونییەوە تادواهەناسەی ژیانی لەچەند قۆناغێکی جیاواز تێپەڕدەبێت. لەهەریەکێ لەوقۆناغانەدا چەندین ڕوداو بەسەرهاتی تێدایە.

ئەگەر دیاری هەموو مرۆڤێک عەشق و هۆنراوەو خۆشەویستی بێت، ئەوا دیاری قاله مەڕە شمشاڵەکەیەتی بۆئێمە دیارییەکی نەتەوەیی وهونەرییە.

ئەو ڕۆژەی هەواڵی کۆچی دوایی قالە مەڕەم بیست. خەم وناخۆشی بۆ جارێکی تر لێم نزیک بووە، کەوتمە نێو دنیای بیرکردنەوەو ئەندێشە.

-----------------

*بمان وەخشە پیری شمشاڵ، نەمانتوانی وەک تۆ*
*لەغەزەلی نەیجەیەکدا نیشتمان بەسەرکەینەوە*
*لەزەینی شمشاڵێکدا نیشتمان سۆزە پۆش کەین*
*بمان وەخشە پیری شمشاڵ، نەمانتوانی وەک تۆ.*

(ئیسماعیل خورماڵی)

ئەی مەرگ بۆئەم هونەرمەندە گەورەیەت لێ جیاکردینەوە ؟.. ڕاستە کاتی ماڵئاوایی کردنی بوو. بەڵام ئێمە بێکەس ماینەوە. شمشاڵەکان هەتیوکەوتن. بەرگی ڕەشیان پۆشیووە.

منیش لەم دوورە وولاتە ماتەمینی و نارەحەتی خۆم ڕادەگەیەنم. چۆن بتوانم ئەم هونەرمەندە گەورەیە لەبیر نەکەم و کارێک بکەم.

شمشاڵ ژەنی مەزن. هێزی هەستی شنەی مەستی خەیاڵاکەت لەئامێز بگرم. ئەو شمشاڵە هەست بزوێنە بەجوانی و پیرۆزی ڕابگرم. لەئێوارە کۆڕێکدا بتوانم ژیانی و کەسایەتی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بەرز ڕاگرم.

کاتێک هەواڵەکەم بیست. کەوتمە خۆئامادەکردن بۆئەوەی لەیادی چلەی ماتەمینی کارێکی جوانی بۆ بنەخشێنم.

لەڕاستیدا (غەزەلی نەیجە) کەدیارییە بەپیری شمشاڵ .هۆنراوە بەرزەکەی (ئیسماعیل خورماڵی) بووە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی یادەکە.

لەدوای مانگێک کۆکردنەوەی بابەت و سەرچاوەی باش، کەزۆر سەرقاڵی کردم. تاوەکو بابەتی سودمەند و بەکەڵک پێشکەش بکەم. گەڵاڵەکردن و کۆکردنەوە بۆ یادێکی لەو جۆرە کەهونەرمەندێکی گەورەی وولاتەکەمان هەموو تەمەنی بەخزمەتکردنی گەل و نیشتمان بردەسەر هەرواکارێکی ئاسان نییە کەبەتەنیا جێبەجێی بکەم.

توانیم پەیوەندی بکەم بەخوشک و برایانی شاری ئۆکلەند و هملتۆن . کەیادی چلەی ماتەمینی قالە مەڕە لە ٥ جولایی پێشکەشی دەکەم. لەڕاستیدا بەحەزو خولیایەکی هونەری و نیشتمانی هاتن بەدەم داواکەمەوە. من لێرەوە سوپاسی یەک بەیەکیان دەکەم.

لەهەمووی گرنگترو ڕازاوەتری بەرنامەکە ئەو پەیڤە شیعرە بوو کەلەوولاتی ئوسترالیاوە. شاعیرو پارێزەر (جەمال غەمبار) بەپەیڤێکی شیعری کورت بەشداری ئەم یادی ماتەمینیەی کرد. بەناوی(قالە مەڕە ئەو شمشاڵەی خەمی هەمومانی دەژەنی:

*ماڵم تەنیاو، دڵم تەنیاو، ڕۆحم تەنیایە بەبێ تۆ*
*ئاسمانی من چۆڵەوانیی و خۆرم هەڵنایە بەبی تۆ*

ئەم پەیڤە شیعرەی مامۆستا جەمال غەمبار دیارییەکە بەیادەکە. منیش هەوڵدەدەم لەدوای ئەم ڕیپۆرتاژە هوەک خۆی بڵاوی بکەمەوەو تاوەکو خوێنەری هێژا بیخوێنیتەوە.

ڕێوڕەسمی یادی چلەی ماتەمینی بەم شێوەیەیی خوارەوە بەڕێوەچوو.
ئەو بەڕێزانەی کەبەشدارییان تێداکردووە حەزدەکەم یەک بەیەک ناویان بنوسم
تاوەکو بتوانم لەم ڕیپۆرتاژە هونەرییە ئاماژە بەهەوڵ و تواناکانیان بدەم.

زۆر سوپاس و دەست خۆشکەری لەتەواوی کوردەکان دەکەم. ئومێدەوارم نمونەیان لەزیاد بووندابێت.

١- پێش کەشکاری یادەکە (ڕۆزا جەمال غەمبار) توانی زۆر سەرکەوتووانە یادەکە پێشکەش بکات و خۆشەویستی

بینەران زیاتر بکات بۆ یادەکە.

لەدەستپێکی کردنەوەی یادەکە بەچەند ووتەیەک .دوایی گووتی: ئێستاش دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی هونەرمەندان قالە مەڕەو هەردو هونەرمەندی تازە کۆچکردوو (سەلاح داودە وحسێن میسری) کەلەو یەک دوو مانگەدا کۆچی دووایان کرد بوو.

بەهەواڵی کۆچی دوایی مام قادر هەست بەوەدەکەم گەوهەرێکی زۆر بەنرخم لێ وون بووە هەست بەوەدەکەم .گەوهەرەکەم لەبەحرێکی قوڵ و بێبن کەوتووە لەچاوم وون بووە بەڵام بیری لەدڵما ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە. بەبڕوای من ئەبێ هەرهەموو شمشاڵەکانی ئەم دونیایە بگرین و شین بگێڕن. کەبێ باوک مانەوە و هەتیو کەوتن.

٢- ئامادەکارو ڕێکخەری یادەکە (عەلی حوسێن) ووتەیەکی پێشکەش کردو تیایدا گووتی: هونەرمەند قادر عەبدوڵازادە ناسراوبە(قالە مەڕە) لەساڵی ١٩٢٠ لەگوندی کۆلیجە لەنێوان بۆکان و مەهاباد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.

لەساڵی ١٩٤٥ - ١٩٤٦ پەیوەندی بەکۆماری مەهابادەوە گرتووەو دۆستایەتییەکی نزیکیشی لەگەڵ نەمران (هەژارو هێمن)دا هەبووە. هونەرمەند قالە مەڕە .هەمیشە لەخەباتی کوردا بەشداریکردووە. هاوڕێ و هاوشانی تێکۆشەران بووە.

٣- ووتاری کۆمەڵەی کورد لەنیوزلاند لەلایەن بەڕێز عەباس سۆرانی خوێندرایەوە باسی لەوەکرد کە هەموو لایەکمان بتوانین لەداهاتوودا کاری باشترو جوانتر ئەنجام بدەین ئاماژەی بەخاڵێکی گرنگدا کەم مانگەدا دوژمنان دکتۆر عەبدول ڕەحمان قاسملویان شەهید کرد.

٤- پێشمەرگەی دێرینی کوردستان بەڕێز عەلی بچکۆل توانی بەچەند ووتەیەکی جوان و بەنرخ و سودمەند بەشداری بکات.

٥- هونەرمەندی دەنگخۆش جەمال حوسێن میرزا تـوانی بەلاوانەیـەک بەشداری بکـات .سەرنجی گوێگران ڕابکێشێت بۆخۆی.

٦- بەڕێز خاتون پەری عەلی توانی بەووتارێکی جوان لەسەر هونەر بدوێت و بەشداری بکات.

٧- بەرپرسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بەڕێز بەهرۆز غەفور دەروێش بەووتارێک بەشداری کرد.

٨- بەڕێز عەلی مەحمەد ئەمین ناسراو بە عـەلی هەڵەبجەیی .لەسـەر خاڵـە مینـەی شمشـاڵژەن بابـەتێکی جوانی پێشکەش کـردو یادەکـەی ڕازانـدەوە. گـووتی: خاڵەمینـە لـەمانگی نیسـانی سـاڵی ١٩٧٨ دا دڵـە گەورەکـەی و شمشاڵەکەی لەلێدان کەوتن. ئێستاش خاڵەمینە بۆ هەڵەبجەییەکان شانەی هەنگوینی بیـرەوەرییـە. پڕە لەشیلەی یادی جاران.

٩- قوتابخانەی ئازادی زمانی کوردی بەشدارییان کرد لـەم یـادە پیـرۆزەدا. تووانیـان بـەهۆنراوە جوانەکـەی خالیـد شەیدا بەشداری بکەن.

*خەفەت مەخۆ*
*کەتۆ مردی*
*تۆ پەپولەیەکی بێ گەردی*
*وارۆحت بەرێوەیە*
*بەرەو بەهەشت دەفرێ*
*خەفەت مەخۆ .*

١٠- هونەرمەندی لاو و دەنگخۆش لقمان مەهابادی بەدوو لاوانەوە و پارچەیە هۆنراوە بەشداری کرد.

*مامە قالە ئەی هەڤاڵی - نەسرەوتووی بێ لانەکەم*

*یادی تۆ ڕووناکی چاوە - پڕ بەدڵ هاواردەکەم*

*شەو نخوونی و تێکۆشانت - قەت لەبیر ناچێتەوە*

*دڵ گرانم زۆر پەرۆشم - چەشنی تۆ نابێتەوە*

١١- بەڕێز خاتون هەلاڵە عەبدوڵازادە. دوای ووتە بەنرخەکانی. هۆنراوە بەرزو جوانەکەی (ئیسماعیل خورماڵی) خوێندەوە.

*نەمانتوانی وەک تۆ*

*ئەی پیری زەمانی عەشق*

*ئەی موریدی تەریقەتی بانەمەڕان*

*هەی خۆش نەوای خۆش نەوایان*

*نەمانتوانی نەمانتوانی*

پاش پشودانێکی پانزە دەقیقەی. توانرا بەشی دووەمی یادەکە دەست پێبکات. بەپیشاندانی فلیمێکی دۆکۆمینتاری لەسەر ژیانی قالە مەڕە لەڕێگای (پرۆجێکتەر) کەسەرنجی تەواوی بینەرانی ڕاکێشا.

*مامە قالە*

*بەبێ دەنگی لەنێو دڵی هەژاریدا گەورە بووم*

*هەتا نەمرم. باوەڕناکەن .ئەمن هەبووم*

*لەنێو گەرووی شمشاڵەکەم .خەم شالاوی بۆهێناوم*

*خۆم برسیمە*

*خۆم تینومە*

*چی بکەم کوردم کوردستان بووە بەهەناوم*

*بەماشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب کۆتایی بەیادەکە هات.*

**هەروەها زۆر زۆر سوپاس و دەستی مانوبونیان دەگوشم ئومێدەوارم تەمەن درێـژبن بۆزیـاتر خزمەتکردنی هونەرو مۆسیقاو فەرهەنگ وئەدەبی کوردەواری.**

**١- تیپی مۆسیقای نامۆ. بەڕیز مەحەمەد عەبدوڵڵا. بەڕێز شڤان مەحەمەد. هۆزان مەحەمەد**

**٢- بەڕێز بابەشێخ بەلێدانی ساز**

**٣- کاری مونتاژ و تۆمارکردنی فلیمی دۆکۆمینتەری بەڕێز**

**عەبدولواحید (خەندە ڕەش) لە شاری هملتۆن . هەوەها بەڕیزان مەحەمەد مەلا ڕەشید و لانەواز بەرزنجی**

**٤- کاری گرتنی فلیمی یادەکە بەڕێزان ڕێکەوت عەلی و مەحمود حوسێن**

**عەلی حوسێن - نیوزلاند ٨ی جوولای ٢٠٠٩**

**لـە وڵاتـی ئوسـترالیاوە ، شـاعیر و پـارێزەر (جـەمال غـەمبار) بـە پـەیڤێکی شیعریی کـورت بەشـداریی ئـەم یـادی ماتەمینیە ئەکات،**

---

## قالە مەڕە، ئەو شمشاڵەی خەمی هەمووومانی دەژەنی!

**نوسینی: جەمال غەمبار**

*ماڵم تەنیا و، دڵم تەنیا و، ڕۆحم تەنیایە بە بێ تۆ*
*ئاسمانی من چۆڵەوانیی و خۆرم هەڵنایە بە بێ تۆ*
*دوای کۆچی تۆ ئەستێرەم بێدەنگ و*
*تریفەم خامۆش و*
*هەموو ڕۆژێک قەڵەم فرمێسک ئەنوسێ.*
*دوای کۆچی تۆ، هەموو بەیانییەک گوڵی مەراقێ لە ئینجانەی*
*ماڵ بە ماڵی نیشتمانە غەریبەکەمدا ئەپشکوێ!*

بۆ بێدەنگیت ئەی شمشاڵە غەمگینەکەی ڕۆژهەڵاتم

بۆ خامۆشیت ئەی بارانە سپیەکەی خوا، ئەی خەمژەنەکەی وڵاتم!

-----

سڵاو ئەی ئەو شمشاڵە غەریبەی

بەر لە کۆچت، خەمی هەموومانت ژەنی!

سڵاو ئەی گەڵای وەریوی خەزانەکەی کوردەواریم.

سڵاو ئەی میوانە ڕۆح سپیەکەی تەنیایی من

پەلەی چییت بوو، لەم زەمەنی بێ وڵاتیی و

لەم سەحرای چۆڵی غوربەتە و

لەم ئێوارەی تەمەنەدا بۆ جێت هێشتین؟

-----

تۆ لەبەر پەنجەرەی حەسرەتا هێشتا خەریکی خوێندنەوەی

خەمەکانی نیشتمان بویت،

هێشتا دڵت لای "بۆکان" و

هێشتا باڵندەی خەیاڵت لە باخچەکانی میهرەبانیدا هەڵئەفڕی،

هێشتا لە سەرەتای گێڕانەوەی حیکایەتی عیشقدا بویت

کەچی بای هەواڵێک هەڵی کرد و

دیواری ئومێدی ئێمەی ڕوخاند و

چرای بەختەوەریی ئێمەی کوژاندەوە.

هەواڵ وەک قاسیدێک وتی:

شمشاڵێک مرد،

هەرچی گۆرانیی ئەم وڵاتە هەبوو

بۆ پرسەی ئەو

قردێلەی ڕەشی خەمێکیان دا لەسەریان.

شمشاڵێک مرد،

هەرچی ئاوازی غەمگینی "سابڵاخ " هەیە

لەگەڵ "ماملێ " بە بێدەنگیی بۆ ئەو گریان.

ئەم شمشاڵە ڕۆژانێک بە لێوی نیشتمانەوە سۆزی لێ ئەتکا

ئەم شمشاڵە کە مەست ئەبوو دڵی پڕ ئەکردین لە خۆی،

سینەشی پڕ ئەکردین لە نەسیمی بەیانیانی ئەوین!

کەچی لە سەفەرێکی ناوەختا

بە جێی هێشتین ئەم شمشاڵە!

کەچی لە شەوی میحنەتێکدا

تەنیای کردین ئەم شمشاڵە!

سەرچاوە : ماڵپەری کڵاورۆژنە

---

## هەشتا و چوار ئەستێرەی گەش!.

**هۆشیار**

کزەی فێنکی بەرزترین کوێستانی

خۆرهەڵاتی وڵاتێکی پارچە پارچە کراو

بێ وەچان وەک شنەی بەرە بەیان

لە قامیشلوو، کەرکوک، مەندەلی، خانەقین و قەسر و...

گڕی گەرمیانەکەی

فێنکی و ئارامی پێ دەبەخشی

نزیک سێ چارە کە سەدە

شنەی فێنکی دەنگێکی سازگار
لە بەرە بەیان و خۆرئاوای وڵاتم
هەستی برینداری پەیکەرێکی
زە نجیرکراو...
هەرجارە و برینە قووڵەکەی
سارێژ دەکرد و دەی کا
ئەو گوڵەی لە نێو باخاندا
شێوەنی بۆ ڕێبەرێک دەکرد
ئەی وت قاسملوو پاش تۆ
کوێرایم دایە
لە سەدەی بیست و یەک بوو
لە پڕ هەشتاو چوار ئەستێرە
هەشتا و چوار ساڵی تەواو
تریفەی ئاسمانیکی پرشنگدار
لە ئاسمانی وڵاتێکی بە دیل گیراو
لە خۆرهەڵاتی ئەم وڵاتم
زوو زوو نقووم بوون
وام زانی ڕۆژ هەڵاتووە
بۆیە ئەستێرەکان لە چاو وون بوون
وتم ئەستێرەکان لە خۆرئاوا
جارێکی دیکە دەگەرێنەوە
لە سەر ئاسمانی کوردستانم بە جریووە جریووە
خۆر ئاوا بوو، چاوەڕوان بووم
بەڵام مخابن ئەستێرەکان نەمان
خەم و بێ دەنگی وڵاتی داگرتبوو

پاشان زانیم کە ئەستێرەکان زۆر جار
دەسووتێن و لە سەر زەوی دەکەون
ئەم جارەش ئەم ئەستێرانە
لە پاڵ ئارامگای
بولبولی باخەکەی کوردستان کەوتن
لە دڵی کوردستان دا نێژرا
دەنگی شمشاڵەکەی مامە قالە
یادی مامە قالە
تا کوردستان بێ
یاد و دەنگی ئەویش هەر دەمێنێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠٠٩

## خەڵاتی مەڵبەندی هونەری ماملێ لە بۆکان درا بە قالە مەڕە

ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵات: پێش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٥ی دێسامبری ٢٠٠٩ لەشاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەکەش و هەوایەکی دۆستانەی جوان و بەرزی هونەری و نەتەوەییدا ڕێورەسمێک بۆ پێشکەشکردنی (خەڵاتی ڕێزلێنان لە هونەرمەندی ساڵ بەرێوە چوو) کە لەلایەن (مەڵبەندی هونەری ماملێ) تەرخانکرابوو، نۆبەرەی بەخشینی ئەم خەڵاتەش پێشکەشی خوالێخۆشبوو هونەرمەندی شمشاڵ ژەنی دەست و پەنجە زێرین(قادرعبدالله زادە ناسراو بەقالە مەرە) کرا.

لەم بۆنەیەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیانی رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و ئەندامانی هەردووبنەماڵەی قالە مەرە وماملێ نوێنەرانی ناوەندوکۆروکۆمەڵەکان ئامادەبوون سەرەتا چەندچالاکییەکی هونەری پێشکەشکران

لەوانەش ژەنینی چەندپارچە ئاوازێک بەشمشاڵ لەلایەن یەکێک لە هونەرمەندانی لاو دواتر بەپێشکەشکردنی چەند ووتارێک و خوێندنەوەی چەندین پارچە پەخشان و هۆنراوە درێژە بە مەراسیمەکەدرا،هەروەها هونەرمەندان کاک جەعفەر وعبداللە ماملێ بەگۆرانیەک بەشداریان کرد و پاشان لەلایەن ئامادەبووانەوە لەچەند پەیڤ و ووتەیەکدا باس لە لایەنی هونەری و هەوڵ و ماندووبونی هونەرمەند قالە مەرە کرا سەبارەت بە پاراستنی میلۆدوئاوازە رەسەنەکانی کوردی و گەشەپێدانی ئەو گەنجینە هونەرییە کە خودی هونەرمەند بەپشت بەستن بەخۆی وگەلەکەی و بەهەوڵ و ماندوبون و شەونخونی زۆری تائەو جێگەیەی توانی برەوی بەهونەرەکەی داو سەرەنجام ئەو پێگە هونەری و کەسایەتییە بەرزەی لێ هەڵ کەوت کەجێی شانازی هەموولایەک بێ و سەربەرزانەش خۆی گەیاندە کاروانی نەمری لەمێژووی هونەری ناوچەکەو گەلی کورد.

لەبەشێکی تری ئەو مەراسیمەدا لەلایەن هەردووبەرێزان (مامۆستا فەتاح ئەمیری و جەعفەری ماملێ) خەڵاتی رێزلێنانی(ماملێ ٢٠٠٩) بەهەنەرمەندی ساڵ پێشکەشی ماڵباتی هونەرمەند (قالەمەرە) کرا..

دوابەدوای ئەم برگەیەش ئامادەبووان و بەشداربووانی رێورەسمەکە وەک رێزلێنان سەردانی ناڵەشکێنەی بۆکانیان کرد کەئارامگاو گڵکۆی هونەرمەند قالەمەرەی لەئامێز گرتووە لەپاڵ ئارامگای هونەرمەندی گەورەو نەمر (حسن زیرەک) بۆئەم مەبەستەش دوابەدوای گەیشتنیان و خوێندنی سورەتی فاتیحە تاجە گوڵی وەفاو خۆشەویستی و رێزلێنانیان لەسەر گڵکۆی هەریەک لە (زیرەک و قالە مەرە)داناو پاشان بەرێز حورمەتەوە کۆتایی بەو مەراسیمە هونەرییە هات.

شیاوی باسکردنە ساڵی ڕابردو لەکاتی کردنەوەی (مەڵبەندی هونەری ماملێ) راگەیەندرا کەهەرساڵ بەگوێرەی توانا خەڵاتێکی رێزلێنان بۆهونەرمەندێکی کوردستان تەرخان دەکرێت ، وائەمجارەش بەخۆشحاڵییەوە یەکەم نۆبەری خەڵاتی ماملێ لەساڵی ٢٠٠٩ پێشکەشی هونەرمەندێکی ناسراو و هەڵکەوتووی وەک مامۆستا (قالەمەرە) دەکرێ جارێکی تر پیرۆزبایی و خۆشحاڵی خۆمان رادەگەیەنین بەبۆنەی بەرێوەچوونی ئەم رێورەسمە و سوپاسی هەموو ئامادە بووان وگشت لایەن و کەسایەتییە رۆشنبیری و ئەدەبی و کۆری هونەرمەندان دەکەین کەبەشداربوون لەگەڵمان بۆسەرخستنی ئەو بۆنە پیرۆزە.

بەرزو بەڕێز وشکۆداربێت کاروانی هونەرو ڕۆشنبیری گەلی کورد
سڵاو و حورمەتمان بۆ سەرجەم هونرمەندانی ئەرک وەخۆگری نەتەوەی کوردلەهەرکوێیەک بن
سڵاو بۆهونەرمەندان و تێکۆشەرانی ئازادیخوازهەڵگرانی پەیامی مرۆڤایەتی

مەڵبەندی هونەری ماملێ

## پرسە و سەرەخۆشیی ژمارەیەک نوسەر و هونەرمەند بو بنەماڵەی مامە قالە

بەیان: ژمارەیەک لە نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسی دەرەوەی وڵات پرسە و سەرەخۆشیی خۆیان ئاراستەی سەرجەم نەتەوەی کورد و خەڵکی بۆکان و بنەماڵەی مامە قالە دەکەین کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

هەواڵی کۆچی دوایی شمشاڵژەنی ئەفسانەیی کورد و هونەرمەندی نەتەوەیی، "قادر عەبدوڵڵازادە" ناسراو بە قالە مەڕە، سەرجەم خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی هونەرمەندانی تازیەبار کرد.

قالەمەڕە کە دەیان هەوا و ئاوازی بەیت و حەیران و بەستە و مەقامی کۆن و ڕەسەنی کوردیی لە سینگیدا پاراست و گواستییەوە بۆ نەوەکانی پاش خۆی، هاوکات یادگارییەکی بەنرخی کۆماری کوردستان و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بوو.

مێژووی ژیانی قالەمەڕە لە لایەک مێژوویەکی دەوڵەمەند بە هونەر بوو کە پشتی بە هەناسە و پەنجەیەکی ئەفسانەیی دەبەست و چیرۆکەکانی دڵداری و حەماسە و جوامێری و بەستە و هەوای گۆرانی و سروودی شۆڕشی دەخوێندەوە و لە لایەکی ترەوە مێژوویەک بوو لە خەبات و شۆڕش و تەسلیم نەبوون لە پێناو مافەکانی نەتەوەیەکی بەش خوراو و وڵاتێکی داگیرکراو. ئەوانەش هەموو ئەوەمان پێ دەسەلمێنن کە مامەقالەی شمشاڵژەن کوڕی گەل و نیشتمانی خۆی بوو. بۆ نەتەوەکەی و لە ناو خەڵکەکەیدا ژیا و هەر بۆ ئەوان شمشاڵی ژەنی و هەر

لە ناو خەڵکەکەشیدا کۆچی دوایی کرد.

ئێمەش وەک ژمارەیەک نووسەر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسی دوورە وڵات پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی سەرجەم نەتەوەی کورد و خەڵکی بۆکان و بنەماڵەی مامە قالە دەکەین..

*رۆحی شاد بێت:*

ئەنوەر سوڵتانی

حەسەن ئەیوب زادە

برایم فەرشی

کامڕان ئەمین ئاوە

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

حەسەن دەرزی

تاهیر خەلیلی

محەمەد رۆستەمزادە (نامۆ)

کامیل نەجاڕی

عەتا جەمالی

جەمال نەجاڕی

ئاسۆ مام زادە

عەبدولخالق یەعقوبی

حەمیدە یوسفی

سولەیمان چووکەلی

نادر فەتحی

سەرچاوە: ماڵپەری بەیان - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠٠٩

## هەواڵی بەڵێنیی ناونانی شەقام بە ناوی خوالێخۆشبوو قادر عەبدوڵڵازادە(قالەمەڕە)

بە پێی پێشنیاری کاک مستەفا ئێلخانیزادە بە ئاغای سەید موحسین حوسێنی رەئیسی شۆرای شاری بۆکان، ئاغای سەید موحسین حوسێنی بەڵێنییاندا شەقامێک(خیابان) بە ناوی مامە قالەوە لە لایەن شۆڕای ئیسلامی شاری بۆکانەوە ناو بندرێ بەو بۆنەوە کاک مستەفا ئەو هەواڵەیان لە کۆبوونەوەی ئێوارەی چوارشەمە، ڕێکەوتی ١٠ی سەرماوەزی ١٣٨٩ بە حوزووری خێزان و کوڕی مامە قالە بە بەشدارانی کۆڕ ڕاگەیاند. ئەو هەواڵە بوو بە هۆی خۆشحالی ئەندامانی کۆڕ و سپاسی خۆیان لە ئاغای سەید موحسین حوسێنی دەربڕی. لەم کۆڕەدا جگە لە ئەندامان و تاقمێک لە شاعیران و ئەدیبان و هونەرمەندانی شاری بۆکان و ناوچە مامۆستا ئارام سەدیق نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە شاری سلێمانی، کاک بێهزاد خزری و هاوسەری لە شاری سەقز، کاک محەممەد ئەسدی لە شاری مەهاباد کاک شێرکۆ تورجانی لە شارەدێی تورجان و چەن کەس لە ناوچەی هاوشاریش بەشدارییان کردبوو. لەم کۆڕەدا سەرەتا کاک سەید یاسین قورەیشی بەڕێوەبەری بەرنامەکانی کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگیی ئەدەب پاش بەخێرهێنانی میوانەکان داوای لە کاک مستەفا ئێلخانیزادە کرد بۆ دەر بڕینی هەواڵەکە. ئانجا کاک ناسر ڕەسووڵی کورتە چیرۆکێکی مینیماڵی پێشکەش کرد. کاک ئارام سەدیق وتارێکیان لە بارەی گرینگی پێدان بە ڕێزگرتن لە هونەرمەندان خوێندەوە، کاک محەممەد ئەسەدی لە شاری مەهابادەوە دوو پارچە شیعریان لە بارەی شمشاڵو قالەمەڕە پێشکەش کرد. پاشان مامۆستا عوسمان محەممەدی (عوسمانە سوور) بە لێدانی هەوایەک بە ئامیری نایە کۆڕەکەیان ڕازاندەوە و ئانجا کاک ئەرەستوو سوهرابنیا لەگەڵ نایەی کاک عوسمان چەند پارچە ئاوازیان پێشکەش کرد ئەو جار مامۆستا ئیرەج ناهید شیعرێکیان پێشکەش کرد و هەواڵی چاپ کرانی دیوانی مامۆستا زارییان ڕاگەیاند. کاک لوقمان عەزیزی هونەرمەندی لاو بە دەنگی خۆش و زوڵاڵی خۆیان ئاوازێکیان پێشکەش کرد. کاک ڕەشید ڕەحمانیش وتارێکیان خوێندەوە ئانجا کاک سەید یاسین قورەیشی وتووێژێکیان لەگەڵ پروانە شەریفییان خێزانی مام قادر عەبدوڵڵازادە(قالەمەڕە) لەبارەی بیرەوەرییەکانیان لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ مامقادردا ئەنجام دا. یای پەروانە شەریفییان وێڕای گێڕانەوەی چەند بیرەوەری لەگەڵ مامەقالە سپاسی خۆیان لە پێکهێنانی ئەو کۆڕە و سپاس لە کاک مستەفا ئێلخانیزادە بۆ پێشنیادەکەی و کاک سەید موحسین حوسێنی بۆ بەڵێنی بەناو کردن شەقام بۆ قالەمەڕە دەربڕی. هەروەها کاک محەممەد عەبدوڵڵازادە کوڕی مامەقالەش سپاسی خۆیان بەم بۆنەوە دەربڕێ لەو کۆڕەدا ئامادەبووان داوایان کرد بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستا عوسمان سوور مامۆستای

نایە و شمشاڵ لە ئەندامانی شۆڕای شاری بۆکان داوا بکرێ شەقامێک یان مەیدانێک بە نێوی کاک عوسمانە سووریش (عوسمان محەممەدی) بکرێ و ئامادەبووان پێیان وا باش بوو هونەرمەندان و ئەدیبان و شاعیران لە کاتی ژیان خۆیاندا ڕێزیان لێ بگرێ هەتا ببێتە هۆی دڵگەرمی ئەوان و هاندانی هونەرمندان و قەڵەم بەدەستان. لەم کۆڕەدا مامۆستای ڕۆماننووس و چیرۆک نووسی بە ناوبانگی بۆکان کاک حوسێن شێربەگیش بەشدارییان بوو. ئەم کۆڕە لە سەعات حەوتی پاشنیوەڕۆ دوایی هات.

ناوەندی رۆشنبیری و فێرکاریی ئەدەب"بۆکان

## ئەم شیعرە پڕە لە مەراقی شەونمێک

**بۆ قالەمەرە**

**جەماڵ نەجاری**

*دەنگێکی تازەتر لەسەر شەقام*
*بە وردایی ئێوارەیەک دەخزێتە گوێم*
*باران بە نەرمی دەبارێ و*
*ئێمە چەترەکان دەبەستین...*
*دەچمە ناخی ئاوازیکی بێ قەرار و*
*تا کۆتایی شەقامەکە رامدەکێشێ*
*کە ئێوارەی ئەم شەقامە*
*پڕە لە گۆرانی*
*پڕە لە سۆزی مۆسیقا*

سۆزێک وەکو حەیرانی دڵ

سۆزێک وەکو بەیتی ئەوین

یا مەقامیک چەشنی باران و ئاوێنە.

ئەشق لێرە لەسەر شەقام، مانایەکی تری هەیە

وەک هەڵفڕین...

فڕین تا مەیدانی هەور و

گەڕانەوە بۆ ئەزەلی ئێوارەیەک.

پڕ بە نیگای ڕێبوارێکی خولیای سەفەر،

سەفەر،

سەفەر ئاشق بوون

بۆ گەیشتن بە مەزلی نۆتەکان و

حەسانەوەی پەنجەکان و

لەزەتی بی نەهایەت و

ئەم ئیوارەش شەقامەکان - تابەیانی-

هەر بە دەم "با" وە گۆرانی دەچڕن.

درەختەکان شینتر دەژین

وەک ئاسمان

ئاسمانیش رووخساری سەوزی دەپۆشێ

بە چارشێوی پڕ ئەستێرە، هەتا کۆچی باڵندەکان

دەڕواتە خەو

خەوی حەز و

خەوی "ساڵانی ٢٤ و ٢٦" ی "هەتاوی زەرد"

با لێرەوە بێ باڵندە دەس پێبکەین بە هەڵفڕین

کە تۆ تا ئێستاش

ڕێبوارەکەی ئەم شەقامەی

شەقام خولیای پەنجەکانتە
کە تۆ ئێستاش بۆنی "موکریان"ت لیدێ و
بێ نەهایەت یادی یاران.
دە مەگری
بەس بەم سۆزە ئەم شەقامە بارانی کە،
دەهەستەوە
با سەر لە نوی ئەم رووبارە بەرەو دەریا هان بدەین.
دەست لە ملی کاتەکان کەین و
بخوێنین:
"ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە"
دەچنەوە،
دەچنەوە ناخی بێقەراری دووبارەم و
بۆ سەرەتایەکی نوێ
ژیان بە دەنگی سۆزی تۆ دەست پێدەکا
ئێرە دەنگی پێکەوە بوون
ئێرە دەنگی رەنگەکان و
ئێرە دەنگی "ئەی رەقیب" و
بەرانبەری مافی مرۆڤ.
چ نامورادانە ژیان دەبەیتە سەر
هەموو رۆژێ
لەبەیانییەکی ئاوسدا
لەسەر شووستەی شەقامێکدا لە دایک دەبی
بێ سڵاو و بەیانی باش
چەپکێ رووناکی دەخەیتە ناو دڵمان
هەر ئێستاکە پەنجەکانت ئامادەیە

بۆوەی تەیرێک هەڵفڕێنی
بۆوەی زامەکان هەڵواسی
(نیگا چکۆلەکەی من،
لە نێو نیگا گەورەکەی تۆدا جێی نابێ)
من و تۆ
هەر لەسەرەتای سەفەری بارانەوە پێکەوەین
مناڵیم لە ژێر چەترەکان بەجێهێشت و
تا ئێرە سوارێکی بێ ئەسپ بووم
وێنەکانم بۆ هەمیشە
بە ئاوێنەیەکی تەنیا سپارد
تا دەریا نەمدۆزێتەوە و
جەستەم نەکاتە قوربانی بۆ ماسییەکانی هەوەس
تۆ ئێستاش لە قەرەباڵغترین شوێنی شەقام
لێوەکانت بە جگەرە شاردۆتەوە
دەزانم،
حەز لە دروشمەکان ناکەی
حەز بە داخرانی دڵەکان ناکەیت و
هەر بۆیە بە دەم ناڵینەوە
دووبارە دەچیتەوە ناو ئەرشیڤی سۆزەکانت و جانتایەک نەوای سیحراوی دەردەهێنی
کە دەرتهێنا
خەنجەرەکان لە لاسکی گولە ناسکەکان دەترسن
شەقام پڕ دەبی لە مەراقی شەونم و
ترافیکی کاتەکان پێکدێ.
تۆ لە خولیا دا دەبیتە جەنگەڵ و
ئێمە نائومێدییەکانمانی تیا چاڵ دەکەین....

چما ئاشوفتە و

چما سەرگەردان

درێژە تەمەنی دیدارت و

ئێمە لە ڕێگەی قوتابخانە تا گۆرستان

هەمیشە گۆرانیمان ئەزبەر دەکرد

کە تەیرەکان دەگەڕانەوە بۆ گەرمێن

ئاسمان ئاوس دەبوو

بە بێ چەتر، گوێمان بۆ نۆتەکانی باران هەڵدەخست و

بۆ سۆزە خەماوییەکانی تۆ.

ئەو کات هەموو هەناسەکانم لە شەوی یەڵدا دا

بە سەرتاسەری شەقام دەبەخشی.

- کە بە بڕوای خۆم درێژترین هەناسە بوون -

تا کەسێک ڕازی سەوزی سەفەرمان بگێڕێتەو بۆ باخ

تا کەسێک بزانێ کە باخ

پڕ بوو لە درەختی خوێناوی...

پڕ بوو لە ڕووباری ژەهراوی...

لە ئێستا بە دواوە

ئیتر سنەوبەرەکان بە بێ ئیزنی دارستان ئاشق نابن

ڕەدووی ڕەشەبا ناکەون.

لە سفرەبەندانی بەهار دا، وەرزەکانی تر میوانن

بەس بێدەنگ بە

تکایە لەسە تەختە ڕەشی بیرەوەریت

ڕۆژانی مناڵیمان بێنەوە یاد،

دیسان لەسەر حەسیرەکان ژیانێکی مناڵانە دەست پێبکەین.

بهێڵە بازار لە ڕەشبینی خۆیدا بسووتێ

وەرە تا وەرزی مەقام
دەست بە سینگی ئاسمانەوە بنێین
تا گەردەلوولی بیابان پڕی نەکا لە فەنا.
دووبارە پێشبینی کە، چەندە موحتاجی بووکە بارانەین
وەرە لە نێو پیخەفی ئێوارەیەکدا
"لای لایە" بۆ کوڕی شەوی یەڵدا بڵێین.
خوێن،
میراتی هەزار تەیری نەگەڕاوەیە لە گەرمێن
ئێمە گوناهبارین کە نەمانتوانی ناوی تەک تەکیان ئەزبەر بکەین.
شتێ بڵێ،
با سەر لە نوێ دڵنیایی بنووسمەوە
من شاعیرێکی رەشنووسی بەیانیم
چ بکەم بۆئەوەی دووبارە شیعرەکانم لە ژووری قوتابخانەدا بە رەنگی وەنەوشەیی بنووسم
چۆن باخەوانی سەفەر بەئاگا بێنم کە چنارێکیان لای ئێوارە سەر بڕی!
شتی بڵێ
با گوڵ فرۆشەکان لەوە زیاتر نەژاکێن و
دەستەکانیان لەکاتی سپێدە دا مەزاد نەکەن.
دە پێم بڵێ
ئەو کات مانگ ئاوا دەبێ
تۆ "سەحەرە"م بۆ دەڵێیت و
منیش مێژووی مانەوەی تۆ دەنووسمەوە
لای ئێوارە،
شەقەی باڵی تەیرەکانی لای گەرمێنە کە دەیبیستم
کە دەینووسم، لەسەر جەستەی مانەوەی خاک.
وەرە تا میلی کاتژمێرەکان دەگەڕێن،

*دەقیقەیەک بۆ یادی - "شەهید ئاوە تینوێتی زەوی دەشکێنێ- "*
*بێدەنگ بین.*

**بۆکان - ١٠ی بانەمەڕی ١٣٨٢**

**٭ ئەم شیعرەم لە مەراسیمی "سۆزی شمشاڵ"، کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستای پایەبەرز قالەمەرە دا خوێندەوە کە ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی دا بەڕێوەی برد.**

**ماڵپەڕی: ڕۆژیڤار**

---

## مصاحبه با قاله مەڕە موسیقیدان برجسته کرد

### کاوە حەسەن پوور

**لە خەڵکی کوردستان دەکەین، یا مامۆستا شمشاڵە زەردەکەی بە جێهێشت. کاک سەلاحیش جوابی دەدانەوە و دەیگووت ئەوەتا لە پەنام دانیشتووە مامۆستا زەق و زیندووە. حەتا لە ماڵە خۆشمان باوەڕیان کردبوو، زەنگیان لێدابوو هێندە پەشۆکابوون دەنگیان نەدەناسیمەوە کوڕەکەم قسەی دەگەڵ دەکردم دەیگووت بابم بۆ بانگ کەن. بەڕاست زۆر مەمنوونی خەڵکم لەو چەند ڕۆژە دا زۆر نیگەران بوون و زەحمەتیان کێشا.بۆم دەرکەوت هونەرمەندان لە دڵی میللەت دا دەژین.**

***پرسیار: مامۆستا لە کەیەوە شمشاڵ لێدەدەی؟***

***وەڵام:*** **لە تەمەنی یازدە ساڵێوە عاشقی شمشاڵ بووم ئیدی دامنەناوە، پێم لە هەموو شتێک گرینگتر بووە. وەختی**

خۆی ئەگەر لە دێ ئاغامان لە سەربوو؛ کاریان پێ دەسپاردم بەڵام لە بەر شمشاڵ کارەکەم وەپشت گوێ دەدا و هەمیشە تووشی گیر و گرفت دەبووم.

بابم و مام و براکانم هەموو شمشاڵیان لێدەدا بە تایبەت کاکە مستەفام زۆر چاکی لێدەدا. یادی بە خێر کە ماڵمان لە ئازاد بوو ڕۆژێکی داوەت بوو ئەمنیش پێم خۆش بوو لەو شاییە دا شمشاڵ لێدەم بەڵام کاکم نەیهێشت، زۆرم پێداگری کرت کاکم لێیدام، زیز بووم چوومە دە قەڵاغی تەپاڵەوە، سەرم وە تەپالەیەک دا و خەوم لێکەوت. نازانم لە خەوم دابووم یا بە ڕاست بوو جوانێکی سوور و سپی سەری لێهەلێنام گووتی قالە هەستە خودا و پێغەمبەریشت وەزالە هێنا. کاتێک هەستام و دەمم بە شمشالەوە نا ئیدی سەیر بوو، بۆ خۆم سەرم سوڕمابوو زۆر چاکم لێدەدا. بە کورتی شمشاڵ ژەنی هاتە ناخمەوە جا نازانم لە غەیبەوە بوو یا چون بوو؟ ئیدی لەو وەختەوە کەس نەیتوانی وەک من شمشاڵ لێدا.

***پرسیار: لە شمشاڵ دا چەند هەوا هەیە؟***

***وەڵام:*** پێم وایە شمشاڵ هەوای لێ خەلاس نابێ. بەڵام چەند جۆرە هەوای باومان هەیە کە تایبەت بە شمشاڵن. لە بەیت و حەیران دا ئازیزە و سوارۆ و گەلۆ و پاییزە و گوڵێ و بەهارە کە دەگەڵ گووتنی بێژەر دا لێدەدرێن. لە حالەتەکانیش دا هەوای تایبەت هەیە وەکوو هاوارە بەرە، پێش مەڕی، شەڕناخێوی، هێلان بەر هێلان و... کە ئەوانە دەگەڵ سرووشت و ئەفسانە گرێدراون. بۆ وێنە لە هاوارە بەرە دا کە سەردەمی دەگەڕێتەوە دەورەی ساسانییەکان بە هاواری شوان لێدەدرێ. لە ئەفسانە دا ئاوا هاتووە پیاوێکی مەڕداری دەوڵەمەند کوڕێکی باش و ڕووح سووک بۆ شوانییەتی ڕادەگرێ. ئەو پیاوە کچێکی دەبێ کە دەگەڵ شوانە دڵیان دەدەن بە یەکتر و بە نهێنی و لە ڕێی شمشاڵەوە دەگەڵ یەکتر ڕاز و نیاز دەکەن بۆ وەی کەس لێیان تێنەگات. حەتا لە کاتێک دا کە دزەکان لە مەڕ دەدەن، شمشاڵ بە هانای شوانەوە دێ و کاتێ هاوارە بەرە لێدەدا هاواری شوان لە ڕێگای شمشاڵەوە بۆ کچە دەچێ و ئەویش خەڵک ئاگادار دەکاتەوە و لە ئاوایی ڕا خەڵک دەچنە لای شوانە و دزەکان لەناو دەبەن و لە ئاکام دا کچە و کوڕە لێک مارە دەکەن. هەموو هەواکانی شمشاڵ ڕەوایەتیان لە پشت ڕاوەستاوە هەتا شەڕناخێوی کە لە مەیدانی کێ بەر کێ و سوار چاکی دا لێدەدرێ.

**پرسیار**: مامۆستا خەڵکی پیرانشارت چۆن دیت، چۆنیان پێشوازی لێکردی؟

**وەڵام**: پیرانشارم زۆر پێ خۆشە، ئیدی ئەگەر نایەم، پیر بووم ناتوانم. کاتی خۆی هەتا مرادخانی لێرە نەوار فرۆشی هەبوو هەمیشە لە ماڵە وان بووم. مەمنوونیانم زۆریان زەحمەت دەگەڵ کێشام.

**پرسیار**: ژیانی هونەری خۆت چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: هەتا ئێرە هاتووم. پێم وایە هیچ هونەرمەندێک بەقەد منی بەدبەختی نەدیوە. ئەوەندی بۆم کراوە لە شمشاڵ غافڵ نەبووم چوون پێم وابووە لە ڕاست میللەتەکەم و ئاواتەکانی خۆم دا بەرپرسم. دەستیشم بۆ کەس درێژ نەکردووە. لە مناڵێوە تا ئێستا نانی شمشاڵم خواردووە.

**پرسیار**: پێت وایە لە ناو خەڵک دا خۆشەویستی؟

**وەڵام**: ئەرێ وەڵلا. پێم وایە لە ناو خەڵک دا زۆر گەورەم و خەڵکیش لە کن من گەلێک گەورەن. ئەگەر خۆشەویستی خەڵکم لە دڵ دانەبا قەتم شمشاڵ لێنەدەدا. میللەت بە خوێن گر و خوێن ئەستێنی خۆم دەزانم. مەمنوونی خەڵکم هەمیشە حاڵم دەپرسن، سەرم دەدەن، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە دا دەعوەتم دەکەن، پێی گەورە دەبم. هەمیشە دڵم بۆ نیشتمان و خاکەکەم لێدەدا.

**پرسیار**: ئەگەر جارێکی تر لە دایک بێوە، دیسان شمشاڵ لێدەدەی؟

**وەڵام**: لەو دونیایە دا تازە پیشەم کردووە، بەڵام لە دنیای دیکەش ئەگەر خودا شمشاڵێکم داتێ لەوێش هەر دەبمەوە قالە مەڕە و شمشاڵ لێدەدەم. من و شمشاڵ دوو ڕەفیقین کە هیچمان بێ هیچمان ژیانمان پێ ناکرێ.

**پرسیار**: دوا وتەت بۆ خەڵک چییە؟

**وەڵام:** دیسان سپاس و و ڕێزم هەیە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان. یا خوا لە هەر شوێنێک کە هەن لەش ساغ و لێو بە بزە بن. مەمنوونی هەموویانم. نازانم چۆن وەڵامی ئەو هەموو دڵسۆزی و زەحمەتانەیان بدەمەوە بە تایبەت لەم چەند ڕۆژە دا کە دەنگۆی مردنم بڵاو بۆوە. هیوا دارم خودا نەک لە بەر خاتری خۆم بەڵکو لە بەر خاتری خەڵک ڕامگرێ و بتوانم خزمەت بە فەرهەنگ و مۆسیقای گەلەکەم بکەم. سپاس بۆ ئێوەش کە ئەو هەلەو ڕەخساند هەتا دەگەڵ میللەتەکەم بدوێم و لە نیگەرانی بیانهێنمە دەر.

مالپەری کاروانی هەتاو

## مامەقالە موسیقای کولان و شەقام و قاوەخانەکانی بە هیچ کوشک وپول وپارەییک نەگوریەوە

**شورش ئەبووبەکری**

سلاو بو وەرووحی ماموستا قالەمەرە و ئیوەی ئازیز

ریزو سوپاس بو ئیوەی ئازیز خەلکی کوردستان بە گشتی و خەلکی بوکان بەتایبەتی و هەموو هونەرمەندان و لایەنگرانی هەموو ئەو کەسانەی کە لەری ورەسمی بە خاک سپاردن و تازیەی شمشال ژەنی بی وینەی موسیقای کوردی ماموستا قالەمەرە دا بەشداریتان کرد حەزم کرد بە چەند رەستەییک بەشداری ئەم یادە بکەم و چەندتی بینیم هەیە پیم خۆشە باسی بکەم.

١- ماموستا قالەمەرە هونەرمەندیکە کە خوشەویستی هەموو کوردستانە لە هەموو ولاتیک و لای هەموو کوردیک لە هەر کوی دونیادا نابغەییک بوو لە موسیقای کوردیدا کە بە دلنیایی بەو زووانە کاروانی موسیقای کوردی شورە سواری وا بە خوی نابینیتەوە.

٢- جیا لە ئەوە ماموستا قالەمەرە تەنیا ژەنیارییک نەبوو کە شت لە خەلک فیربوبیت جیا لە ئەوە کە شمشال لیدان لە باب و باپیری خوی فیر ببو خوی داهینەرو خولقینەری زوریک لە ئاوازو ئاهەنگەکان بوو کە ناوی تایبەتی خویان هەبوو.

ماموستا قالە مەرە هونەرەکەی شمشال لیدان بوو بە خوشەویستی نیشتمان شمشالی ئەژەنی  و دەیگوت دەنگی شمشالی من دەنگی ئاشتی و ئازادییە شوینی کونسیرتی کوچە و کولان و قاوەخانەکان بوو جیا لە ئەوە کە فیستیوال و میهرەجان و زور کوری تر کە ماموستا قالەمەرە بە ئەوینەوە بەشداری دەکرد بەلام بزانن کە موسیقای شەقام و کوچە و کولان لە زور وولاتی دونیادا هەیە وشتیکی ناموو عەیب نییە و باوەر ناکەم مامە قالە لە هیچ کەسیک داوای پارەی کردبی بەلکو خەلک بە ویستس خویان و بو سوزی شمشالەکەی سوزی خویان دەردە بری و خەلاتیان دەکرد

جا کە وابوو جی خوی بوو شورای شاری بوکان داوای یەک روژ داخستنی بازاریان کردبایە بۆ ریز لە هونەرو کەسایەتی مامە قالە. بەلام خوشەویستان بە بەشداری بە دل و حەزی خوتان روحی مامە قالە تان شاد کرد و هەر سەرفەراز و سەرکەوتوو بن بو ئەو ریزەی بو هونەرو موسیقای فولکلورو رەسەنی کوردیتان دانا خوینەرانی ئازیز ئەو بابەتە لە مەراسیمی ئیوارەی روژی دووهەمی مەراسیمی مامە قالە لە لایەن شورای شاری بوکان ریگەی خویندنەوەی  پی نەدرا.

دوای مەراسیمی بە شکوی مامە قالە جی خویەتی سوپاسی هەموو گروپە هونەریەکان وەک کامکاران گروپی وەفایی و دەف ژەنانی مەهاباد و شانوی پیرانشار و هونەرمەندانی شانو و موسیقای سەردەشت و دیواندەرە و مەریوان و بوکان و سەقز و کوردانی تاران و خەڵکی موکریان و هەمو کوردستان بکەین کە بە نوسینی پارچە و ناردنی پەیام و ...بە شداری رێورەسمی مامە قالە یان کرد پاش تەواو بوونی مەراسیمە کە روژنامەی ئاشتی و دیدگا چەن نوسراوە یان بلاو کردەوە کە هیشتا زور کەم بوو کە نالەکانیش تا رادەییکی باش گرینگییان پییدا. ماموستا هوشەنگ کامکار لە بابەتیک دا کوچی ئوستورەی موسیقای کوردی سەرەخوشی کردبو باسی ئەوەی کردبوو کە نەکرا کاریکی هاوبەش لە گەڵ مامە قالە بکەن کە بە رای من کەم لوتفی لە کامکارەکان بوە چون ئەگەر کرابا یادگاریکی جوان بو موسیقای کوردی تومار دەکرا. بەلام مزگینیک بدەم بە خەلکی کوردستان، مامو ستا عەبدولا..

جەمال بەرهەمیکی جوانی لە مامە قالە تومار کردوە کە لە گەڵ ئورکیست ئامادە کاری موسیقای بو کراوە جاریک داوای لە من کرد لە ئیران کاری دیزاینی cd بو بکەین کە ئەو یادگارە بە نرخە بریارە لە ریگەی کوردساتەوە بلاو بکریتەوە. مامە قالە لە زوربەی فستوالە ناوادارەکانی ئیران بەشداری کرد و ئاخر بە شدارییەکانی لە میهرەجانی ۲ ، ۱ بەیت و حەیران لە شاری سەردەشت بوو کە هیشتا وینەکانی بلاو نەبووتەوە ئەوەش بلیم کە مامە قالە لە کاتی ژیانی دا زور ریزی لی گیرا و کەسانیک باسی مەرگی شمشال دەکەن مامە قالە ئوستورەی شمشال ژەنی کورد بووە بەلام بەخوشیەوە ئیستاکە لە شارە کوردەکان و بەتایبەتی لە موکریان زور شمشال ژەنی لاو هەیە کە هەلگری ئاوازە جوانەکانی مامە قالە و بەزمەکانی شمشالن و شمشال زیندوە و نامری.

بەلی ئازیزان مامە قالە شمشال ژەنی بە توانا و بی وینە خاوەن هەست و سولیستی بە توانا و ئاوازدانەری شە پول و هەلگری ئاوازە فولکلورەکانی مەم و زین و هاوارە بەرە و حەیران و گەلو و خاوەنی دەیان پارچە موسیقای رەسەن و یادگاری پیرە هەلو تەرمی پیروزی لە سەرشانی دەیان هەزار پیرولاوی کوردستان و بە بەشداری ژن و پیاو هەمو چین و تویژەکانی کومەلگا لە بەر دەرکی مزگەوتی جامیعی بوکان بەرە و نالە شکینە بردراو لە پەنای گلکوی حەسەن زیرەک بە خاک ئەسپاردرا، ئەو مامە قالەی کە موسیقای کوچە و کولان و قاوەخانەکانی بە هیچ کوشک و پول و پارەییک نەگوریەوە و ئاوا بوو بە خوشەویستی گەلەکەی و ئاوا سرودی مالئاوایی بو خویندین.

روحی شاد و یادی بە خیر

مالپەری شۆرش ئارت

## سەرکەوتن بە کەلی خۆشەویستیدا

**ناسر حیسامی**

هونەرمەندی شمشاڵژەنی کورد قالەمەڕە کۆچی دوایی کرد. قالەمەڕە، لەو گوڵانە بوو لە کەلێنی بەردەوە سەر دەر دێنن. لە گوندێکی بچووک لە دایک بوو. خاوەنی سامان و زەوی و مەڕوماڵات نەبوو. لەوەی مرۆڤ پێوەی دەناسرێ، تەنها هونەرێکی هەبوو. بە هەودای ئەو هونەرەدا، وەک شاخەوانێکی لێزان بە کەلی سەختی ناوبانگ و خۆشەویستیدا هەڵگەڕا. گەیشتە بەرزاییەک کە خەڵک بە دەگمەن دەیگەنێ. ئێستا، ناوی لەسەر زاروزمانی جەماوەرێکی زۆرە. بە هەژاری ژیا. ئەوە تا ئەو کاتەی هەناسەی هەڵدەکێشا، دلتەزێن بوو. ئێستا ئیتر ئەوە، کەس بیری لێناکاتەوە. ئێستا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ژیانی بە شێوەیەکی شایستە تێپەڕاند بە هەموو سەختییەکانیەوە و، هەتا لووتکەی خۆشەویستی و ڕێز وەسەر کەوت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناسر حیسامی - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠٠٩

---

## هۆنراوەیەک بۆ مامەقالەی شمشاڵ ژەنی کورد

*بۆمامە قالەی شمشاڵ ژەنی کورد*

*پێویستە بنووسم زۆربە دەست و برد*

*نابێ هونەرمەند لە بیر بچنەوە*

*دەبێ وەک هەبوون تێهەڵبچنەوە*

*پێشەوەی ئێمەش وەکی وان بمرین*

*پێویستە نێویان بەرز ڕابگرین*

وەرزێر تۆ ئەو ساڵ تۆوی نەچێنی

بۆ دەغڵی ساڵی دی دادەمێنی

بۆ قالەمەرە -

ئەتۆ بە بیرو هەر بەکردەوە

شمشاڵە زەردت زیندوو کردەوە

نەوە و نە تیژەی گەلی مەردانی

وە دەنگ هێنەری دەنگی کوردانی

وا بیرمە کە تۆ لە ژێر تویی گڵی

تا کوردێک هەبێ گوێی سەرچڵی

چوویتە نێودڵی گشت کوردی هەژار

نێوت بەرێژەی هەزاران هەزار

بیرەوەری تۆ و شمشاڵی دەستت

خاوێنی خۆت و ئەو بیرو هەستت

گەلێکت کێشان هەژاری و سەختی

ڕەنجبەری و سەپان شوانی بێ بەختی

-----

چی هەوای ڕەسەن لە بەیت و باوان

بە جوانی هێنا بوونە بەر چاوان

ناسرو ماڵ ماڵ یان گوڵێ گوڵێ

لاس و خەزاڵمان ئەوا بۆ دەڵێ

یا بەیتی برایمی مەلا زێندینی

میر حەج و میر شێخ چیان لێ دەبینی

دەنگی تەیرۆکەی ئی دەگەرمێنێ

هاوارە بەرەم هاوارێ دێنێ

خۆ پێش مێگەلی بەزم و سەمای

هات وەرە هاتی نەیەی بەجێ مای
سوارۆو پایزە ئازیزە لاوکۆ
مەم لە گەڵ زینێ لێلێ بو لۆلۆ
لە شکری و حەیران ئە لەم ڕێبازە
قەتارەش هەوای ئی کۆن و تازە
زۆر خۆش بوو هەوای رەوت و ڕمبازێن
لە گەڵ یار کۆڵێش بارێک و بسازێن
لێت دەدان هەرچی بوو وردە ئاهەنگ
شادت دەکردن خۆزۆر دڵی تەنگ
چەندی لێت دابا و وتبات تەواوە
دەیگوت سەربەندی حەیرانێم ماوە
-----
بەندەی ئەمەگناس زیندانانم ڕۆ
دۆستی فەقیری و ئی خانانم ڕۆ
خۆش بلوێرژە نی کوردستانم ڕۆ
بولبولەی ە زار ئی دەستانم ڕۆ
خەسارە گەورەی نیشتمانم ڕۆ
هونەرمەندی بێ پشتیوانم ڕۆ
خۆشی نەدیوی نێوخوێشانم ڕۆ
خۆشەویستی خۆم« پەرێشان»م ڕۆ

**کورد پریس**

## مامە قالە!!....

**خالید شەیدا - هانۆڤەر**

خەفەت مەخۆ
کە تۆ مردی
تۆ پەپولەیەکی بێ گەردی
وا ڕوحت بەرێوەیە
بەرەو بەهەشت دەفڕێ
خەفەت مەخۆ
بڵێێ من بە وجاخکێوری مردم
هیچم لە دوایی خۆم جێنەهێشت
ئەدی ئەم شمشاڵە چیە
ناوەکەی تۆی پێوە دیارە
هەتا هەتایی لە مێژوو دا هەر زیندوە
تۆ ئەوەندە عەشقی شمشاڵ بووی
نەتدەتوانی یەک چرکەیەک
بێ ئەو بژی...
هەمیشە دەمت لە ناو دەمی بوو
یان لە ناو باغەلت بوو
یان وەکو ملوانکە لە ملت بوو
کێ لە پاش تۆ...
ئەم شمشاڵە نازدارە لە دەست گرێ
ئاوازی کوردەواری ڕەسەنمان

بۆ بچڕێ...
کێ لە پاشی تۆ
بەم ئاوازە دێرینانە
فرمێسکی خۆشی و ناخۆشیمان
لە چاو بچۆڕێ....
کێ دەتوانی وەکو تۆ
ئەوەندە عەشقی شمشاڵە بێت
هەناسەی شمشاڵ هەڵمژێ
بە بێ وچان....
لە ناو کۆر و دیوەخانان
بەم هەناسەیە درێژە
ئاوازەکانی هەر بچرێ و
کۆتایی نێ....
کێ دەتوانێ وەکو تۆ
بەهرەمەند بێ
خاوەنی هونەرێکی ڕەسەن بێ
کێ دەتوانی وەکو تۆ
پێغەمبەری هونەر بێ
دڵسۆزی میللەت و
کورد پەروەر بێ
باوەڕناکەم....
کەسێکی وەکو تۆ بە توانە
لە هەموو دونیا هەبێ
مامە قالە یارەبی
جێگای هەمیشەیت

هەر بەشت بێ !!...

ماڵپەری کلاورۆژنە

مامەقالەی شمشال ژەنی کوردوستان (قالەمەرە

ئەو وەختەی  بولبولەکان

مەست بوون لە سەر بەرزایکان

دەیان خوێند و

کەوەکان لە لا پالوو دەشتوو، کێو، تەلان بزواند

ئێستا مامەی شمشال دەڵی لە لێدان کەوتووە و

شمشال بەجێ ماوە دەیان قەسپاند

دەنگی شمشال بوو، هەستی ئەوانی دە

ماتەمی غەموو پەژارەیە

بۆ هونەر دۆستان ماوە

هۆ شمشالەکە

دەم هەوێ

بۆ ساتێک

لە گەڵت بدوێم

سەرە خۆشیت لێ دەکەم

شەریکی غەموو پەژارەتم

دەزانم کە دەڵت هەبوا

ئێستا سەد هەزار هێندی مەن

دڵ تەنگ دەبوویت

روحت هەبووا

بێ روح دەبوویت

چاوت هەبووا

هەیندە دەگیریای

گۆمی مەنگی حەسرەتت دروست ئەکرد

گەر دەستت هەبوا

وەلەرزە دەکوتن و بێ هێز دەبوون

ئەگەر لاقت هەبووا

لە لاق دەکوتی

چوونکە

مامە بە تۆوە ژیاوە

هەر تۆ لە ژیانی ئەو دا بوویت

شمشالە لێکوو لە بارەکی هۆ

مامە هەژارەکی کوردستانە چەوساوەکە

دەستوو پەنجە ئاشناکانت لێ دوور کەوتنەوە

مامە قالە نەما

بت خاتە ناو قەفی پشتێندەکی

لە ناو کوچە و لە سەر لێواری خەیابانان

دەرت بێنێ و تەت بتورێنێ و قامکەکانت لێ بە بزێوێ و

نانی ئەمرۆ سبەی بۆ خۆیوو

منداڵەکانی پیدا کاو

غەم لە دەلی رێبواران برەوێنێ

هۆ شمشالکە، قالەمەرە

لاتە پانوو بەرینە کە ناوی ئێرانە لەم وە

هونەرەکی بۆ ئەو نەبوو بە سەروەتوو مایە

دەلێن کار هونەرە

بەلام لەوێ هونەری مامەقالە

بەکار حیسابی بۆ نەدەکرا

خەلکان پاریان بۆ دەهاویشت

دەیان گوت سوال دەکات
ئەی شمشالە بێ نازەکە
تاکوو مامە مابوو نازی ئەکردی
جار جار لێتی دەروانی و وەک
کۆرپێک خونجیلانە خۆشی دەویستی
وێنەی گولێک
ئەی گرتیتە دەستی و
نەبادا لێی بتۆری
ئەو هونەرمندێک بوو
ئاشقانە خۆشی دەویستی
جار جاریش
تێی ئەتووراندی
بەستە و نەغمەی دلدارانی پێ لێدە دای قامکی لێ دەبزاوتی
مەنیش لە ستریوو رادویکانەوە گوێم لێ دەگرتن
لەمەوو بە دواوە
مندالانی دەست فرۆش
ئەوانی بۆیاغی کەوشانیان دەکرد
ئەوانی بە شوێن کار دا دەگەران
ئەوانی خەریک کایە کردن بوون
تازە ئێتر مامە قالە نابینن
لە بەر دەرگای مزگەوتەکان
لە ناو کوچە و کۆلانەکان
لە میدانی بازارەکان لە سەر لێواری جادەکان
لە سەر حەوزەکی بۆکان
هۆ شمشالە بەجێ ماوەکە

تاکوو ئەم ڕۆژانە
جێگات
ناو قەفیی پشتێند بوو
لە مەو بە دوا
دەبێ لە ناو کام موزە دابنرێیت
لە ناو شوشە بەندا
یان هەر لە ناو قەفی پشتێندەکی مامە قالە
لە سەر دەستە نوێنی مالە خونجیلانەکەی
نەکەن زایی کەن
بۆ شوێنە تف لێکراوەنی حەوالە کەن
نا نا تازە تۆ قالەمەڕە گوم نابن
ئێوە لە هەر شوێنیک بن
جێگاتان لە ناو هونەری (کوردە واری) دیارە
کاری هونەری زۆر و
کەم لە داهاتی پولوو پارە
هۆ شمشالە دابراوەکە
رەنگێک لە نیگا دا
دەنگێک لە فەزا دا
ئاخێک لە ناو فولکلوردا
دوو قەبر لە سەر نالەشکێنە دا
تۆی شمشالیش لە ئاوارەگیدا
نا نا ئێتر ئێوە لێمان
جیا نابنەوە
مامە کرێکارێک بوو
تۆش ئامرازی دەستوو لێوی ئەو

هەر دووکتان نانی بنەمالەیکتان پەیدا ئەکرد
ئێستا بۆ کامەتان ئاخ بکێشم
بۆ مامەکە لە لای حەسەن زیرەک سەری
ناوەتەوە
یان بۆ تۆ کە لە مامە جێ ماوی
یان بۆ بنەمالکەی مامەقالە
ئەی شمشالە دابراوەکە
لێوەکان نەمان تێت توورینەن
پنجەکان نەمان قامکت لێ ببزوێنن
مامە قالەش نەما
بۆ حەسانەوە بت خاتە ناو قەفی پشتێندەکی
ئەی پێم نالێی لەم کوردستانە کە خۆی مافی ناوەکی نیا
تۆ سەری خۆت بۆ کوێ هەلدەگری
بە بێ مامە چی ئەکی
بەلام هونەرێک بە جێ ماوە
ناوەکەی
بە ئستێرە لە بەرزایی ئاسمان نوسراوە
ئەویش دەنگ لە تۆ هونەر لە مامەقالە
خشتی بناغی خۆی داناوە

# مەرگی قالە مەڕەو ئاوڕێکی تاڵ و شیرین

## دیدەوان یەعقوب

کەم بیسەرو بینەری کورد هەیە لەماوەی نیو سەدەی رابردوودا بەگشتی و لەو (١٨) ساڵەی دوای راپەڕین لەباشووری کوردستان (واتا لەگەڵ ئازادبوونی ئەم بەشەو زۆربوونی کەناڵەکانی راگەیاندن) بەتایبەتی گوێی لەئاوازە رەسەن ئامێز پڕ لەجۆش و خرۆشەکانی قالە مەڕە نەبووبێت، بەدیمەنە ساکارو هەژارانەکەی ئەو پیاوە شمشاڵژەنە ناودارە ئاشنا نەبووبێت،

چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە قالە مەڕە کەسێکی سادەو ساکاری نێو کۆمەڵی کوردەواری بوو شمشاڵەکەشی بەهەمان شێوە ئامێرێکی ساکاری کوردی رەسەن بوو، بەلام بەهۆی لێزانین و هونەرکارییانەی ئەو کەڵە شمشاڵژەنە، توانیبووی خزمەتێکی گەورەو رەسەن بەئاوازەکاندا بکات و گیانی نەمریان بەبەردا بکات.

وەک وتمان لەگەڵ ئەوەشدا کە قالە مەڕە خۆی کەسێکی سادەی نێو کۆمەڵ بوو، ئامێرەکەی دەست و دەمیشی هەر سادەبوو، بەلام هونەری قالە مەڕە لەوەدابوو لەو سادەییانەدا ئاوازی کوردەوارییانەی ئەوتۆ لێبدات، کە مرۆڤ بەگوێ لێگرتنیان هەست بەبۆنی خاکی کوردستان و رابردووی پاکی کوردەوارییانەو مێژووی غەدرو ستەمکاری دژ بەگەلی کورد بکات.

شمشاڵەکەی قالە مەڕە هەر بەتەنیا لەیەک بواردا فووی تێنەدەکراو هەر لەیەک بواردا ئاوازی بەجۆش و خرۆشی نەدەژەنی، بەڵکو هەر لەبەیت و بالۆرەو بەستەو هۆرەو لاوک و حەیران و مەقام و حەیرانۆک و سترانی کارو گۆرانی سۆزدارانەی فۆلکلۆرەوە بیگرە تا دەگاتە سرووده نەتەوەییەکان و لاوانەی مەرگی ئازیزان و باسکردن لەکارەسات و رووداوەکانی نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت، هەر بۆیەش هەموو ئەو ئاوازانەی بەدەست و پەنجەکانی قالە مەڕە لێدەدران، دەبوونە حەزو ویستی گوێگرتنی چین و توێژێک لەنێو کوردەواریمان و لەهەموو چین و توێژو دەستەو گرووپێکدا هۆگرانی قالە مەڕە هەبوون، هەر لەکەسانی سیاسەتمەدار بیگرە تا دەگاتە رووناکبیرو

هونەرمەندو خەڵکی ئاسایی و شارنشین و گوندنشین.

لەبواری رامیاریشدا شمشاڵەکەی قالە مەڕ بوو بەدەستپێکی کردنەوەی چەندان رادیۆی لایەنە سیاسییەکان و لەکاتی یادکردنەوەی شەهیدانیشدا هەر ئەو ئاوازانە دەبوونە هۆی لاوانەوەی کەسوکاری شەهیدان و لەبواری هونەرو ئەدەبیشدا جگە لەوەی ئاوازەکانی قالە مەڕ خۆی جۆرێک بووە لەهونەری رەسەن، هۆکارێکیش بووە بۆ پەرەدان بەویژەی کوردی شاعیرانی وەکو هێمن و هەژار و چەندانی تر بەدەم ئاوازەکانی شمشاڵی قالە مەڕ بەرهەمەکانیان تۆمار کردووە.

ئاوڕدانەوە لەتاڵییەکانی ژیانی قالە مەڕ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەو کەسە یەکێکبووە لەو کەسانەی پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان زۆر خۆشیویستووە گوێی لەئاوازەکانی گرتووە، بەلام ئەو خۆشییەی قالە مەڕ وەکو هەزارانی تر زۆری نەخایاندو بەڕووخانی کۆمارو لەسێدارەدانی قازی ئەویش هەناسە ساردمایەوە، چەندان ئاواتی کوردایەتی بردە ژێر گڵەوە.

شیرینییەکانی ژیانی قالە مەڕ - ش لەوەدابووە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەهەرێمی کوردستاندا گرنگی زۆر بەقالە مەڕ دراو لەهەمووشی زیاتر ئەو بانگهێشتکردنەی خاتوو هێرۆ برایم ئەحمەد و دەزگای خاک و کوردسات بوو کە تێیدا رێز لە قالە مەڕ نراوە چەندان ئاوازی شمشاڵەکەی تۆمارکراو خەلاتی پێشکەشکراو بەهاوکاری مامۆستا ع. ج سەگرمە ئاوازەکانی تێکەڵ کێشی موزیکی سەمفۆنی کرا.
ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کەلوپەلەکانی قالە مەڕ بەگشتی و شمشاڵەکەی و ئەو دیارییانەی لەژیانیدا پێشکەشیکراون لەگەڵ ژیاننامەی وێنەو بەرهەمەکانی لەموزەخانەیەکی تایبەتدا بپارێزرێن.

# قالەمەڕە، چریکەی ئەهورایی میللەتێک

شەریف فەلاح

"قادر عەبدوڵڵازادە" ناسراو بە قالەمەڕە، هونەرمەندی شمشاڵژەنی ناوداری کورد یەکەم رۆژی چلەی زستانی ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی لە گوندی "کولیجە" لە مەحاڵی ئاختاچی سەر بە شاری مەهاباد لەدایک بووە، هەرچەند ئەو ناوچەیە لەباری جوغرافیاییەوە سەر بە شاری مەهابادە، بەلام بەهۆی نزیکی لەگەڵ بۆکان، هەموو ژیانی لە بۆکان و دەورووبەری بووە.

هەرچەند قالەمەڕە کاتی لەدایکبوون شمشاڵی بەدەستەوە نەبووە، بەڵام هەر ئەو دەمە کە گیانی لە گیانی دایکی گرێ دراو بووە، گوێی لە دەنگی شمشاڵی کاک محەممەدی باوکی و مامە سوڵتان و مامە رەحمانی و کاکەکانی بووە.

ئەوانە شمشاڵژەنی بەناو و دەنگ و لێزان و لێهاتووی مەڵبەندەکە بوون. خۆی ئەیژێ: «ئوستادم خوڵا بووە» ئەوجا ئەم چیرۆکە بە شایەد دەهێنێتەوە:

«منداڵ بووم لە قوڵقوڵەی نزیک عەبدوڵڵاباد بۆ شایی لێیان گێڕابووینەوە، "مەحموودی تەها و غەفورە خڕە" شمشاڵێکی سەیریان لێدەدا، منیش ویستم شمشاڵ لێدەم نەیانەێشت. ئەودەم زۆر منداڵ بووم، چوومە نێو قەڵاغە تەپاڵەیەکەوە، دەستم کرد بە گریان، هێندە گریام شەکەت بووم، تەپاڵەیەکم لەبن سەرم نا و لە خەوەکەشدا هەر هەنیسکم دەدا. کەسێکم لێ پەیدا بوو، سوور و سپی، هەرای لێکردم: "عەبدوڵقادر، عەبدوڵقادر هەستە، هەستە مەگری، بە گریانی تۆ دار و بەرد وە گریان هاتوون!" هەستام دەستم بە لێدانێ کرد بەکەس ڕانەدەوەستام! سبەینێ چوومە شایی، بە خودای نە غەفوور دەیوێرا نە مەحموود لە بەرانبەرمدا ڕاوەستن! جا نازانم، یا خوڵا کۆمەکی کردم یان شەیتان! ئەڵبەت شەیتان ناتوانێ شمشاڵ لێدا!»

ئەم هونەرمەندە نەخوێندەوار و هەژار و کلۆڵە، بێ مامۆستا و بێ رێنوێن، گەشە و باڵا دەکات، زۆر ناخایەنێ،

بەهۆی وەستایی و لێهاتوویی لە تێچریکانی بەند و هەوا، نەزم و مێلۆدییە خەمین و هەست بزوێنەکانی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی، ناو وناوبانگی بە گشت کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە سیمبۆل و باوکی شمشاڵ و سەفیری ئەم هونەرە ڕەسەنە.

قالەمەڕەی هونەرمەند و نەخوێندەوار، لە هیچ قوتابخانە و کۆلێژ و زانینگەیەکی هونەری نەیخوێند و لەلای هیچ مامۆستایەک ئەلفێکی مۆسیقای پێ فێر نەکراوە، ئەوەی دەیزانی و فێری بوو تەنیا هەستی نیشتمانپەروەری و کولێ دڵی دانەمرکاو و برک و ئێش و ئازارە پەنگخواردووەکانی ناخ و گەرووی زێڕینی بووە کە کردیانە هونەرمەندێکی ڕەسەن و میللی کە هەتاهەتایە لە دڵ و یادەوەریی نەتەوەکەیدا بە نەمری بمێنێتەوە.

شمشاڵی قالەمەڕ سەمفۆنیایەکە کە نۆتەکانی خەم و ئازار و مەینەتییەکانی ناو دێڕ بە دێڕی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەی کوردە. شمشاڵەکەی مامە قالە چریکەی حەزین و بێ ئۆقرەی ناخی هەژێنراوی ئەوینەوان و دڵداره، میلۆدیی ڕاسانی عاشقانی کوێستان و زەنوێری چیای خۆڕاگری و قاسپەی کەوی دڵی پێشمەرگە و چریکەی مەلی سرکی پێدەشت و بژوێنی کوردستان و هاژەی تاڤگەی ئەوین و شانەی قژی گیاخاوی کوێستانە.

*سرتەی بێدەنگیی بێ شۆڕەبیی دوو دڵداری تەریوە،*
*چاوگی شۆڕش و کڵپەی ئاگری دڵی شۆشانی خۆشی نەدیوە.*

قالەمەڕە خێرا توانی بەخۆی و شمشاڵەکەی بەر پشتێوێنەکەی و سادەیی و ساکاریی ڕۆح و ژیانە هەژارانەکەی ببێتە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و ناوبانگی سنوورەکانی کوردستانیشی بەزاند. مامە قالە چیرۆک و بەند و باو و حەیران و لاوک و گەلۆ و سوارۆی لە هەناوی بەزم و هەوای شمشاڵدا گونجاند و بووە هێما و سیمبۆلی هەموو چیرۆکە خەمین و ئاگراویی و تراژیدییەکانی ئەدەبی زارەکیی کورد. لە ماوەی ژیانیدا توانی گەلێک ئاهەنگ و هەوا و میلۆدیی ڕەسەن تۆمار بکات کە هەتاهەتایە لەدڵی میللەتدا دەمێنیتەوە. لە زۆر کۆڕ و سیمینار و کۆنگرەی فەرهەنگی، ئەدەبی و هونەریی کوردستان، ئەیچڕان و لە چەندین وڵاتی دەرەوەش شمشاڵی لێدا و بە چریکەی سیحراویی و کارە سەرسوڕهێنەرەکانی، دەوروبەری تووشی تێڕامان، گریان و حەپەسان کرد. لەگەڵ حەسەن زیرەک

گەورە هونەرمەنـدی کـورد و چەنـدین هونەرمەنـدی میلیـی دیـکەی کـورد هاوکـاریی هەبـووە. قـالەمەڕە زۆر ژیـا و هەژارانە و لەوپەڕی بێـدەرەتانی و نەداری، بەڵام بە سـەربەرزی و سـەربڵێندییەوە پـێگەی کەسـایەتیی خـۆی و هونەرەکەی پاراست و نەچووە ژێر باری ویست و داخوازی نەیارانی هونەر و ئەدەبی نەتەوەکەی.

پـاش ٨٤ سـاڵ خـزمەت بە هـونەری میلیـی کـورد و پـاش ململانێییەکـی زۆر لەگەڵ نەخۆشـی، سـەرەتای مـانگی جۆزەردانی ١٣٨٨ی هەتاوی بە یەکجاری ماڵاوایی لە هونەر و شمشاڵ و نیشتمان کرد و لەسەر وەسێتی خۆی لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنەی بۆکان لە ناوچەی گوڵتەپە لەگەڵ شمشاڵەکەی بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

*پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین - نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتا ئەژین*

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی : ٢٦ی مای ٢٠١٤

---

## *قالەمەرە و تەمەنێک لە گەڵ شمشاڵدا*

**کامل سیدی مقدم**

ئەگـەر لـە نـاو نەتـەوەکانی تـری ئـەم جیهانـەدا، پێشـکەوتن و ژیـانی ئـاسـایی بـەدی دەکرێـت بێگومـان ئـەو کۆمەڵگایانەی ئەوان تێیدا دەژین زۆر بوواری پێواوە و کەنـد و کۆسـپی سـەر ڕێگـایـان لـە بەردەمدا لاداوە و ئێسـتا وەک دەبینین ئاسەواری نەماوە.

ژیانی ئاسایی بە بنەماکانی سەرەکی ناتوانێت بێ هەنەر و ئەدب ،مۆسیقا،وێنەگری ، پەیکەرسازی،سینەما و تئاتر و... بەرێوە بەچێت و خۆیان لێ ببوێریت. بەڵکو هەموو ئەوانە دەبێت ئاوێتە و قاڵی ژیان بن تا ژیانی بەختەوەر بۆ مرۆڤ دابین بکات.

یەک لەو بوارانە مۆسیقایە. لە وەڵاتانی بە هێزی کەلتوری و ئابووری کە پێشکەوتوویی بە خۆیان دیوە هەنگاوی باشیان لەم بارەوە ناوە ئاکادمی مۆسیقا بۆ پەروەردە، بە شێوازەکانی مۆسیقایی لە گەڵ دستگاگەلی گۆرانی رادێنن و گروپی اورکسترا و... بە هەموو جۆرەکانی بۆ کۆمەڵگایەکی سالم پێشکەش دەکەن.دیارە ئەوانەی ئەم کارە بە ئەستۆوە دەگرن ،حکومەت هەموو پێداویستی ژیانیان بۆ دابین دکات و تەنانت بە دانی پاداشی گرانبها خەڵاتیان دەکات.

لە ناو خەڵاتبوانیشدا ،کەسانی بلیمەت و زیرەک بووە بەڵام خۆ راهێنان و پەروەردە جێگای بەرزی خۆی هەیە و کەسانێکی زۆریش لەم رێگایەوە شارەزا دەبن و ئەوەی گەرینگە کار و ئاسەوار و تەنانت خۆشیان دەبنە میراتی ئەو نەتەوەو و ئەو کۆمەڵگایانە کە نموونەیان زۆرە.

بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی دا بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژێت ئەم بووارانە نەرەخساوە و تەنانت لە زۆر جێگا و شوێن لەمپەری لە بەردەمدا بۆ دانراوە و پێش بە پەرە و گەشانەوەی گیراوە و ئەگەر ئەوەشی هەبوبێت لە رێگای خۆبەخشی تاکەکەسی بوە و تەنانت بە بەخشینی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی لە بەرامبەر نەیاردا بەرهەڵستکاربووە.

ئەم کەندو کۆسپانە بۆ توانەوە و لەناوبەردن و جنوساید کورد بەرێوە چووە هەڵبەت مۆسیقا و گۆرانی توانیویەتی رێگا لە ناوچوونی زمان و کولتوری کوردی بگرێت.

لە ناو ئەو بلیمەت و شارەزایانەی مۆسیقا ،بێجگە لە مامۆستایانی وەک بەرێزان سەید عەلی ئەسکەری کوردستانی، تایرتۆفیق، مەزهەرخالقی، علی مەردان، رەشیدفەیزنژاد، خەلیل عالی نەژاد، عەتاخان، خلەدرزی، عەزیز شارخ، ئایشەشان و... مامۆستای گەورەی شمشاڵ ژەن، مامۆستا عەبدوڵا قادرزادە ناسراو بە قالەمەرە، توانیوەتی بە ئەو پەری بێ ئیمکانیدا بەلیمەتی خۆی نیشان بدات و دەنگی شمشاڵەکەی بێجگە لە ناساندن بە نەتەوەکەی خۆی،بە نەتەوەکانی دیکە بناسێنێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەداخەوە نەتەوەکانی دیکە خەڵاتی دەکەن بەڵام بە هۆی دەست کورتی ماڵی، ناتوانێت تەنانت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی ئەودیو ببێت. ئەوەتا مامۆستا گۆران ئەم ژینە بە ژانەی گەلەکەی لە پێش تروە پێی زانیوە و دەبێژێت:

*بە رەنگی زەردوو و شێوە ی دە ست و شمشاڵی کزا مامە*
*حە زم کرد بە ستەیەک ببەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێت*
*لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرت کێش*
*وەها دیارە کە بە ختت ئاشیانی بولبولی خەم بێت*

**لەلایەکی تر دیارە ئێمەش لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا بە هۆی دابین نکردنی ژیانی ئاسایی لە سەر بەنەما ئامازەپێکراوەکان چە ئاکام گەلی بۆمان دەبێت.**

**لە پاشان هەمومان بە باشی دەزانین ئامێری شمشاڵ لە گەل ساکاری و بێ ئیمکانیدا بۆتە میرات و هێمای نەتەوەی کورد و ئەوە سەرەڕای کەندو و کۆسپەکانی سەر رێگای ، ئەبێت بۆ نەوەکانی پاشەرۆژ بەپارێزرێت.**

*ئەوەندم بیست لە موسیقا خروشی روحی بیگانە*
*میزاجی کوردە واریم تیک چوە درویش عە بدوولا*

**هەرماڵی هونەر و ئەدبی کورد ئاوەدان و نموونەی قالەمەرە فراوان بێت.**

**بە سپاسەوە**

**سەرچاوە: کورد زین - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤**

# یادێک لە قالەمەڕە دوای حەوت ساڵ لە کۆچی دوایی

**لەیلا قادری**

قادر عەبدوڵازادە، ناسراو بە (قالەمەڕە) هونەرمەندە شمشاڵژەنی بەناوبانگی کوردە، ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی (کولیجە)ی سەر بە بۆکان لەدایک بووە و ساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کردووە.

شێخ محەمەد شێخی بورهان لە ناوچەی موکریان، لەبەر ئەوەی منداڵێکی هێدی و ئارام بووە، نازناوی قاڵە مەڕەی بۆ هەڵبژاردووە.

قالەمەڕە ساڵانێکی زۆر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی کرماشان، سنە، تاران، مەهاباد و ورمێ شمشاڵی ژەنیوە و بە دەنگی ئەفسووناوی شمشاڵەکەی خەڵکی دڵخۆش و ئارام کردووەتەوە.

قالەمەڕە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە گەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژی بە توانای کورد حەسەن زیرەک هاوکاری هونەری بوون و گۆڕانییەکانی ئەو هونەرمەندە ناودارەی بە شمشاڵ ڕازاندووەتەوە.

ئەو هونەرمەندە ناودارە بەرلە هاتنە دونیا، باوکی کۆچی داویی کردووە و تەمەنیشی ٦ ساڵ بووە کە دایکی کۆچی دوایی کردووە.

قالەمەڕە لە باسی ژیانیدا دەڵێ: "تەواوی ژیانم بە نارەحەتی و برسییەتی و چارەڕەشی تێپەڕ کردووە".

ئەو هونەرمەندە وەک باسی کردووە، ساڵی ١٩٤٥ - ١٩٤٦ پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە کردووە و لە نزیکەوە مامۆستا هەژار و هێمن موکریانی ناسیوە و لەگەڵیان دۆست بووە.

بەگوتەی خۆی دوای لەسێدارەدرانی قازی محەمەد لەلایەن ڕێژیمی شای پێشوو لە ئێران، ناچار بووە زێدی خۆی بەجێ بهێڵێت و هانا بەرێتە بەر ئەشکەوتی گولاڵە و پاشان ڕووی کردووەتە ماڵی عەباس ئاغای سەرکەپکان و ئەحمەد ئاغای کۆیە.

ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ لەگەڵ مەلا ئاوارە و مەلا مەحموودی زەنگەنە و سولەیمانی موعینی ئاشنا بووە، هەر لەو سەروبەندەدا ماڵیان چووەتە شاری بۆکان و تا ساڵی ١٩٨٥ بە سەلتی ژیاوە و ژیانی هاوبەشی پێکنەهێناوە.

هونەرمەند قالەمەڕە هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خەباتی کوردیدا بەشداری کردووە، تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ بە ژەنینی کاری بۆ جووڵانەوەی کورد و حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە.

گرینگی شمشاڵەکەی قالەمەڕە لە ئاستێک دایە کە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری میوزیک وەکوو بلیمەتێک باسی قالەمەڕ دەکەن و لووتکەی ژەنینی ئامێری شمشاڵ لە موزیکی کوردیدا لە ژەنینەکەی قالەمەڕە دەبینن.

هونەرمەندی موزیک، قالەمەڕە خاوەنی چەندین بەرهەمی پڕبایەخ و بەهێز و جوانە کە هەموویان مۆرکی تایبەتی ئەم هونەرمەندەیان پێوە دیارە و بە ناسنامەی هونەری موزیکی دەوڵەمەندی کوردی هەژمار دەکرێن.

هونەرمەندانی موزیکزانی وڵاتی ئێران و فارس زمانەکان نازناوی "گنج متحرک" واتە (خەزێنەی جووڵانەوەیان) لە قالەمەڕە ناوە.

هونەرمەند قالەمەڕە لە دوو دەیەی ڕابردوودا لەسەر بانگهێشتی خوێندکارانی کورد لە زۆربەی هەرە زۆری ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە زانکۆکانی ئێران ئامادە بووە و بە دەنگی بەسۆزی شمشاڵەکەی کۆڕەکانی ڕازاندووەتەوە.

قالەمەڕە لە ماوەی ساڵانی کار و خزمەتی هونەریی خۆیدا لە زۆربەی فێستیڤاڵە گرنگەکانی بواری هونەری موزیک لە وڵاتی ئێران، لەوانە، فێستیڤاڵی موزیکی فەجر لە تاران، فێستیڤاڵی موزیکی ناوچەکانی ئێران لە کرمان و لە

بۆنە و فێستیڤاڵەکانی سنە، کرماشان ئیلام، ورمێ، مەهاباد، سەقز، بۆکان و لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بەشداریی کردووە و چەندین خەڵات و شانازیی گەورەی بەدەست هێناوە.

هونەرمەندی شمشاڵ ژەن و ناوداری کوردستان شەوی پێنجشەممە ٢١ی مەی ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ماڵی خۆی لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد و رۆژی دواتر بە بەشداری هەزاران کەس لە خەڵکی بۆکان و شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان تەرمەکەی لەسەر وەسییەتی خۆی لە داوێنی ناڵەشکێنە لە تەنیشت گۆڕی هونەرمەندی گەورەی کورد، حەسەن زیرەک بە خاک سپێردرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٦

---

## بۆ کۆچی هونەرمەندێک

### وێبلاگی پاشکۆ

"ئێوارەی دوێنێ پێنج شەممە ڕێکەوتی ٣١ی بانەمەڕ دڵە گەورەکەی هونەرمەندی شمشاڵ ژەنی کورد مامۆستا قالە مەڕە لە لێدان کەوت.
هونەرمەندی گەورە و نەتەوەیی گەلی کورد مامۆستا قادر عەبدوڵازادە ناسراو بە قالەمەڕە پاش ژیانێکی پڕ بەرهەم ئێوارەی دوێنێ لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد

قالە مەڕە، گەورە بلوێرژەنی نەتەوەکەمان بە شمشاڵەکەیەوە گەورەترین خزمەتی بە زیندو ڕاگرتنی هەوای گۆرانی و مۆسیقای کوردی و لە ڕاستیدا فەرهەنگ و کەلەپووری نەتەوەکەمان کردووە." ناوەندی هەواڵنێری سەقز "ئەم هەواڵە زۆر زوو لەسەر میدیا و ماڵپەرە کوردیەکانەوە بڵاو کرایەوە و کەم و زۆر بووبە مایەی پەژارە و نارەحەتی کۆمەڵگەی کوردی. منیش وەک تاکێکی ئەم کۆمەڵگە خۆم لەم خەم و خەسارە گەورەیەدا بە بەشدار دەزانم و زۆر بەلامەوە قورس و گران بوو.

بەڵام هەروەک هەموو دەزانین ژینی دونیایی تا سەر بۆکەس نەبووە و نابێت. پاش مردنیش داخ و پەژارە و تەشیع جەنازە و گڵکۆی بەشکۆ و شینگێری و هتد سوودێک نابەخشێت. دەڵێی دوێکەیە مامەقالەم لەکووچەو شەقامەکانی نێوشار دەدیت تا بۆ وەدەست هێنانی بڕەپارەیەکی کەم نەفەسی گەرمی لەبلوێر داوێشت و بەپەنجە ڕەنگینەکانی هەوای حەریرە و کابووکێ و هەواری خاڵی و دەیان رستەو مەقامی دەردێنا تا وەکوو دڵی ڕێبواران وەکوڵ بێنێ و دەست لەباخەڵ کەن و بەڵکوو بژێوی ئەو ڕۆژەی منداڵەکانی وەدەست بێنێ و مل بۆ هەموو ناپیاوێک کەچ نەکا، لەکۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت جیرانەکانیش کەم کەس هەیە لە ئاستی هونەری و خزمەتەکانی ئەو پیاوە بلیمەتە بێخەبەر بێت. بەڵام نەماندیت و نەمانبیست کەس بۆ خزمەتی ئەو و هونەرەکەی قۆڵ هەڵماڵێت. ئەمرۆ و لەمەراسیمی تەشیع جەنازەی ئەو بەرێزەدا چڵکن دەوڵەمەندی وای تێدا بوون کە دڵنیام لەماوەی ژیانی ئەودا بۆتەنیا جارێک ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە. ٩٠ ساڵ ماوەیەکی زۆر بوو بۆ خزمەت و ناساندنی مامەقالە و هونەرەکەی تەنانەت لەئاستی نێودەوڵەتیشدا. بەڵام سەد مەخابن هەژار گوتەنی" لەلای ئێمە هونەرمەند وەک پێستەی ڕێوی بەزیندوویی ڕێزی نیە و تەنیا پاش مردن قەدری لێدەگرن." مام هێمنیش هەر زوو بەم ڕاستیەی زانیبوو بۆیە دەڵێت"

*گیانە لەبازاری ئەمڕۆکەی هونەردا*

*شێعری تۆ هێمن وەکو پارەی چرووک وایە ناچێت.... "*

*یان لە شوێنێ دیکە دەڵێت:*

*"تۆ بزانە ئەوەی ئەهلی هونەر بێت*

*دەبێ یا دەس بە سەر یا قوڕ بەسەر بێت*

*هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە*

*هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە و ژینی تاڵە"*

*یادی بەرز و ڕۆحی شاد*

# ئەو شمشاڵەی غەم دەیژەنی

کامەران سوبحان

### ئاوازێک هیچ میلۆدییەکی تر کپی ناکات

(لەلای من دڵی خۆم گرنگ نییە. من لەبەر دڵی خەڵکی شمشاڵ لێدەدەم. بڕیاریشم داوە هەرکەس داوام لێ بکات، لە منداڵێکی بچکۆلەوە بۆ پیرەمێردێک، لە سواڵکەرێکەوە بۆ بەرپرسێک، بە بێ دوودڵی دادەنیشم و شمشاڵی بۆ لێدەم. لە هەرجێگایەک بم کوچە بێ یان خیابان. ئەمە تێڕوانینی منە بۆ شمشاڵ ژەنین، چونکە هەستێکم بۆ دروست بووە و پێموایە ئەگەر من بمرم شمشاڵیش لەگەڵ من دەمرێ.) ئەمە وتەی هونەرمەندێکی شمشاڵژەنە کە ڕۆژی ٢٢ی ئایار یادی حەوت ساڵەی کۆچی دوایی بوو. پیرەمێردێکی دەموچاو چرچی چاو گەورەی برۆ پڕ، کورتە بالای زۆر جار ڕیشداری سپی. هەمیشە بە جلوبەرگی کوردی و کڵێتە یان جامانە و مشکیی ڕۆژهەڵاتییەوە دەردەکەوێت. لە زۆربەی وێنەکانیدا بە شێوەیەک دەبینرێت، یان شمشاڵ لێدەدا، یان شمشاڵی بەدەستەوەیە. ئەو شمشاڵەی زیاتر لە نیو سەدە هاوڕێی تەنیایی و خەم و ئازارە قووڵەکانی ناخیەتی.

شماڵەکەی (قالە مەڕە) تا ساتی مردنی لەگەڵیدا بوو. نزیکەی ٧٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی (قالە مەڕە) ئەو شمشاڵە بەدەستی وەستایەکی کارامە و دەستڕەنگین دروست کراوە. شمشاڵژەن و وەستای شمشاڵ هەردووکیان کۆچی دواییان کرد، بەڵام ئاواز و میلۆدییە ڕەسەنەکانی شمشاڵی هونەرمەندەکە بە زیندوویی دەمێننەوە. ئێستا تەمەنی شمشاڵەکەی (قالە مەڕە) زیاتر لە ١٥٠ ساڵە، ئەو پرسیارەی لەدوای مەرگی ئەو هونەرمەندە گرنگە دەبێ بکرێت، ئەوەیە کە بەدەر لە پاراستنی ئاواز و میلۆدی و پارچە موزیکەکانی، ئایا ئێستا ئەو شمشاڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ مۆزەخانە و ماڵێکدا و لای کێ پارێزراوە؟ ئایا دوای مردنی (قالە مەڕە) شمشاڵ و جلوبەرگ و کەرەستەکانی تری دەبنە ئەرشیفێکی نەتەوەیی؟ دەبنە موڵکی خێزان و ماڵباتەکەی، یان وەک هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی دیکەی کورد لەناودەچن؟ هەر جارێ گوێ لە دەنگی شمشاڵەکەی دەگرم، هەست دەکەم هیچ کەس وەک ئەو نەیتوانیوە میلۆدی و ئاوازی کوردی بژەنێت. کاتێک پەنجەکانی ئەو لەسەر کونی شمشاڵەکەیە و روخسار و ناڵەی پڕ لە دەروونی پیرە هونەرمەندێک ئاوازێک دەردەکات، دواتر ئەو ئاواز و میلۆدییە کاریگەریی گەورە

لەسەر موزیک و گۆرانیی زۆرێک لە موزیککاران و دەنگبێژانی کورد دادەنێت، بەتایبەتیش (حەسەن زیرەک و ماملێ و خالقی و عەزیز شاروخی). ئەم چوار هونەرمەندە بە جیاوازیی ستایل و شێوازی گۆرانی گوتنیان، بەڵام ڕەسەنایەتی و ڕیتم و بۆنی کوردەواریی میلۆدییەکانیان کاریگەریی شمشاڵەکەی قالە مەڕەی لەسەرە، هەر چواریشیان لە ئەزموونی هونەریی خۆیاندا باسی کاریگەری و مەزنیی هونەرەکەی قالە مەڕەیان کردووە. ئەمە جگە لەوەی هونەرمەندێکی وەک بێژەن کامکار لەبارەی شمشاڵ و هونەرەکەی (قالە مەڕە)وە دەڵێت "کاریگەریی ئەم دەنگە ڕەسەنە لەسەر کارکردنی گرووپی کامکاران زۆرە، بەداخەوە نەمانتوانی و دەرفەت نەبوو پێکەوە کارێکی هونەری بکەین، بەڵام لە گۆرانی و بەرهەمە موزیکییەکانماندا ئەو ڕۆحە هونەرییە کوردییە هەیە کە پێش ساڵانێکی زۆر قالە مەڕە بە شمشاڵ ژەنیویەتی. بۆ خۆشم بۆ دەنگبێژی و میلۆدی و ئاوازەکان، زۆر کاریگەرم بە شمشاڵ و ئاواز و ژەنینە پاک و کوردییەکانی ئەم هونەرمەندە کوردە.

موزیکەکەی میلۆدییەکی تەواو کوردییە و نە تێکەڵ بە هیچ ئاوازێکی تری بێگانە دەبێت، نە هیچ موزیک و میلۆدییەکی تریش دەتوانێت تێکەڵی بێت و دەنگی لاواز و کپ بکات."

قالە مەڕە، کاتێک لێوەکانی بە شمشاڵەکەیەوەیە و نیگا و روخساری بۆ زەوی شۆڕ دەکاتەوە، ئاوازێک دەژەنێ لە ڕەنگی خاک و ڕەسەنایەتی. نیو سەدە زیاتر بەم شێوەیە شمشاڵ و ئاوازی تایبەتی کوردی ژەنی و ساتێک نەبووە هەست بە بێزاری لە شمشاڵەکەی بکات، بە پێچەوانەوە هەمیشە هەستی بە بێزاریی ژیان کردووە، چونکە ئەو نە ژیانێکی سەنگینی هەبوو تێیدا بژی، نە ساتێک هەستی بە ئارامی کردووە. ژیانی خۆی، هەمیشە وەک ئاوازی شمشاڵەکانی غەمگین و پڕ نائومێدی بووە.

-----

لە زیاتر لە نیو سەدە ئەزموونی هونەریدا، قالە مەڕە بەشداریی فێستیڤاڵە بەناوبانگەکانی هونەری موزیکی لە ئێران کردووە. بە تایبەتیش لە (فێستیڤاڵی موزیکی فەجر لە تاران، ئەمە جگە لە فێستیڤاڵی موزیکی ناوچەکانی تری ئێران لە کرمان و لە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و فێستیڤاڵەکانی شارەکانی سنە، کرماشان، ئیلام، ورمێ، مەهاباد، سەقز، بۆکان و چەند شارێکی دیکە و چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە. ئەم هونەرمەندە کوردە، خەڵاتی باشترین شمشاڵژەنی هاوچەرخی لە ئەڵمانیا پێ بەخشرا، بەڵام بەهۆی هەژارییەوە نەیتوانی سەردانی ئەڵمانیا

بکات و خەڵاتەکەی وەربگرێ، ئەمە خەمێکی قووڵی لەناخیدا بەجێهێشت. هەروەها خەڵاتی هونەرمەندی ساڵی لە ئێران بەدەستهێناوە و لەگەڵ چەند خەڵاتێکی تری موزیک و شمشاڵ ژەنین، لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات. لەناو هونەرمەندانی ئێراندا (قاله مەڕە) نازناوی (گەنجینەی گەڕۆک)ی پێدراوە. پێیان وابوو، موزیکەکەی ئەو گەنجینەیەکی ڕەسەنایەتی کوردییە. ئەو گەنجینەیەکی دەوڵەمەند بوو لە ئاواز و موزیک، ڕیتم و شێوازی ژەنیاریی ئەو تایبەتمەندی و بۆن و بەرامێکی تایبەتی هەبوو، کە تەنیا لەو شمشاڵەوە دەبیسترا.

چەند ساڵێک پێش مردنی هاتە هەرێمی کوردستان و خەڵاتی ڕێزلێنانی لە شاری سلێمانی پێ بەخشرا، لەو مەراسیمەدا چەندین یادەوەریی گرنگی گێڕایەوە. کاتێک بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق لە ماڵەکەی خۆی لەگەڵ هونەرمەند ئیبراهیم قادری و چەند کەسایەتییەکی تر میوانداریی کردن. لەو دانیشتنەدا قاله مەڕە یادەوەری و دەردەسەریی زۆری ژیانی خۆی گێڕاوەتەوە و تەنانەت باسی ئەوەی کردووە کە خەڵاتی شای ئێرانی ڕەتکردووەتەوە و پێی وابووە، هەر خەڵاتێک لەلایەن دوژمنانەوە بێت بەهای هونەرەکەی ئەو زیاد ناکات، بەڵکو لە هاووڵاتیان و گوێگرانی دوور دەخاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی مام جەلال سەرسام بووە بە وتە و هەستە بەرزەکانی قاله مەڕە، لە شوێنی خۆی هەستاوەتەوە و بەرەو ڕووی رۆیشتووە تا دەستەکانی ماچ بکات. لەوکاتەدا قاله مەڕە هەستاوەتەوە و نەیهێشتووە سەرۆک ئەو کارە بکات و هەر ئەو ساتە سەرۆک تاڵەبانی رووی کردووەتە ئەو کەسانەی دانیشتوون و گوتوویەتی "جێی شانازییە بۆ کورد خاوەنی ئەم هونەرمەندە گەورانە بێت، ئەو دەستانە دەبێ ماچ بکرێن کە ئامادەیە برسی بێت و سەربەرز بێت، بەڵام هەرگیز ئامادە نییە لەپێناوی موڵک و سەروەت و ساماندا سەر دانەوێنێ بۆ دوژمنانی گەلەکەی.

## مەرگی ئاوازی دەرد و ژان

درەنگانێکی شەوی ٢٢ی مانگی ئایاری ٢٠٠٩ ئاوازێک لە ماڵەکەی خۆیدا هێواش هێواش خامۆش دەبوو. شەوان و ڕۆژانی تری ساڵ دانیشتووانی گەڕەک گوێیان لە شمشاڵێکی سەرکەش دەبوو. بەڵام ئەو شەوەی کە ئەو شمشاڵژەنە پیرە سەری نایەوە، سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر هەزاران گەنج و شەیدایانی بە وێنەی (قاله مەڕە) و بە دەنگی پارچە شمشاڵەکانی ئەو شاریان پڕ کرد لە ماتەم. تا چەند ڕۆژێک هونەرمەندان و نووسەرانی ڕۆژهەڵات خەمی

مەرگی قالە مەڕ بەری نەدان. دەیان پارچە شیعر و پەخشان بۆ ئەم هونەرمەندە نووسران. پاش چل ڕۆژیش، یادێکی گەورە لە بۆکان لەلایەن دۆستان و شەیدایانی قالە مەڕەوە ساز کرا. مەراسیمی ماتەمگێڕیی ئەم هونەرمەندە لە مزگەوتی (جامیع)ی بۆکانەوە بۆ گۆڕستانی (ناڵە شکێنە) بەڕێوە چوو. تەرمەکەشی بەسەر شانی لاوانی بۆکان و بە هەڵدانی دەیان گوڵ بۆ سەر گڵکۆ و تەرمەکەی گوزارشت بوو لەو خەمە زۆرەی هاووڵاتیان و هونەرمەندان و نووسەران بۆ ئەم هونەرمەندە ڕەسەنە هەیانبوو. لەسەر وەسێتنامەی خۆیشی تەرمەکەی لە تەنیشت گۆڕی هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن زیرەک بە خاک سپێردرا. ئێستا گڵکۆی زیرەک و قالە مەڕ لە بەرزاییی گۆڕستانی ناڵەشکێنەی بۆکان پێکەوە بە ئارامی لە ئامێزی خاکی کوردستاندا ڕاکشاون. ناسری حیسامی شیعرێکی لە سویدەوە بەناوی (بۆ فریشتەی مۆسیقا) بۆ مەرگی قالە مەڕ نووسی:

*بەسەرچوو کە دڵی قامیشێک بشکێنی*
*لە نەیزار بیهێنی لە شار بیگرێێنی*
*لەو شوێنەی سکاڵا هەزاری بە پوولێک*
*بێیەوە شەقام و دەنگی خۆت هەڵبێنی*
*بە گەرووی لێواو لێو لە بەیتی فرمێسک*
*هێندە ئەو پەنجانەت بێ ناز هەڵپەڕێنی*
*کە داد و کە ناوبانگ لێت چووبووە قوللەی قاف*
*تۆ ئاوا دڵتەزێن بەشی خۆت بستێنی*
*بە هەودای هەوایەک لەو شاخە سەرکەوی*
*لەوێوە جیهانی دەرد و ژان بدوێنی*
*دەستێکت لە شمشاڵ ببزێوی و، بە دەستێک*
*باوەشت لە کێوی محاڵات وەربێنی*

## ژیانی پڕ لە چارەڕەشی

قادر عەبدوڵڵا زادە ناسراو بە "قالە مەڕ" ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی "کولیجە"ی سەر بە "بۆکان" لەدایک بووە.

بـاوکی نـاوی محەمـمەد بـووە و لەلایەن "شـێخ محەمـمەد شـێخی بورهـان" لە نـاوچەی موکریـان کە قـادری زۆر خۆشدەویسـت، لەبەرئەوەی مێرمنـداڵێکی زۆر هێـدی و ئـارام بـووە، نازنـاوی "قـالە مەڕ"ی بەسـەردا بڕیبـوو. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ یەکەمینجار لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کرماشان، سنە، تـاران، مەهابـاد و ورمێ بە دەنگی ئەفسوناویی شمشاڵەکەی چەندین پارچە موزیکی جوان و ڕەسەنی پێشکەش بە بینەران و بیسەران کردووە. ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بووە بۆ ناسین و بەناوبانگبوونی.

قالە مەڕ یەکێک بـووە لەو هونەرمەنـدانەی ڕۆڵـی کـاریگەری هەبـووە لە سـەرکەوتن و تۆمـارکردنی گۆرانییەکـانی (حەسەن زیرەک)دا و لە چەندین گۆرانی ئەو هونەرمەندەدا شمشـاڵی ژەندووە، ئەمەش هێندەی دیکە ڕەگی فۆلکلۆری و ڕەسەنایەتی بە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک بەخشیوە.

لە بـارەی تراژیـدی و غەمگینیـی ئـاوازی شمشـاڵەکەی، بـاس لەو ژیـانە پـڕ لە چەرمەسـەرییەی دەکرێت کە ڕۆڵـی گەورەی هەبـووە لەو شێوازەی لە شمشـاڵ ژەنینـدا. هەر وەک خـۆی دەڵێـت "لە ژیـانـدا کەم ڕۆژم بە خۆشـی بەسـەر بـردووە، مـن و هەژار و هـێمن سـێ کـوچکەیەک بـووین لە خەم و پەژارە و هەمیشـە خەم میـوانی بەردەوامـی دڵ و ڕوخسارمان بوو، من بۆ خۆم تەواوی ژیانم بە نائارامی و برسێتی و چارەڕەشی بەسەر بردووە."

قالە مەڕ باوکی خۆی نەبینیوە و دایکیشی، ئەم لە تەمەنی شەش ساڵیدا بووە کە کۆچی دوایی کردووە.

قالە مەڕ یەکێک بووە لەو هونەرمەندە کوردانەی ڕۆژهەڵات کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کاربەدەسـتانی (کۆمـاری مەهابـاد) دا هەبـووە، بە سـێ قـۆڵی لەگەڵ هەژار و هـێمن موکریـانی خۆیـان بە پشتیوان و هاوکاری سەرخستنی کۆمارەکە زانیوە. پێشتر و پاشتریش هەمیشە لە خەباتی کورددا بەشداریی کردووە و هاوڕێ و هاوشانی تێکۆشەرانی کورد بـووە. درەنگـانێکی شـەوی پێنجشـەممە ٢٢ی ئایـاری ٢٠٠٩ لە تەمەنـی ٨٤ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ماڵی خۆی لە شەقامی مامۆستا هێمن، لە کۆڵانی لاچینی شاری بۆکـان کۆچی دوایی کرد.

## لە گۆرانەوە بۆ قالە مەڕە

قالە مەڕە و شمشاڵ دوانەیەکی پێکەوە گرێدراون، هەروەک دەگوترێت هیچ ژەنیارێکی کورد هێندەی ئەم نەیتوانی بە ڕۆحێکی هونەریی بەرزەوە گیان و هۆشی خۆی تێکەڵ بە ئاواز و میلۆدی بکات. ئەمەش وا دەکات پارچە مۆزیکەکانی قالە مەڕە ڕەگی فۆلکلۆری کوردیی تێدا زاڵ بێت. شاعیری کورد، عەبدوڵڵا گۆران شیعرێکی بەناوبانگی بەناوی (دەروێش عەبدوڵڵا) هەیە، ئەو شیعرە بۆ کۆتایی ئەم نووسینە، وەک پەیام و نامەیەکی تایبەتە، لە بری ئەوەی لە گۆرانەوە بۆ دەروێش عەبدوڵڵا بێت، لە گۆرانەوە بۆ قالە مەڕەی ئەژمار دەکەین. چونکە دونیای دەوڵەمەندی وێنە و گوزارشتی گۆرانی شاعیر بۆ شمشاڵ و دەست و پەنجە و ئاوازی دەروێش عەبدوڵڵا، زۆر نزیکە لە ئاواز و دەست و پەنجە و غەم و پەژارەی قالە مەڕە و بەهای هونەرەکەی. چونکە (گۆران) بە زمانێکی بەرزی وا وەسفی دەست و پەنجە و شمشاڵ و ئاوازەکەی دەروێش عەبدوڵڵای کردووە، دەکرێت بۆ دەست و پەنجە و شمشاڵەکەی قالە مەڕەش هەر راست بێت. دەکرێت دەروێش عەبدوڵڵا و قالە مەڕە دوو سیمبولی مەزنی ئاواز و میلۆدیی کوردی بن و هەمیشە بە نەمری بمێننەوە.

### دەروێش عەبدوڵڵا

**گۆران**

*بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش*
*حەزم کرد بەستەیەک بیبەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ*
*لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش*
*وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ!*
*بەڵێ، دیارە، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار*
*وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا*
*بەڵام تەختی ڕوفاە و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار*
*بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لە ناو شمشاڵی کون کوندا*

*سەحەر بێنێتە گریان و قسە، سیحری پەری نەغمە!*
*برای دەروێش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی،*
*بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە،*
*بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی!*
*بەڵام چی بکەین، لە ناو چاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە،*
*وەکوو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن*
*ئەگەر خیلقەت ئەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە*
*نەکردایە، خوا عالم، لە کام عەرشت ئەسوو داوێن؟*
*نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی،*
*سیرف بەرزیی زەکا ئەم سنعەتەی فێر کرد بە شمشاڵت*
*هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە تووڵانی هەتا کورتی،*
*بە سەر پەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زاڵت*

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠١٦**

---

## ئاوڕێک کە دەمهاژێنێ، خۆی یان شمشاڵەکەی؟

### زانکۆ خەلیفە

**شمشاڵ، جۆرێک نەی فلێزی لێوە کە لە سەرەوە خاوەنی شەش کونە درێژایی نیزیک بە ٤٠ سانتە بە هەوا لانی دەنگەوە لە ڕیزی سازەکانی"گڕ"(بم) و ئاوازی تایبەت بە خۆی.**

**ماکی شمشاڵ لە "مزوار" ە کە جۆرێک ئالیاژی زەردە و لە تێکەڵبوونی ٠ / ٨٥ "قەڵایی" و ٠ / ١٥ "مز" پێک دێت؛**

لە رابردوودا بۆ سازکردنی سەماوەری رەژی، دەستاونگ و جامیلکە کەڵکیان لێوەردەگرت، هەڵبەت هۆی دەست نیشانکردنی "مزوار" بۆ ماکی شمشاڵ دەگەڕێتەوە سەر سووکی و جوانی بوون و هەروەها زریکاندن و دژە ژەنگی ئەم جۆرە ئالیاژەیە ناوچەی کوردستان هەر بەزووە ئاوێتەی دەنگی شمشاڵ بووە و شێوە ژەنینی ئەو ئامرازە وەک بەرزایی و نەویەکانی.

## ئەم ناوچەیە لە بەرزی و نزمبوونەوە دایە.

قادر عەبدوڵلا زادە لە ساڵی ١٢٩٥ی هەتاوی لە ئاوایی" کولیجە" ی سەر بە شاری مەهاباد چاوی بە دنیا هەڵێنا و بۆ ماوەی چەن ساڵێک لە ناوچەی " مەحاڵی ئاختاچی " مایەوە . باب و براکانی شارەزای ژەنینی شمشاڵ بوون، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە مام قادر هەر لە سەرەتای منداڵیەوە هۆگری شمشاڵ ببێت. بەڵام باب و برایەکانی لە فێرکردنیدا کەمتەرخەمیان نواندووە و هیچ سەرنجێکیان پێنەداوە و تەنانەت بۆ هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکیش بەشدارییان نەداوە.

مام قادر دەگێڕێتەوە: "باب و برایەکانم منیان پێ منداڵ بوو، فێریان نەدەکردم، دەگەڵ خۆیان بۆ ئێر و ئەوێیان نەدەبردم، منیش ناچار دەگریام، لەبیرمە رۆژێکیان ئەوەندە گریام هەتاکوو لە پەنا دیوارێک خەوم لێکەوت و دەخەومدا دەنگێک پێی وتم: عەبدولقادر... عەبدولقادر... هەستە مەگری... هەستە... شمشاڵ بژەنە، منیش راچڵەکیم و بە خێرایی دەستم کرد بە شمشاڵ ژەنین... دیتم ئیتر عەبدولقادری جاران نەمابووم"

خۆی ئاماژە بە شمشاڵەکەی دەکا و دەڵێ: "لە سەرتاسەری کوردستان شمشاڵی ئاوا چاکی لێ نییە ئەوە شتێکی بێ هاوتایە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەت و بیست ساڵ لەمەوبەر،ئەو کات کە لاو بووم لە "سەید"ێکم کڕی بە ٥ قڕانی ئەو کات."

مام قادر هەتا تەمەنی هەژدە ساڵی هاوڕێ دەگەڵ بنەماڵەکەی وەرزێری و ئاژەڵداری و پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ بووە بە شوان، لەو ماوەی ئەو دوو ساڵەدا بەردەوام لە چیا و دۆڵ و دەوەن، مەشق و راهێنانی کردووە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو کات مامۆستا و گوێبیستی شمشاڵەکەی مام قادر، تەنیا هەر خۆی بووە. لە ئاکامدا توانی

ببێت بە شمشاڵ ژەنێکی لێهاتوو و کارامە.

هەر لەو کاتەوە هەتاکوو هەنووکە بژێوی خۆی و بنەماڵەکەی لە ڕێی ژەنینی شمشاڵەکەیەوە دابین کردووە.

ڕەزاسووکی و هێمنی و لەسەرەخۆیی ئەو مرۆڤە بە بلیمەتە وادەنوێنێ کە "شێخ محەممەدی شەمسەدینی" ناسراو بە - شێخ محەممەدی بورهان - نازناوی "قالە مەڕە" ی بۆ هەڵبژێرێ.
قالە مەڕە، شاری" بۆکان"ی بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی دیاری دەکات و هەتا ئێستاش هەر لەم شارە خنجیلانە درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.

لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی زەماوەندی کرد کە خاوەنی دوو کوڕی دووانە بە ناوەکانی "محەممەد" و "ئەحمەد"ە . هەر لە کاتی لاویەتیەوە بە ژەنینی ئاهەنگە فۆلکلۆرەکانی ناوچەی موکریان خەریک بووە و خۆی دەڵێ: "زۆربەی هەرە زۆری فۆلکلۆری ناوچەم لە بەر بوو، ئێستاش پیر بووم و زۆرم وەبیر نەماون" لە ناو گشت ئاهەنگەکاندا بەیت " کانبی خواز" ی لە لای خۆشەویسترە (بەیتێکی حیماسی کوردییە؛ دەو بەیتە دا" کانەبی فەقێ وەیسە "دەگەڵ " ئەحمەد خانی نامی" - یەکێک لە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی شاری مراغە - ڕووبەڕوو دەبێتەوە؛ لە ئاکامدا هەر دووکیان بە دەستی یەک دەکوژرێن "خواز"یش خوشکی "کانەبی"یە کە پاش مردنی کاکی بە شینگێڕی پێیدا هەڵدەڵێ."

قالە مەڕە لە شاری بۆکان هەتا بەر لە ئێستا، بۆ دڵی خەڵک شمشاڵی لێداوە و خەڵکیش هەر کەسە و بە پێی توانای خۆی یارمەتیان داوە و هێندێ جاریش سەردانی شارەکانی سەقز و مەهابادی کردووە و بە شمشاڵە جوانەکەی بلاوێنەرەوەی دڵە پڕ لە کۆڵەکەی خەڵکانی سەرشەقام و کۆڵان و ناخی ژوورە تەنیاییەکان بووە و هەر بەو هۆیەش زۆر زوو لە ناو دڵی خەڵکدا جێی خۆی دەکاتەوە و لە زاری خەڵکەوە ناوی مامە قالە بە خۆوە دەگرێ.

بە هۆی بایەخی و جوانی ژەنینی شمشاڵەکەی، مامە قالە لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەدرێت و ئێستاش خاوەنی دەیان خەلات و ڕێزنامەیە. بۆ وێنە:

لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی براوەی خەڵاتی باشترین و بنەڕەتی ترین نەی ژەنی لە وڵاتی ئاڵمان بووە کە بەداخەوە بە هۆی هێندێ کێشە و گرفتی تایبەتەوە هەلی چوونە دەرەوەی وڵاتی بۆ نەرەخساوە.
لە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی یادوارەی هەڵەبجە لە شاری ئیلام و هەروەها لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی لە یادوارەی قوربانیانی ئەنفال لە شاری سولەیمانیە بەشداری کردووە.

لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی لە شاری بۆکان مەراسیمی ڕێزلێنانی لێ گیراوە.

لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی لەسەر بانگهێشتی سەرۆک کۆماری ئێراق "جەلال تاڵەبانی" سەردانی کوردستانی ئێراق کردووە و خەڵاتی ڕێزلێنانی تایبەتی پێبەخشراوە. هەروەها شایانی باسە کە مامەقالە خاوەنی دەیان ڕێزنامە و مێداڵیای ترە.

*جامعه فرزانگی و سعادت می یابد که خواندن، کار روزانه اش می باشد". سقراط*

زۆربەی سوورەکانی قورئانی پیرۆز بە شمشاڵ لێدەدا و خۆی دەڵێ: "هەر ئەوە بۆتە خۆشەویستی من لە لای خەڵک و لە لای کەسایەتیە ئایینیەکان."

بە لای زۆربەی خەڵک و تەنانەت خوودی"مام قادر"یشەوە،گەر ئاوڕێکی بنەڕەتی لەو هۆنەرە نەدرێتەوە بە مردنی "قالە مەڕە" شمشاڵیش دەمرێ و ئەوەش خەسارێکی گەورە بە مۆسیقای ڕەسەنی کوردی دەگەیەنێ. مام قادر خۆی وەسیەتی کردووە لە دوای کۆچکردنی، شمشاڵەکەی - کە زیاتر لە سەت و بیست ساڵ مێژوویەتی - ئاراستەی مووزەی شاری هەولێر بکرێت.

بەداخەوە هۆنەرمەند قالەمەڕە دوای ژەنینی ٧٥ ساڵ شمشاڵ بۆ دڵی گەلەکەی، بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی " CVA " ٭ وێستانی مێشک - چاوەکانی تەم گرتوویانە و تواناى چوونەدەرەوەی لە ماڵ لێبڕاوە و هەر بەو هۆیەش گوڕ و تینی جارانی نەماوە.

سەرچاوەکان:

* فەرهەنگی فارسی - کوردی زانکۆی کوردستان - ماجێد مەردووخ ڕووحانی (هەر سێ بەرگەکەی) پێگەی ویکی پیدیا
بەسەرهاتێک لە ژیانی پیاوێک کە بۆ دڵی خەڵکی کوردستان شمشاڵ دەژەنێ - سالار ئەشعەری - پێگەی زیگ زاگ
(سپاس لە بنەماڵەی مامۆستا قالە مەڕە بە تایبەت کاک محەممەد عەبدوڵڵازادە)

تێبینی: ئەم وتارە کاتی زیندوو بوونی مامۆستا قالە مەڕە نووسراوە و لە گۆڤاری هەژێن بڵاو بۆتەوە

پایگاە خبری تحلیلی هاژە ٣١ی بانەمەری ١٣٩٦

## قالەمەڕە.. تەنیا مەرگ لە شمشاڵەکەی جیا کردەوە

**عەزیز مورادی**

" عاشقی شمشاڵەکەی سەید بووم، چەند جار ڕۆیشتمە لای و داوام لێ کرد پێمی بفرۆشێ، بەڵام شمشاڵەکەی لە خۆی جیا نەدەکردەوە. پاش ماوەیەک نەخۆش کەوت و مرد. پاش مردنی سەید، شمشاڵەکەیم لە کوڕەکەی بە مەڕێک کڕی کە ئەوکات بەهاکەی پێنج قڕان بوو. باپیر و براکانم شمشاڵژەن بوون، بەڵام کەس منی فێری ژەنین نەکرد، خوا مامۆستای من بوو. شمشاڵژەنینم لە چیرۆک دەچێ، پاییز بوو و منیش منداڵ بووم. میوانی یەکێک لە خزمەکانمان بووین. براکانم خەریکی شمشاڵژەنین بوون، ویستم شمشاڵ بژەنم، بەڵام نەمدەتوانی بە باشیی ئەوان بژەنم، بۆیە لە میوانییەکە بە لێدان دەریانکردم. رامکرد و خۆم گەیاندە ماڵە قوڕینەیەک و تا خەو بردمییەوە، گریان بەری نەدەدام و فرمێسک لە چاوەکانم دەهاتە خوار. کەسێک هاتە خەوم و هاواری کرد: هەستە، عەبدولقادر هەستە، ئەوەندە گریاوی، خواشت بێزار کردووە، هەستە و بڕۆ شمشاڵ بژەنە. لە خەو هەستام، قالەکەی جاران نەبووم، شمشاڵەکەم بە دەممەوە گرت، کەس وەک من نەیدەتوانی شمشاڵ بژەنێ."

ئەمە چیرۆکی ئەو هونەرمەندە کوردەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە درێژایی ژیانی کۆڵان بە کۆڵانەکانی شاری

بۆکان و دەورووبەری دەگەڕا و شمشاڵی دەژەنی تا خەڵکی شار یارمەتیی بدەن، چونکە دەستی بۆ هیچ کارێک نەدەچوو، شمشاڵژەنی نەبێ.

## شمشاڵ تەنیا هاوڕێی بوو

قاله مەڕە ناوی راستەقینەی قادر عەبدوڵازادەیە و ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی کولیجەی سەر بە شاری بۆکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بوو. ناسناوی (قالەمەڕە) لە لایەن شێخ محەمەد شێخی بورهان لە ناوچەی موکریان لەبەر زۆر ئارامی و هێدی بوونی قالەمەڕە خراوەتە سەری کە منداڵێکی زۆر هێمن و ئارام بووە. باوکی نابینێ و تەمەنی شەش ساڵ دەبێ دایکیشی کۆچی دوایی دەکات.

ئەم هونەرمەندە کوردە لە ساڵی ١٩٥٠ بە دواوە لە ناوەندی رادیۆی شارەکانی مهاباد، کرماشان، سنە، تاران و ورمێ چەندین پارچە میۆزیکی بە شمشاڵەکەی تۆمار کرد کە لە ناساندنی وەک هونەرمەندێکی مەزنی کوردستان رۆڵی گرنگی هەبوو. بۆ ماوەیەکیش شمشاڵەکەی خستە خزمەت دەنگی حەسەن زیرەک و لە چەندین گۆرانیدا شمشاڵی بۆ ژەند.

هاوڕێی نزیکی هەژار و هێمنی شاعیر دەبێ و پاش لەسێدارەدانی قازی محەمەد، یەکەم سەرکۆماری کوردستان، بەهۆی پەیوەندیی بە کۆماری کوردستانەوە پەنا دەباتە ماڵێ عەباس ئاغای سەرکەپکان و ئەحمەد ئاغای کۆیە. لە ساڵەکانی ١٩٦٧ و ١٩٦٨ دەبێتە هاوڕێی مەلا ئاوارە و مەلا مەحموودی زەنگەنە و سولەیمانی موعینی و ماڵی دەباتە بۆکان.

قاله مەڕە هونەرمەندی ناسراوی کورد تا تەمەنی ٦٠ ساڵی بە رەبەنی و بەتەنیا دەژی و تەنیا هاوڕێی ژیانی شمشاڵەکەی دەبێ و پاش ئەو تەمەنە هاوسەرگیری دەکات.

قالەمەڕە تا ئێستاش ناسراوترین هونەرمەندی شمشاڵژەنی کوردستانە و ناوی شمشاڵ و قاڵەمەڕە بەجۆرێک پێکەوە گرێیان خواردووە تا کە ناوی شمشاڵ دێنن بە بیر قالەمەڕە دەکەوێنەوە و بە ناوی قالەمەڕەش دەنگی

شمشاڵ بە گوێماندا دێت.

قالەمەڕەی هونەرمەند بە درێژایی ژیانی هەمیشە بە نەداری و هەژاری ژیا و هیچ لایەنێک ئاوڕی لێ نەدایەوە، لە زیاترین فێستیڤاڵ و کۆڕە هونەرییەکان ئامادە دەبوو. لە فێستیڤاڵی میوزیکی فەجر لە تاران، فێستیڤاڵی میوزیکی کرمان، کرماشان، ورمێ، ئیلام، بۆکان، سەقز، سلێمانی و هەولێر بەشداریی کرد و بە دەنگی شمشاڵەکەی خەمی کوردی دەژەند.

ئەم هونەرمەندە شەوی پێنجشەممە ٢١ - ٥ - ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٨٤ ساڵی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە شمشاڵەکەی کرد و چریکەی شمشاڵەکەی وەک میراتێکی مەزنی کولتووری و ژیان و مۆسیقای کوردانە بەجێهێشت.
ڕۆژی ٢٢ - ٥ - ٢٠٠٩ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و لەسەر داوای خۆی تەرمەکەی لە پەنای گۆڕی حەسەن زیرەک لە ناڵەشکێنەی بۆکان بە خاک سپێردرا.

## شمشاڵەکەم با لە هەولێر بێ

قالەمەڕە هەمیشە شمشاڵەکەی لەناو قوماشێکی گوڵدار دەپێچایەوە و دەیخستە ژێر قۆڵی یان لە ناو پەڕی شاڵەکەی دەیشاردەوە و شەوانیش لەژێر باڵشتەکەی ژێرسەری دای دەنا و هەرگیز لە خۆی جیای نەدەکردەوە، تەنانەت کاتێکیش نەخۆش دەکەوێ و لە نەخۆشخانەی شاری مەراغە دەیخەوێنن و دکتۆرەکان ئاگاداری دەکەنەوە: نەخۆشیی سیلی هەیە و نابێ شمشاڵ بژەنێ، بەڵام گوێ لە دکتۆرەکان ناگرێ و لەوە بەدواوە بۆ ساتێکیش شمشاڵەکەی لە خۆی دوور ناکاتەوە.

قالەمەڕە بۆ پاش مەرگی وەسیەتی کردبوو: لە کێوی ناڵەشکێنە لە پاڵ گۆڕی حەسەن زیرەک بینێژن و شمشاڵەکەشی لەناو یەکێک لە مۆزەخانەکانی هەولێری پایتەختی کوردستان بپارێزن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٢٩ی مای ٢٠١٧

## ٩ ساڵە قاڵە مەڕە بەجێی هێشتووین بەڵام هەموو ڕۆژێک غاز فرۆشەکان بە زیندوویی دەیهێڵنەوە

### باخچە

قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە (قالەمەڕە) هونەرمەندی بەناوبانگی شمشاڵژەن ساڵی ١٩٢٥ (ای سەرماوەزی ١٣٠٤ی هەتاوی) لە گوندی (کولیجە)ی سەر بە بۆکان لەدایک بوو. ناوی باوکی ناوی محەمەد بووە و لەلایەن شێخ محەمەد شێخی بورهان لە ناوچەی موکریان، کە قادری زۆری خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی کە مێرمنداڵێکی زۆر هێدی و ئارام بووە، نازناوی قالەمەڕەی پێ بەخشراوە.

لە ساڵانی پەنجاکان و ساڵانی دواتر لە ناوەندەکانی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی کرماشان، سنە، تاران، مەهاباد و ورمێ بە دەنگی سیحراوی و ئاسمانی و بەربڵاوی شمشاڵەکەی بە دەیان پارچە میوزیکی جوان و رەسەنی پێشکەش کردووە و هونەری میوزیکی کوردی بە شکۆیەکی بێ وێنەوە پاراستووە.

دواتر بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژی بەتوانای کورد حەسەن زیرەک هاوکاریی هونەری کرد و لە پێشکەشکردنی گۆرانییەکانیدا بە ئامێری شمشاڵ یارمەتی دەدا. قالەمەڕە باوکی نەبینیوە و دایکیشی لە تەمەنی ٦ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا.

هەروەک خۆی دەڵێ تەواوی ژیانی بە دژواری و برسێتی و چارەڕەشی تێپەڕاندووە. ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە کردووە و دۆستایەتییەکی نزیکیشی لە گەڵ نەمران هەژار و هێمن موکریانیدا هەبووە. لە دوای لەسێدارەدرانی قازی محەممەدی سەرۆک کۆمار، قاچاغ دەبێ و هانا دەباتە ئەشکەوتی گولاڵە، یان پەنا دەباتە ماڵی عەباس ئاغای سەرکەپکان و ئەحمەد ئاغای کۆیە.

ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بۆتە هاوڕێی مەلا ئاوارە و مەلا مەحموودی زەنگەنە و سولەیمانی موعینی. هەر لەو

سەروبەندەداماڵیان دەچێتە دەڤەری بۆکان. تا ساڵی ١٩٨٥ هەر بە سەڵتی ژیاوە و ژنانی هاوبەشی پێکنەهێناوە. هونەرمەند قالەمەڕە هەمیشە لە خەباتی کورددا بەشداری کردووە و هاوڕێ و هاوشانی تێکۆشەران بووە. تا سەردەمای شۆرشی گەلانی ئێران واتە ساڵی ١٩٧٨ بە نهێنی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پەیوەندیی هەبووە.

گرینگیی هونەری شمشاڵەکەی قالەمەڕە لە ئاستێک دایە کە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری مۆسیقا نەتەنیا نەیانتوانیوە خۆ لە هونەرەکەی لادەن، بەڵکوو تەنانەت وەک بلیمەتێک باسی قالەمەڕ دەکەن. بۆ نموونە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی سەبارەت بە قالەمەڕە دەڵێ: پەنجەکانی مامەقالە پەنجەیەکی کورتی رەسەن، پەنجەیەکە کەوا ئێمە کەم کەس هەیە بەم شێوازە بتوانین دەستی بۆ درێژ بکەین زۆر پێویستە ئێمە بەوپەڕی رێزەوە بەو پەڕی گەورەییەوە بڕوانینە مامە قالە تەجرەبەی ژیانی ئەو بکەینە نووسراوێک لە کتێبەکاندا بڵاوی بکەینەوە، نەوەکانی داهاتوومان دەیان ماستەر و دکتۆرای لەسەری بنووسن.

هەروەها مامۆستا ع.ج. سەگرمەش لەبارەی هونەری قالەمەڕە ئاوا دەبێژێت: قالەمەڕە شمشاڵژەنێکی بەتوانا و لێهاتووە، شارەزاییەکی زۆری لە میوزیکی کوردیدا هەیە شارەزاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە نیو سەدە ژەنینی ئەو ئامێرە. دەتوانم بڵێم لووتکەی ژەنینی ئامێری شمشاڵ لە میوزیکی کوردیدا لە ژەنینەکەی قالەمەڕە دایە. هەروەها دەتوانم بە حەسەن زیرەکی بەناوبانگی بەراورد بکەم و بڵێم ئەگەر حەسەن زیرەک بەتواناترین و بەناوبانگترین گۆرانیبێژی میلیی میوزیکی کوردی سەدەی بیستەم بوو بێت، ئەوا قالەمەڕەش بەدڵنیاییەوە چاکترین شمشاڵژەنی میوزیکی کوردی سەدەی بیستەمە.

هونەرمەندی میوزیکی بەیت و حەیران و لاوک و گۆرانی و مەقاماتی رەسەن و فۆلکلۆری کوردستان قالەمەڕە خاوەنی چەندین بەرهەمی پڕبایەخ و بەهێز و جوانە کە هەموویان مۆرکی تایبەتیی ئەم هونەرمەندەیان پێوە دیارە و ناسنامەی هونەری میوزیکی دەوڵەمەندی کوردین و بۆ هەمیشە دەمێننەوە. بابەتی زۆربەی بەرهەمەکانی حیماسی، مێژوویی و عاشقانەن و وەبیرهێنەرەوەی سیمای گوند و شارەکان و سروشتی جوانی کوردستانن و هەرکامەو بە جۆرێک مێژووی نەتەوەی کورد دەگێڕنەوە و لە دەزگا جۆراوجۆرەکاندا زۆر بە جوانی پێشکەشی کردوون.

لە نێو هونەرمەندانی میوزیکزانی وڵاتی ئێران و لە فیستیڤاڵە گەورە و پربایەخەکانی هونەری میوزیک لە ئێران هونەرمەند قادر عەبدوڵلازادە بە نازناوی "گنج متحرک" ناسراوە، واتە "گەنجینەیەک کە دەگەڕێت" ناسرابوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەم بلیمەتە وەکوو گەنجینەیەکە کە پڕە لە میوزیک و بەیت و حەیران و لاوک و گۆرانی و مەقاماتی رەسەن و فۆلکلۆری هونەری میوزیکی دەوڵەمەند و رەنگین و جوانی کوردستان.

هونەری میوزیک و گۆرانی و شمشاڵی کوردستان بێگومان مرۆڤ وەبیر هونەرمەند قالەمەڕە دەخاتەوە. چونکە ئەم هونەرمەندە بێ هاوتایە لە بواری ژەنینی ئاهەنگ و هەوای بەیت و حەیران و لاوک و مەقام و گۆرانی و سەرجەم ئاوازە جۆراوجۆرەکانی موزیکی کوردستاندا توانایەکی لەڕادەبەدەر و شارەزاییەکی تەواوی هەبوو.

هونەرمەند قالەمەڕە لە دوو دەیەی ٩٠ و ٢٠٠٠ی زایینی لەسەر بانگهێشتی خوێندکارانی کورد لە زۆربەی هەرە زۆری رێوڕەسمی ساڵوەگەڕی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە زانکۆ جۆراوجۆرەکانی ئێرانو کوردستانی ڕۆژهەڵات ئامادە بووە و بە دەنگی بەسۆز و سیحراویی شمشاڵەکەی کۆڕەکەی رازاندۆتەوە.

قالەمەڕە لە ماوەی ساڵانی کار و خزمەتی هونەری خۆیدا لە زۆربەی فێستیڤاڵە گرینگەکانی بواری هونەری موزیک لە ئێران لەوانە فێستیڤاڵی موزیکی فەجر لە تاران، فێستیڤاڵی میوزیکی ناوچەکانی ئێران لە کرمان و لە بۆنە و فێستیڤاڵەکانی سنە، کرماشان ئیلام، ورمێ، مەهاباد، سەقز، بۆکان و لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بەشداریی کردووە و چەندین خەڵات و شانازیی گەورەی بەدەست هێناوە، هەروەها لە زۆربەی ئەو فێستیڤاڵانە خەڵاتی سوپاس و رێزلێنانی پێ بەخشراوە.

هونەرمەندی میللی و شمشاڵ ژەنی ناوداری کوردستان، قادرعەبدوڵلازادە ناسراو بە "قالەمەڕە"، شەوی پێنجشەممە ٢١ی مەی ٢٠٠٩ لە کاتژمێر ٢٢:١٥ بەکاتی هەولێر، لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ماڵی خۆی لە شەقامی مامۆستا هێمن لە کۆڵانی لاچین ١٥ لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد و رۆژی دواتر واتە هەینی ٢٢ - ٥ - ٢٠٠٩ بەشداریی هەزاران کەس لە خەڵکی بۆکان و شارەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان تەرمی پیرۆزی بەپێی وەسێتی خۆی لە داوێنی ناڵەشکێنە لە پەنای گۆڕی هونەرمەندی مەزن حەسەن زیرەک بە داوێنی دایکی نیشتمان سپێردرا.

لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا و لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە مەزنەدا جەماوەی کوردستان، و بەتایبەت خەڵکی بۆکان و هونەرمەند و ڕۆشنبیران بە چوونە سەر گڵکۆکەی لە ناڵەشێکەن یادی دەکەنەوە. هاوکات لە ساڵانی ڕابردوودا لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد و چەند شاری دیکەی ڕۆژهەڵات کۆڕ و کۆبوونەوەی یاد و ڕێزلێنان بۆ ساز کراوە.

ساڵی ٢٠١٠ و پاش دامەزرانی ناوەند وخەڵاتی هونەرمەند محەمەدی ماملێ، یەکەم خەڵاتی ئەو ناوەند و هونەرمەندە بە قالەمەڕە بەخشرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باخچە - ڕێکەوتی: ٢٠ مای ٢٠١٨

## منیش قالەمەڕە بووم!

### برایم فەڕشی

گەر لە وڵاتی ئێمە و لە ناو میللەتی کورد هەر شتێک لە جێی خۆی جێی گرتبایە، دەکرا باسی هەر شتێک لە جێگای خۆی بکرێ و هەموو شت ئالۆز نەکرێ و هەر شت لە جێی خۆی لەق نەبێ. داستانی قالەمەڕە(قادر عەبدوڵازادە) لەم بازنەیەدا دەگونجێ.

ئێوارە درانگانی پاییز لە گەڵ کەسێکی وەک خۆم شانۆگێر، کە بە دەستی بنەماڵەکەی کوژرا، لە گەڕەکێکی تازە دروستکراوی پڕ لەخەڵکی دەربازبوو لە گوندەکان، بە شوێن قالەمەڕەدا دەگەڕایین. دوو سەر ڕووت، کە هێشتا لە هێلکەی منداڵی دەرباز نەببوون.

لەو ماڵە دۆزیمانەوە. خانووبەرەیەک کە بە شێوەی ماڵی گوند، لە شار بەدەست خاوەنەکەی بۆ خۆی و منداڵەکانی

سازکرابوو. کەسێک کە "ئیسلاحاتی ئەرزی شا" لە شار کرد بوویە کرێکاری فەسڵیی. ئانتێنی تەلەویزۆن لە سەر دیوار لە باڵا و قەڵافەتی ماڵەکە بەرزتر بوو، خاوەن ماڵ و میوان لە سەر بەڕە و تەلیس دانیشتبوون، ماڵ چرای نەبوو، تەلەویزۆن نازانم چۆن بە باتری ماشێن کاری دەکرد و چۆن هەموویانی نووقمی سەیرکردنی بەرنامەکانی فارسی تەلەویزیۆنی میللی ئێران کردبوو، لە کاتێکدا قالەمەڕ هەر لەوێ شمشاڵەکەی لە قوڵی کەواکەیدا شارد بووە؟

کە چووینە ژوور، خاوەن ماڵ و منداڵ و میوان سەیر سەیر سەیریان دەکردین و پێیان سەیر بوو، ئەو دوو کوڕەی "ماقوڵانی شار" و ئەو ماڵە؟!

چووبووین قالەمەڕ لە نزیکەوە ببینیین، چوو بووین گوێمان لە شمشاڵەکەی بێت و زۆرتر سیحری کارەکەی بزانیین. ئێمە شانۆنامەی ئامادەمان بۆ کار هەڵدەبژارد و هەزار ئەدا و ئەتوارمان لە سەر سەکۆی شانۆ دەردەهێنا، هەتا چیرۆکەکە بە زیندوویی بگاتە بینەر. قالەمەڕ چیرۆک و داستان و سەربووردەکانی دەخستە گەرووی شمشاڵەوە و بیسەریش نە تەنیا لە داستانەکان تێدەگەیشت، بەڵکوو هەست و نەستیان تێکەڵ هەست و نەستی کارێکتێری بەیتەکان دەبوو. ئێمە لەو هونەرە کە لەهیچ شوێنێک لەسەریمان نەخوێندبووە، تێنەدەگەیشتیین، دەمانویست بزانیین، ئەو چۆن ئەو کارە دەکات!

کاسێتی ئەم شەوە هەر ماوە، مامە قالە تەنیا کاتی ناوهێنانی بەیتەکان بە پەلە دەمی لە شمشاڵەکە دەکردەوە و یەک بیین، بەردەوام دەبوو. ئێمە بە خوێندنەوە و فێربوونی مێتۆدەکانی دەنگ، دەمانتوانی لە سەر سەکۆ، هەناسە سوار نەبیین، ئەو بە بێ خویندن و مێتۆد زانیین، هەناسەی لێنەدەبڕا و سەکتە لە دەنگی شمشاڵ نەدەکەوت.

مامە قالە ئەوە چۆناو چۆنە؟ ئەم پرسیارە و دەیان پرسیاری تر بەم ڕستەیە وڵام دەدراوە" نازانم من هەروا فێربووم"!

مامە قالە چۆن شمشاڵ فێربووی؟ زۆرم حەول دا فێر هەر نەبووم، چاو پڕ لەگریان چووم خۆم لە قەڵاغە تەپاڵەیەک ڕاکرد و خەوم لێکەوت، لەخەودا پێمگوترا" عبدوڵقادار هەستە مەگری" کە لەخەو ڕاچەنیم، دەمم بە

شمشاڵەوە ناو یەک ببین کەوتمە ژەناندن!

**عەبدوڵقادر هەتا مردن، دەمی لەو شمشاڵە نەکردووە.**

مامە قالە لە پاڵ کۆمەڵێک کەسی تر، مامۆستای من بوون بۆ فێربوونی فەرهەنگ و هونەری نەتەوەیەک کە زۆری بە فیرۆ چووە و دەچێ. لەو شەوەوە هەتا دوارۆژەکانی ژیان لە یەک نزیک بووین و بۆ یەکەمجار لە سەر سەکۆکانی سابلاخ، بۆکان و سنە لە گەڵ یەک دەرکەوتین، ئەو و حەمەجان بە شمشاڵ و بەیت و من وەک وێژەر، کە کاسێتی ئەوەش هەر ماوە.

لە دوا کاسێتی دا چەند ساڵ بەر لە مەرگ، دەڵێ" برایم هەتا نەمردووم ئەو کاسێتە بڵاو مەکەوە" قالەمەڕ و گەلێک هونەرمەندی سەربەرز و پڕسامانی کورد، هاتن و ڕۆیشتن، بە بێ ئەوەی بەرچاو بکەون. مردن ئەوانی گەورە کردووە.

دۆستەکانم هەر لەو سەردەمەوە بە گاڵتە پێیان دەگوتم "قالە مەڕ" ئەوەش شانازییە، گەر لە ژیاندا، شانازی مانای هەبێ!

باڵای مامە قالە و هونەرەکەی بەرزتر لە باڵای هەموو ئەو دام و دەزگا و کەسانەیە، کە خۆیانی پێوەهەڵدەواسن، یان ئەو هەڵدەواسن. گەر ئێمە جێگای کەسەکانمان زانیبایە کوێیە، ئێستا مەدرەسە و زانستگا و ناوەندی لێکۆڵینەوەی کارەکانی قالەمەڕ و دەیانی وەک ئەومان دەبوو، بۆ ئەوەی بزانیین لە درێژایی مێژوودا چی بووین، ئێستا چیین و دوارۆژ چی دەبین!

برایم فەڕشی

* دوای مەرگی بێتهۆن، بەرپرسانی شار بڕیاری ڕووخاندنی ماڵەکەو و سازکردنەوەیان دابوو. خەڵکی شاری بۆن کۆبوونەوە و نەیانهێشت و خۆیان پێیڕاگەیشتن، هەتا سەرئەنجام کرا بە مووزەخانە. تۆ بڵێی لە قادرئاوا و

نیسکاوا و بۆکان قالەمەڕە ماڵی گڵینەشی لە پاش بەجێ مابێ، تۆ بڵێی شمشاڵەکەی چی لێبەسەر هاتبێ؟

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی ٢٢ی مای ٢٠١٨

## قالەمەرە - قادر عبدالله زادە

«اسم من قادر عبدالله زاده است. اهل روستای "کولیجه"، از توابع شهرستان "بوکان" هستم. "شیخ محمد"، شیخ منطقه برهان لقب "قاله مەره" (قادر آرام) را به من داد. از ١١ سالگی "شمشال" نواختم، و هرگز این ساز فلزی زرد رنگ را از خودم دور نکردەام.» «شمشال» همان نی‌لبک فلزی است، که در سطح آن شش سوراخ وجود دارد و یکی از سازهای اصیل و قدیمی در منطقه «کردستان» است. شمشال، در شمار سازهای بادی فلزی برنجی قرار می‌گیرد و از لحاظ نوع صدا و وسعت در زمره سازهای بم با طنین خاص خود است. این ساز از «مسوار» که آلیاژی زرد رنگ است و از آن برای ساخت سماورهای قدیمی زغالی استفاده می‌شده، ساخته می شود.

### صدای ساز «قاله مەره»، نخستین آهنگ

شیوه نوازندگی این ساز هم کاملا تحت تاثیر وضعیت جغرافیایی منطقه «کردستان» است که طبیعتی کوهستانی و پستی - بلندی‌های بسیار دارد. نوع نوازندگی این ساز کاملا پرشور و هیجان با صداهای قوی و ضعیف مکرر و تکرارهای متوالی است.

او می گوید: «عاشق شمشال سید شده بودم. چند بار رفتم پیشش و بهش پیشنهاد خرید شمشالش را دادم ولی قبول نکرد. پس از مدتی مریض شد و مرد. من هم شمشالش را از پسرش با یک راس گوسفند که آن زمان ٥ قران قیمت داشته معاوضه کردم.»

پدر، پدربزرگ و برادران قاله مه‌ره هم از نوازندگان برجسته و مشهور شمشال بوده اند؛ ولی او می‌گوید که هیچ‌کس استاد او نبوده و ساز زدن را به او یاد نداده است. قاله مه‌ره خدا را استاد خود می داند. آهی می کشد و درحالی که اشک در چشمانش جاری شده، می گوید:«همه چیز از یک خواب شروع شد. فصل پاییز بود. بچه بودم، مهمانی یکی از فامیل هایم دعوت شده بودیم. برادرم و دو نفر دیگر از بستگانم شمشال می زدند. می خواستم شمشال بزنم، ولی مثل آن ها نمی توانستم. آن ها هم مرا بیرون کردند و من هم گریه کنان به سمت یه خونه گلی دویدم و تا اون جایی که تونستم گریه کردم و همون جا خوابم برد. یک نفر اومد تو خوابم و بهم گفت: «عبدالقادر، عبدالقادر، پاشو، از بس گریه کردی حوصله خدا رو هم سر بردی، برو و شمشال بزن.»

او ادامه می‌دهد: «وقتی از خواب بیدار شدم، شروع کردم به نواختن شمشال. دیگه قادر دیروز نبودم و کسی حریف من نبود.»

خانه یک طبقه قاله مه‌ره، در کوچه‌ای بن بست و خاکی، در حاشیه شهر قرار داشت.. او هر روز صبح از ساعت ۹، با عصایی که در دست دارد به خیابان «کهنه»، شهر «بوکان»، که جنوبی ترین شهر استان «آذربایجان غربی» است می رود و تا ظهر به گشت زنی در خیابان های اطراف خانه‌اش می‌پردازد و شمشال می زند.

عصرها نیز به قهوه خانه‌های «ملا عباس»، «ره‌حمانه چور» و «حاجی محمد» که در میدان کوچکی که در آن گندم و جو خرید و فروش می کنند، می رود و برای مردمی که اکثر آن ها بیشتر از ۵۰ سال سن دارند ساز می زند.

قاله مه‌ره دوران نوجوانی و جوانی چوپان بوده ولی بقیه عمرش را برای مردم کوچه و بازار شمشال زده است و تنها راه کسب درآمدش هم نی زنی است و از این راه امرار معاش می‌کند. او حتی روزهای جمعه به غار «سهولان» که در فاصله ۳۵ کیلومتری «بوکان» و در نزدیکی «مهاباد» است می‌رود تا ساز بزند و پول دربیاورد.

او بعضی از روزهای هفته هم برای ساز زدن و کسب درآمد سری به شهرهای اطراف می‌زند. مثلا با طی کردن مسیر ۵۵ کیلومتری خود را به «مهاباد» می‌رساند و یا مسیری ۳۵ کیلومتری را طی می‌کند تا به «سقز» برسد و در

خیابان های اصلی ساز بزند و پول جمع می‌کند.

قاله مه‌ره در بسیاری از مناطق کردنشین از شهرت بسیار برخوردار است و بسیاری مثل خانم «علوی» ازاهالی «سقز» که ٤٥ سال دارد « عاشق سازش» هستند و یا مثل «کاروان» ۱۹ ساله نفس او را با این سن و سال «معجزه» می دانند.

«عابد» ۳۰ ساله هم که صاحب استریو «ژینو» در «بوکان» است و ۱۱ کلیپ تصویری از او دارد معتقد است هیچ کس قدر قاله مه‌ره را نمی داند.

او می‌گوید: «ما مرده پرستیم. بعد از مردنش براش سالگرد مرگ و کنگره یادبود برگزار می‌کنند که فایده‌ای ندارد.»

## سازی که پررو شده

قاله مه‌ره تنها همدم و دوست خود را «شمشالش» معرفی می‌کند و به شوخی می گوید: «همیشه با هم خوابیدیم. از بچگی با هم بزرگ شدیم. گاهی وقتها با هم صحبت می کنیم و گپ می زنیم. هر چی از دهنش در بیاد می گوید و حرفهایی می زنه که آدم تعجب می کند. خیلی هم پررو شده.»

البته قاله مه‌ره، ۱۷ سال است که ازدواج کرده و حاصل ازدواجش دو پسر دوقلوی ١٦ ساله به نام های «احمد» و «محمد» است. پسرهایی که هر دو ترک تحصیل کرده و در بازار مشغول کار هستند. کار محمد تعمیر دوچرخه است و احمد نیز در مغازه دکوراسیون وسایل منزل مشغول است. پسرهایی که هیچ کدام راه پدرشان را ادامه نداده اند. محمد می گوید: «نه من و نه برادرم هیچ وقت دوست نداشتیم که شمشال یاد بگیریم.»

احمد هم به همین جمله بسنده می کند و در حالی که با عجله به سر کار می‌رود، می گوید: «هر چقدر ساز بزنیم مثل پدرمون که استاد نمی‌شیم.»

قاله مەره، با آن که سواد خواندن و نوشتن ندارد ولی دریایی از موسیقی غنی کردستان را در سینه‌اش حفظ کرده است. او، بیشتر آهنگ های ترانه‌هایش را خودش درست می کند. داستان های عاشقانه و منظومه های حماسی کردستان خمیر مایه آهنگ های او هستند. او می گوید که بیش از ۱۷۰ «مقام» را حفظ کرده‌ام. گرچه تعداد بیشتری را می دانستم ولی الان نمی توانم بزنم.

مقام یا ترانه، از انواع شیوه‌های موسیقی کردی است. مهم ترین ویژگی این آواز کردی، توجه به سوز درون، شکایت و زاری است و با موسیقی مقامی عرب، ایرانی و ترک (خاورمیانه) تفاوت زیادی دارد.

قاله مەره در بین ترانه هایی که می‌زند خود ترانه «کانبی خواز» را خیلی دوست دارد. کانبی خواز، اسم مردی به نام «کانبی فقه ویسه» بوده که در یک نبرد رویارو با «احمد خان نامی»، از ارباب های «مراغه» هر دو به دست یکدیگر کشته می شوند. گفته می شود که این بیت را زنی به نام «خواز» که خواهر کانبی بوده، سروده است.

آوازه و شهرت زیاد قاله مەره باعث شده هر از چند گاهی به مناسبت های گوناگون و برای اجرای برنامه‌های مختلف از جمله یادواره بمباران شیمیایی «سردشت» و «حلبچه»، یادبود قربانیان «انفال» (کشتار بیش از ۱۵۰ هزار کرد به دست رژیم بعث در کردستان عراق)، بزرگداشت هفته معلم، اجرای سازهای محلی در کردستان ایران و عراق به مراسم های مختلف دعوت شود و سفرهایی را به نقاط مختلف ایران داشته باشد.

سفرهایی که لوح های تقدیر زیادی هم برایش به همراه داشته است. لوح هایی که با ۸ تا از آن ها که حاشیه های فلزی و چوبی دارند دیوار اتاق خوابش را تزئین کرده است.

قاله مەره حتی چند سال پیش، به گفته خود به دعوت «جلال طالبانی» رئیس جمهور کنونی عراق، ۲۰ روز به کردستان عراق رفته بود تا در آن جا ساز بزند. او یک بار هم برای اجرای برنامه‌ای به مناسبت یادبود سال مرگ «حسن زیرک»، خواننده مشهور بوکانی، از طرف کردهای ایرانی به کشور «آلمان» دعوت شده بود که به گفته خود، دولت وقت ایران اجازه خروج از کشور را به او نداد و در غیاب او، جایزه بهترین نوازنده ساز سنتی را به او هدیه دادند.

او با اشاره به تابلوهای روی دیوار خانه‌اش از جمله تابلویی که امضای رئیس «دانشگاه ایلام» زیر آن است و به مناسبت اولین یادمان بمباران شیمیایی «حلبچه» در سال ۷۹ به او داده شده و یا کسب عنوان برتر در اجرای سازهای محلی در جشنواره های مختلف از جمله «صدا و سیمای مهاباد» و جایزه ویژه «انفال» در «سلیمانیه» عراق، می‌گوید: «تمام اجراهای من موفقیت آمیز بوده و همیشه اول شدم. الان هم با این که پیر هستم، دندان هایم افتاده است و توانایی سابق را ندارم، ولی دست از نوازندگی برنداشتم.»

## قاله مەره

او که مرتب می گوید توانایی گذشته را ندارد با هیجان خاصی خاطره‌ای را از سال های دورش که قرآن را با سازش میزده و با خیلی از ملاها سر همین مساله در افتاده تعریف می‌کند.

«جلسه‌ای با حضور ٤٤ ملای تازه کار که اجازه ملا بودن رو از «ملا کریم شهریکندی»، «ملا جلال شفیعی»، «ملا سید وهاب حاجی گه‌ره»، «ملا کریم حاجی ره‌خایه»، «ملا محمد هه‌بەکی» و «ملا احمد»، می‌گرفتن برگزار می‌شد و در آن قرآن و مولود نامه می‌خوندن، من هم کلمه به کلمه‌ی قرآن رو بدون اشتباه با شمشالم می‌نواختم.»

او ادامه می‌دهد: «خدا، ملا جلال شفیعی را بیامرزد؛ او همیشه از من تعریف می‌کرد و می‌گفت "سبحان الله، عجب توانایی داری. تعجب می‌کنم که چطور بدون راهنمایی هیچ استادی، کلمات قرآن را با شمشالت می‌نوازی."»

لحن صدایش آرام‌تر می‌شود و می‌گوید: «من اینطور بودم. الانم توانایی گذشته را ندارم و بی طاقت هستم؛ از خدا می خوام که ذلیل و بیمار نشم تا همیشه بتوانم شمشال بزنم.»

قاله مەره، وصیت کرده است که بعد از مرگش شمشالش را که بیش از ۸۰ سال است با او زندگی کرده، به موزه شهر «اربیل» در کردستان عراق هدیه دهند.

او می گوید: «فقط زمانی که عاشق بودم و حال و هوای جوانی در سر داشتم در خلوت، حرف های عاشقانه‌ای که

در دل داشتم را با شمشالم بیان می کردم و فقط برای خودم شمشال می‌زدم؛ وگرنه همیشه برای مردم شمشال نواخته ام.»

**او معتقد است که با مرگش صدای شمشال نیز با او دفن می شود و می میرد.**

«عزیز شاهرخ»، خواننده مشهور کردستان، که یکبار قاله مەره را به خانه‌اش دعوت کرده و برنامه‌ای دو نفره را اجرا کرده‌اند، حرف قاله مەره را قبول دارد. او می گوید: «تکنوازیش عالی است. کسی مثل او نمی تواند شمشال بنوازد و در کار خود استادی تمام عیار است.»

شاهرخ، ترانه‌ای که با قاله مەره اجرا کرده است را لابلای صدها نواری که در استریو خودش (استریو شاهرخ) دارد، پیدا می‌کند و آن را پخش می‌کند. او قاله مەره را آدم رنج دیده‌ای می داند که در زندگی با کمبودهای زیادی مواجه بوده است.

«سالار ماملی» هم که از دف نوازان مشهور مهاباد است درباره قاله مەره می‌گوید: «هیچ سازمان هنری نیست که از این آدم حمایت کند. مردم عادی هم ارزش بالای این ساز رو درک نمی کنند.»

او که بی‌سوادی قاله مەره را هم بی‌تاثیر نمی داند، می گوید: «اگر سواد داشت حداقل خودش می توانست کتابی در مورد شمشال بنویسد و آن را جاودانه کند تا از بین نرود.»

منبع: کلوب سنندج

## نوای سحرآمیز شمشالٌ هنرمند نامی کرد" قادر عبدالله زاده"

**کامران امین‌آوه**

سکوت سنگینی فضای کافه آذری، محل تجمع جوانان و روشنفکران شهر بوکان را در خود گرفته، همه غرق در افکار خود بودند. نگاه‌های مایوس و چهره‌های در هم رفته حاکی از دردي بود که بر قلب شان سنگینی می کرد. کسی را یارای سخن گفتن، شوخی و مزاحهای همیشگی نبود.

درمیان دود و بوی سیگار، پیر مردی با سبیلی پر پشت، ته ریش جوگندمی و کمری نیمه خمیده راه خود را برای رسیدن به کنجی در کافه باز میکرد. به آرامی پشت میزی نشست و نگاهی به اطراف خود انداخت. فضای سنگین کافه را با تمام وجود احساس میکرد، این جوانان اولین بار بود که چنین جوی را تجربه میکردند، اما سینه او مالامال از خاطرات غم انگیز گذشته بود. او در قلب خود هنوز سنگینی شکست جمهوری کردستان و اعدام پیشوا قاضی محمد و یارانش را احساس می کرد، هنوز زخم از دست دادن سلیمان معینی، اسماعیل شریفزاده، احمد شلماشی و محمود زنگنه التیام نیافته نبود, دگر بار می بایست شاهد از دست دادن فرزندانی دیگر این آب و خاک از سوی وارثان تاج و تخت در زیر بیرق سبز اسلام باشد. اما او را سر آشتی با دشمن نبود، از خفت و یاس بیزار بود.

می بایست به آینده امیدوار بود، تا زمانی که در این سرزمین مادراني هستند که عزیز یوسفی ها را در دامن خود بپرورانند، تا زمانی که فرزندان این آب و خاک آتش سرخ مبارزه را در بلندترین ارتفاعات کردستان شعله‌ور نگه مي دارند باید به آینده امیدوار بود. پیرمرد باز نیم نگاهي به اطراف خود انداخت و به آرامی شمشالٌ خود را از لابلایی دستمالي که به دور آن پیچیده شده بود در آورد. گلویی تازه کرد و به آرامی شمشالٌ را به صدا در آورد.

نوایی سحر آمیز که می خواست پیام آور امید باشد، می خواست فریاد بکشد و برق شادی در چشمان و نور امید در دلها بتاباند. شمشالٌ او داشت با آهنگی دیگر سخن می گفت. او که قبلا تبحر شگفت انگیز خود را در بازخوانی

ملودیهای سنتی کردی و حتي آیات قرآنی با شمشال به نمایش گذاشته بود، این بار با اجرای سرود ملی کرد می بایست آنرا به نقطه اوج خود برساند:

با هر صدائی که از شمشاڵ بیرون می آمد تمام سلولهای بدن شنوندگان به رقص در میآمد، خونی تازه در عروق و روحی تازه در وجودشان می دمید. او با شمشاڵ خود فرداهای بهتری را نوید میداد. گویی شمشاڵ او بانگ بر میآورد:

نوای سحر آمیز و دلنشین شمشاڵ براتراز سلاح دشمن بود و فضای یخ و بي روح کافه را کاملا دگرگون کرد، به مهمانان آن امید و نیرویی تازه بخشید، نیرویی که می بایست به نیرویی بالفعل تبدیل شده، جوانان را به سوی فردایی روشن وآزاد فراخواند. فردایی که رسیدن به آن بی شک نیاز به فداکاری، تحمل رنجها، دردها، بردباری و گذشتن از پستی و بلندیهای بسیار دارد.

شمشاڵ او تنها وسیلەیی براي تفریح و گذراندن اوقات فراغت نبود، چرا که با نواختن آن در کوچه و پس کوچەهای شهر، کافەها و اماکن تفریحی و پر رفت و آمد مي بایست گوشەیی از خرج زندگی خود را تامین کند. شاید اگر چرخ گردون زندگی او را در سرزمین دیگری رقم می زد سرنوشت او شکل دیگري به خودمي گرفت، اما او مي بایست در حالی که برای در آوردن لقمه نانی به انواع کارها از چوپانی تا کارگري و... روی می آورد با الهام از سرزمین نیاکان خود و پهلوانان به نام و گمنام کردستان و طبیعت زیبا و وحشی آن زیباترین آهنگهاي ملی را خلق کند. سینه او مالامال از درد و تاریخ زنده ملتی است که براي رسیدن به آمالهای خود بهترین فرزندان خود را فدا کرده است و هر تکه سنگی از سرزمین پهناور آن یادآور جانفشانیها و حماسەهای سربازان گمنام آن است.
استاد عبدالله زاده به آهنگ " کانبی" که حکایت از نبرد مردي به نام " کانبی فقه ویس" در جنگ با " احمد خان" یکی از اربابهای مراغه و مرگ تراژیک او دارد عشق بیشتری مي ورزید. این از جمله کارهای عرضه شده او در" جشنواره خلق ها " بود که در بهمن ماه سال ١٣٥٨ از سوی کارگاه هنر ایران وابسته به بخش فرهنگی سازمان چریکهای فدایی خلق ایران در شهرهای بوکان، مهاباد و سنندج برگزار شد. در این جشنواره براي آشنایی مهمانان غیر کرد چند بیتي از آن, از سوی زندەیاد طه پارسا(٢) به فارسی ترجمه شده، قبل از اجرای آن با شمشاڵ استاد عبدالله زاده و صدای گرم حمه جان (٣) از سوی گرداننده برنامه . هنرمند و تئاتریست کرد ابراهیم فرشی

قرائت شد.

استاد عبداللەزاده از جمله هنرمندانی بود که هنر خود را در خدمت آرزوها و آرمانهای ملی اش عرضه داشته، در طول زندگی پر فراز و نشیب خود مورد بی مهری نه تنها دشمنان بلکه دوستان نادان نیز قرار گرفت. او در مصاحبه با مترجم و نویسنده توانا و زبر دست کرد، محمد رمضانی می گوید:

"اگر من خودم را در خدمت قدرتهای وقت قرار میدادم امروز صاحب همه چیز بودم..." اما او شمشاڵ و هنر والایش را تنها در خدمت فرهنگ و مردم خود بکار می گیرد تا برای لقمه نانی تن به خفت نداده باشد. درهمان مصاحبه در پیامی به کردهای خارج از کشور می گوید: " به کردایتی خود ادامه دهند، کتابها را به چاپ برسانند... به امید خدا از این روزگار سیاه نجات خواهیم یافت و انشاالله به دیدار هم شاد خواهیم شد!!"(٤) استاد بر این باور بود که با مرگ او صدای شمشاڵ او نیز خاموش خواهد شد. او وصیت کرده است تا پس از مرگش تنها یار و همدم چندین دهه او، شمشاڵش را به موزه شهر هولیر در جنوب کردستان هدیه کنند.

## قادر عبدالله زاده(قاله مه ره) استاد بی بدیل شمشال

### ١ دی هیجری ١٣٠٤ (٢١ دسامبر ١٩٢٥) - ٣١ اردیبهشت ١٣٨٨هیجری (٢١ مه ٢٠٠٩)

٨ سال از عروج اسطوره موسیقی کردستان زنده یاد قادر عبدالله زاده «قاله مەره» هنرمند برجسته شمشال گذشت. قادر عبدالله زاده مشهور به «قاله مەره» هنرمند بی بدیل و نوازنده برجسته شمشال کردستان و از نوادر موسیقی نواحی ایران دو سال قبل در سن ٨٤ سالگی در شهر بوکان درگذشت. به همین مناسبت این مطلب به یادکردی از دومین سالگرد درگذشت این هنرمند فرهیخته و چهرة ماندگار موسیقی ایران می پردازد.

هنرمند قادر عبداللەزاده در سال ۱۲۹٤ شمسی از خانواده ای بی بضاعت در روستای (کولیجه) از توابع شهرستان بوکان در استان آذربایجان غربی دیده به جهان گشود. پدربزرگ، پدر، و برادران او از نوازندگان برجسته و مشهور شمشال در زمان خود بوده اند؛ وی از سن ۱۱ سالگی ساز شمشال را نواخته و هرگز این ساز را از خودش دور نکرده است. در سن جوانی به دلیل محجوبی و شخصیت متینش شیخ محمد، شیخ منطقه برهان لقب (قاله مەره) به معنای قادر آرام را به او داد.

شیوه نوازندگی استاد عبداللەزاده کاملا تحت تأثیر وضعیت جغرافیایی منطقة موکریان است، که طبیعتی کوهستانی و پستی و بلندی‌های بسیاری دارد. نوع و شیوة نوازندگی این ساز کاملا پرشور و هیجان بوده و با صداهای قوی و ضعیف مکرر و تکرارهای متوالی همراه است.

قاله مەره، با آن که سواد خواندن و نوشتن نداشت ولی دریایی از موسیقی غنی مناطق موکریان مهاباد، بوکان و ...، فیض الله بیگی سقز، بانه و... را در سینه‌اش حفظ کرده بود. او بیشتر آهنگ های فولکلور را که با نام های بیت، بند، هوا، حیران و گورانی که داستان های عاشقانه و منظومه های حماسی کردستان است را در سینه اش حفظ کرده و با شمشالش اجرا می کرد.

استاد «قاله مه ره» از کودکی به کار کشاورزی و چوپانی پرداخته است. به گفته خود وی از کودکی با شمشال همدم بوده و در هر جا و هر شهر و هرکوهساری و برای هر کسی شمشال می نواخته است. چون هنرمندی مردمدار بوده و به هنری که داشته بسیار علاقه مند بوده است و مردم نیز به ایشان اهمیت فراوانی می دادند و وی را مورد احترام بسیار قرار می دادند.

قاله مەره در بسیاری از مناطق کردنشین از شهرت بسیار برخوردار است. وی با بیت خوان ها وخوانندگانی چون محمد بیتان، محمد آغا، علی کردار و عزیز شاهرخ برنامه هایی را اجرا و ضبط کرده است.

«قاله مه ره» به شمشال خود علاقه زیادی داشت و به گفتة خودش کسی از آن نوع شمشال او را نداشته و نمی تواند درست کند. این شمشال را وی حدود ۳۵ سال قبل از یک سید با یک رأس گوسفند معاوضه کرده است.

شمشال در موسیقی کردی از جایگاه ویژه ای برخوردار است. ساختمان ساده و صدای ویژه آن حکایت از قدمت بسیار زیاد آن داشته و به همین دلیل نیز جنبه های قدسی و رمزی اصوات را تاکنون حفظ کرده است. متأسفانه نوازندگان این ساز بسیار انگشت شمارند و آخرین راویان اصوات قدیمی شمشال در سن کهولت می باشند.

«قاله مه ره» در مراسم های رسمی همچون سالگرد بمباران شیمیایی سردشت، سالگرد بمباران شیمیایی حلبچه و انفال مردم کردستان عراق و در رادیو تلویزیون مرکز مهاباد و هر مراسمی که مربوط به مشکلات و آوارگی مردم کرد بوده همواره حضور داشته و هر ساله او را دعوت می کردند تا با نواختن شمشال سحرآمیزش زخم های مردم را التیام و رنج آوارگی را در اذهان و افکار عمومی یادآوری نماید. همچنین در سال ۲۰۰۲ جایزه ویژه مرکز فرهنگی و انتشاراتی خاک به نام «پیره میرد» را به خاطر یک عمر فعالیت هنری در شهر سلیمانیه کردستان عراق به عنوان تنها هنرمند ایرانی دریافت کرد.

مرحوم قادر عبدالله زاده که به دلیل ذهن و حافظه ای قوی در حفظ و نگهداری ملودی و آواهای بی شمار موسیقی کردی به «گنج متحرک» اشتهار یافته بود در سال های اخیر در اکثر جشنواره های معتبر موسیقی در سطح کشور از جمله جشنواره موسیقی فجر، جشنواره موسیقی نواحی کرمان و ... به عنوان نوازنده و مشاور هیأت داوران شرکت نموده و در این جشنواره ها لوح تقدیر و جوایز بی شماری دریافت کرد.

قادر عبداللەزاده مشهور به «قاله مەره» این افتخار بزرگ موسیقی کردی، که در شهرستان بوکان سکونت داشت، تا زمستان سال ۱۳۸۷ در سن کهولت و پیری به طور مداوم به کار نوازندگی شمشال می پرداخت و بزرگترین نوازنده شمشال در کردستان محسوب میشود.

هنرنمایی و نوازندگی او در زمینه شمشال برای هر قشر از جامعه کرد بسیار مهم و حایز اهمیت است، به گونه ای که کمتر کسی را می توان نام برد که به آوا و نوای دلنشین قاله مەره گوش جان نسپرده باشد و یاد و ایام شیرین و تلخ گذشته را برای وی زنده و تداعی نکند.

«قاله مەره» هنرمند بی بدیل و نوازنده برجسته شمشال کردستان و از استادان موسیقی نواحی ایران در ساعت

۲۰ - ۱۱ دقیقه شب پنجشنبه ۳۱ اردیبهشت ۱۳۸۸ (۲۱ مای ۲۰۰۹) در سن ۸٤ سالگی در منزل شخصی خود در خیابان استاد هیمن کوچه لاچین ۱۵ بر اثر بیماری قلبی در شهر بوکان درگذشت.

پیکر آن مرحوم عصر روز جمعه طی مراسمی توسط خانواده، بستگان نزدیک و هنرمندان و ده ها هزار نفر از مردم فهیم و هنردوستان منطقه از مرکز شهر بوکان تشییع و در جوار هنرمند صاحب نام کردستان زنده یاد استاد «حسن زیرک» واقع در مجتمع تفریحی گردشگری حسن زیرک در دامنه کوه نعل شکن(ناله شکینه) شهر بوکان به خاک سپرده شد. روحش قرین رحمت خداوند بزرگ و نام و یادش گرامی باد.

## «قاله مەرە» و شمشال

### منوچهر جهانی

استاد به شمشال خود علاقه زیادی دارد و به گفته وی کسی از شمشالی که او دارد ندارد و نمی‌تواند درست کند. این شمشال را کاک قادر حدود ۳۰ سال قبل، از فرزند یک سید با یک رأس گوسفند معاوضه کرده‌است. او می‌گوید: «عاشق شمشال سید شده‌بودم. چند بار رفتم پیشش و بهش پیشنهاد خرید شمشالش را دادم، ولی قبول نکرد. پس از مدتی مریض شد و مرد. من هم شمشالش را از پسرش با یک رأس گوسفند، که آن زمان ۵ قران قیمت داشته، معاوضه کردم». کاک قادر می‌گوید: بعد از مرگ من فلوتم را به موزه کردستان عراق منتقل کنید، چون قدیمی است و از نیاکانان کرد بر جای مانده و به دست من رسیده‌است و قدمت آن به ۱۵۰سال قبل می‌رسد. پدر، پدربزرگ و برادران قاله مەره هم از نوازندگان برجسته و مشهور شمشال بوده‌اند؛ ولی او می‌گوید که هیچ‌کس استاد او نبوده و ساز زدن را به او یاد نداده‌است. قاله مەره خدا را استاد خود می‌داند. آهی می‌کشد و درحالی‌که اشک در چشمانش جاری شده، می‌گوید: «همه چیز از یک خواب شروع شد. فصل پاییز بود. بچه بودم. مهمانی یکی از فامیل‌هایم دعوت شده‌بودیم. برادرم و دو نفر دیگر از بستگانم شمشال می‌زدند. می‌خواستم شمشال بزنم، ولی مثل آن‌ها نمی‌توانستم. آن‌ها هم مرا بیرون کردند و من هم گریه‌کنان به سمت یه خاه گلی دویدم و تا جایی که

توانستم گریه کردم و همان‌جا خوابم برد. یک نفر به خوابم آمد و به من گفت: «عبدالقادر، عبدالقادر، پا شو، از بس گریه کردی حوصله خدا را هم سر بردی؛ برو و شمشال بزن». او ادامه می‌دهد: «وقتی از خواب بیدار شدم، شروع کردم به نواختن شمشال. دیگر قادر دیروز نبودم و کسی حریف من نبود».

لقب «قاله مەره» (بەمعنی «قادر آرام») را شیخ محمد (شیخ منطقه برهان مهاباد، منطقه‌ای که قادر در آن زندگی می‌کرد) که از کودکی قادر را بسیار دوست می‌داشت به وی داد.

قاله مەره در بین ترانه‌هایی که می‌زد، خود ترانه «کا نبی خواز» را خیلی دوست داشت. «کا نبی خواز»، اسم مردی به نام «کاک نبی فقه ویسه» بوده که در یک نبرد رویارو با «احمد خان نامی»، از ارباب‌های مراغه هر دو به دست یکدیگر کشته می‌شوند. گفته می‌شود که این بیت را زنی به نام «خواز» که خواهر «کا نبی» بوده، سروده است.

او می‌گوید: «فقط زمانی که عاشق بودم و حال‌وهوای جوانی در سر داشتم، در خلوت، حرف‌های عاشقانه‌ای را که در دل داشتم با شمشالم بیان می‌کردم و فقط برای خودم شمشال می‌زدم؛ وگرنه همیشه برای مردم شمشال نواخته‌ام».

**منبع: کردپرس - ٢٤ مای ٢٠١١**




**قالە مەڕە**: تەنیا شوێنێک ئارەزوو دەکەم جارێکی تر بیبینمەوە و سەردانی بکەم "کوردستانی ئازادە" - کە ئەمەی دەگوت چاوەکانی نوقمی ڕێژنەیەک فرمێسک بوون ـ ئەگەر نەخۆشی لێم گەڕێت و تەمەن باقی بێت حەز دەکەم بێمە هەولێر و بچمە سلێمانی و بۆ جارێکی تر هەوای ئازادی وڵاتەکەم بێتە ناو سینەم و تاوێک لەژێر ئاڵا و پەرچەمە جوان و سەربڵندەکەی کوردستاندا پشوویەک بدەم، جا ئەوجا بیشمرم خەمم نییە، بەڵام توخودا ئەگەر ئەتوویش ڕۆیشتیتەوە سەلامم بگەیێنە هەموو خەڵکی کوردستانێ؛ دەبەر یەک بە یەکیان بمرم.

تەنیا داواکارییشم ئەوەیە، توخودا، تۆ خوێنی شەهیدان، ئەو هەلەی بۆ کوردان پەیدا بووە لە دەستە خۆتانی مەدەن، خزمەتی خاک و وڵاتی خۆ بکەن، با ئاڵای کوردستانێ هەر جوان و شەکاوە بێت لەسەر کێوان، لەسەر ماڵان لە هەموو جێیەک.

با ئاڵای کوردستانێ دیار بێت، بۆ خاتری خوێنی شەهیدان خراپەی دەگەڵ یەکدی مەکەن، بە کوردستانێ سوێندتان دەدەدم یەکگرتوو بن، مەبنە نۆکەری بێگانان.

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - مای ٢٠١٨ زایینی